سەرابی ئیلحاد

منتدى إقرأ الثقافي

و ڕەتکردنەوەی گومانەکان لە بارەی قورئانەوە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

نوسینی: احمد ڕازی

سەرابی ئیلحاد

و ڕەتکردنەوەی گومانەگان لە بارەی قورئانەوە

ئەحمەد موحەممەد رازی

ناسنامه

❁ ناوی کتێب: سەرابی ئیلحاد و رەتکردنەوەی گومانەکان لەبارەی قورئانەوە

❁ ناوی نوسەر: احمد محمد رازی

❁ دیزاین: ناوەندی رێنوین

❁ نۆبەی چاپ: یەکەم

❁ تیراژ: ۲۰۰۰ دانە

❁ ساڵی چاپ: ۲۰۱۸

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (٤٩٧)ی ساڵی ۲۰۱۸ ی پێدراوە

پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اهتدى بهداه

قسەکردن و گفتوگۆکردن لەگەڵ هەر هزرو باوەڕێک کە بەبێ بەڵگە خرابێتە ڕوو بەدڵنیایی بێ بەڵگەش وەڵام دەدرێتەوە، گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەو قوتابخانەو ئاڕاستە هزریغیانەی کە هیچ پێوەرێکی لۆژیکی و زانستی بەهەند وەرناگرن ، بێگومان کارێکی تەواو دژوارە، لەڕاستیدا ئەم هزرانە هەموو تواناکانی خۆیان لە بەر پەرچدانەوەی بابەتە غەیبییەکان بەرخەج دەدەن، لەکاتێکدا تەواوی هزر و دیدی خۆیان لەسەر پەنهان بونیاند ناوە، باوەڕیان بە دروستکەرێک نییە، بەڵام دەیان بابەتی وەک سروشت و سودفە و جوڵەی خودیی دەکەنە پەروەردگاری خۆیان، مولحیدەکان

بەتەواوی ئاڕاستە جیاوازەکانییانەوە بانگەشەی زانستی بوونی تەواوی بیرو بۆ چوونەکانیان دەکەن، بەڵام کاتێک باس لە نزیکی و پەیوەندی نێوان ئاین و زانست دەکرێت، بابەتی گۆڕاوی زانست و نەگۆڕی ئایین دەهێنەوە گۆڕێ ، زیاد لەمە چەندین گومانی تر دەخەنەڕوو پێیان وایە ئاین سەرچاوەی زۆرێکی زۆر لە کێشەو جەنگ و پێکدادانەکانە لەمێژوودا، بەڵام کاتێک باسی ڕەوشتی پێغەمبەرانیان بۆ دەکرێت ، گومانی ئەوە دەخەنەڕوو ،گوایە هەمیشە مێژووی ئەوان لەلایەن دۆستان و لایەنگرانیانەوە نووسراوەتەوە، لەڕاستیدا هیچ شتێک هێندەی گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێکی مولحید دژوار نییە، بەدرێژای مێژوو ئەم ئاڕاستەیە لەبیرکردنەوە، مایەی ئاریشە بوون بۆ مرۆڤایەتی،هەڵبەت مێژووی سەرهەڵدانی ئیلحاد کارێکی تەواو ئەستەمە هەر لەسەردەمی یۆنانییەکانەوە وەک ئاڕاستەیەکی فەلسەفی دەرکەوت،دیمۆکریتس Democritus دواتریش دەرکەوتنی ئەبیکۆر Epicurus وەک یەکەمین فەیلەسووفی مولحید. لەسەردەمی نوێدا بەهۆی تێکچوونی دۆخی

مەعنەوی و کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی بەگشتی دەکرێت ئیلحاد وەک دیاردەیەکی مرۆیی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ،وەک ئەوەی دکتۆر بول فیتز پسپۆری دەروونناسی ئەمەریکی لە کتێبەکەیدا (سیکولوجیة الإلحاد) باسی لێوە دەکات، پێی وایە لە پشتی هەموو مولحیدێکەوە چیرۆکێک هەیە لەڕووی گەشەکردن و پەروەردەکردنی خێزانی و ژینگەیی کۆمەڵایەتییەوە.

لە سەردەمی نوێدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان ئەم هزرە زیاتر تەشەنەی سەند ،کوردستانیش وەک بەشێکی دانەبڕوا لەجیهان ، لەژێرکاریگەریی ئەم هۆکارانە هاو تابوون لە دروستبوونی ئەم جۆرە هزرە، بەڵام ئەوەی دەکرێت مایەی نیگەرانی بێت هەوڵەکانی پەیوەست بە بەرگریی کردن هاوتان نیین لەگەڵ هەوڵەکانی دژایەتی خوداو ئاین و ڕەوشت هەر چەندە

بەدرێژای مێژوو چەندین لێکۆڵینەوە پەیوەست بە مێژووی ئاین و ڕەگەزی ئیمان و هۆکار و دەرهاویشتەکانی ئیمان خراونەتە ڕوو، بەڵام لێکۆڵینەوەییەکی لۆژیکی زانستی باسکردنی ڕاستییەکان و بوونی خوداو بەرگرییکردن لە قورئان و بەر پەرچدانەوەی هزری ئیلحاد بەو چەشنەی کە خۆیان قسەی پێدەکەن بە زمانی کوردی نەخراوەتە ڕوو. هەر بۆیە هەوڵدەدەین لە نێو پەڕەکانی ئەم کتێبەدا چەندین بابەتی پەیوەست بە ئیلحاد وەک بوونی خوداو ڕاستییەتی قورئان و پێغەمبەرایەتی موحەمەد و وەڵامدانەوەی گومانی نەیاران و نەبوونی هیچ هەڵەو پەڵەیەک لە قورئاندا بخەینە ڕوو. هیوادارم ئەم کتێبە ببێتە مایەی ڕەزامەندی پەروەردگار و سودی موسوڵمانان و هەنگاوێک بێت بۆ ڕێنمونی مولحیدان .

ئەحمەد موحەمەد ڕازی

مەدینەی پیرۆز

دەستپێک

وەك ئاشکرایە لەو کاتەوەی پەروەردگار ئیسلامی ناردوە و موحەمەدی کردوە بە پێشەوا و ڕابەری ئیسلام، هەر لە قۆناغەکانی سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلام وەك ئایین و موحەمەد وەك پێغەمبەر، ئیتر نەیاران لە ئاستە جیاوازەکان دەستیان کرد بە دژایەتیکردنی ئەم پەیامە، هەڵبەت وەك ڕوونە ئەم دژایەتیکردنە لە یەك ئاستدا نەبوو، بەڵکوو تەواوی لایەن و ئاستە جیاوازەکانی سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سەروو هەموویانەوە هزریی لە خۆ گرتبوو، چەندین کەرەستەی جۆراوجۆر لەم دژایەتیکردنەدا بە کار هاتوە، هەموو ئەمانە لە پێناو لەناوبردنی ئیسلام و سڕینەوەی لە سەر شانۆی ژیان.

بە ڕوانین لە مێژوو دەردەکەوێت لە ڕابردوودا چەندین زلهێز لە سەر ئاستی جیهانی و هەرێمی، دژایەتیی توندی ئیسلامیان کردوە، بە تایبەتی لە ڕووی سەربازییەوە، هەر لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئیسلامەوە دەوڵەتی ساسانی و ڕۆمانی شەرقی بیزەنتی، تەواو هەوڵەکانی خۆیان لە پێناو دژایەتیکردنی ئیسلامدا خستە گەڕ و دواتریش بە پێی سەردەم و قۆناغەکان، تەواوی دەسەڵات و ئیمپراتۆریەت و سیستەمە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دژایەتیی ئیسلامیان کردوە، هەر لە ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی و غانی ئەفریقی و ئیمپراتۆریەتی حەبەشی و تەواوی هێزەکانی تر بە پێی تەواوی قۆناغەکانی مێژوو، دەوڵەتی قەڕامیتە و تەواوی دەوڵەتە باتنییەکانی تر و دواتریش لە قۆناغەکانی تردا دەسەڵاتەکانی هاوپەیمانی مەمالیکی سەلیبی و دەوڵەتی سەفەوی و نەمساویی مەجەڕی و ڕووسی قەیسەری و بەریتانی و فەڕەنسی و ئیسپانی پورتوگالی و هۆڵەندیی یەکەم و دوەم و ئیتالیی فاشی و یەکێتیی سۆڤیەت و چەندین ئیمپراتۆریەت و دەسەڵاتی تر تواناکانی خۆیان بە تایبەتی لە سەر ئاستی سەربازی لە پێناو لێدان و سنوردارکردنی ئیسلام وەك ئایین و موسوڵمانان وەك کیان بە کار بردوە.

گەرچی هەر یەکێك لەم هەوڵانە لە قۆناغێکی دیاریکراودا کاریگەریی خۆی هەبووبێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نەیان توانیوە ئامانجی خۆیان لە بنەبڕکردنی ئیسلام بپێکن. قورئان وێنای ئەم هەوڵانە دەکات و تیشك دەخاتەسەر ئامانجی هەوڵەکانی بێباوەڕان، وەك دەفەرموێت ﴿ يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ۝ ﴾ [1]

پەروەردگار بەرەنگاری تەواوی ئەم هەوڵانە دەبێتەوە ﴿وَيَأْبَى ٱللَّهُ إِلَّآ أَن يُتِمَّ نُورَهُۥ﴾ [2] ئیرادەی پەروەردگارە، ئیسلام بەردەوام دەبێت، نووری پەروەردگار و ئیسلام تا هاتنی قیامەت بەردەوام دەبن، دوای شکستهێنانی تەواوی هەوڵی نەیاران بۆ لە ناوبردنی ئیسلام و سڕینەوەی لە ڕووی سەربازییەوە، قۆناغی دوەمی هەوڵەکانیان چڕ کردەوە کە خۆی لە دژایەتیکردنی هزریی موسوڵماناندا دەبینێتەوە، تەواوی تواناکانی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە خستە گەڕ، گشت پیرۆزییەکان و چەمک و بنەما ئیسلامییەکان دووچاری ڕەخنە و توانجی نەیاران هاتوون، بە تایبەتی بابەتەکانی جیهاد و حیجاب و قورئان.. . ئەوەی هەمیشە لە لایەن نەیارانی ئیسلامەوە بە قوتابخانە و ڕێباز و فەلسەفە جیاوازەکانەوە لە عەلمانیەت و لیبراڵیەت و مارکسیەت و ماسۆنیەت و سەهیۆنیەت و تەواوی ڕێباز و قوتابخانە هزرییەکانی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا زۆرترین فۆکسی خراوەتە سەر خودی قورئانە، بەو پێیەی قورئان سەرچاوەی تەشریعی یەکەمی موسوڵمانانە، لێدان لە قورئان و لاوازکردنی پێگەی لە ژیانی موسوڵمانان، هەنگاوی سەرەکییە بۆ لێدان و ڕماندنی تەواوی

---

[1] ئەوانە دەیانەوێت بە فوو، بە قەڵەمی دەم، نووری خوا بکوژێننەوە!! (خەیاڵیان خاوە) خوا نووری خۆی، ئایینی خۆی، تەواو دەکات و دەیچەسپێنێت هەر چەندە کافر و بێ بڕواکان پێی سەغڵەت بن و پێیان ناخۆش بێت. الصف: ٨ .

[2] خوا ناهێڵێت ئاواتیان بێتە دی و هیچ شتێکی تری ناوێت جگە لەوە نەبێت ئایین و نووری خۆی سەربخات و نووری خۆی تەواو بکات و دەری بخات، هەر چەندە کافر و بێ باوەڕان پێی سەغڵەت و دڵتەنگ بن. التوبة: ٣٢.

بنەماکانی تر، تەواوی نەیاران کۆکن لە لێدان و لێلکردنی سەرچاوەکە کە قورئانە، دژایەتیکردنی ڕاستەوخۆی قورئان واتای لێدان لە تەواوی چەمک و بنەما و پیرۆزەییە ئیمانی و ئیسلامییەکان. هەر لە چوارچێوەی دژایەتیکردنی قورئان، هەوڵەکانیان چڕ کردوەتەوە لە پێناو دژایەتیکردنی هزری ئیسلامی بەو پێیەی قورئان سەرچاوەی هزر و بیرکردنەوەی سەرەکیی موسوڵمانانە.

ئەم ڕاستییە چەندین جار لە سەر زاری گەورە نەیارانی ئیسلامەوە پشتڕاست کراوەتەوە، گەورە حاخامی سەهیۆنی (موردەخای ئەلیاهۆ)[1] لە یەکێک لە گوتە بەناوبانگەکانیدا لە بارەی قورئانەوە دەڵێت: " (هو عدونا الأكبر والأوحد) گەورەترین و تاکە دوژمنی سەرەکیی ئێمەیە. " پاشان دەڵێت "دەسەڵاتدارانی عەرەب چارەیەکیان نییە، یان دەبێت قورئان هەڵبژێرن یان ئاشتی لەگەڵ ئێمە: ئیسرائیل. "[2].

لە سەدەی ڕابردوودا یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئیمپریالیستی نوێ بۆ سەر جیهانی ئیسلامی لێدان و لاوازکردنی قورئانە، سەربازە ئیتاڵییەکان لە ڕێگەیان بەرەو لیبیا بە مەبەستی داگیرکردنی ئەو وڵاتە، پێداگرییان دەکردەوە لە سەر تێکشکاندنی ئیسلام و لەناوبردنی قورئان، لە گۆرانی و سروودە سەربازییەکانیان بە زمانی ئیتاڵی پێداگرییان لە سەر ئەم بابەتە دەکردەوە. [3]

---

[1] موردەخای ئەلیاهو: گەورە حاخامی جوولەکە و پێشەوای بزووتنەوەی سەهیۆنی، ساڵی (١٩٢٩ز) لە قودس لە دایک بووە، ساڵی (١٩٨٣ز) بە گەورە حاخامی جوولەکەی (سەفاردیم) دەستنیشان کرا، بۆ ماوەی دە ساڵ لەو پۆستەدا ماوەتەوە، چەندین کتێب و بەرهەمی لە دوای خۆی بە جێ هێشتووە، بە کەسێکی سەر سەختی دژە ئیسلام و موسوڵمانان ناسراو بوون. ساڵی ٢٠٠٨ لە تەمەنی ٨١ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە.

[2] بڕوانە گۆڤاری (البيان) ژمارەی ١٥٩ دەقی گوتەکانی (موردەخای ئەلیاهۆ) لە بەردەم یەکەیەکی سوپای ئیسرائیل.

[3] بڕوانە:صلاح الأمة في علو الهمة (٥٧٥/٦)

حاکمی ئیمپریالیستیی فەڕەنسی لە جەزائیر لە لێدوانێکدا دەڵێت: "تا ئەو کاتەی جەزائیرییەکان قورئان بخوێننەوە و پێوەی پابەند بن، سەرکەوتنی ئێمە لە جەزائیر ئەستەمە."

(لۆرد کرومەر)[1] یەکێک لە تیۆریستە هزرییەکان و داڕێژەرانی هزری ئیمپریالیستی لە میسر لە یەکێک لە لێدوانەکانیدا ئامانجەکانی خۆی و سوپای بەریتانی بۆ میسر پشتڕاست دەکاتەوە و لەو بارەیەوە دەڵێت: "هەوڵەکانی ئێمە لە سێ ئامانجی سەرەکیدا خۆیان دەبیننەوە، لێدان لە قورئان و لە ناوبردنی کەعبە و نەهێشتنی پێگەی ئەزهەر." [2]

هەر لەم چوارچێوەیەدا (جۆن تاکلی) یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسە موژدەدەرەکان دەڵێت: "پێویستە ئێمە قورئان بە کار بهێنین بۆ دژایەتیی موسوڵمانان، چونکە بەکارهێنانی قورئان تیژترین و کاریگەرترین چەکە بۆ لێدانی موسوڵمانان."[3] هەڵبەت ئەم هەنگاوە لە ڕێی تێکدان و شێواندنی چەمک و تێگەیشتنە قورئانییەکان و بەلاڕێبردنیان بەو ئاراستەیەی کە خزمەتی سیاسەتی ئیمپریالستیی سیاسی و ئایینی مەسیحیی ئەوان بکات. (جۆن تاکلی) لە گوتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت: (إن الصحيح في القران ليس جديدا وإن الجديد ليس صحيحا)[4] واتە "ئەوەی لە قورئاندا ڕاستەقینەیە شتێکی نوێ نییە، ئەوەیشی نوێیە ڕاست نییە" ڕوونتر بڵێین واتە هەر شتێک لە قورئاندا ئەگەر تازە بوو ئەوە ڕاست نییە،

---

[1] لۆرد کرومەر ئیڤلین بارنج (١٨٤١-١٩١٧ز) دیپلۆماتکار و سیاسەتمەداری بەریتانی و یەکێک لە تیۆریستەکانی پرۆژەی بەرۆژئاواییکردن وەک نوێنەری حکومەتی بەریتانی لە میسر و هیندستان کاری کردوە، نەیارێکی سەرسەختی بزووتنەوەی بێداری و هەستانەوەی موسوڵمانان بووە. بڕوانە پێشەکی الثورة العرابية:لورد كرومر، ترجمته الى للغة العربية عبد العزيز عرابي، الطبعة الثانية ١٩٦٧الهيئة المصرية العمة للكتاب.

[2] الخنجر المسموم الذي طعن به المسلمون، أنور الجندي لا٢٩

[3] الاستشراق والخلفية الفكرية للصراع الحضاري، دكتور محمود حمدي زقزوق لا١٨

(٤) بڕوانە: گۆڤاری مجمع الفقهي، ژمارەی ٧، لا ٣٢٩

ئەگەر ڕاست بوو ئەوە تازە نییە، بە دڵنیاییی لە جێگەیەکی تردا دۆزراوەتەوە بە کورتی قورئان هیچ بابەتێکی نوێی تێدا نییە و ئەوەی لە قورئاندا هەیە جووینەوە و دووبارەکردنەوەی ئەوانەی پێشوە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا (ولیم گلادستۆن)[1] دەڵێت: "مەحاڵە ئێمە هیچ ئامانجێک لە ناو عەرەبەکان بە دەست بهێنین، بە بێ سڕینەوەی قورئان و لانی کەم کەمکردنەوەی بەها و بایەخی لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی و عەرەبی، گەر وامان کرد بە ئاسانی دەتوانیت سەرچاوە ئابوورییەکانیان لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆمان کۆنترۆڵ بکەین و ئیرادەی موسوڵمانان تێک بشکێنین." [2]

هەڵبەت ئەم شێوەیە لە دژایەتیکردنی قورئان، درێژەی هەمان هەوڵ و دژایەتیی بێباوەڕانی سەردەمی پێغەمبەرە (دروودی خودای لێ بێت) واتە یەک ڕێباز و ئاڕاستەی دژایەتیکردنە، ئەوەی گۆڕاوە تەنها کات و کەرەستەکانی دژایەتیکردنە. قورئان بە ڕوونی وێنای ڕەخنە و دژایەتیی بێباوەڕان دژی قورئان دەخاتە ڕوو ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَا تَسْمَعُوا۟ لِهَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ وَٱلْغَوْا۟ فِيهِ لَعَلَّكُمْ تَغْلِبُونَ ﴾[3] لە جێگەی تردا قورئان ڕوونتر وێنای ئەم دژایەتیکردنە دەکات و دەفەرموێت﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا قَالُوا۟ قَدْ سَمِعْنَا لَوْ نَشَآءُ لَقُلْنَا مِثْلَ هَٰذَآ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴾[4]

---

[1] ولیام ئیوارت گلادستۆن William Ewart Gladstone ١٩٠٨-١٨٩٨ز) سیاسەتمەدار و نووسەر، چوار جار پۆستی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیای وەرگرتوە. لە سەردەمی ئەودا ئیمپریالستی بەریتانی گەیشتە لوتکە بڕوانە حركة التجديد في العالم العربي الحديث: د. عبد الرحيم مصطفى الطبعة الأولى القاهرة معهد البحوث والدراسات العربية.

[2] القراءة المعاصرة للقران في الميزان، أحمد عمران، دار النفائس لا ١٧

[3] بێ باوەڕان دەیانوت: گوێ مەگرن بۆ ئەم قورئانە و بیکەن بە کاڵە و هەرا و هوریا (لەم سەردەمەدا ئەو ڕاگەیاندنەی بەدەست ناحەزانەوەیە ئەو ڕۆڵە دەبینێت) بۆ ئەوەی ئێوە زاڵ ببن و بیبەنەوە فصلت: ٢٦

[4] کاتێکیش ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە بەسەر بێ باوەڕاندا دەخوێنرێتەوە، ئەوە دەڵێن: بەڕاستی ئێمە بیستمان و ئەگەر بمانویستایە ئەوە وێنەی ئەوەمان دەگوت!! ئەم بابەتانە جگە لە داستانی پێشینان شتێکی تر نیە!!! الأنفال: ٣١

دیسان قورئان ڕەخنەیەکی تری هاوەڵپەیداکەران و بێباوەڕان دەخاتە ڕوو کە دەیان گوت: ﴿ وَقَالُوٓا۟ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ٱكْتَتَبَهَا فَهِىَ تُمْلَىٰ عَلَيْهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾ [1]

گەر لەم ئایەتە ورد ببینەوە دەبینین لێکچوونێکی زۆر هەیە لە نێوان ڕەخنەی بێباوەڕانی ئەو کات و (جۆن تاکلی) و هاوبیرانی هەیە، هەر دوو لایان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە قورئان شتێکی نوێی تێدا نییە و دووبارەکردنەوەی ئەوانی تر زیاتر شتێکی تر نییە، قورئان لە چەندین جێگەدا گومان و تۆمەتە جۆراوجۆرەکانی نەیاران لە بارەی قورئانەوە دەخاتە ڕوو. جارێک تۆمەتی سیحر وەک دەفەرموێت ﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴾ [2] جارێکی تر تۆمەتبارکردنی موحەمەد بەوەی کە ئەم قورئانەی بە هاوکاریی خەڵکانی تر هەڵبەستوە وەک قورئان وێنای دەکات ﴿ وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ إِفْكٌ ٱفْتَرَىٰهُ وَأَعَانَهُۥ عَلَيْهِ قَوْمٌ ءَاخَرُونَ ۖ فَقَدْ جَآءُو ظُلْمًا وَزُورًا ﴾: [3] جارێکی تر تۆمەتبارکردنی قورئان بەوەی قسەی پڕوپووچە و موحەمەد خۆی هەڵی بەستوە وەک قورئان لە سەر زاری بێباوەڕانی قوڕەیشەوە دەگێڕێتەوە ﴿ بَلْ قَالُوٓا۟ أَضْغَٰثُ أَحْلَٰمٍۭ بَلِ ٱفْتَرَىٰهُ ﴾[4]

کەواتە دژایەتیکردنی ئیسلام بە گشتی و قورئان بە تایبەتی و خستنە ڕووی گومان لەو بارەیەوە نوێ نییە، ئەوەی گرینگە پەروەردگار بە شێوەیەکی تەواوەتی پەیمانی پاراستنی قورئانی داوە، لە لایەکی ترەوە قورئان دەیەوێت

---

[1] هەروەها وتویانە: ئەم قورئانە داستانی پێشینەکانە و داوای نوسینەوەیانی کردووە، بەیانیان و ئێواران بەسەریدا دەیخوێننەوە!! الفرقان: ٥

[2] لە کاتێکدا ئایەتە ئاشکرا و ڕوونەکانی ئێمە بە سەریاندا بخوێنرێتەوە، ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون بەو حەق و ڕاستییەی کە بۆیان دێت دەڵێن: ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە. الأحقاف: ٧

[3] ئەوانەی بێ باوەڕ بوون گوتوویانە: ئەم قورئانە درۆیەک نەبێت کە (محمد صلی الله علیه وسلم) خۆی هەڵی بەستوە، شتێکی تر نییە، کەسانی تریش یارمەتییان داوە، بە ڕاستی ئەوانە (بەو گوفتارەیان) ستەم و بوختانێکی گەورە دەکەن و قسەیەکی ناڕەوایان کردوە. الفرقان ٤

[4] بەڵکوو (شتی تریشیان) دەگوت: (وەک ئەوەی کە گوایە ئەم قورئانە): خەو و خەیاڵی بێ سەروبنە، یاخود یاخود خۆی هەڵی بەستوە، الأنبیاء: ٥

ئەوەمان تێ بگەیەنێت کە زۆرێکی زۆر لە دژایەتیکردنەکان یەک بنەما بازنەیەکی دیاریکراوی هەیە و لەو بارەیەوە دەفەرموێت ﴿ يُضَٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَبْلُۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ أَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴾[1] چیرۆک هەر هەمان چیرۆکی دژایەتیکردنە، بەڵام کات و شوێن و کەرەستەکان گۆڕانکاریی بە سەردا هاتوە، کەواتە کاتێک نەیاران پلانی سڕینەوە و لە ناوبردنی جەستەیی موسوڵمانانیان بۆ ناچێتە سەر، هەوڵ دەدەن لە ڕووی مەعنەوییەوە موسوڵمانان تێک بشکێنن، ئەویش بە دژایەتیکردنی قورئان و گومان خستە سەر چەمک و دەق و واتا و حوکمەکانی نێو قورئان.

هەوڵەکانی پەیوەست بە دروستکردنی گومان و دوودڵی، هەنگاوێکی نوێ نییە، بەڵکوو هەر لە کۆنەوە ئەم هەوڵانە بەردەوام بوون. موغیرەی کوڕی شوعبە دەگێڕێتەوە و دەڵێت "کاتێک چوومە نەجران یەهودییەکان پرسیاریان لێ کردم، گوتیان ئێوە ئەو ئایەتە دەخوێننەوە لە سوڕەتی مەریەمدا هاتوە، کاتێک مەریەمی کچی عیمران (سەلامی خودای لێ بێت) عیسای دەبێت و دێتەوە ناو خەڵکی، خەڵکی پێی دەڵێن ﴿ يَٰٓأُخْتَ هَٰرُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا ۝٢٨ ﴾[2] مەریەم خوشکی هاروون نەبوە، چونکە هاروون برای مووسایە، لە ڕووی زەمەنەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان قۆناغی مووسا و هاروون و قۆناغی مەریەم و لە دایکبوونی عیسای مەسیح، موغیرە دەڵێت: هاتمەوە لای پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لێ بێت)، ئەو پرسیارەم ئاڕاستە کرد، پێغەمبەر فەرمووی (انهم كانوا يسمون بأنبياهم وصالحين قبلهم)[3] " بەنی ئیسرائیل خەڵکیان بە

---

[1] ئەو گوفتارەیان لاساییکردنەوەی ئەوانەیە کە پێشتر بێ باوەڕ بوون (لەوەدا کە دەیانگوت فریشتەکان کچی خوان)، دەک بە کوشت چن و خوا لە ناویان بەرێت، ئاخر ئەم بوختانە ناڕەوایانە چۆن هەڵدەبەستن. التوبة: ٣٠

[2] ئەی خوشکی هاروون (لەبەر تەقوا و خواناسی ئەو ناز ناوەیان پێ دابوو) تۆ نە باوکت کەسێکی خراپ و (شەروالپیس بووە) نە دایکیشت ئافرەتێکی داوێنپیس!! مريم: ٢٨

[3] مسلم: ژمارە (٢١٣٥)

ناوی پێغەمبەران و پیاوچاکانی پێش سەردەمی خۆیانەوە ناو دەبرد" و لەبەر پلەوپایەی مەریەمە بەم شێوەیە بە خوشکی هاروون ناو دەبرێت، بە هەمان شێوە ئەم بابەتانە لە سەردەمی نوێدا لە لایەن مولحید و بێباوەڕەکانەوە دەخرێنە ڕوو.

ئەوەی گرینگە لێرەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینەسەر ئەوەی چۆن بە شێوەیەکی زانستی و لۆژیکی بەرپەرچی مولحیدان بدەینەوە، لە ڕابردوویشدا زانایانی ئیسلام بە شێوەی جۆراوجۆر بەرپەرچی گومان و دوودڵی و بابەتی بانگەشەی لێکدژی بابەتەکانی نێو قورئانیان داوەتەوە [1]. ئێمەش وەک هەوڵی ئەم زانا بەڕێزانە و پێویستی قۆناغەکە لە کۆمەڵگەی کوردەواری، بوونی کەسانی بێزانست کە چەندین بابەتی سادە و کاڵوکرچ بە ناوی لێکدژی قورئان دەخەنە ڕوو، گوایە لەم ڕێگەیەوە دەتوانن هێزی کاریگەریی ئیسلام لاواز بکەن. دەیانەوێت لەم ڕێییەوە ئەوە بخەنە ڕوو کە هیچ بابەتێکی نوێ لە ناو قورئاندا بوونی نییە و زانستی نوێ تەواوی بابەتەکانی خستوەتە ڕوو، کەوایە پێویستیمان بە قورئان نییە، زیاد لەمە بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە لە ناو دەقەکانی قورئاندا چەندین ئایەتی لێکدژ هەن، ئەم ئایەتانە هەندێکیان هەندێکی تریان ڕەت دەکەنەوە، یاخود

[1] لەوانە: عەبدوللای کوڕی عەبباس ناوبراو لە مێژووی موسوڵماندا دەورێکی بەرچاوی لە بەرپەرچدانەوەی نەیارانی قورئاندا هەبووە، دواتریش هەوڵەکانی زانای گەورە موحەممەد کوڕی موستەنیری نەحوی ئیمامی قوتروب ناسراوە ساڵ (٢٠٦ ک. م) جێی بایەخن بە تایبەتی لە کتێبە بەناوبانگەکەی (الرد علي الملحدين في تشابە القران). ئیمامی سیوتی لە بارەی پێگەی زانستیی ئەم کتێبە و نووسەرەکەیەوە دەڵێت: " ناوبراو یەکەمین کەسێک بووە کە کتێبی لەم بارەیەوە نووسیوە. " بەڵام پێ ناچێت ئەم گوتەیەی سیوتی لە شوێنی خۆیدا بێت وەک سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن. سوفیانی کوڕی عویەینە، پێش موحەمەدی کوڕی موستەنیری نەحوی کتێبێکی لەم بارەیەوە بە ناوی (جوابات القران) نووسیوە. بەڵام ئەوەی گرینگە یەکەمین کتێبێک لەم بارەیەوە بە دەستمان گەیشتبێت کتێبەکەی ئیبن قوتەیبەیە بە ناوی (مشكل القرآن) بەگشتی زانایان بە پێی قۆناغەکان هەوڵی بەرچاویان دا و لە پێناو بەرگریکردن لە قورئان هەر یەک لە ئیبن قوتەیبە، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل سوفیانی کوڕی عویەینە، باقلانی. ئیبن تەیمییە، ئیبن قەیم و زەکەریایی ئەنصاریی. فەخرەدینی ڕازی. ئیبن حەزم، خەتیبی ئیسکافی و هەروەها ئەم زانایانە و چەندانی تریش لەم بارەیەوە ئەسپی خۆیان تاو داوە لە پێناو بەرگریی لە قورئان.

بانگەشەی ئەوە دەکەن ئایەتەکانی قورئان لەگەڵ دۆزینەوە زانستییەکان لێک دژن. هەوڵ دەدەین بە شێوەیەکی ورد تەواوی ئەم بەڵگانە بخەینە ڕوو، پاشان بە شێوەیەکی زانستی بەرپەرچی ئەم بابەتانە بدەینەوە.

سەرەتا ئەوەی گرینگە دەبێت خوێنەری بەڕێز بەرچاوڕوون بێت بۆیە بە دیاریکراوی تیشک دەخەینە سەر مولحیدان، بەو پێیەی ئەو گومان و ڕەخنە و دوودڵیانەی کە بێباوەڕان دەیخەنە ڕوو هەمان ئەو ڕەخنە و گومانانەیە کە جوولەکە و نەسرانی و قوتابخانە حزبییەکانی عەلمانیەت بە هەموو بەشەکانیەوە دەیخەنە ڕوو، بەڵام لێرەدا زۆرترین تیشک دەخەینە سەر هەوڵی مولحیدەکان.

بەو پێیەی مولحیدەکان نەک هەر بڕوایان بە قورئان نییە وەک کتێبێکی ئاسمانی، زیاد لەمە بابەتەکانی بوونی خودا و پەنهان بە تەواوی ڕەت دەکەنەوە، پێیان وایە شتێک بە ناوی خوداوە بوونی نییە، چجای لەوەی کتێبێکی هەبێت بە ناوی قورئان.

فەیلەسووفی فەرەنسی (ئۆگستین کۆنت) (١٨٣٨ز. م) دەڵێت: " مێژووی گەشەسەندنی هزری مرۆڤەکان بە چەند قۆناغێکدا تێ پەڕیوە، قۆناغی یەکەم: قۆناغی لاهوتی، لەم قۆناغەدا مرۆڤەکان تەواوی ڕووداوەکانی ژیان و ئەوەی دەیان بینی لە بارانبارین و لەدایکبوون و تەواوی دیاردەکانی تریان دەدایە پاڵ خودا. قۆناغی دوەم: قۆناغی میتافیزیکی (عناصر الخارجية) لەم قۆناغەدا مرۆڤەکان تەواوی ڕووداوەکانیان دەدایە پاڵ هێزێکی کاریگەری دەرەکی نەبینراو. قۆناغی سێیەم و کۆتایی (المرحلة الوضعية، التجربية العلمية) مرۆڤەکان بە هۆی توانایی زانستی و ئەزموونی لۆژیکییەوە دەگەنە ئەو قۆناغەی تەواوی ڕووداوەکان دادەڕنن لە بوونی کاریگەریی خوداییەکی نەبینراو، باس لەوە دەکەن مرۆڤەکان لە ڕابردوودا پێیان وابوو بارانبارین پێوەندیی بەهێزی دەرەکیی دەرەوەی مرۆڤەوە هەیە، بەڵام لە قۆناغی سێیەمدا مرۆڤەکان گەییشتنە ئەو باوەڕەی کە بارانبارین دەرئەنجامی هەڵمی

دەریاکانە، پاش ئەوەی بەرز دەبنەوە بۆ ئاسمان لەوێ دەبن بە پەڵەهەورێک دواتر ئەو هەورانە پێکەوە یەک دەگرن و دەبنە کوتلەیەک و بارانیان لێ پەیدا دەبێت، ئیتر بارینی باران دوور و نزیک هیچ پێوەندیی بە خودا و هێزێکی دەرەکییەوە نییە. بە هەمان شێوە لە بابەتی لەدایکبوونی گیانداران بۆ نموونە لە بارەی تروکانی جوچک لە هێلکەوە مرۆڤەکان قۆناغی یەکەم و دوەم پێیان وابوو تروکانی جوچکەیەک لە نێو هێلکەیەک بە هێزی پەروەردگارە، بەڵام لە قۆناغی سێیەم گەیشتنە ئەو بڕوایەی ئەم بابەتە بە هۆی بوونی تیژاییەکی سەر لوتی خودی جوچکەکەیە کە دوای ماوەیەک نامێنێت کە کاریگەریی لە سەر ڕووپۆشی ناوەوە دەرەوەی هێلکەکە دروست دەکات و دەیشکێنێت و دێتە دەرەوە. ئەم بابەتانە دوورونزیک پێوەندییان بە خوداوە نییە. " لە بارەی سەرەتای دروستبوونی ژیان لە سەر زەوییەوە پێی وایە هۆکاری دروستبوونی زەوی و بوونی ژیان لە سەری بریتییە لە ڕوودانی تەقینەوە گەورەکە (الإنفجار العضيم /big bang) قۆناغی دواتر زەوی فراوان بوو، بە شێوەیەک کە خەڵکی توانییان لە سەری بژین. "

لە ڕاستیدا ئەم نموونانە وەک هۆکار ڕاستن، بەڵام ئەمە واتای ئەوەیە خودایەک نییە و ئەم بابەتانە لە خۆیانەوە ڕوو دەدەن؟ بەدڵنیاییی نەخێر. هەر لەم چوارچێوەیەدا زانای ئەمریکی (پرۆفیسۆر سیسڵ بایس هامان) دەڵێت: "سروشت و ئەو ڕووداوانەی دەدرێنە پاڵ سروشت بنەمایەکیان نییە و ڕاڤەی هیچ ڕووداوێکی گەردوون ناکەن، بەڵکوو ئەم ڕووداوانە خۆیان پێویستیان بە ڕاڤەکردنە. " ڕوونتر پەیامەکەی ئەوەیە بۆ نموونە کاتێک لە ڕووی زانستییەوە باس لە قۆناغەکانی دروستبوونی باران دەکرێت لە دەریا و پاشان بۆ ئاسمان و گۆڕانکارییەکی تر دواتر بوونی بە باران، ئەمان ڕاستن، بەڵام پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە کێ وای کرد ئەم بابەتانە ڕوو بدەن، یان بۆچی باران دەبارێت نەک چۆن باران دەبارێت، جەوهەری حەقیقیی بابەتەکە چۆنێتیی بارانبارینەکە نییە، بەو پێیەی بابەتی چۆنێتییەکەیش لە قورئاندا ئاماژەی پێ کراوە وەک دەفەرموێت:

﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يُزْجِى سَحَابًا ثُمَّ يُؤَلِّفُ بَيْنَهُۥ ثُمَّ يَجْعَلُهُۥ رُكَامًا فَتَرَى ٱلْوَدْقَ يَخْرُجُ مِنْ خِلَٰلِهِۦ وَيُنَزِّلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن جِبَالٍ فِيهَا مِنۢ بَرَدٍ فَيُصِيبُ بِهِۦ مَن يَشَآءُ وَيَصْرِفُهُۥ عَن مَّن يَشَآءُ ۖ يَكَادُ سَنَا بَرْقِهِۦ يَذْهَبُ بِٱلْأَبْصَٰرِ ﴿٤٣﴾ ﴾[1]

هەر لەم چوارچێوەیەدا یەکێک لە زانایانی مەسیحی دەڵێت: بابەتە سروشتییەکان خۆیان ڕاستەقینەیەکن لە ڕاستییەکانی گەردوون، نەوەک ڕاڤەکەری ڕووداوەکانی گەردوون. " دەیەوێت بڵێت ئەوەی مولحیدەکان دەیخەنە ڕوو، ڕووکەشێکی گەردوونە نەک کاریگەر و ڕاڤەکاری ڕووداوەکانی گەردوون، لە بابەتی تڕووکانی جوجەڵە بە هۆی تیژیی سەر لوتییەوە هێلکەکە دەشکێنێت و دێتە دەرە، پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە کێ وای لەم جوجەڵەیە کرد و ئەم کردارەی فێر کرد؟

بابەتی دەنگ لای مرۆڤ وەک لە شێوە زانستییەکەیدا ڕوونە، بوونی هێزی هەوا و زمان و چالاکیی قوڕگ و پاشان دەرچوونی وەک کۆمەڵێک وشە و ڕستە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکان، ئەمە بابەتێکی زانستییە و جێگەی گفتوگۆ نییە، بەڵام پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە کێ ئەم بابەتەی بەم شێوەیە ڕێک خست؟ بۆیە دەکرێت بە زمانێکی سادە بە مولحیدەکان بگوترێت، تەواوی ئەوەی ئێوە لە گەردووندا ئاشکراتان کردوە، وەڵامە بۆ پرسیارێک کە مرۆڤەکان دەیخەنە ڕوو.

کاتێک مرۆڤ پرسیار لە چییەتیی باران دەکات وەڵامێکی زانستیی پێ دەدرێت، کاتێک پرسیار لە سەر شێواز و قۆناغی دروستبوونی دەنگ دەکات لای مرۆڤ بەو شێوە زانستییەی پێشوو کە خستمانە ڕوو وەڵامی دەدرێتەوە، کەواتە ئەمە خستنە

---

[1] ئایا نابینیت کە بێگومان خوا بە ئارامی و شێنەیی هەورەکان بە ئاسماندا دەبات دوایی پەیوەستیان دەکات بە یەکەوە، ئەوسا کەڵەکەیان دەکات لەسەر یەك، ئینجا دەبینیت لە توێی ئەو هەورانەوە کە وەک کێو وان باران و تەرزە دەبارێنێت (کاتێك کە بەفڕۆکە سەروو هەورەکان دەکەوین بە چاکی بۆمان دەردەکەوێت، کە هەورەکان وەك چیا چوون بە ئاسماندا و دۆڵ و شیو لە نێوانیاندا هەیە). جا لە سوودی ئەو بارانە بە هەر کەس خوا بیەوێت، خێر و بەرەکەت دەبەخشێت، هەر کەسیش کە بیەوێت لێی دوور دەخاتەوە، (هەورەبروسکەکان ئەوەندە بەهێزن) خەریکە بریسکەکەیان بینایی چاوان بەرێت. النور: ٤٣

ڕووی چییەتیی بابەتەکانە، بەڵام وەڵامی پرسیاری دوەمتان پێ نییە ئەوەیە، لەبەر چی ئەم بابەتانە وان؟ بۆچی ئەم جوچکەیە شاخێکی بچکۆڵەی هەبێت و بێتە دەرەوە و هێلکە بکات کێ فێری کرد؟ چۆن فێر بوو؟ لە بارەی ڕوودانی تەقینەوە گەورەکە، چەندین پرسیار خۆی دەخاتە ڕوو بۆچی تەقییەوە؟ بۆچی ئێمە هاتینە سەر زەوی، بۆچی گەردوون درێژ بووەوە، پێش تەقینەوە گەورەکە گەردوون چۆن بوو؟ ئایا ژیانی تر بوونی هەبووە یاخود نا؟ تەمەنی ژیان چی؟ ژیان تا کەی بەردەوام دەبێت؟ تەنها باسکردنی ڕووداوەکە وەڵامی پرسیارەکان ناداتەوە، قورئان بە شێوەیەکی ورد تیشکی خستووتە سەر ئەم بابەتە. بابەتی بارانیش بە هەمان شێوە بۆچی بارانبارین بەم جۆرەیە؟ بۆچی بەم ئەندازەیە باران دەبارێت بۆچی هەندێک جار سودی هەیە و هەندێک جاریش زیان.

بەدڵنیایی وەڵامی پرسیاری دووەمتان پێ نییە، ڕاستییەکەی پرسیاری بۆچی نەک چۆنی پرسیاری ڕاستەقینەی هزری مرۆڤەکانە، کەواتە مولحیدەکان بەم هەنگاوەیان کێشەکەیان زیاد کرد و سەرکەوتوو نەبوون لە وەڵامدانەوەی پرسیارە ڕاستەقینەکانی خەڵکی. هەر لەم چوارچێوەیەدا مافی خۆمانە بپرسین لە داروین و لایەنگرانی تیۆریای پەرەسەندن، گریمان تیۆریای دروستبوونی مرۆڤ بە پێی دیدی ئێوە ڕاستە، بەڵام پێمان بڵێن گەشەسەندنی ئەندامیی (تطور العضوي) سەرچاوەکەی کوێیە واتە دوای دروستبوونی مرۆڤەک گەشەسەندنی ئەندامەکانی جەستەی هەر لە پەنجەیەوە تا قاچەکانی دواتر کەللەی سەری هەموو ئەم گەشەیە سەرچاوەکەی لە کوێوەیە و هۆکارەکەی چییە؟

پرۆفیسۆر (ئارسەر کیس) ساڵی (١٩٥٥ز): دەڵێت: "تا ئێستا هۆکاری گەشەسەندنی ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ لای زانایان یەکلایی نەبوەتەوە، هیچ بەڵگەیەک لەو بارەیەوە لە بەر دەستدا نییە، لە ڕاستیدا بە دوای ئەم بابەتە وێڵ نابین چونکە لە کۆتاییدا هەر دەگەین بەو ڕاستییەی کە ئەم بابەتە پێوەندیی بە دروستکەری مرۆڤەوە هەیە کە خودایە. "

لە وەڵامی ئەزموونگەراکان و لایەنگرانی موشاهەدە، دەکرێت بڵێین مەرج نییە هەر بابەتێک دەبینن واتای ئەوەیە کە بوونی هەیە، بە پێچەوانەوە نە بینین واتای نەبوونی هەندێک بابەت نییە. بۆ نموونە سەراب بە چاو دەبینرێت لە پێش چاوی مرۆڤ وەک ئاو دێتە پێش چاو، بەڵام ڕاستییەکەی بوونێکی نییە، پێچەوانەکەیشی هەر وایە ڕۆژانە مرۆڤەکان شتانێکی زۆر نابینن و کەچی باوەڕیان پێیەتی، لەوانە بابەتی ئاو، بە پێی تەواوی لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئاو پێک هاتوە لە هایدرۆجین و ئۆکسجین، بەڵام هیچ کەس ئەم دوو پێک هاتەیە لە نێو ئاودا بە چاوی خۆی نابینێت. بە هەمان شێوە بابەتی سارد و گەرمیی تەزووی کارەبا و بوونی ئۆکسجین لە ناو هەوا و دەرچوونی ڕۆح لای مردوو و بوونی عەقڵ و هەموو ئەمانە باوەڕمان پێی هەیە بێ ئەوەی بە چاو بیان بینین. بە هەمان شێوە بابەتی هێزی ڕاکێشان کە تا ئێستایشی لەگەڵ بێت مایەی مشتومڕی نێوان زانایانە، لێکۆڵەرەوانی خۆرئاوایی لەو بارەیەوە نەگەیشتوونەتە بۆ چوونێکی یەکلاکەرەوە، هەمووان باوەڕمان بەهێزی ڕاکێشان هەیە بە بێ ئەوەی خودی هێزەکە ببینین. تەنانەت یەکێک لە زانایانی ئەم بوارە دەڵێت: "سەیرم لە هێزی ڕاکێشان دێت کە هێزێکی دەرەکییە کەچی کاریگەریی لە سەر بابەتێکی ناوخۆیی دەکات، چۆن دەکرێت مادەیەک کاریگەری لە سەر مادەیەکی جگە لە خۆی هەبێت. "

بۆ نموونە کاتێک باڵندەیەک لە ئاسماندا دەمرێت یاخود دەکوژرێت ڕاستەوخۆ لاشەکەی بە ڕدەبێتەوە زەوی، هەر بە هۆی هێزی ڕاکێشانەوە سەرکەوتن قورسترە لە هاتنەخوارەوە لە چیا، هێزی ڕاکێشان یەکێکە لە ڕاستییە گەردوونییەکان، بۆیە زانایان و لێکۆڵەرانی خۆرئاوایی پێیان وایە مەحاڵە ئەم هێزە ببینرێت، مەحاڵە هەستکردن بە بابەتگەلی لەم شێوەیە پشتڕاست بکرێتەوە، مەگەر ئەوە نەبێت باوەڕت بە خودایەک هەبێت کە تەواوی گەردوونی بە دەستە، هەر لەم ڕێگەیەوە مرۆڤ دەگاتە ئارامی دەروون و دەستکەوتنی وەڵامی پرسیارە گەورەکانی گەردوون و ژیان.

چەند پرسیارێکی بێ وەڵام

مولحیدان باوەڕ ناکەن بە بەڵگەی ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە خودا هەیە و وەک بەشێک لە گفتوگۆیی زانستی پرسیار گەلێکتان ئاڕاستە دەکەین بە ئومێدی ئەوەی وەڵامەکەی بۆ هەموو لایەک ڕوون بکەنەوە.

یەکەم: بانگەشەی ئەوە دەکەن کە باوەڕتان بە خودا نییە، بەو پێیەی کە نایبینن و دیار نییە، دەپرسین ئێوە هەر شتێک نەبینن باوەڕی پێ ناکەن؟ وەک ئاشکرایە ئێوە هێزی ڕاکێشان نابینن و کەچی باوەڕی پێ دەکەن و بانگەشەی بۆ دەکەن بابەتی ڕۆح بە هەمان شێوە بە چاو نایبینن و کەچی باوەڕیشتان پێیەتی، بابەتەکانی کارەبا و پێکهاتەی ئاو و عەقڵ و ئاوەز و سەدان بابەتی تر. پاشان بوونی دەیان تیۆریای جیاجیا سەبارەت بە گەردوون، سەرەتای ژیان لای مولحیدەکان خۆیۆی جێگەی پرسیارە و هەندێکیان بە تەواوی دووچاری داڕمانی زانستی هاتوون و لە ناوەندە زانستییەکان بایەخێکیان نەماوە وەک تیۆریای داروین .(Charles Robert Darwin)

دووەم: بە شێوەی پەرچەیی داوای ئەوە لە مولحیدەکان دەکەین، بفەرموون بەڵگەیەک بخەنە ڕوو لە سەر نەبوونی خودا، تەواوی ئەو بابەتانەی وەک بەڵگە لە سەر نەبوونی خودا دەیخەنە ڕوو، بەڵگەن لە سەر دان نەنان بە خودا نەوەک بەڵگە لە سەر نەبوونی، کە وایە دەپرسین بە چ بەڵگەیەک پێتان وایە خودایەک لە سەروو ئاسمانەکانەوە بوونی نییە، کێ لە ئێوە بە هەموو ئاسماندا گەڕاوە تا خودای نەبینی؟ کەواتە هەر چی بیر و ڕاتان هەیە لە سەر خەیاڵ بونیات نراوە، ئێمەیش پەیوەست بەم بابەتە باوەڕمان بە خەیاڵ نییە و بابەتگەلی عەقڵیمان دەوێت، بەڵگەیەک کە جێگەی دوودڵی نەبێت.

سێیەم: نەبینی شتەکان واتای نەبوونیان نییە، واتە مەرج نییە هەر شتێک نەبینرا واتای ئەوەی بوونی نەبێت، یاخود هەر شێک بینرا مانای ئەوەی بوونی هەبێت، بەو پێیەی هەستی بینین هەندێک جار مرۆڤەکان بە هەڵەدا دەبات، سەرابی نێو بیابان لە دوورەوە وەک ئاو خۆی نیشان دەدات بەڵام لە ڕاستیدا بوونێکی نییە، هەر لەم چوارچێوەیەدا بابەتی خەوبینین جێگەی قسەوباسە، لێکدانەوەی ئێوە بۆ خەو چییە؟ هەندێک جاریش ئەوەی لە خەودا دەیبینن لە ڕاستیدا ڕوو دەدات و دێتە جێ. ئەمە جگە لە بابەتەکانی پەیوەست بە کاریگەریی دڵ و ڕۆح کە زانست دەستەپاچەیە لە هەمبەر وەڵامدانەوەیان، بە کورتی نەبینینی شتانێک واتای نەبوونیان نییە، بە پێچەوانەوە بینینی شتانێکی تر واتای بوونیان نییە.

چوارەم: گومانی ئەوە دەخەنە ڕوو دەڵێن باوەڕمان بە بوونی خودا نییە، چونکە نازانین کێ خودای دروست کردوە، بە گریمانەی دەڵێن وای دابنێن کە سێک خودای دروست کردوە، دەپرسین ئەو هێزە چییە و کێیە کە خودای دروست کردوە، کێ ئەوی دروست کردوە؟ لە کۆتاییدا کێ هەموویانی دروست کرد، ئیتر ئەم زنجیرە بەندییە نالۆژیکییە بەم شێوە بەردەوام دەبێت، دەبێت لە کۆتاییدا بگەینە ئەنجام کە هێزێک دروستکەر بێت و هیچ هێزێکی تری لە پشتەوە نەبێت، لای ئێمە ئەو هێزە پەروەردگاری جیهانە و دەکرێت بپرسین لای ئێوە کێیە؟

پێنجەم: خودی پرسیاری پەیوەست بە خولگە و زنجیرەبەندی (الدور والتسلسل Role and sequence) هەڵەیە، لە هەمووی سەیرتر بەناوبانگترین مولحیدی سەردەم ستیڤن هۆکینگ (Stephen Hawking) پێی وایە سەرەتای مرۆڤ و ژیان لە تەقینەوە گەورەکەوە دەست پێ دەکات، پاشان پرسیاری ئەوەی ئاڕاستە کرا ئاخۆ پێش تەقینەوەی گەورە گەردوون چی بووە و چۆن بووە؟ لە وەڵامدا دەڵێت "ئەم پرسیارە گاڵتەجاڕییە بەو پێیەی تەقینەوەی گەورە سەرەتای دەستپێکردنی

گەردوونە"[1] دەکرێت بپرسین بۆچی پرسیارکردن دەربارەی دروستبوونی خودا پرسیارێکی لۆژیکییە و بەڵام پرسیارکردن دەربارەی گەردوون پێش تەقینەوە گەورەکە گاڵتەجارِییە!؟

شەشەم: دەپرسین ئەو هەموو بوونەوەرە چۆن دروست بوون؟ ئەگەر دروست کراون (مخلوق)ـن کێ دروستی کردوون؟ ئەگەر خۆیان خۆیان دروست کردوە، چۆن دەکرێت نەبوو (عدم) خۆی بێنێتە بوون (وجود)، نالۆژیکییە عەدەم ببێتە خالیقی بوون (وجود) بەو واتایەی شتێک لە بنەڕەتدا نەبووبێت پاشان بە هۆی خۆیەوە هاتبێتە بوون یان بووبێتە هۆکاری بوونی شتێکی تر.

حەوتەم: ئەوەی پێتان وایە تەواوی دروستکراوەکان دەرئەنجامی سروشت یاخود سودفەن، دەکرێت پرسیارێکی لۆژیکی بخەینە ڕوو، ئایا سروشت و سودفە خۆیان چین؟ ئەفرێنەرن یاخود ئەفرێندراو؟ گەر ڕاستە ئەفرێنەرن! بۆچی لە کرداری ئەفراندن وەستاون!؟ بۆچی شتانێک پێشکەش ناکەن کە ئێمە لەم ڕۆژگارەدا پێویستمنا پێیانە؟ بۆچی وەڵامی نهێنییەکانی گەردوونمان نادەنەوە؟ بۆچی ناتوانن مردنمان لە سەر لابەرن، یان مردومان بۆ زیندوو بکەنەوە؟ گەر ئەفرێندراون دەکرێت بپرسین کێ ئەوانی دروست کردوە؟

هەشتەم: دەپرسین سروشت چۆن زانی نێر بە بێ مێ نایکرێت، بۆیە مێی بۆ دروست کرد یاخود بە پێچەوانەوە؟ سروشت بۆچی پەردەی کچێنیی لە کچاندا دروست کرد لە کاتێکدا تاکە دروست کراوە کە ئەو پەردەیەی هەبێت؟ سروشت چۆن زانیی کە منداڵ ددانی نییە، بۆیە مەمکی لە مێیینەدا بۆ دروست کرد و پری کرد لە شیر تا ئەو کۆرپەلەیە پێی بژی. سروشت چۆن توانیی مرۆڤ لە تەواوی بوونەوەرەکانی تر جیا بکاتەوە بەوەی کە عەقڵی بداتێ؟ سروشت چۆن زانیی تەواوی بابەتەکانی ئاو و خۆراک و هەوا و هەموویان پێویستی ژیان و مانەوەن، بۆیە دروستی کردوون؟

---

[1] بڕوانە: تاريخ موجز للزمان، لستيفين هوكينج، ترجمة مصطفى فهمي، دار الثقافة الجديدة لا ١٦

نۆیەم: گەر مرۆڤەکان لە خۆیانەوە دروست بوون سەرەتا مێ دروست بوو، یاخود نێر؟ گەر نێر دروست بووە نێر چۆن سک پڕ دەکات و منداڵی دەبێت؟ ئەگەر مێ لە سەرەتادا دروست بوە؟ کێ سکی پێ پڕ کردوە و منداڵی پێ هێناوە؟ هەر دووکیان پێکەوە دروست بوون!؟ کێ فێری کردوون بەم شێوەیە پێوەندیی جوتبوون دروست بکەن و منداڵ بخەنەوە؟

دەیەم: دەکرێت بپرسین کاتێک مرۆڤ دروست بوو بە منداڵی هاتە دونیاوە، یاخود بە گەورەیی؟ گەر بە گەورەیی دروست بووە، بۆچی لە ئێستادا هاوشێوەی ئەو جۆرە دروستبوونەوەیە نابینین؟ بۆچی پێشتر هیچ کەس شتانێکی لەم شێوەیەی نەگێڕاوەتەوە، گەر بە منداڵی دروست بوو کێ شیری پێدا و بەخێوی کرد؟

یازدەهەم: وەک ئاشکرایە کەسێک لە منداڵییەوە کەڕ بێت و بیستنی تەواو نەبێت نازانێت قسە بکات بەو پێیەی قسەکردن بابەتێکە مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە چواردەورەکەیەوە فێری دەبێت، دەپرسین یەکەم جیلی مرۆڤ چۆن فێری قسە بوو لە کاتێکدا کەس نەبووە قسە بکات؟ قسەیان دەزانی یاخود نا؟ گەر دەیانزانی کێ فێری کردن؟ گەر نەیاندەزانی چۆن فێری بوون؟یان چۆن ئەم هەموو زمانە دروست بوو، وەک لە تازەترین ڕاپۆرتی ڕێکخراوی یونسکۆدا هاتوە لە ئێستادا (٧٠٠٠) زمان لە جیهاندا بوونیان هەیە، کێ ئەمانەی فێرکردن ئەم هەموو جیاوازییە بۆچی و لە پێناوی چیدایە؟ مولحیدەکان با بفەرموون بۆچوونێکی یەکدەنگی بێ جیاوزای لە نێوان خۆیاندا سەبارەت بەم بابەتە بخەنە ڕوو، هەر وەک چۆن تەواوی دینداران تەواوی ئەم بابەتانە دەدەنە پاڵ پەروەردگار.

دوازدەهەم: دەکرێت بپرسین ئەگەر دروستبوونی مرۆڤەکان بە هۆی سروشتەوە بێت، بۆچی هێڵکاری چاوی تەواوی مرۆڤەکانی سەر زەوی لە یەکتری جیاوازن، بۆچی هەر مرۆڤێک لەم جیهانەدا هێڵکارییەکی تایبەتی سەرە پەنجەی بە خۆی هەیە، باشە مرۆڤەکان لە ڕێی سروشتەوە دروست بوون گیانلەبەرانیش بە هەمان

شێوە لە خۆوە دروست بوون چۆن دەکرێت مێروولەیەکی بچوک ١٠٠ چاو ٤٨دان ٣٠ دڵ فیل بەو گەورەییە ٢ چاو و یەک دڵی هەیە.

سیازدەهەم: دیسان دەپرسین ئایا لە پرسیارە جەوهەرییەکانی ژیان و بابەتەکانی پەیوەست بە بوون و بوونەوەر گەردوون و مردن و ژیانەوە، مولحیدەکان و سروشتگەراکان هەڵگری یەک بۆچوونن؟ بە دڵنیایی نەخێر. بەڵکوو خاوەنی چەندین تیۆریای جیاواز و جۆراوجۆرن لە بارەی دروستبوونی بوون و ژیان و گەردوونەوە، دەکرێت بپرسین ئێمە متمانە بە کام یەک لەم تیۆریانە بکەین؟ کامیان ڕاستەقینە و حەقیقەتی پشتڕاست کراوەن، تەواوی مرۆڤەکان لەم بارەیەوە دو بۆچونیان هەیە بەشێکیان تەواوی ئەم ڕووداوانە دەدەنە پاڵ خودا، بەشێکی تریان نکۆڵی لە بوونی خودا و یاخود پاڵدانی ئەم بابەتە بۆ لای خودا دەکەن. کاتێک ئەو پرسیارەیان ئاڕاستە دەکرێت دروستکردنی گەردوون و دروستکراوەکانی تر کاری کێیە بە سەدان تیۆریای جۆراوجۆر لەم بارەیەوە دەخەنە ڕوو، تەواوی ئەم تیۆریانە وەک (هینری پۆینکاری) دەڵێت: " هەرچی یاسا و تیۆریایی مرۆڤ هەیە گەر بە وردی لێی بڕوانین بە دڵنیاییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە تەواوی ئەم یاسایانە ڕێژەیین و دەکرێت گۆڕانکارییان بە سەردا بێت"[1]. کەواتە ئێمە لە دووڕیانی گفتوگۆین لەگەڵ مولحیدان کە خاوەنی زیاتر لە تیۆریایەکن لە بارەی لێکدانەوەی بابەتەکانی پەیوەست بە ژیان و گەردوون.

چواردەهەم: لە مولحیدان و سروشتگەراکان دەپرسین، ئێوە بانگەشەی ئەوە دەکەن تەواوی دروستکراوەکان لە مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕوەک، دەرئەنجامی سروشت و پێکهاتەی سروشتن، دەکرێت بپرسین لە حاڵێکدا، پێکهاتەکانی سروشت لە ئاو و هەوا و زەوی و تەواوی پێکهاتەکانی تر یەکن، ئیتر ئەو جیاوازی و فرەییە لە دروستکراوەکانی لە سەر ئاستی مرۆڤ و گیانلەبەران و ڕوەک بۆ؟ وەک

---

[1] بڕوانە کتێبە بەناوبانگەکەی (العلم والفرضية) وەرگێڕانی د. حمادي بن جاء بالله.

مێروناسەکان لە تازەترین لێکۆڵینەوەکانی خۆیاندا ئاماژەی پێ دەکەن، نزیکەی (٢٠)هەزار جۆر مێرووله لە سەرانسەری جیهاندا بوونی هەیە، نزیکەی (١٥)هەزار جۆر پەپوولە و سەدان هەزار جۆر زیندەوەری دەریایی هەیە، دەکرێت بپرسین لە ژینگەیەکی هاوبەشەدا ئەم جیاوازییە فراوانە لە ڕەنگ و شێوە و ڕەگەز و پێکهاتەی جەستەی بوونەوەرەکان واتای چی؟

پازدەهەم: دەکرێت لە لایەنگرانی تیۆریای زانستی بپرسین ئەو تەنەی کە تەقینەوە گەورەکەی تێیدا ڕووی دا چی بووە؟ کێ دروستی کردوە بۆچی بەو شێوەیە کوتلەیەک بوە؟ بۆچی ئەم تەقینەوەیە ڕووی دا، یان مێژووی ژیان کە بە بۆچوونی خۆتان ١٥ ملیۆن ساڵە، ئەدی پێش ئەوە چی بوە؟ تاکەی ئەم ژیانە بەردەوام دەبێت؟ ئەدی چیرۆکی هاتنی مرۆڤ بۆ سەرزەوی چی؟ چۆن هاتنە سەرزەوی.

شازدەهەم: دەپرسین بابەتی بوونی بوونەوەر لە هەسارەکانی تر چی؟ بوونیان هەیە یان نا، گریمان بوونیان هەبوو، دەکرێت بپرسین ئەوان چۆن دروست بوون، یان ئایا ئەوە کام هێزەیە کە سەنتەری گەردوونی ڕاگرتوە جووڵەی هەزاران ساڵەی زەوی بەم شێوازە ڕێک خستوە؟

حەڤدەهەم: دەپرسین ئێمە بۆ لە دایک دەبین و بۆچی کۆتایی هەموومان بەرەو مردنە؟یان کە دەمرین بۆ کوێ دەچین؟ وەڵامی ئەم هەموو پرسیارە ئاڵۆزەمان لە کوێ دەست بکەوێت؟ ئەمە و هەزاران پرسیاری تری وەڵام نەدراوە، ئەوە ئیسلامە بە شێوەیەکی دروست وەڵامی تەواوی پرسیارەکانی پەیوەست بە بوون و ژیان و گەردوونی داوەتەوە.

هەژدەهەم: ئێوە هەمیشە پێشنیاری ئەوەمان بۆ دەکەن کە ئێمە واز لە ئایین و کێشمەکێشمی هزریی ئایینی و پێکدادانی نێوان ئایینەکان بێنین، بۆئەوەی بە خۆشی بژین و ژیانێکی بەختەوەرمان هەبێت، پێویستە لە ئایین دوور بکەوینەوە و

ببینە مولحیدا گریمان بە پێشنیارەکەی ئێوەی ڕازی بووین، بەڵام دەپرسین ببینە کام جۆری مولحید و کام قوتابخانەی ئیلحادیی هەڵبژێرین؟ ئیلحادی شیوعی، ئیلحادی عەلمانی، لیبراڵی، سەلبی، ئیجابی، لاوازیی لادینی، لادینیی وەستاو.. ؟ زیاد لەمە هەریەکێک لەم قوتابخانانە چەندین چڵوپۆپی تری لێ جیابووەتەوە.

وەک پشتڕاستکردنەوەی ئەم بابەتە (مەکسیم لوڕوا)Maxim Leroy لە کتێبی (ارادة الإشتراکیة الفرنسیة)دا دەڵێت: "لە ناو هەر یەکێک لەم ڕێبازە بچوکانە چەندین بۆچوونی جیاواز و لێکدانەوەی پێچەوانەوە دژەوانەی توندی تێدایە". تەنها لە ئیلحادی شیوعیەتدا چەندین ڕێبازی تری وەک ئیشتراکیی فەڕەنسی، ئیشتراکیی بابۆ، ئیشتراکیی برودون، ئیشتراکیی بلانکی، ئیشتراکیی سانسی مۆن و چەندانی تر، پاشان دەڵێت هەموو ئەمانە لەگەڵ بۆچوونەکانی هەریەک لە (لویس بلان، کابیە، فوربیە، بیکور)دا جیاوازن و ناگونجێن[1] هەموو ئەمانەیش جیاوازن لەگەڵ دیدی (کارل مارکس) کە ڕەخنە لە تەواوی هزریی ئەوانەی پێش خۆی دەگرێت و سۆسیالستیی زانستی (الإشتراکیة العلمیة) وەک شوێنگرەوە بۆ تەواوی ئەو هزرانەی پێشووتر دەخاتە ڕوو. مافی ئەوەمان هەیە، بپرسین گریمان وەڵامی ئیسلام سەبارەت بە پرسیارە جەوهەرییەکانی گەردوون و ژیان و تەواوی پرسیارەکانی دی ڕەت کردەوە، دەبێت بپرسین، لەم هەموو قوتابخانە هزرییەی دونیای ئیلحاد شوێن کامیان بکەوین؟ وەڵامەکانمان لە کام تیۆریای ئیلحادییەوە بۆ دەستەبەر دەبێت؟ دیسان وەک هەزاران پرسیاریی تر ئەمەیش بێ وەڵامە.

نۆزدەهەم: ئێوەی مولحید پێتان وایە پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیی سەردەمی نوێ یەکێکە لە هۆکارە کاریگەرەکان بۆ دووروکەوتنەوەی خەڵکی لە ئایین و هەنگاونانیان بەرەو ئیلحاد، دەکرێت بپرسین چۆن دەکرێت زانستی کەسانێک بکەنە بەڵگە لە سەر نەبوونی خودا لە کاتێکدا ئەو زانا و دۆزەرەوانە خۆیان

[1] بڕوانە (هذه هي الإشترکیة) جورج بورجان، بیار رامبیر وەرگێڕانی محمد عیتاني لا ١٢.

مولحید نەبوون و باوەڕیان بە خودا هەبووە. ڕوونتر بڵێین زۆرێک لەو کەسانەی کە ئێوە زانیاریتان لێ وەرگرتوون مولحید نەبوون، بەڵکوو خاوە ئایینێکی ئاسمانی بوون و باوەڕیان بە بوونی خودا هەبووە، دۆزەرەوەی یاسایی ڕاکێشان و یاساکانی جوڵە (ئیسحاق نیوتن) مەسیحی بووە و مولحید نەبووە، دۆزەرەوەی تیشکی سینی (فیلیهم کونراد) مەسیحی بووە و مولحید نەبووە، جگە لەوانیش لە٦٥% وەرگرانی خەڵاتی نۆبڵ مەسیحی و یەهودیی بوون، لە نموونەی (ئەلبێرت ئەنیشتاین)ـی جوولەکە ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیگوتوە مولحیدم و باوەڕم بە خودا نییە.

چەندانی تر لە نموونەی (فرایدمان) و (سامو یلسون) زۆرێکی زۆر لە دۆزەرەوی بوارەکانی تەکنەلۆژیا لە نموونەی فیسبوک و تویتەر و گۆگڵ و یوتیوب خەڵکانی مەسیحی و جوولەکە بوون، هەندێکی تریشیان لە ڕابردوودا موسوڵمان بوون لەوانە فەلەکناسی بەناوبانگ عەبباسی کوڕی فیرناس و جابری کوڕی حەییان، کیمیاگەری بەناوبانگ و حەسەنی کوڕی هەیسەم و چەندانی تر کە هەموویان هەڵگری ئایینێکی ئاسمانی بوون، بە گەشتی دامەزرێنەرانی بنەمای زانستەکان زۆریان شوێنکەوتەی ئایینێکی ئاسمانی بوو، ناکرێت ئەزموون و زانستی ئەو زانا و داهێنەرانە بکرێتە بەڵگە لە سەر نەبوونی خودا لە کاتێکدا هەموویان باوەڕیان بە بوونی خودا هەبووە.

بیستەم: دەپرسین هەواڵدانی قورئان بە ڕوودانی بابەتگەلێک کە دوای هەزار ساڵ دۆزراونەتەوە، جێگەی سەر سوڕمان نین؟ نەک تەنها قورئان، تەنانەت فەرموودەکانی پێغەمبەر بەشێکن لە وەحی، ئەوانیش دونیایەکن لە ئیعجاز، بۆ نموونە کاتێک پێغەمبەر (درودی خودای لێ بێت) دەفەرموێت (لا تقوم الساعة حتى تعود أرض العرب مروجا وأنهارا)[1] " قیامەت هەڵناسێت تا نیوە دوورگەی عەرەبی دەگەڕێتەوە دۆخی جارانی پڕ لە ئاو سەوزایی و لەوەڕگا " بڕوانە وشەی

---

[1] رواه مسلم (١٥٧).

(تعود) موحەمەد چۆن زانی پێشتر نیوە دوورگەی عەرەبی بەم شێوەیەی ئێستا گەرم و وشک و بێ پیت نەبووە؟ جگە لە وەحی پەروەردگار شتێکی تر نییە. لێکۆڵینەوە زانستییە نوێیەکان ئەو بابەتەیان پشتڕاست کردوەتەوە کە لە قۆناغی ڕابردوودا نیوە دوورگەی عەرەبی ناوچەیەکی سەوز و پڕ لە ڕووبار و لەوەڕگای تەڕوپاراو بوە.

زانا و جیۆلۆجیستی ئەمریکی (هاڵ ماکلۆر) لە تێزی دکتۆراکەی (الربع الخالي) ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە نیوە دوورگەی عەرەبی لە قۆناغی ڕابردوودا پڕ لە ئاو و سەوازی و مێرگ بوە، دیسان بە پێی لێکۆڵینەوە زانستییە نوێییەکان نیوە دوورگەی عەرەبی لە دیاردەی بە بیابان بوون دەربازی دەبێت، دیسان دەبێتەوە زەوییەکی تەڕ و پاراو و پڕ لە سەوزایی. ئەم ڕاستییانە جگە لە گوتەی ڕاستی پەروەردگار هیچ ڕاڤەیەکی تریان نییە[1].

ئەمە جگە لە هەزاران موعجیزەی تری زانستی لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا (دروودی خودای لێ ببێت)[2] لەم چوارچێوەیەدا هەوڵ دەدەین کۆمەڵێک بەڵگەی بەهێزی دەمو کوتکەر لە سەر ڕاستی هاتنی قورئان لە لایەن خوداوە بۆ مولحیدان تەواوی نەیاران و گومانکاران بخەینەڕوو. هەڵبەت جگەلە وەڵامدانەوەی مولیحدان مەبەستمان هۆشیارکردنەوەی موسوڵمانان و چەکدارکردنیان بە چەکی زانست و بەڵگە، ئەویش لە ڕێی خودی قورئان خۆیەوە، بەو پێیەی دەقەکانی قورئان نهێنیی زۆر گەورەیان لە خۆ گرتوە پێویستە موسوڵمان قوڵتر لێی وردببنەوە، وەک خوای گەورە خۆی وێنای دەکات و لەم بارەیەوە دەفەرموێت﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَۚ ﴾[3]

---

[1] مجلة آفاق علمية، ژمارە (٤٢): لا ١٥.

[2] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (الإعجاز العلمي في السنة النبوية) دانراوی زغلول النجار لا٢٦-٣٢.

[3] النساء: ٨٢

ناکرێت موسوڵمان هۆشیاری و ئاگاییان لە بارەی قورئـانەوە نەبێـت، هەڵـبەت ئێمە باوەڕمان وا نییە قورئان تەنهـا کتێبێکـی سەرسـووڕهێنەر بێـت و هیچـی تـر، بەڵام دەکرێت موسوڵمان ئاگادار بێت زۆربەی ڕاستییەکانی زانستی نـوێ پێشـتر لە قورئاندا باس کراون، هەڵبەت ئەمە واتای نادیدەگرتنی هەوڵ و کۆششـی زانایـان و لێکۆڵەرەوان نییە، هێندەی خستنە ڕووی هێزی توانایی قورئانە، بۆیە بە شێوەیەکی سەر پێیی هەندێک لە ئیعجازە کانی نێو قورئان دەخەینە ڕوو.

ئیعجازی هەواڵدان و هاتنەدی لە قورئاندا

یەکەم: تەقینەوەی گەورە (الإنفجار العظیم)

کاتێک پرسیار لە مولحیدەکان دەکرێت لە بارەی چۆنێتیی دروستبوونی گەردوونەوە، ڕاستەوخۆ بابەتی یەک کوتلەیی گەردوون و پاشان تەقینەوە گەورەکە (الإنفجار العظیم) دەخەنە ڕوو " هەڵبەت دۆزینەوەی ئەم بیردۆزە وەک ڕاڤەیەک بۆ دروستبوونی گەردوون مێژوویەکی کۆنی نییە و لە سەدەیەک تێپەڕ ناکات، بەڵام پێغەمبەر (درودی خودای لێ بێت) لە ڕێی قورئانەوە ١٤٠٠ ساڵ پێشتر لە بیابانی نیوەدوورگەی عەرەبییەوە بە بێ بوونی هیچ کەرەستەیەکی زانستی وەک میکرۆسکۆب و تاقیگە و چوونە بۆشاییی ئاسمان، بە ڕوونی تیشکی خستوەتە سەر ئەم بابەتە. لە ڕووی لۆژیکییەوە مەحاڵە ئەم زانستە خودی زانستی موحەمەد خۆی بێت، بەڵکوو زانستی پەروەردگارە وەک قورئان وێنای دەکات ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾[1]

پاشان قۆناغی دوەم دەست پێ دەکات کە بریتییە لە دوورکەتنەوە لە یەکتر و سەربەخۆی هەر تەنێک لە پاشماوەی ئەو تەقینەوەیە وەک قورئان دەفەرموێت: ﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيْنَٰهَا بِأَيْي۟دٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴾ وەک ئاشکرایە (لَمُوسِعُونَ) ئیسمی فاعیلە ناوی بکەرەوە واتە بەردەوام ئاسمانەکانمان گەورە کردوە و گەورەی دەکەین، هەموو ئەم ڕاستییانە ١٤٠٠ پێش ئێستا هیچ کەرەستە و دۆزینەوەیەکی زانستی بەردەست نەبوە، بۆیە کاتێک پرۆفیسۆری ئەمریکی (ئەلیسۆن بالمر) گوێبیستی ئەم ئایەتە بوو،

---

[1] ئایا ئەوانەی بێباوەڕ بوون نەیانبینیوە و بۆیان ڕوون نەبوەتەوە بە ڕاستی ئاسمانەکان و زەوی یەک پارچە بوون لەوەو دوا لێکمان جیا کردنەوە (کە ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم ڕاستەقینە لە لایەن ئەوانەوە پەی پێ دەبرێت)، لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێناوە (ئاو زۆربەی پێکهاتەی لەشی ئادەمیزاد و زیندەوەران و ڕووەک پێک دەهێنێت). ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن (بەو ڕاستییانە و بەو دەسەڵاتە بێ سنوورەی ئێمە)؟! الأنبياء: ٣٠

ڕاستەوخۆ موسوڵمانبوونی خۆی ڕاگەیاند و گوتی " هەرگیز ڕێ ناکەوێت ئەم توێژینەوەیە بدرێتە پاڵ موحەمەد". تەواوی ئەم ڕاستییە زانستییانەی نێو قورئان کەرەستەیەکی تەواو لەبارن بۆ وەڵامدانەوەی گومانی نەیاران. زیاد لەمە چەندین ڕاسەقینەی تری زانستیی نێو قورئان هەن کە دەکرێت شیفادەری موسوڵمانانی ئیمانلاواز و بەڵگەیەکی دەمکوتکەر بن بۆ بێباوەڕان و مولحیدان گومانکاران.

دووەم: جەنگی نێوان ئیمپراتۆریەتی ساسانی و ڕۆمانی

موعجیزەی قورئان لە بابەتی مێژووی و بەریەککەوتنی نێوان ئیمپراتۆریەتی ساسانی و ڕۆمی بابەتێکی حاشاهەڵنەگرە، وەک ئاشکرایە ئەم دوو ئیمپراتۆریەتە دوو هێزی گەورەی بێ ڕکابەری سەردەمی خۆیان بوون لە قۆناغێکی ڕووبەڕووبوونەوەکاندا هێزی سەربازی دەوڵەتی ساسانی توانیی گورزێکی توند لە دەوڵەتی ڕۆمانی بیزەنتی بوەشێنێت و زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەستی لە شام و ناوچەکانی تر کۆنترۆڵ بکات، زیاد لەمە فارسەکان توانییان شابلۆقەی (هیرەقل) بدەن لە ناو قوستەنتینیەی پایتەخت، لە کاتێکی هەستیاری وادا تەواوی دانیشتوانی جیهان چاوەڕێی کۆتاییهاتنی دەسەلاتی یەکجاری ڕۆمی بوون لە سەر دەستی فارسەکان، خوای گەورە هەواڵی گۆڕانکارییەکی نوێی مەیدانی دەدات کە لە بیرکردنەوە هیچ کەسدا نەبوو، وەک قورئان تیشک دەخاتە سەری و دەفەرموێت﴿ الٓمٓ ① غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ② فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ ③ فِي بِضۡعِ سِنِينَۗ لِلَّهِ ٱلۡأَمۡرُ مِن قَبۡلُ وَمِنۢ بَعۡدُۚ وَيَوۡمَئِذٖ يَفۡرَحُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴾[1] قورئان لەم ئایەتەدا هەواڵی چەند ڕووداوێکی نوێی ئیعجازی دەدا کە دەتوانین بەم شێوەیە بیان خەینە ڕوو.

---

[1] ڕۆمەکان تێک شکێنران (بە دەستی فارسەکان)، لە نزیکترین و نزمترین وڵاتیاندا، بەڵام لە ئایندەدا (نۆرەیان دێتەوە) ڕۆمەکان دوای شکستیان سەر دەکەونەوە. لە چەند ساڵێکدا (چەند ساڵێکی داهاتوو نێوان ۳-۹ ساڵ)، هەموو کار و فرمانێك تەنها بەدەست خوایە، لەوەو پێش و لەوەو دوایش (لە هەموو کات و هەموو شوێنێك)، جا ئەو ڕۆژە ئیمانداران خۆشحاڵ و شاد دەبن. . .

﴿غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ۝ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ﴾ ڕۆم بەزێنرا دا لە نزمترین جێگەی سەر زەوی ﴿وَهُم مِّنۢ بَعۡدِ غَلَبِهِمۡ سَيَغۡلِبُونَ﴾ پێدانی هەواڵ لە سەر دروستبوونی گۆڕانکاری لە تەرازووی هێز لە بەرژەوەندیی ڕۆمەکان و سەرکەوتنیان بە سەر فارسەکاندا، ﴿فِي بِضۡعِ سِنِينَۗ﴾ دیاریکردنی کات بۆ سەرکەوتن و گۆڕانکاریی تەرازووی هێز لە بەرژەوەندیی ڕۆمەکان لە ماوەی چەند ساڵێکدا.

﴿وَيَوۡمَئِذٖ يَفۡرَحُ﴾ موسوڵمانان خۆشحاڵ دەبن بە سەرکەوتنی ڕۆمەکان وەک لە فەرموودەی ئیبن عەبباسدا هاتوە، موسوڵمان ڕۆمەکانیان وەک ئەهلی کیتاب بە نزیکتر زانیوە لە خۆیانەوە خۆشحاڵ بوون بە سەرکەوتنیان بە سەر فارسە ئاگرپەرستەکاندا، بە پێچەوانەوە قورەیشییەکان، فارسە ئاگرپەرستەکانیان لە ڕووی بیر و باوەڕەوە بە نزیکتر دەزانی لە خۆیانەوە، هەڕەشەی ئەوەیان لە موسوڵمانان دەکرد بەوەی هەر وەک چۆن فارسە ئاگرپەرست و بتپەرستەکان سەرکەوتن بە سەر ڕۆمی ئەهلی کیتاب، بە هەمان شێوە ئێمەیش سەر دەکەوین بە سەر ئێوەدا، بەڵام خوای گەورە ڕاستەوخۆ پێغەمبەر و موسوڵمانانی لە هەواڵی سەرکەوتنی نزیکی ڕۆمەکان بە سەر فارسەکاندا ئاگادار کردەوە﴿يَفۡرَحُ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ﴾ موسوڵمانان بەم هەواڵە خۆشحاڵ دەبن. کاتێکیش موسوڵمانان ئەم هەواڵەیان دا بە بێباوەڕانی قورەیش، قورەیشییەکان بە گاڵتەجاڕییەوە باسیان لەوە دەکرد کەمەحاڵە جارێکی تر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی هەڵسانەوە بە خۆیەوە ببینێت و گرەویان لەگەڵ موسوڵمانان کرد، ئەبوبەکری سدیق گرەوی پێنج ساڵی کرد، پێغەمبەر بە ئەبوبەکری فەرموو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿فِي بِضۡعِ سِنِينَۗ﴾ کەمتر لە دە ساڵ بریا نۆساڵ یان حەوت ساڵت دانابا، نەوەک پێنج، ئەوە بوو کەمتر لە دە ساڵ ڕۆمەکان جارێکی تر لە هێرشێکی پێچەوانەدا بە سەر فارسەکاندا سەرکەوتن.

ئەم ئایەتە چەندین موعجیزەی گەورەی تێدایە بە تایبەتی بابەتی هەواڵدان بە پەنهان و سەرکەوتنی ڕۆمەکان لە چەند ساڵێکی دیاریکراودا، کە دواتریش هەر وا

دەرچوو، بەڵام لە هەمووی گرینگتر دەستنیشانکردنی جێگەی ڕووبەڕووبوونەوەکەیە و سەرکەوتنی فارسە بە سەر ڕۆمدا لەو جێگەیە و ناوهێنانیەتی بە﴿أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ﴾نزمترین شوێن، فارسەکان لە نزیک فەلەستین و بە دیاریکراوی نزیک دەریای مردوو توانییان ڕۆمەکان بشکێنن. بە پێی تەواوی لێکۆڵینەوە زانستییە نوێیەکان ئەو ناوچەیە نزمترین جێگەی سەر زەوییە، نەخشە جوگرافییە پێشکەوتووەکان ئەو ناوچەیە بە (أخفض منطقة على سطح الأرض) دەستنیشان دەکەن. جوگرافیزان و زەویناسەکان کۆدەنگن لە سەر ئەوەی دەریای مردوو، نزمترین جێگەی سەر زەوییە، قورئان هەزار و چوارسەد ساڵ لەوەو پێش ئاماژە بەم ڕاستییە دەکات و دەفەرموێت ﴿أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ﴾ دەکرێت بپرسین ئەمە گوتەی موحەمەدێکی نەخوێندەواری نیشتەجێی بیابانە، بە دڵنیایی نەخێر.

سێیەم: هەواڵدان بە سەرکەوتنی موسوڵمانان لە جەنگی بەدر

یەکێکی تر لە ئیعجازەکانی قورئان ئەوەیە کە دەفەرموێت﴿ سَيُهۡزَمُ ٱلۡجَمۡعُ وَيُوَلُّونَ ٱلدُّبُرَ ۝ بَلِ ٱلسَّاعَةُ مَوۡعِدُهُمۡ وَٱلسَّاعَةُ أَدۡهَىٰ وَأَمَرُّ ۝﴾القرآن [1] عائیشەی دایکی ئیمانداران دەفەرموێت ئەم ئایەتە لە مەککە دابەزیوە، کاتێک ئەو ئایەتە دابەزی من کیژۆڵەیەکی بچوک بووم، عومەری کوڕی خەتتاب گوتی: لامان ڕوون نەبوو خوای گەورە مەبەستی لە هەڵهاتن و پشتکردن و پەرتەوازەکردنی چ کۆمەڵێکە، بەڵام کاتێک بینیم پێغەمبەری خودا (دروودی خودای لێ بێت) لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی جەنگی بەدر ئەم ئایەتەی خوێندەوە، ئەوجا لە واتای ڕاستەقینەی ئەو ئایەتە تێ گەییشتم.

دەکرێت بپرسین ئەگەر خودایەک نەبێت موحەمەد چۆن دەتوانێت هەواڵ بدات لە بارەی بابەتێکەوە کە لەوەو دوا دێت بە دیاریکراویش ئەو بابەتە دێتەجێ،

[1] لە ئایندەیەکی نزیکدا لەشکر و کۆمەڵیان شکست دەهێنێت و هەڵدێن (لەغەزای بەدردا ئەو مژدەیە هاتەدی) جگە لەوەیش قیامەت کاتی لێ پرسینەوەیانە، کە ڕۆژێکی زۆر سەختتر و تاڵ القمر: ٤٥ -٤٦.

ئەمانە و چەندین موعجیزەی تر، لەوانە هەواڵدانی دۆزەخ بە هەندێک لە سەرانی قورەیش لە کاتی ژیانی خۆیاندا قورئان کاتێک دەفەرموێت ﴿ تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ① مَآ أَغْنَىٰ عَنْهُ مَالُهُۥ وَمَا كَسَبَ ② سَيَصْلَىٰ نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ ﴾[1] ئەگەر ئەم ئـــــایەتە لای موحەمەدەوە بوایە ئەبوولەهەب دەیتوانی هەر بۆ بەرپەرچدانەوەی پەیامەکەی موحەمەد موسوڵمان بوایە، بۆ هەمیشە ناڕاستیی پەیامی موحەمەدی نیشان دابا.

[1] دەستەکانی بشکێت ئەبوولەهەب و ڕسوا بێت، ئاشکرایە کە هەر ڕاسوایش دەبێت و لە ناو دەچێت، ماڵ و دارایی و ئەو شتانەی کە بە دەستی هێناوە، فریای نەکەوت. المسد: ١ - ٣

ئیعجازی زانستی لە قورئاندا

لە ڕاستیدا ئەوەی ئێستا دەیبینین لە پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی و داهێنانی جیاواز لە بورای ژیانی و تەکنەلۆژییەکان، پێشتر قورئان بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بە بەشێکیان کردوە، ئایە لە دوای خستنە ڕووی ئەم بابەتانە ئیتر دەرفەتێک دەمێنێتەوە بۆ باوەڕنەهێنان بە قورئان؟ (أفلا يؤمنون) لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند نموونەیەکی زانستیی ورد لەم بارەیەوە بخەینە ڕوو:

یەکەم: تێکەڵنەبوونی دوو زەریاکە وەک قورئان دەفەرموێت ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ هَٰذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ وَهَٰذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ وَجَعَلَ بَيْنَهُمَا بَرْزَخًا وَحِجْرًا مَّحْجُورًا ﴾[1] یان ﴿ مَرَجَ ٱلْبَحْرَيْنِ يَلْتَقِيَانِ ﴾[2] خوای گەورە تیشک دەخاتە سەر ئاوێکی سازگاری شیرین لەگەڵ ئاوێکی سوێر، ئەم دوو ئاوە لە ڕووی ڕەنگ و تام و بۆن و پێکهاتەی کیمیایی و زەیندەوەرزانییەوە تەواو جیاوازن، لەگەڵ ئەوەی بە یەک دەگەن وەک قورئان دەفەرموێت﴿ بَيْنَهُمَا بَرْزَخٌ ﴾ لە نێوانیان هەیە﴿لَّا يَبْغِيَانِ﴾ بە هیچ شێوەیەک تێکەڵاو نابن.

دەریاناسی ئەمەریکی پرۆفیسۆر (هێل) و زانای جیۆلۆجی ئەڵمانی (شرایدر) کاتێک کە ئەم بابەتە قورئانییە خرایە پێش چاو سەر سوڕمانی خۆی دەردەبڕێت و لەو بارەیەوە دەڵێت: "هەتا پێش سەدەی نۆزدە ئەم ڕاستییە بە هیچ شێوەیەک نەدۆزراوەتەوە چۆن کەسێکی بیابانشین ئەمە دەزانێت" ئەگەر لای خوداوە نەبێت، بۆیە ئەم بابەتە سەدەرسەد پشتڕاستکەرەوە ڕاستەقینەیەکی زانستیی دۆزراوەی مرۆڤەکانە، ئەم ئیعجازە و بەشێکی تر لە ئیعجازەکانی تری قورئان بوونە مایەی موسوڵمانبوونی بەشێک لە زانایان و لێکۆڵەرەوانی خۆرئاوایی.

---

[1] هەر ئەو زاتەیە کە ئاوی دوو دەریا یان دوو ڕووبار لە پاڵ یەکدا (وەک خۆیان دەهێڵێتەوە و تێکەڵ نابن، چونکە چریان جیاوازە)، ئەمەیان شیرین و خۆش و سازگار، ئەوی تریان تفت و تاڵە، لە نێوانیاندا بەربەست و کۆسپی فەراهەم هێناوە ناهێڵێت تێکەڵ ببن. الفرقان:٥٣

[2] الرحمن: ١٩

دووەم: ئاو وەک پێکهاتەی سەرەکیی دروستکراوەکان

﴿ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴾[1] لێکۆڵینەوە زانستیەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە تەواوی دروستکراوەکان ئەگەر لە سەدا بیستوپێنجی ئاوی لێ کەم بکەیتەوە ژیانی بەردەوام نابێت و گیان لە دەست دەدا، دەبێت ڕێژەی ئاو لای تەواوی دروستکراوەکان لە سەدا بیست و پێنج زیاتر بێت، گەر بە هۆی قورئانەوە نەبێت، موسوڵمانان ناتوانن ئەو ڕاستییەی کە زانستی نوێ خستوویەتییە ڕوو ئاگایی لە پێشینەیان بە سەریدا هەبێت.

سێیەم: خوای گەورە لە قورئاندا ئاماژە بە بابەتێکی زانستی گرینگ دەکات و تیشک دەخاتە سەر ئەوەی ئەو کەسانەی کە گومڕان و سەرلێشێواون و لە ڕێبازی پەروەردگار لا دەدەن دووچاری سنگتەنگبوون هەناسەگیران دێت، وەک ئەو کەسەی کە بیەوێت سەر بکەوێت بۆ ئاسمانەکانە ﴿ فَمَن يُرِدِ ٱللَّهُ أَن يَهْدِيَهُۥ يَشْرَحْ صَدْرَهُۥ لِلْإِسْلَٰمِ وَمَن يُرِدْ أَن يُضِلَّهُۥ يَجْعَلْ صَدْرَهُۥ ضَيِّقًا حَرَجًا كَأَنَّمَا يَصَّعَّدُ فِى ٱلسَّمَآءِ ﴾[2] زانستی سەردەمی نوێ تیشک دەخاتە سەر ئەوەی ئۆکسجین لە سەر زەوی ئەگەر مەترێک بێت کەمترە لە مەترێکەوە ئەگەر دە مەتر بێت کەمترە لە خوار دە مەترەوە، هەتا بەرەو سەرەوە بچین ئۆکسجین کەم دەبێتە، بە چوونەدەرەوە لە بەرگە هەوای زەوی ئیتر ئۆکسجین نامێنت، بۆ یە فڕۆکەوانەکان کاتێک زۆر بەرز دەبنەوە ئیتر ئۆکسجین بە کار دەهێنن، کاتێک ئۆکسجین کەم بوو ئیتر مرۆڤ دووچاری داهێزران و سترێستی سنگ دێت، ئەمە حەقیقەتێکی قورئانییە و زانستی نوێش ئەم بابەتەی پشتڕاست کردوەتەوە.

---

[1] لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێناوە الأنبیاء: ٣٠

[2] جا ئەو کەسەی (خێری تێدا بێت) و خوا بیەوێت هیدایەتی بدات، ئەوە سینەی ساف و پاک و ئامادە دەکات بۆ ئایینی ئیسلام، ئەو کەسەیش خوا بیەوێت گومڕای بکات، ئەوە دڵی دەگوشێت و سنگی توند دەکات و هەناسەی سوار دەبێت، هەر وەک ئەوەی بەرەو ئاسمان بەرز بێتەوە (چۆن تووشی تەنگەنەفەسی و دڵەتەپێ و خوێنبەربوون دەبێت) الأنعام: ١٢٥.

چوارەم: پەروەردگار لە بارەی شاخەکانەوە هەواڵمان پێ دەدات و دەفەرموێت: ﴿ وَٱلۡجِبَالَ أَوۡتَادٗا ۝ ﴾[1] چیاکان وەک مێخ داکوتراون، دواتر لێکۆڵینەوەی زانستییەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە چیاکان یەک لە سەر سێیان لە دەرەوەن واتە لە سێ بەش دووبەشی لە ژێر زەوییە و بەشێکی بە دەرەوەیە، مرۆڤەکان لە سەردەمی نوێدا ئەم ڕاستییەیان زانیوە، بەڵام قورئان ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا ئەم بابەتەی بۆ موسوڵمانا ڕوون کردوەتەوە.

پێنجەم: یەکێکی تر لە موعجیزە زانستییەکانی قورئان، کە بەڵگەی ڕوونە لە سەر حەقیقەتی قورئان و ڕاستگۆیی موحەمەد، لە ژینگەی جوگرافیایی سەردەمی پێغەمبەردا نەبوە دەریایەک ئاگری لێ بێتە دەرەوە یان ئاگری لێ هەڵقوڵێت، هیچ کەس لەو قۆناغەدا هزری بە لای بابەتێکی لەو شێوەیە نەڕۆشتوە، بەڵام قورئان ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەم بابەتە، وەک دەفەرموێت﴿ وَإِذَا ٱلۡبِحَارُ سُجِّرَتۡ ﴾[2] یان لە جێگەیەکی تردا دەفەرموێت﴿وَٱلۡبَحۡرِ ٱلۡمَسۡجُورِ ﴾[3] سجرت واتە (توقد النار)، (تسجیر) وەک لە سەرچاوە زمانەوانییەکاندا هاتوە واتە فڕێدانی بڵێسەی ئاگر و قوڵپەقوڵپی ئاگر. ئەم ئاگرە هێندە بە هێزە دەریا ناتوانایە لە کوژاندنەوەی، خودی ئاگرەکەیش ناتوانایە لە کوڵاندنی دەریا.

شەشەم: تیشکخستنەسەر دوانەیی نێر و مێ یەکێکی ترە لە ئیعجازەکان قورئان ﴿ وَمِن كُلِّ شَيۡءٍ خَلَقۡنَا زَوۡجَيۡنِ لَعَلَّكُمۡ تَذَكَّرُونَ ﴾[4] دوانەیی نێر و مێ لە تەواوی دروستکراوەکان بوونی هەیە، تەنانەت بابەت بێ ڕۆحەکانیش بە هەمان شێوە، کارەبا پێویستی بە سارد و گەرمە، ئەلیکترۆن و بابەتە وردە میکانیکییەکانی تریش

---

[1] (ئایا) کێوەکانمان وەک مێخ بۆ دانەکوتاون؟ النبأ: ٧

[2] کاتێك دەریاکان گڕ دەدرێن التکویر: ٦

[3] سوێند بە دەریای پڕ لە ئاو یان دەریای داگیرساو. الطور: ٦

[4] لە هەموو شتێک ئێمە جووتمان دروست کردوە (لەجیهانی ئادەمیزاد و گیاندار و ڕوەک و بێ گیاندا، لەهەموو شتێکی ماددی و مەعنەویدا) بۆ ئەوەی بیر بکەنەوە و یادەوەری وەربگرن. الذاریات: ٤٩

بە هەمان شێوە. قورئان ١٤٠٠ ساڵ پێشتر هەواڵی ڕاستەقینەی تێدایە، ئایا ئەمانە بەڵگە نین لە سەر ڕاستەقینەی قورئان.

لە لایەکی ترەوە خوای گەورە تیشک دەخاتە سەر نیشاندانی دەسەڵاتی خۆی بە مرۆڤەکان و لەو بارەیەوە دەفەرموێت ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَـٰتِنَا فِى ٱلْـَٔافَاقِ ﴾[1] بە شێوەیەکی هێمانە گفتوگۆی بێباوەڕان دەکات و دەفەرموێت ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴾[2]، بۆیە بە تەواوی مولحیدان و نەیاران دەڵێین بفەرموون ئەگەر تەنها یەک ئایەتی قورئان پێچەوانەی واقیع بوو بیخەنە ڕوو تا ئێمەیش لێی پەشیمان ببینەوە. کاتێک تەواوی مرۆڤەکان ناتوانن لەوەی ڕەخنەیەکی واقیعی لە قورئان بگرن و هەڵەیەکی تێدا بدۆزنەوە بۆیە دەفەرموێت﴿ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴾ بەڵام دیارە هۆکارەکە داخراوی دڵی ئەوانە ﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ﴾ دیارە دڵەکانیان قفڵ دراوە لە جێگەیەکی تردا خوای گەورە ڕوونتر دەفەرموێت﴿ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ ﴿فِيهِ ٱخْتِلَـٰفًا كَثِيرًا ﴾[3] پێویستە موسوڵمان بە ئاگاییەوە لە ڕێی ئەم ئیعجازانەوە بەر پەرچی نەیارانی قورئان بدەنەوە، هاوکات ئەم ئیعجازانە بکەنە کەرەستە بۆ بەهێزکردنی ئیمانی خودی خۆیان.

[1] ئێمە لە ئایندەدا بەڵگە و نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەین لە ئاسۆکانی بوونەوەردا فصلت: ٥٣

[2] ئایا ئەوەبۆچی ئەوانەوردبینی لەقورئاندا ناکەن و گوێی بۆ ناگرن؟! یان ئەوەیە دڵەکان لەئاستی ڕاستیدا قفڵ دراوە؟! محمد: ٢٤

[3] ئەوە بۆ ئەوانە سەرنجی قورئان نادەن و لێکی نادەنەوە و لێی ورد نابنەوە؟ خۆ ئەگەر لە لایەن کەسێکی ترەوە بوایە جگەلە خوا بێگومان جیاوازی و دژایەتییەکی زۆریان تێدا دەدۆزیەوە. ا لنساء: ٨٢

ئیعجازی بەیانی و ڕەوانبێژی لە قورئاندا

ڕەوابێژی و پاراوی ئەو دوو تایبەتمەندییەن کە قورئانی پێ لە تەواوی کتێبە ئاسمانی و زەمینیەکان جیا دەکرێتەوە، هەر لە یەکەمین قۆناغی دابەزینیەوە تا ئێستا و تا بەرپاربوونی قیامەت بەردەوام دەبێت، خوای گەورە تەحەدای تەواوی مرۆڤەکان و جنۆکەکان دەکات بەوەی نووسراوێک بهێنن کە وەک قورئان وا بێت بگرە چەند ئایەتێک، بە زمانێکی ئاشکرا ئەم تەحەدایە دەخاتە پێش چاوی عەرەبەکان کە بتوانن بابەتێکی وەک قورئان بخەنە ڕوو، وەک دەفەرموێت ﴿ قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴾[1] ئەوەی ئەم تەحەدایە جیا دەکاتەوە لە هەر تەحەدایەکی تر بریتییە لە:

یەکەم: دیاری نەکردنی سەقفیی زەمەنی، بەو واتایەی ماوەی تەحەداکەی دیاری نەکردوە (١٤٠٠) ساڵە بەردەوامە و تا قیامەتیش هەر بەردەوام دەبێت. وەک دەفەرموێت﴿ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ وَلَن تَفْعَلُوا۟ ﴾[2] (لن) لێرەدا بۆ نەفی تأبیدە.

دووەم: هاوکات ئیعجازی قورئان تەنها لە ڕووی ڕەوانبێژی و پاراوییەوە نییە، بەڵکوو ڕووەکانی ئیعجازی قورئان هەمەچەشنن، هەر لە هەواڵدان بە ڕووداوەکانی مێژوو، هەواڵدان بە و ڕووداوانەی کە لە داهاتوو دێن، ئیعجازی زانستی بە هەموو بەشەکانی مێژوویی جوگرافی و پزیشکی و کۆریەلەناسی و ڕووەکناسی.. . هتد

[1] ئەی محمد صلی الله علیه وسلم پێیان بڵێ: سوێند بە خوا ئەگەر هەموو ئادەمیزادو پەریەکان کۆ ببنەوە و (هەوڵی بەردەوام بدەن تا) قورئانێکی وەک ئەمە دابنێن و بیهێننە (مەیدان) ناتوانن کاری وا بکەن و ناتوانن لە وێنەی بهێنن، ئەگەر چی هەموو لایەکیان ببنە پشتگیر و یارمەتیدەری یەکتر. الإسراء: ٨٨

[2] خۆ ئەگەر نەتانتوانی و هەرگیز نایشتوانن (کەواتە باوەڕبهێنن و) خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی: سووتەمەنییەکەی خەڵکی و بەردە، کە بۆ بێ باوەڕ و خوانەناسان ئامادە کراوە. البقرة: ٢٤

سێیەم: دابەزاندنی ئاستی تەحەداکە بە شێوازی پلەبەندی، سەرەتا خوای گەورە تەحەدای بێباوەڕان دەکات کە بتوانن وەک قورئان بهێنن، پاشان ئاستی تەحەداکە دادەبەزێنت بۆ چەند سورەتێک و دواتریش تاکە سورەتێک.

چوارەم: تەحەدا کراون بەوەی هەندێکیان دەتوانن سود لە توانایی و ئەزموونی یەکتری وەربگرن و تەواوی تواناکانیان یەک بخەن وەک قورئان دەفەرموێت﴿ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴾[1]

پێنجەم: لە پاڵ ئەم ئایەتەی قورئان لە چەندین جێگەی تردا ئەم تەحەدایە دووبارە دەکاتەوە دەیخاتەوە بەر دەستی بێباوەڕان و مولحیدان، بە تایبەتی لە پێنج جێگەدا دووبارەی دەکاتەوە کە بریتین لە:

(أ): بەرگریکردن لە قورئان و دوورخستنەوەی پێغەمبەر (درروودی خودای لێ ببێت) لە هەر هەوڵێک بۆ هەڵبەستنی قورئان وەک لە سورەتی هودا تیشک دەخاتە سەری و دەفەرموێت﴿ أَمْ يَقُولُونَ افْتَرَاهُ قُلْ إِنِ افْتَرَيْتُهُ فَعَلَيَّ إِجْرَامِي وَأَنَا بَرِيءٌ مِّمَّا تُجْرِمُونَ﴾[2]

---

(١) ئەگەر چی هەموو لایەکیان ببنە پشتگیر و یارمەتیدەری یەکتر. الإسراء: ٨٨

[2] بەڵکوو (بێ باوەڕانی مەککە) دەڵێن: ئەم باس و بابەتانە (محمد) خۆی هەڵی بەستووە، تۆیش بڵێ: ئەگەر من هەڵیبەستم ئەوە تاوانەکەی لە سەر خۆمە و منیش دوورەپەرێز و بەریم لەو تاوانەی کە دەیکەم. هود: ٣٥

(ب): بەرگریکردن و تەحەدا و چەسپاندنی حەقیقەتی قورئان وەک لە سورەتی سەجدە دا دەفەرمویت﴿ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۚ بَلْ هُوَ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكَ لِتُنذِرَ قَوْمًا مَّآ أَتَىٰهُم مِّن نَّذِيرٍ مِّن قَبْلِكَ لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴾[1]

(ج): بەرگری و تەحەدا لە خستنەڕووی هاوشێوەی قورئان وەک خوای گەورە لە سوڕەتی هودا وێنای دەکات و دەفەرمویت﴿ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِۦ مُفْتَرَيَٰتٍ وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾[2]

(د): دابەزاندنی ئاستی تەحەداکە بۆ تەنها سوڕەتێك وەک لە سوڕەتی یونس دا دەفەرمویت ﴿ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾[3]

(هـ): بەرگریکردن و تەحەدا لە بوونی هەڵبەستنی قورئان وەک دەفەرمویت﴿ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَلَا تَمْلِكُونَ لِى مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۖ هُوَ أَعْلَمُ بِمَا تُفِيضُونَ فِيهِ ۖ كَفَىٰ بِهِۦ شَهِيدًۢا بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۖ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴾[4] گەر بڕوانین سەرەتای تەواوی ئایەتەکان خوای گەورە

---

[1] ئایا خوانەناسان دەڵێن: (محمد صلی الله علیه وسلم) ئەم قورئانەی هەڵبەستوە؟ نەخێر وا نییە، بەڵکوو قورئان حەق و ڕاستە و لە لایەن پەروەردگارتەوە نێرراوە، بۆ ئەوەی قەوم و هۆزێک بێدار بکەیتەوە کە پێش تۆ بێدارخەرەوەیەکیان بۆ نەهاتووە، تا ڕێگەی هیدایەت و ئیمان بگرنە بەر. السجدة: ٣.

[2] بەڵکوو (لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا) ئەوانە دەڵێن کە محمد قورئانی هەڵبەستوە، پێیان بڵێ: جا ئێوەیش دە سوورەتی هەڵباستراو وێنەی ئەم قورئانە بهێنن، هەر کەسیش لە خوا گەورە بە دەر، دەتوانن، بانگ بکەن (بۆ هاوکاریتان پەنای بۆ بەرن) ئەگەر ڕاست دەکەن. هود: ١٣

[3] بەڵکوو (لەگەڵ ئەو هەموو بەڵگانەدا) ئەوانە دەڵێن کە محمد (صلی الله علیه وسلم) قورئانی هەڵبەستوە، بڵێ: دە ئێوەیش سوورەتێک وەک سوورەتەکانی دابڕێژن و بیهێنن، داوا بکەن لە هەر کەسێکی تر کە دەتوانن جگە لە خوا (کە یارمەتیتان بدات) درێغی مەکەن ئەگەر ڕاستگۆن. یونس: ٣٨.

[4] یاخوا دەڵێن محمد (صلی الله علیه وسلم) خۆی ئەم قورئانەی هەڵبەستوە. . . پێیان بڵێ: ئەگەر خۆم هەڵم بەستبێت، ئەو کاتە ئێوە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن لە خەشم و قینی خوا ڕزگارم بکەن، جا هەر خوا دەزانێت دەربارەی ئەم قورئانە ئێوە چ درۆ و بوختانێک هەڵدەبەستن و تێیدا ڕۆ دەچن؟ لەبەر ئەوە خوام بەسە کە شایەت بێت لە نێوان من و ئێوەدا، بە ڕاستی ئەو زاتە لێبووردە و بە سۆز و میهرەبانە الأحقاف: ٨

تیشک دەخاتە سەر تۆمەتی بێباوەڕان بۆ پێغەمبەر ﴿أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ﴾ دەیان گوت موحەمەد خۆی ئەم قورئانەی هەڵبەستوە، قورئان بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ڕەخنەی بێباوەڕان دەخاتە ڕوو، قۆناغی دواتر بەرپەرچی گومانەکەیان دەداتەوە. قۆناغی سێیەم تەحەدا دەخاتە ڕوو، بە ڕوانین لەم پێنج ئایەتە دەردەکەوێت بێباوەڕان و مولحیدان لە ئێستادا هەمان ڕەخنەی بێباوەڕانی سەردەمی پێغەمبەر دووبارە دەکەنەوە. لێرەدا دوو خاڵی گرینگ پێویستە بیان خەینە ڕوو.

یەکەم: ئەوەی جێی سەرسوڕمانە تەواوی ئەم پێنج ئایەتە هەموویان (مەککین)، واتە لە مەککە هاتوونەتە خوارەوە، لە ڕووی زەمەنییەوە ئەم قۆناغە بۆ موسوڵمانان تەواو هەستیارە، واتە کاتێک قورئان ئەو تەحەدایەی کردوە موسوڵمانا لە ئەوپەڕی لاوازیدا بوون، بە هیچ شێوەیەک هێز و دەسەلات و کیانێکیان نەبوە، تەحەدایەکی لەو شێوەیە لەو قۆناغەدا زۆر هەستیار بوە، وەک باوە مرۆڤ لە قۆناغی لاوازیدا تەحەدای ئەوانی تر ناکات، بەڵام وەک ڕوونە تەحەداکە لە لایەن پەروەردگارەوەیە، موحەمەد هیچ دەستێکی نییە لەم بابەتە.

دوەم: ئەم فۆڕمە لە تەحەداکردن هەنگاوێکی سادە نەبوە و بەرانبەر خەڵکانێکی سادە نەکرا و بەڵکوو بەرانبەر گەورەترین و بە تواناترین زمانپاراوان و ڕەوانبێژانی عەرەب کراوە کە لە سەر ئاستی ژینگەی عەرەبی وێنەیان نەبوە.

كَمْ قَدْ تَحدَّى قريشًا في القديمِ وهُمْ ... أهلُ البلاغةِ بينَ الخَلْقِ كُلِّهِمِ
بِمِثْلِهِ وبِعَشْرٍ ثمَّ واحدةٍ ... فلَمْ يَرُومُوهُ إذْ ذا الأمرُ لَمْ يُرَمِ
الجنُّ والإنسُ لم يأتوا لَوِ اجْتمعوا ... بِمِثْلِهِ ولَوِ انْضَمُّوا لِمِثْلِهِمِ [1]

قوڕەیشییەکان و هۆزەکانی تری نیوە دورگەی عەرەبی ناسراو بوون بە توانایی لە ڕادە بە دەریان لە زیرەکی و زمانپاراوی و هونەری و توانایی ئەدەبی، کەواتە

[1] بڕوانە (المنظومة الميمية في الوصايا والآداب العلمية للشيخ حافظ بن أحمد الحكمي/بەیتی ١٢٥ بو ١٢٧.

ئەم تەحەدایە تەحەدایەکی سادە نییە بۆ خەڵکانێکی سادە، تەحەدایکی هەستیارە بۆ خەڵکانێکی شارەزایی پسپۆڕ. هەموو ئەمانە واتای ئەوە نییە لێرە و لەوێ هیچ هەوڵێک نەبوو بێ لەم بارەیەوە، بەڵکوو وەک سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەی پێ دەکەن بەشێک لە ڕەوانبێژانی عەرەب، هەوڵیان داوە وەک بەشێک لە تەحەداکردنی قورئان بابەتگەلێک بە پێوەری خۆیان وەک قورئان بخەنە ڕوو.

(ئیبن کەسیر) لە تەفسیرەکەیدا دەگێڕێتەوە[1] کاتێک موشریکەکانی قورەیش چوونە لای موسەیلەمەی درۆزن، موسەیلەمە گوتی " چی بۆ موحەمەد دابەزیوە؟" عەمری کوری عاص کە گوتەبێژی وەفدەکە بوو گوتی: سوڕەتێکی بچوکی پوختی بۆ دابەزیوە ﴿ وَٱلْعَصْرِ ۝ إِنَّ ٱلْإِنسَٰنَ لَفِى خُسْرٍ ﴾ تا کۆتایی سوڕەتەکە، موسەیلمە بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان سەری بەرز کردەوە و گوتی: منیش وەک ئەوەم بۆ دابەزیوە گوتیان چییە؟ گوتی (ألم تری کیف فعل ربك بالحبلی، أخرج منها نطفة تسعی) یان گوتی (الفیل ما الفیل وما ادراك ما الفیل له أنف طویل و ذیل قصیر)" فیل چ فیلێک تۆ چووزانی فیل چییە، گوێیەکی درێژی هەیە کلکێکی کورتی هەیە " قسەگەلێکی بێ مانا بەو پێیەی موسەیلمە بنەڕەتی تەرکیبەی ئایەتەکەی لە قورئانەوە وەرگرتوە، ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ئەوەی لەم دەقەدا باسی دەکات زانیارییەکی بەدیهی و بەدەس هاتوە (تحصیل للحاصل) هەموو خەڵکی دەزانن بەشێک لە پێکهاتەی فیل لوتێکی درێژ و کلکێکی بچوکە. دواتر بۆ ئەوەی سوڕەتێکی هاوێنەی (العصر) بخاتە ڕوو لێیان پرسی چیت هەیە لەم بارەیەوە؟ ماوەیەک خۆی بێدەنگ کرد و پاشان گوتی: (یاوبر یاوبر إنما انت اذنان وصدر، وسائرك حفر نقر) دوای ئەوەی ئەم دەقانەی خوێندەوە گوتیان: (والله أنك لتعلم اننان لنعلم انك كذاب)"سوێند بە خودا تۆ دەزانیت کە ئێمە چاك دەزانین تۆ درۆزنی! "

---

[1] بڕوانە تفسیر ابن الكثیر ابن كثیر. ١ لا ٦٣ دار الفكر بیروت

دواتـریش ئەم هەوڵانە بەردەوام بـوون کەسـانێکی تـری هاوشـێوەی موسـەیلەمە هەوڵەکانیـان خسـتەگەڕ لە پێنـاو خسـتنە ڕووی دەقێکـی وەک قورئـان، لەوانە (سـەجاحی کچـی حارسـی تەمیمـی) ئـافرەتێکی بلیمەتـی عەرەب بـوو، نـاوبراو بانگەشەی پێغەمبەرایەتیی دەکرد و بانگەوازی ئەوەی دەکرد گوایە وەحی و ئایەتی پەروەردگاری بۆ دادەبەزێت، لە یەکێک لە بە ناو ئایەتانەکانیـدا دەڵێـت: "یـا أیهـا المؤمنون المتقون لنا نصف الأرض وللقريش نصفها ولكن القريش قوم يبغون) " ئەی ئیمانداران و لە خواترسان، نیوەی زەوی بۆ ئێمە و نیوەکەی تری بۆ قـوڕەیش بەڵام قوڕەیش هۆزێکی یاخی و ستەمکارن. "[1]

بـۆ بەرپەرچـدانەوە بـێ ئەرزشـکردنی دەقێکـی لەم شـێوەیە پێویسـتمان بە زیرەکییەکی بێ وێنە نییە، نەک خەڵکـانێکی زمانپـاراوی عەرەبـی ڕەسـەن، بەڵکـوو خەڵکانێکی ئاسایی کاتێک گوێیان لەم بە ناو ئایەتە دەبێت لاوازی و بێ ئەرزشیان بۆ دەردەکەوێـت، زیـاد لەمە ئەم دێـڕە لە ڕووی دەق و وشەسـازییەوە لە قورئـانەوە وەرگیراوە، هاوکات هیچ ڕەوانبێژی و پاراوییەکی لە خۆیدا هەڵنەگرتوە، لێوانلێـوە لە کاڵوکرچی و بێسەروبەری.

ئیبن کەسیر لە (البداية والنهاية) بـاس لەوە دەکـات (سـەجاح) لە سـەردەمی بانگەشەی پێغەمبەرایەتیی خۆیدا هاوسـەرگیریی لەگەڵ موسـەیلەمی درۆزن کـرد بە مـارەیی ئەوەی نـوێژی عەسـر لە سـەر خەڵکـی هەڵبگرێـت! بەڵام دوای کـوژرانی موسەیلەمە لە جەنگی هەڵگەڕاوەکان سەجاح موسـوڵمان بـوو[2]. ڕاسـتییەکەی تەواو ئەم هەوڵانەی لە پێناو لاساییکردنەوەی قورئان و خستنەڕووی بابەتگەلی هاوشێوەی قورئان تەواو بێهودەن جـگە لە دەسـت بەتـاڵی هیچـی تریـان بـۆ نـامێنێتەوە وەک شاعیر دەڵێت:

---

[1] بڕوانە: الأغاني لأبي الفرج الأصفهاني بەرگی ١٠ لا ٣

[2] البداية والنهاية لابن كثير، الجزء السادس

یاناطح الجبل الأشم برأسه   أشفق علی الرأس لاتشفق علی الجبل

" ئەی ئەو کەسەی دەتەوێت شاخێکی گەورە بە سەری خۆت بڕوخێنی

، بەزەییت بە سەری خۆتدا بێتەوە بەزەییت بە چیاکەدا نەیەتەوە.

یان وەک شاعیر وێنای دەکات

کَناطِحٍ صَخرَةً یَوْماً لِیُوهِنَها   فَلَمْ یَضِرْها وأوْهی قَرْنَه الوعِلُ

وەک ئەو بەرانەی کە دەیەوێت بە شاخەکانی مۆڵی بەردێک بدات و نەرمی بکات، بە دڵنیایی بەردەکە هیچ زیانی پێ ناگات تەنها ئەوە نەبێت شاخی خۆی زیانی پێ دەگات.

نەیارانی قورئان جگە لە ڕووزەردی هیچیان بۆ نامێنێتەوە، هەوڵەکانیان هەر بە مردوویی لە دایک بوو. (تولەیحەی کوڕی خوەیلیدی ئەسەدی) یەکێک بوو لە و کەسانەی زۆر هەوڵی دا لە پێناو خستنە ڕووی بابەتێکی وەک قورئان تەواوی تواناکانی خۆی خستە گەڕ، بەڵام لە کۆتاییدا هەوڵەکانی یەکسان بوون بە هیچ و موسوڵمان بوو.

دیسان ئەم هەوڵانە بەردەوام بوو قۆناغی دواتریش کەسانی وەک ئەبی عەلای مەعەری و موتەنەبی و عەبدوڵلای کوڕی موقەفەع هەوڵەکانیان لەم بارەیەوە خستە گەڕ، بەڵام ئەوانیش وەک پێشینانی خۆیان هەوڵەکانیان هیچی لێ سەوز نەبوو.

هەر لە چوارچێوەیەدا (یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کیندی) فەیلەسووفی بەناوبانگ لە قۆناغێکی دیاریکراودا هەوڵی داوە هاوشێوەی قورئان بخاتە ڕوو، ئیمامی (ئەبوبەکری نەققاش) دەگێڕێتەوە کۆمەڵێک چوونە لای کیندی و پێیان گوت: تۆ بەم هەموو مەعریفەو فەلسەفەیەوە ناتوانیت هاووێنەی وتەی کەسێکی نەخوێندەواری دانیشتووی بیابان بێنیت!؟

-گوتی دەتوانم بەڵام پێویستم بە کاتە، ماوەیە چووە خەڵوەوە تەواوی هەوڵەکانی چڕ کردەوە تا ئەوەی هاوشێوەی قورئان بخاتە ڕوو، کاتێک یەکەم جار قورئانی

کردەوە چاوی کەوتە سەر سەرەتای سورەتی مائیدە کە دەفەرمویّت﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَوْفُوا۟ بِٱلْعُقُودِ ۚ أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلْأَنْعَـٰمِ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ غَيْرَ مُحِلِّى ٱلصَّيْدِ وَأَنتُمْ حُرُمٌ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ ﴾[1] کە ئەم ئایەتەی بینی بە سەر سامییەوە لێی ڕوانی و ماوەیەک بێدەنگ بوو پاشان گوتی: (سەیرم لەم کەلامە دێت لە یەک ئایەتەدا بە دەستپێکی جوان دەستی پێ کردوە و بە داڕشتنەوەیەکی جوان کۆتایی پێ هێناوە، فەرمانی تێدایە و نەهیی تێدایە، حوکمی پوختەکراو درێژە پێدراوی تێدایە، مەحاڵە کەسێک بتوانێت هاووێنەی ئەم کەلامە بخاتە ڕوو، ئیتر دەستی هەڵگرت و بینی دەستەکانی دووچاری شەلەل بوەوە.[2] تەواوی ئەم هەولانە هەتا ڕۆژی پەسلان بێهودەن وەک شاعیر دەڵێت

كَمْ مُلْحِدٍ رامَ أن يُبْدِي مُعارَضَةً ... فعَادَ بالذُّلِّ والْخُسْرانِ والرَّغَمِ[3]

پێویستە موسولمان هۆشیار بن لە گفتوگۆکانیان لەگەڵ بێباوەڕان، گەر ناموسوڵمانێک نکۆڵی لە ئیعجازی زانستی قورئان کرد، دەتوانین لە ڕێی ئیعجازی بەیانی و ڕەوانبێژییەوە حەقیقەتی قورئانی بۆ بسەلمێنین، چەکی ئیعجازی بەیانی بە دڵنیایی بەهێزترین چەکی قورئانە، پرسیارە ڕاستەقینەکە ئەوەیە، ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەن پەروەردگارەوە نییە بۆچی هەتا ئێستا کەسێک نەیتوانیوە هاوشێوەیەکەی بێنێت و بیخاتە ڕوو؟ بابای مولحید و نەیار سەر بە هەر ئایین و قوتابخانەیەکی هزریی بێت، مافی خۆیەتی ڕەخنە و گفتوگۆکانی لەم بارەیەوە بخاتە ڕوو، دەکرێت بپرسێت: " گەر کەسێک کتێبێک یاخود نووسینێک لەم بارەیەوە بخاتە ڕوو گەر لە قورئان بچێت ئەوا ئێوەی موسوڵمان تۆمەتی ئەوەی دەدەنە پاڵ کە لە قورئانەوە وەرگیراوە! گەر لە قورئانیش نەچێت دەڵێن ئەمە کەی وەک قورئان

---

[1] المائدة: ١

[2] بڕوانە تفسیر الشوکاني (فتح القدير) بەرگی ٢ لاە

[3] واتە زۆر مولحید بوە، ویستوویەتی هاووێنەی قورئان بخاتە ڕوو، بەڵام بە زەلیلی و سەرکزییەوە گەڕاوەتەوە. بڕوانە (المنظومة الميمية في الوصايا والآداب العلمية للشيخ حافظ بن أحمد الحكمي، بەیتی ١٢٢ بۆ ١٢٤

وایە¹ و هیچ بەهایەکی نییە " هەڵبەت ئەمە گومانێکە زۆربەی نەیارانی قورئان و دووبارەی دەکەنەوە و تۆمەتبارمان دەکەن بەوەی کە نەبوونی بابەتێکی وەک قورئان پێوەندی بە ناتوانایی ئەوانەوە نییە لە خستنە ڕووی بابەتێکی وەک قورئان، بەڵکوو پێوەندی بە عەقڵیەتی تاکی موسوڵمانەوە هەیە، بەو پێیەی عەقڵیەتی تاکی موسوڵمان عەقڵیەتێکی دۆگمایە، گەر وەک قورئان بێت قەبووڵیان نییە و دەڵێن لە قورئانەوە وەرگیراوە و لە قورئانی دزیوە، گەر وەک قورئانیش نەبێت.. دەڵێن ئەمە قسەگەلێکی سادەیەوە دوور و نزیک پێوەندیی بە قورئانەوە نییە، بە واتایەکی تر پێیان وایە خودی ئەم گرفتەکە لای عەقڵیەتی موسوڵمانانە و هیچی تر. لە وەڵامی ئەم گومانە بە کورتی چەند خاڵێک دەخەینە ڕوو.

یەکەم: وەک ئاشکرایە عەرەبەکانی سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت) بە پاراوترینی عەرەب ناسراو بوون، خۆیان خاوەنی زمانەکە بوون، لە بواری ڕەوانبێژی و زمانپاراوایدا وێنەیان نەبوە، ناتوانا بوون لەوەی بابەتێکی وەک قورئان بێنن، تەواوی هەوڵەکانیان لەم لایەنەوە شکستی خوارد، گەر ببوایە دەبوو ئەوان بیان کردایە، بەو پێیەی لە ڕووی کاتی دابەزینەوە خودی گوتاری تەحەدی قورئان بۆ ئەوانە، کە ئەوان سوارچاکانی زمان و ڕەوانبێژی عەرەبن ناتوانن، ئیتر بە دڵنیایی خەڵکانی تر لەم چوارچێوەیەدا جێگەیەکیان نییە.

دووەم: نەیاران دەتوانن کتێبێکی وەک قورئان بێنن لە ڕووی وشە و دەربڕینەوە لە قورئان بچێت ئاساییە، بەواتایەکی تر دەتوانن سوود لە ڕستەسازی و وشەسازیی نێو قورئان وەربگرن، بەڵام گرینگ ئەوەیە لە ڕووی واتا و ناواخنەوە لە قورئان بچێت. نەک هەر لە ڕووی واتاوە بەڵکوو بفەرموون با لە ڕووی ئیعجاز و ڕەوانبێژ و پاراوییەوە وەک قورئان وابێت.

سێیەم: قەبووڵە ئایەتێک بخەنە ڕوو کە دەربڕینەکەی وەک قورئان نەبێت، بەڵام لە ڕووی ناواخن و ئیعجازە هەمە چەشنەکانی قورئانەوە وەک قورئان وابێت.

چوارەم: خستنە ڕووی هەر بابەتێک لە ڕووی دەربڕین و واتاوە وەک قورئان وابێت، واتای ئەوەی تۆ هەر خودی قورئانت خستووتە ڕوو، تەنها وشەکانی جیاوازە، مەبەست ئەوەیە ئاساییە وەک قورئان وابێت بەو مەرجەی ئەگەر لە ڕووی دەربڕینەوە وەک قورئان وابوو پێویستە ماناکەی لە قورئان وەرنەگیرابێت بە پێچەوانەوە گەر ماناکەی لە قورئان وەرگیرابوو با دەربڕینەکەی لە قورئان جیاواز بێت، بە پێچەوانەوە خستنە ڕووی بابەتێک لە ڕووی واتا و دەربڕینەوە وەک قورئان وابێت ڕاستییەکەی ئەرزشێکی نییە.

پێنجەم: گەر دەربڕین و واتای لە قورئان نەچێت، کەواتە هیچ بایەخێکی نییە، وەک قسەی ئاسایی خەڵکانی عەرەب وایە.

کاتێک دەڵێین هاوێنەی قورئان بێت واتای ئەوەی هاوێنەی قورئان بێت لە ڕووی ڕەوانبێژی و پاراوی و جۆرەکانی ئیعجازی زانستی و مێژوویی، هەواڵدان بە ڕووداوەکانی ڕابردوو، ئەوەی لە داهاتوو بێت، ئەمە جگە لە ئیعجازی ژمارەیی و دابەشکاریی کە دونیایەکی قەشەنگی ڕووی ئیعجازی قورئانن. دەکرێت ئەو پرسیارە بخەینە ڕوو تەحەدییەکەی قورئان مێژوویەکی دوور و درێژە بەو واتایەی کە نزیکەی (١٤٠٠) ساڵە، دەکرێت بپرسین بۆچی لەم ماوەیەدا هیچ کەس سەرکەوتوو نەبوو لە خستنەڕووی بابەتێکی وەک قورئان؟ گەر بابەتێکی لەو شێوەی هەبێت بۆچی بەردەست نییە، بۆ خاوەنەکەی دیار نییە، بۆکاریگەری نییە بۆچی لە ڕووی مێژووییەوە تیشکی نەخراوەتە سەر و نوسخەی لە بەر دەستدا نییە؟ ئەمانە هەمووی پرسیاری بێ وەڵامن، ئەوەی گرینگە دەتوانین بڵێین تەواوی هەوڵەکانی ئەم بوارە جگە لە شکست، شتێکی تر بەشی نەبوە. بڕیاری پەروەردگار خۆیەتی﴿ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُواْ وَلَن تَفْعَلُواْ ﴾ زیادلە هەموو ئەمانە ئەوەی قورئان جیا دەکاتەوە لە تەواوی هەموو ئەوانەی تر کاریگەری نەیارانی قورئانە بە خودی قورئان، بە درێژایی مێژوو بەشێک لە نەیاران لەگەڵ ئەوەی نەیاری کارای ڕاستەقینەی قورئان بوون،

بەڵام هەندێک جار بە حەقیقەتی ناواخنی خۆیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری قورئانەوە، لەوانە (جوبەیری کوڕی موتعیم) باس لە حاڵەتێکی خۆی دەکات لە قۆناغی بێباوەڕیدا دەڵێت: " جارێکیان گوێم لێ بوو پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت) لە کاتی نوێژی ئێوارەدا چەند ئایەتێکی سورەتی (طور)ی دەخوێندەوە کە دەیفەرموو ﴿ أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ ۝ أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بَل لَّا يُوقِنُونَ ﴾[1] ئایەتەکانی دواتر کە چوارده (أم) بە دوای یەکدا هاتوە، دەفەرموێت (كاد قلبي ان يطير) "وەخت بوو دڵم بفڕێت". (٢) لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتوە گوتی (فكأنما صدع قلبي) ئیتر هەر لەو کاتەوە ئیسلام کەوتە دڵمەوە، ئەم چوارده (أم)ی سورەتی (طور) کە بە دوای یەکدا هاتوون، هیچ وەڵامێکیان نییە جگە لە ڕادەست بوون و ئیمان هێنان نەبێت بە پەروەردگار.

(لەبیدی کوڕی ڕەبیعەی عامری) بەتواناترین و ناوازەترین شاعیرانی عەرەبی یەکێکی ترە لەو کەسانەی کە کەوتووەتە ژێر هەژموون و کاریگەریی قورئانەوە، پێگەی شیعری ئەم پیاوە لای قورەیشییەکان لە ئاستێکدا بوو، کاتێک هەجووی پێغەمبەری کرد قورەیشییەکان شیعرەکیان بە تەنیشت کەعبەدا هەڵواسی، وەک ئاشکرایە لە نێو ئەدەبیاتی عەرەبدا هەر شیعرێک بەهێز نەبوایە بە تەنیشت کەعبەدا هەڵنەدەواسرا، موعەلەقاتی سەبع و عەشر (حەوت یان دە هەڵواسراوەکان) لە بەر گرینگی و بەهێزییان بە دیواری کەعبەدا هەڵدەواسران، ئەو شیعرانەی کە تێدا هەجووی پێغەمبەری کردبوو بە دیواری کەعبەدا هەڵواسرابوو، ڕۆژێک یەکێک لە موسوڵمانان لە تەنیشت ئەو بەیتە شیعرانەوە چەند ئایەتێکی سورەتی بەقەرەی نووسی، کاتێک لەبیدی کوڕی ڕەبیعەی عامری ئەم ئایەتانەی بینی لە تەنیشت

---

[1] ئایا ئەوانەبەبێ هیچ شتێک، هیچ هۆیەک، هاتوونەتەکایەوە؟! یان هەر خۆیان دروستکارن؟!، یان ئەو بێ باوەڕانە ئاسمانەکان و زەویان دروستکردووە؟ نەخێر ئەوانەهەر دڵنیا نابن الطور: ٣٥ - ٣٦

[٢] بڕوانە صحيح البخاري (٤٥٧٣)

شیعرەکانی خۆیەوە هەڵوسراون، گوتی: سوێند بێت ئەمە گوتەی مرۆڤ نییە، یەکسەر موسوڵمان بوو، وەلید شارەزای بواری ڕەوانبێژ و پاراوی و بەیان بوو، دەیزانی ئەم ئایەتانەی قورئان چین و بەهایان چەندە، وەلید تاوەکوو ساڵی (٤١ک) ژیا، عومەری کوڕی خەتتاب لە ماوەی خەلافەتی خۆیدا داوای لێ کرد چەند پارچە شیعرێکی بۆ بڵێت، ئەوەیش لە وەڵامی داواکارییەکەی عومەردا چەند ئایەتێکی سورەتی بەقەڕەی خوێندەوە! عومەر فەرمووی: من داوای شیعرم لێ کردوویت نەک قورئان! ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی (ماکنت لأقول الشعر بعد ماعلمني الله سورة البقرة)[١] " سوێند بێت لەو کاتەوەی خوای گەورە سوڕەتی بەقەڕەی فێر کردووم شیعر ناڵێم " بۆیەوە لەو کاتەوە موسوڵمان بوو هەتاوەکوو وەفاتی کرد یەک بەیت شیعر زیاتری نەگوت.

وەلیدی کوڕی موغیرە یەکێک لە ڕەوانبێژترین و زمانپاراوترینی عەرەب، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی قورەیش هەژمار دەکرا، کاتێک گوێی لە چەند ئایەتێکی سوڕەتی (فصلت) بوو، گوتی: (وا عجبا لما یقوله ابن ابي کبشة) " چەند سەیرە کوڕەکەی ئیبن ئەبی کەبشە چی دەڵێت!"[٢] پاشان گوتی: "سوێند بێت ئەم گوتانە شیعر نین، سیحر نین، گوتەی مرۆڤ نین گوتەی پەروەردگارن."[٣]

(دیبۆرات بۆتر) خانمی ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی، یەکێکی ترە لەو کەسانەی کەوتوەتە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی قورئانەوە، لەو بارەیەوە دەڵێت: "هەر لەگەڵ خوێندنەوەی قورئان وەڵامی تەواوی پرسیار و ناڕوونییەکانم لە بارەی مرۆڤ خەلق و بابەتە نهێنییەکانی ژیانەوە دەسکەوت، کە چەندین ساڵ بوو لە هزرمدا دەهات و

---

(١) بڕوانە: الاستیعاب لابن عبد البر لا ١٥٠

(٢) ابن ابی کبشە: یەکێکە لە باپیرانی پێغەمبەر لە ڕەچەڵەکی دایکییەوە.

(٣) بڕوانە: تفسیر الطبري (١٥٧/٢٩)

دەچوو، هەر بە هۆی ئەم کاریگەرییەوە ساڵی (١٩٨٠)موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند.[١]

ئیبراهیم خەلیل یەکێک لە قەشەکانی میسر دوای خوێندنەوەی قورئان دەڵێت: " بە خوێندنەوە و بە دوادچوونم بۆم دەرکەوت، ئەم قورئانە تیشکی خستوەتە سەر تەواوی زانستەکانی جوگرافیا و پزیشکی و ئەستێرە ناسی و یاسا و مێژوو و تەواوی زانستەکانی تر هەر بەم هۆیەوە ناوبراو ساڵی (١٩٥٩) موسوڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاند[٢] .

زانا و پزیشکی فەرەنسی پرۆفیسۆر (مۆریس بۆکای) لە بارەی قورئانەوە دەڵێت: هیچ وشەو دەستەواژە و بەشێکی پێکهاتە لە قورئاندا بوونی نییە کە قابیلی ڕەخنەلێگرتن بێت، هەربۆیە دژایەتیکردنی قورئان کارێکی تەواو ئەستەمە[٣]. "

(کۆرنت ئەدوارد کیوجا) یەکێک لە زانایانی خۆرئاوایی دەڵێت: "دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە تەواوی ئایینەکان، بۆم دەرکەوت قورئان گشت پێداویستییە ماددی و مەعنەوییەکانی تەواوی مرۆڤایەیتی دابین کردوە.[٤]"

فەیلەسووفی بەناوبانگی فەرەنسی (فرانسوا ماری) دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە بارەی سیستەمی تەلاق لە ئیسلامدا لەو بارەوە دەڵێت: " دوای ئەوەی لە قورئانم ڕوانی، بۆم دەرکەوت چەند یاساییەکی کۆمەلایەتی تایبەت بە تەلاق لە قورئاندا هەیە، کە مەحاڵە لە هیچ کتێب و دادگا و دامەزراوەیەک یاسایەکی لەم شێوەیە دەرکرابێت. پاشان دەڵێت: ئەگەر بێت و بە شێوەیەکی دروست قورئان و ئینجیل بخرێتە بەردەم خەڵکانی ئاسایی بێگومان ڕاستەوخۆ قورئان هەڵدەبژێرن".

---

(١) قالوا عن الإسلام لا ٥٥

(٢) بڕوانە: کتێبە بەناوبانگەکەی (محمد في التوراة والأنجيل والقرآن)

(٣) بڕوانە: کتێبەکەی خۆی وەر گێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی (القرآن الكريم والتوراة والإنجيل والعلم)

(٤) الإسلام يتحدى، وحيد الدين خان

هەر لەم چوارچێوەیەدا گەورە زانای جیهانی بواری فیزیا و هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ (ئەلبێرت ئەنیشاتین) دەڵێت: قورئان پێک هاتوە لە چەند یاسایەک کە هیچ فەلسەفەو تیۆریایەکی تر ناتوانێت وێنەی ئەم قورئانە بێنێت [1]. "

هەر لەم بارەیەوە گەورە زانای هیندی دکتۆر (عینایەتوڵلا مەشریقی) شارەزای هەر دوو بواری شەریعەت و زانستە ئەزموونییەکان، دەگێڕێتەوە (ساڵی ١٩٠٩) ڕۆژێکی باراناوی بۆ کارێکی تایبەتی خۆم چوومە دەرەوە، لە ڕێگە چاوم کەوت بە (جیمس جینز) بەناوبانگترین پسپۆری بواری ئەستێرەناسی لە سەردەمی خۆیدا، بینیم چەترێکی خستبوە بن هەنگڵی و ئینجیلێکی بە دەستە بوو، سەرقاڵی خوێندەوەی بوو بە شێوەیەک ڕۆچوو بوو لە خوێندنەوەی دەقەکانی ئینجیل، لە یادی نەبوو لەو بارانەدا چەترەکە هەڵ بکات، سڵاوم لێ کرد، وەڵامی نەدامەوە، جارێکی تر سڵاوم لێ کرد، وەڵامی دامەوە و گوتی: بفەرموو، گوتم: دووشتم هەیە سەرەتا چەترەکەت هەڵبکە با تەڕ نەبیت، بەپێکەنینەوە لێی ڕوانیم، چەترەکەی هەڵکرد دواتر پێم گوت: تۆبەم هەموو زانست و زانیاری و ناوبانگە زانستییەوە چیت داوە لە سەردانیکردنی کڵێسا؟ بە سەر سامییەوە لێی ڕوانیم و گوتی ئێوارە وەرە بۆ لام چایەک بخۆرەوە! منیش ئێوارە چوومە لای و گوتی پرسیارەکەت دووبارە بکەرەوە، منیش پرسیارەکەم دووبارە کردەوە، قسەکانم تەواو نەکرد دەستی کرد بە وتارێکی دوورودرێژ لە بارەی دەسەڵات و توانایی پەروەردگار، بە تایبەتی لە بابەتی جیهان و گەردوون ڕاگرتنی زەوی و ئاسمانەکان.. . منیش لەگەڵ قسەکانی ئەو زیاتر گەورەی دەسەڵاتی پەروەردگارم لا ئاشکرا دەبوو، لە دکتۆر (جیمز) وردبوومەوە دەبینم موی سەری گرژ بوە، چاوەکانی پڕ بووە لە ئاو، هەموو ئەمانە لە پێناوی ئەوەی بۆم ڕوون بکاتەوە کە بۆچی دەچێت بۆ کڵێسا، دواتر پێم گوت قوربان منیش ئایەتێکی قورئانم وەبیر هاتەوە گەر ئیزن بدەن بیخوێنمەوە، منیش ئەو ئایەتەی سورەتی (فاطر)م خوێندنەوە کە دەفەرموێت :

---

[1] بڕوانە:الإسلام يتحدى هەروەها قالوا عن الإسلام

﴿ أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ ثَمَرَٰتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهَا ۚ وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ ۝٢٧ وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلْأَنْعَٰمِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ كَذَٰلِكَ ۗ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ﴾[1] ئەم ئایەتە چەند زانستێکی ئەزموونی گەورەی لە خۆگرتوە

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ أَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً﴾ زانستی ئاو و ئاوناسییە.

﴿فَأَخْرَجْنَا بِهِۦ ثَمَرَٰتٍ مُّخْتَلِفًا أَلْوَٰنُهَا﴾ زانستی ڕووەکناسیی.

﴿وَمِنَ ٱلْجِبَالِ جُدَدٌۢ بِيضٌ وَحُمْرٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهَا وَغَرَابِيبُ سُودٌ﴾زانستی جیۆلۆجیایە.

﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ وَٱلدَّوَآبِّ وَٱلْأَنْعَٰمِ مُخْتَلِفٌ أَلْوَٰنُهُۥ﴾زانستی مرۆڤناسی و ڕەگەز ناسییە.

دوای خستنە ڕووی تەواوی ئەم ئایەتە کە هەڵگری چەندین زانستی ئەزموونی جۆراوجۆرە بە سەر سامییەوە لێی ڕوانیم وەک ئەوەی شتێکی زۆر سەیری بیستبێت ماوەیەک بێدەنگ بوو، دواتر گوتی: بۆم دووبارە بکەوە، دواتر چەند جارێک بۆم دووبارە کردەوە پاشان بە سەر سامییەوە لە بەر خۆیەوە دەیگوت﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟﴾ سەری ڕادەوشاندو دووبارەی دەکردەوە، گوتی موحەمەد چۆن زانی زانایان لە خودا دەترسن، من پەنجا ساڵ لێکۆڵینەوەم لە گەردوون و جیهان و ئاسمانەکان کردوە پاشان گەیشتمە ئەو ڕاستییەی مرۆڤەکان ئەگەر زانا و خوێندەوار نەبن ناتوانن بگەنە ئاستی حەقیقەتی ناسینی پەروەردگار، پاشان پێی گوتم: لە منەوە بینووسە و بیگێڕەوە پڕ بەزاری خۆم گەواهی دەدەم کە ئەم قورئانە لە لایەن خوداوە دابەزیوە "..."[2]

---

[1] ئایا سەرنجت نەداوە کە بەڕاستی خوا لە ئاسمانەوە بارانی باراندووە، جا ئێمە بەو بارانە جۆرەها بەروبوومی جیاوازمان دەرهێنا کە (ڕەنگیان، قەبارەیان، تامیان، بۆنیان، شێوەیان، شوێنیان، وەرزیان) جیاوازە. . . هەروەها هەندێ لەکەژو کێوەکانمان بەزنجیرە کێشاوە، هەیانە چین و هێڵ و نەخشی سپی و سوورە و ئەوانیش ڕەنگیان جیاوازە، هەشیانە ڕەشێکی تاریك و تۆخە، هەروەها بەو شێوەیە لە خەڵکیش، لە گیانداران و ماڵاتیش، جۆرەها ڕەنگ و شێوە و قەبارەی جیاواز هەیە. بەڕاستی هەر زاناکان پەی بەو نهێنییانە دەبەن و لە ناو بەندەکانی خوادا هەر ئەوان لەخوا دەترسن. فاطر: ٢٧ - ٢٨

[2] بڕوانە الاسلام يتحدى

هەمـوو ئەمـانەی باسـمانکرد بـۆ چـوونی خەڵکـانی خوێنـدەوار و بلـیمەت و شارەزایە. ئێستا دەکرێت بپرسـین لە خەڵکـانی مولحیـد و بێبـاوەڕ و تـانە دەرانـی قورئان: ئایا ئێـوە قورئانتـان خوێنـدوەتەوە، قورئانتـان؟ بەراورد کـردوە لەگەڵ هـیچ کتێبێکی تر؟ لێکۆڵینەوەی پێویستان لە سەر قورئـان کـردوە؟ توانیوتـانە هاوشـێوەی قورئان بخەنەڕوو؟ بە دڵنیایی نەخێر. سـەرچاوەی تەواوی تـانە و دژایەتیکردنەکـان جگە لە ڕقوکینەیەکی پێشوەختە بەرانـبەر بە قورئـان و ئیسـلام زیـاتر شـتێکی تـر نییە.

ڕووی دووەمی ئیعجازی بەیانی و ڕەوانبێژی لە قورئاندا

یەکێکــی تــر لەو تایبەتمەنــدی و ئیعجــازانەی کە قورئــانی پــێ لە تەواوی نووسـینەکانی تـر جیـا دەکـرێتەوە ئەوەیە ئەم قورئـانە، نەشـیعرە نە پەخشـانە. بە شێوەیەکی گشتی تەواوی گوتەی عەرەب دابەشبوە بۆ دوو بەش یان ئەوەتـا شـیعرە یان پەخشانە و سێهەمی نییە.

لێکۆڵەری بیانی (لیدی ئیفیلین کوبـو لـدی) لەم بـارەیەوە دەڵێـت " جـوانی و قەشەنگیی قورئان بە هیچ قەڵەمێک نانوسرێت، بەو پێـیەی لە هـیچ نوسـینێکی تـر ناچێت، نە شیعرەو نە پەخشانە."[1]

سـەبارەت بە جیـاوازیی قورئـان لەگەڵ پەخشـان بـابەتێکی حاشـا هەڵنەگـرە، تەنانەت نەیارانی قورئان لە سەردەمی پێغەمبەر، لە خەڵکـانی ئەدیـب و شـاعیر و ڕەوانبێژان هیچ کات ئەم ڕەخنەییان لە قورئان نەگرتوە، قورئانیش ڕەخنەیەکـی لەو شێوەیەی تۆمار نەکردوە، بەو واتایەی هیچ یەکێک لە بێباوەڕان ڕەخنەی هاوشـێوەی پەخشانیان نەداوەتە پاڵ قورئان.

لەبارەی پێوەندی قورئان بە شیعرەوە: بەشێک لە بێبـاوەڕان و نەیـارانی قورئـان لە قۆنـاغی پێغەمبەراتـی مـوحەمەدەوە (درووودی خـودای لـێ ببێـت) تـاوەکوو ئەم قۆنـاغەی ئێسـتا تـۆمەتی شـیعر بوونیـان داوەتە پـاڵ قورئـان، دەکرێـت هۆکـاری وەسفکردنی قورئان بە شیعر لە لایەن بێباوەڕانی قوڕەیشەوە ئەوە بێت: ئەوان پێیان وابوو تەنها شیعر دەتوانێت کاریگەریی بەرچاو لە سەر گوێگرەکانی دروست بکات، بەو پێیەی قورئان کاریگەری بەرچاو لە سەر تەواوی گوێگرانی دروست دەکات، کە وایە قورئان شیعرە.

---

[1] البحث عن الله إيفلين كوبولد لا ٤٥

له ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبیی عەرەبەکاندا شیعر کاریگەریی بەرچاوی هەبوە، جار هەبوە هۆزێک بە هۆی پارچە شیعرێکەوە جەنگیان بەرپا کردوە، پارچە شیعرێک هۆزێکی شکاندوە یەکێکی دی بەرز کردوەتەوە، بە زمانی ئێستا شاعیرانی ئەو سەردەم زمانی ڕاگەیاندنی هۆز و تیرەکانیان بوون، هەرهۆزێک هەوڵیداوە یەکێک لە شاعیران لە خۆی نزیک بخاتەوە و بیکاتە زمانحاڵ و بەرگریکاری هۆزەکەی لەوانە.

فغض الطرف إنک من نمیر فلا کعبا بلغت ولا کلابا.

هۆزی نومەیر بەناوبانگ بوون بەوەی شانازییەکی بەرچاویان دەکرد بە هۆزەکایانەوە، دوای ئەوەی جەریر ئەم بەیتەی لە دژیان هۆنیەوە ئیتر شەرمیان دەکردەوە لەوەی شانازی بکەن بە هۆزەکەیانەوە.

بە پێچەوانە جار هەبوە پارچە شیعرێک کاریگەریی بەرچاوی هەبوە لە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆزێکی لاواز لە ڕێیەوە لە ناو خەڵکدا شانازییان کردوە بوونەتە خاوەن پێگەیەکی باڵا لەوانە

قومٌ هم الأنف والأذناب غیرهم ومن یسوي بأنف الناقة الذنبا

هۆزی (انف الناقة) لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە سەر ئاستی هۆزەکانی تر پێگەیەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام دواتر بە هۆی ئەم بەیتە شیعرە وە کە (حوتەیئە) پێی هەڵدان پێگەی کۆمەڵایەتیان تەواو بەهێز بوو، شانازیان دەکرد بە هۆزەکەیانەوە، ئەم نموونانە پێمان دەڵێن کە شیعر کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوە لە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری تەواوی دانیشتوانی نیوە دوورگەی عەرەبی وەک ئیمامی (الشمقمقي) ئاماژە پێ دەکات

لو لم یکن للشعر عند من مضی فضل علی الکعبه لم یعلق [1]

---

[1] واتە ئەگەر شیعر لای پێشینەکان بایەخێکی گەورەی نەبووایە، بەدڵنیایی بە سەر کەعبەدا هەڵنەدەواسرا.)بڕوانە قەسیدە الشمقمقیة لأبي العباس احمد ابن الونان

هەر لەم ڕوانگەیەوە تۆمەتی شیعر بوونیان داوەتە پاڵ قورئان، پێیان وابوو ئەم کاریگەرییە بەرچاوە کاریگەریی شیعرە و هەرشیعر دەتوانێت ئەم کاریگەرییە بەرچاوە لە هزری بیسەرەکەیدا جێ بهێڵێت. لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا هاوەڵپەیداکەران کەوتنە گفتۆگۆ لە بارەی ئەوەی چ تۆمەتێک بدەنە پاڵ قورئان، کە لای خەڵکی پێگەو کاریگەریی هەبێت، دوای خستنە ڕووی چەند بابەتێکی جیاواز ڕێککەوتن لە سەر ئەوەی تۆمەتی شیعربوون بدەنە پاڵ قورئان، بەو پێیەی ئەم بابەتە تا ڕادەیەک ڕەخنەیەکی گونجاو بوو بۆ ڕازیکردنی دانیشتوانی ناوچەکە، بەڵام پەروەردگار بە توندی دژی ئەم تۆمەتە وەستایەوە فەرمووی﴿ وَمَا عَلَّمْنَٰهُ ٱلشِّعْرَ وَمَا يَنۢبَغِى لَهُۥٓ﴾ [1] تۆمەتی ئەوان لە دوو ئاڕاستەوە بوو، ئاڕاستەی ناساندنی قورئان وەک شیعر و ئاڕاستەی ناساندنی پێغەمبەر وەک شاعیر، بەڵام قورئان بەرپەرچی ئەم بۆ چوونە دەداتەوە، تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە موحەمەد نەک هەر شاعیر نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا خوێندەواری نییە، بە هیچ شێوەیەک شیعری نەگوتوە قورئان خۆیشی شیعر نییە وەک پەروەردگار دەفەرموێت﴿ وَمَا هُوَ بِقَوْلِ شَاعِرٍۚ قَلِيلًا مَّا تُؤْمِنُونَ ﴾

ئەوەی جێگەی تێبینە لە بارەیەوە زۆرێک لە بێباوەڕان و ڕەخنەگرانی قورئان لە سەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لێ ببێت) دوای خستنە ڕووی ئەم تۆمەتە پاشگەزبوونەوەتەوە لە پاڵدانی قورئان بۆ لای شیعر، ئیتر ئەم ڕەخنەیە نرخ و ئەرزشێکی نەماوە، بەڵام لە سەردەمی نوێدا هەندێک لە نەیاران و ڕەخنەگرانی قورئان دیسان هەمان بابەت دەخەنەوە ڕوو. ڕەخنەی ئەوە دەگرن گوایە موسوڵمانان قورئان وەک شیعر ناخوێننەوە و تۆنەکەی وەک شیعر دەرنابڕن دەنا بە دڵنیاییی قورئان شیعرە، بە تایبەتی چەند ئایەتێک لە قورئاندا هەیە کە قاڵبی شیعریان بە زەقی پێوە دیارە وەک ئایەتی ﴿ ٱلتَّٰٓئِبُونَ ٱلْعَٰبِدُونَ ٱلْحَٰمِدُونَ ٱلسَّٰٓئِحُونَ ﴾[2]

[1] وەنەبێت شیعرمان فێر کردبێت، شیعر وتنیش لەو قەدەغەیە. یس: ٦٩

[2] التوبة: ١١٢

هەر لە سەر ئەم ڕیتمە ئایەتی پیرۆزی ﴿ صَلُّوا۟ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُوا۟ تَسۡلِيمًا ﴾[1] کە یەکێکە لە ئەبیاتی کامیل

كَمَلَ الْجَمَالَ مِنَ الْبُحُوْرِ الكامِلُ مُتَفَاْعِلُنْ مُتَفَاْعِلُنْ مُتَفَاْعِلُ

بە هەمان شێوە تۆمەتی شیعر بوون دەدەنە پاڵ ئایەتی﴿ وَدَانِيَةً عَلَيۡهِمۡ ظِلَٰلُهَا وَذُلِّلَتۡ قُطُوفُهَا تَذۡلِيلٗا ﴾[2]کەوەک بەحری ڕەجەز وایە.

لە وەڵامی ئەم ڕەخنە و تۆمەتانە دەڵێین سەرەتا پێویستە پێناسەی شیعر بکەین و بزانین شیعر چییە، وەک لە سەرچاوە زانستییەکان هاتوە، شارەزایانی بواری شیعر و عەروز و ئەدەبیاتی عەرەبی بەگشتی کۆدەنگن لە سەر ئەوەی کە شیعر بریتییە لە (الشعر حد عندهم محدود: قول مفيد وزنه مقصود)[3] یان گوتویانە (كلام له معنى مقفى موزون) واتە دەبێت دەربڕینێکی مانـاداری خـاوەن وەزن و قـافیە بێـت و بەمەبەستی گەیاندنی وشەکانی وەک شـیعر بێـت (قـول مفيـد وزنـه مقصـود: دون الثلاث وزنه مردود)[4]

مەرجەکانی شیعر بە کورتی بریتین لە: (دەربڕین بێت، واتادار بێت، قافییەی هەبێت، وەزنی هەبێت، بە مەبەستی شیعری گوترانبێت)هەر یەکێک لەم مەرجانەی تێدا نەبێت ئەوا بە دڵنیایی شیعر نییە (وباتفاق لم يكـن بشـعر ** منسـجم كمـا أتـى فـي الـذكر)[5] واتە بە کـۆدەنگی زانایـانی زانسـتی عەروز ڕسـتەیەک کە بە ڕێکەوت وشەکانی چووبێتەوە سەر شیعر هەر وەک ئەو ڕستانەی لە قورئاندا هاتوون بەدڵنیای پێی ناگوترێت شیعر.

---

[1] الأحزاب: ٥٦

[2] الإنسان: ١٤

[3] الفية الآثاري، أبي سعيد شعبان بن محمد الآثاري، بەیتی ژمارە٥٩

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو

[5] هەمان سەرچاوەی پێشوو بەیتی ژمارە ٦٠

کەواتە بە پێی ئەم هەڵسەنگادنە و بە کۆدەنگی تەواوی شاعیران و لێکۆڵەرەوانی بواری ئەدەب و شیعر ناسی ئەوەی لە قورئاندا هەیە شیعر نییە، لەبەر ئەوەی هیچ ئایەتێکی مەوزونی تەواوەتی لە قورئاندا بوونی نییە، ئەوەیشی هەیە وەزنەکەی شکاوەو تەواو نییە، تەواوی شیعری عەرەبی دەکەوێتە ژێر کاریگەری بەحرەکانەوە، واتە هەر شیعرێکی عەرەبی وەزن قافیەدار بێت، دەبێت پابەندی یەکێک لەم بەحرانەی شیعر بێت بۆ نموونە کاتێک دێینە سەر بەحری (البسیط)

إن البسيط لديه يبسط الأمل   مستفعل فاعل مستفعل فاعل

بەحری کامیل

كَمَلَ الْجَمَالَ مِنَ الْبُحُورِ الكامِلُ   مُتَفَاْعِلُنْ مُتَفَاْعِلُنْ مُتَفَاْعِلُ

بەحری ڕەجەز

فِيْ أَبْحُرِ الأرْجازِ بَحْرٌ يَسْهُلُ   مُسْتَفْعِلُنْ مُسْتَفْعِلُنْ مُسْتَفْعِلُ

بەحری تەویل

طَويلٌ لَهُ دونَ البُحورِ فَضائِلُ   فَعولُن مَفاعيلُ فَعولُن مَفاعِلُ

ئەمانە و تەواوی بەحرەکانی شیعری عەرەبی کە ژمارەیان شازدە بەحرە، تەواوی شیعرەکانی زمانی عەرەبی بەگشتی دەکەونە ژێر کاریگەریی یەکێک لەم بەحرانەوە، هەر لە ڕێی ئەم بەحرانەوە شیعرەکان دەناسرێتەوە، کاتێک دەگوترێت شیعرێک دەخرێتە ڕوو پرسیارێک دەکرێت سەر بە چ بەحرێکە، بەڵام قورئان ناخرێتە سەر هیچ یەکێک لەم بەحرانەی زانستی عەروز. واتە ئایەتەکانی قورئان ناکەونە ژێر چەتری هیچ بەحرێکی شیعرییەوە، واتە هیچ ئایەتێکی قورئان نییە بە بێ شکاندنی وەزنەکەی بچێتەوە سەر یەکێک لەم بەحرانە.

ئایەتەکــانی ﴿ يَزِيدُ فِي ٱلْخَلْقِ مَا يَشَآءُ ﴾ ﴿ صَلُّواْ عَلَيْهِ وَسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا ﴾ شــيعر نــين، تەنانەت هەندێک لە پسپۆڕانی ئەوبوارە پێیان وایە شیعر تەنها ئەوە نییە کە پێک هاتبێت لە صەدر و بەیت، بەڵکوو دەبێت لە چوار بەیت یان زیاتر پێک هاتبێت لەو شـێوەیەیش لە قورئانـدا بـوونی نیـیە. لە لایەکـی تـرەوە بە هـیچ شـێوەیە دەربڕینەکانی قورئان بە نیازی شیعرەوە نەگوتران، لێکـۆڵەرانی ئەوبـوارە پێیـان وایە کاتێک بە دەقێکی وەزن و قافیە دار و پابەندی بە بەحرێکەوە دەگوترێنت شیعر کە خاوەنەکەی بە مەبەستی شـیعر گـوتبێتی. خـاوەنی قورئـان کە مەبەسـتمان خـوای پەروەردگارە مەبەستی پێ دەربرینی شیعر نەبوە. هاوکات پێغەمـبەری خۆشەویسـت (دروودی خودای لێ ببێـت) هـیچ کـات شـیعری نەگوتـوە ئەوەی کە لە هەنـدێک جێگە دا گوتویەتی   اناالنبي لاكذب   أنا ابن عبد المطلب

اللهم لاعيش الا عيش الاخرة   فاغفر للانصار والمهاجرة

هـیچ یەکێـک لەم دەربڕینـانەی پێغەمـبەر بە تەواوی بە بـێ کەسـر سـەر بە هـیچ بەحرێکی زانستی عەروز نین، بۆیە پێغەمبەر هیچ کات شـیعرێکی قـافیەداری سـەر بە بەحرێکی دیاریکراوی نەگوتـوە، لەگەڵ ئەوەی خـانەوادەی پێغەمـبەر توانـایەکی شیعری باشیان هەبوە، بەڵام پێغەمبەر نە شیعری گوتوە و نە شاعیریش بوە، کاتێک فەرمووی: اللهم لاعيش إلاعيش الإخرة   فأغفر للأنصار والمهاجرة

هاوەڵان بە شیعرێکی جوان وەڵامیان دایەوە گوتیان

نحن الذين بايعوا محمدا   على الجهاد مابقينا ابدا

گوتنی شیعر بۆ هاوەڵان بە پێچەوانەی پێغەمبەرەوە ئاسایی بوە، نەزانیـویەتی و نەشیعری گوتـوە، وەک دەفەرموێـت﴿ وَمَا عَلَّمۡنَٰهُ ٱلشِّعۡرَ وَمَا يَنۢبَغِي لَهُۥٓ ﴾[1] کەواتە قورئـان لەم ڕوەوە دیسـان مـوعجیزەیە بەوەی کتێبێکـی خسـتوەتە ڕوو کە نە شـیعرە نە پەخشانە

[1] يس: ٦٩

بێباوەڕان ناتوانن هاووێنەی قورئان بخەنەڕوو

هەوڵەکانی پەیوەست بە خستنە ڕووی کتێبێکی وەک قورئان یاخود تاکە ئایەتێکی وەک قورئان مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەر لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی قورئان و تەواوی قۆناغەکانی دواتر و تائێستەشی لەگەڵ بێت، بەڵام وەک ئاشکرایە تەواوی هەوڵەکانی پەیوەست بەم بوارە شکستیان هێنا، ئەوەی جێگەی تێڕامان و هەڵوێستەکردنە هەموو ئەو ماوەیە نزیکەی ١٤ سەدە، ماوەیەکی پێویستە و بگرە زیادیشیە بۆ خستنەڕووی هەوڵێکی لەم شێوەیە، بەڵام تا ئێستا چاوەڕوانین، پێشکەوتنەکانی سەردەم دەرەفەتێکی گونجاو بوون بۆ خستنەڕووی موعجیزەکانی قورئان لە سەر ئاستە جیاوازەکان، بەڵام پێشکەوتنەکانی سەردەم نەک هەر نەبوونە کەرەستەیەک بۆ هەنگاوێکی لەو شێوەیە، زیاد لەمە بوونە هەنگاوێکی باش بۆ زیاتری تۆخکردنەوەی حەقیقەتی قورئان ووە و یەکانگیریی ئەم حەقیقەتە قورئانیانە لەگەڵ زانستەکانی سەردەم، لە ڕابردوودا زانایان بە شێوەیەکی فراوان تیکشیان دەخستە سەر ئیعجازیی ڕەوانبێژی و بەیانیی، بەڵام لە ئێستادا چوارچێوەی ئیعجازە زیاتر فراوان بووە و وردەکارییە زانستییەکانی لە خۆی گرتووە، هەڵەمان نەکردوە گەر بڵەیین ڕاپەڕینی زانستی نوێ، ڕاپەڕینی دەرکەوتنی حەقیقەت و موعجیزە قورئانییەکانە و بەرمەبنایی ئەم حەقیقەتانە ڕۆژانە لە سەرانسەری جیهانەوە خەڵکی ئیسلام وەک ئایینی خۆیان قەبوڵ دەکەن.

لە بەشەکانی ئەم کتێبەدا هەوڵ دەدین ڕێگوزەرێکی خێرا بکەین بە نێو ئەو موعجیزە هەمەچەشنانەی قورئان کە دەکرێت ببنە مایەی هەڵوێستەکردن بۆ کەسانێک کە خاوەن هزر و هۆشن، پەیامێک بێت بۆ موسوڵمانان و بێباوەڕان و ڕەخنەگرانی قورئان، تاوەکوو ئەوەی ڕوونتر هەموو لایەک لەو پەیامە تێبگەن کە مەحاڵە لە هیچ کات و سەردەمەێکدا هیچ کەس بتوانێت نموونەی تاکە ئایەتێکی بخاتە ڕوو، بڕیاری پەروەردگارە تەواوی مرۆڤ و جنۆکەکان ناتوانن لەوەی هاوشێوەی قورئانە بخەنە ڕوو.

ئیعجازی ژمارەیی لە قورئانی پیرۆزدا

یەکێک لە ئیعجازەکانی قورئان ئیعجازیی ژمارەییە کە بە شێوەیەکی سەر سوڕهێنەر و قەشەنگ یەکانگیرییەکی سەیر پێش چاو دەکەوێت لە بارەی ژمارە و وشە دووبارە بوەکانی نێو قورئان، هەر بەڕوانین لەم بابەتە تێدەگەین لەوەی کە ئەم قورئانە گوتەی خالیقی زەوی و ئاسمانەکانە. لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند نموونەیەک بە کورتی لەم بارەیەوە بخەینە ڕوو کە مایەی هەڵوێستەو ڕامانی قوڵن.

وشە	وشەی بەرانبەری	ژمارەی دووبارە
الرغبة (ویستن)	الرهبة (ترس)	٨جار
الأبليس (شەیتان)	الإستعاذة (پەناگرتن)	١١جار
القمر (مانگ)	الشهر	١٢جار
الرجل (پیاو)	المرأة (ئافرەت)	٢٤جار
الإيمان (باوەڕ)	الكفر (کوفر)	٢٥ جار
الجهاد (جیهاد و تێکۆشان)	المؤمنون (ئیمانداران)	٤١ جار
المصيبة (دەرەد و بەلا)	الشكر (سوپاستگوزاری)	٧٥ جار
الملائكة (فریشتەکان)	الشياطين (شەیتانەکان)	٨٨جار
الحياة (ژیان)	الموت (مردن)	١٤٦جار
الحسنات چاکەکان	السيئات (خراپەکان)	١٦٧جار
الدنيا (دونیا)	الأخرة	١١٥جار
الهداية و پێکهاتەکانی	الرحمة	٧٩جار
محمد	الشريعة	٤ جار
العقل و پێکهاتەکانی	النور و پێکهاتەکانی	٤٩جار
السر و پێکهاتەکانی	العلانية و پێکهاتەکانی	١٦جار

باسکردن و خستنەڕووی ئەم بابەتانە بۆ خودی موسوڵمانان نییە، چونکە ئێمە پێمان وایە ئیعجازی ژمارەیی قەترەیەکە لە دەریایی ئیعجازی قورئان، زیاد لەوە قورئان ئیعجازی زۆر گەورەتری تێدایە، بە تایبەتی لە بابەتەکانی پەیوەست بە زانست و پەنهان کە تەنها لە قورئاندا هەیە و لە هیچ شوێنێکی تردا بوونی نییە، هیچ کەس ناتوانێت پەی پێبەرێت، تەنها خاوەنی قورئان نەبێت، کە وایە خستنە ڕووی بەشێکی بەر چاو لە بابەتەکانی ئیعجاز لە ناو ئەوانەشدا ئیعجازیی ژمارەیی بۆ بێباوەڕان و نەیاران و گومانکاران هەوڵێک بێت لە پێناو خستنە ڕووی حەقیقەتی قورئان وەک پەیامێکی خودایی.

دەکرێت بەهێمنی ئەم پرسیارە ئاڕاستەی تەواوی بێباوەڕان و ڕەخنەگران بکەین، ئایا دەکرێت کەسێکی نەخوێندەواری نیشتەجێی نیوە دوورگەی عەرەبی وەک موحەمەد سەرچاوەی تەواوی ئەم هەموو ئیعجاز و وردەکارییە بێت؟ موحەمەد لە کوێ دەیزانی ئاسمانەکان حەوت چینن تاوەکوو ئەوەی تەنها حەوت جار لە قورئان باسی بکات؟ موسوڵمانان پێنج جار نوێژ دەکەن تەنها پێنج جار باسی نوێژ کراوە، (الأيام)ڕۆژەکانی ساڵ (٣٦٥)ڕۆژە لە بەرانبەردا (٣٦٥)جار لە قورئاندا ناوی هاتوە، ئایا لۆژیکییە بیاباننشینێکی نەخوێندەواری وەک موحەمەد ئەم هەموو وردەکارییە بخاتە ڕوو؟![1]

لەدرێژەی ئەم زنجیرە ئیعجازە دەبینین کاتێک خوای گەورە گفتوگۆ لە گەڵ ئەهلی کیتاب دەکات وەک ئەوەی پێیان بفەرموێت ئێوە بۆ باوەڕ ناکەن بەشێوازی دروستبوونی عیسا بە بێ باوک بە گومانی ئەوەی کە باوکی نەبووە، لە کاتێکدا باوەڕ بە دروستبوونی ئادەمی بێدایک و باوک دەکەن، وەک دەفەرموێت ﴿ إِنَّ مَثَلَ

(١) بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە:الإعجاز العددي في القرآن الكريم لە بڵاوکراوەکانی: المنظمة الإسلامية للتربية والعلوم والثقافة. :إشراقات الرقم سبعة في القرآن الكريم لعبد الدائمالكحيل.. :الإعجاز العددي للقرآن الكريم. لعبد الرزاق نوفل

عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ خَلَقَهُۥ مِن تُرَابٍ ثُمَّ قَالَ لَهُۥ كُن فَيَكُونُ ﴿٥٩﴾ ﴾[1] چۆن باوەڕتـان بە دروستبوونی ئادەم هەیە بێدایک و بـاوک، ئـاواش باوەڕتـان بە لە دایکبـوونی عیسـا هەبێت بە بێ باوک، هەر دووکیان بەڵگەن لە سەر دەسـەڵاتی پەروەردگـار، قورئـان کاتێـک دەفەرموویـت ﴿ إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ ﴾لەم ئـایەتەدا خـوای گەورە تیشـک دەخـاتە سـەر ئەوەی کە هەریەک لە ئـادەم و عیسـا لە شـێوازی دروستبووندا وەک یەک وان، هەر دووکیان بە فەرمانی (کـن) دروسـت بـوون، زیـاد لەمە پێوەنـدی نێـوان ئـادەم و عیسـا لە ڕووی ژمـارەییەوە پێوەنـدییەکی سـەر سوڕهێنەرە، عیسا (٢٥ جار) لە قورئاندا باسکراوە (ئادەم ٢٥ جار)

لە سـوڕەتی بەقەرەدا لەو جـێگەیەی حەوتەم جـار کە باسـی ئـادەم کـراوە دەفەرموێت﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ ﴾ناوی عیسا لە قورئاندا ئەگەر لە سـوڕەتی بەقەڕەوە دەسـت پـێ بکەیـن، دەبینـین حەوتەم جـار هەمـان ئـایەتە کە دەفەرموێت﴿إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَۖ ﴾ لە زۆر جێگەی تـردا ناوهێنـانی ئادەم و عیسا نزیکی و یەکانگیرییەکی سەرسوڕهێنەریان هەیە[2].

ـ بەکارهێنـانی وشـەکان لە شـوێنی گونجـاوی خۆیـان بە شـێوەیەکی سـەرنج ڕاکـێش بـۆ نمـوونە کاتێـک خـوای گەورە لە قورئانـدا چیـرۆک و سـەرگوزشـتەی پێغەمبەران دەگێڕێتەوە دەفەرموێت﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَىٰ قَوْمِهِۦ ﴾[3] یـان دەفەرمویـت ﴿ وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًاۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ ﴾[4] تەواوی ئەم ئایەتـانە تیشـک دەخەنە

---

[1] بەڕاستی نموونەی دروست بوونی عیسا لەلایەن خواوە: وەک نموونەی ئادەم وایە کە لە خاک دروستی کرد و لەوەو دوا فەرمانی دا و پێی گوت: ببە (بە ئینسـان) ئـەویش بـوو، (عیسـا دایکـی هـەبوو، ئـادەم دایـک و باوکیشی نەبوو). ال عمران ٥٩

[2] بۆزانیاری زیاتر موسوعة الإعجاز العلمي ليوسف الحاج أحمد، یان موسوعة الإعجاز العلميفي القرآن والسنة لمحمد راتب النابلسي

[3] العنكبوت: ١٤

(٤) هود: ٦١

سەر گفتوگۆی نێوان پێغەمبەران و هۆزەکانیان، پێغەمبەران بە گوتاری ئەی هۆزەکەم، گفتوگۆ لە گەڵ هۆزەکەیان دەکەن، بەڵام کاتێک دێتە سەر باسی عیسا باسی هۆزی تێدا نییە، بەو پێیەی هۆز و تیرە لە ڕێی باوکەوە دروست دەبێت، مرۆڤ ڕەچەڵەکی خۆی دەداتە پاڵ هۆزی باوکی، بەم پێوەرە عیسا هۆزی نەبوە بۆیە هیچ کات گوتاری ئەی هۆزەکەمی بە کار نەهێناوە، چونکە باوکی نەبوە، دەکرێت بپرسین بابەتێکی لەم شێوەیە جێگەی سەر سوڕمان نییە؟ ئایا موحەمەد ئەم هەموو وردبینیەی لە ووشەکاندا چۆن زانی

٣- بەشێکی بەرچاو لەو وشانەی لە قورئاندا بەکارهێنراوە جگە لەوەی مانایەکی ڕوون و پاراویان هەیە، لە دیوەکەی تریدا مانا گەلێک دەبەخشن کە زانستی نوێ دوای چەندین قۆناغ خستوویەتییە ڕوو[1] کاتێک قورئان دەفەرموێت ﴿كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعًا بِالنَّاصِيَةِ ۝١٥ نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ﴾[2] گەر بڕوانین لەم ئایەتەدا خوای گەورە درۆ دەداتە پاڵ (ناصية) نێو چاوان و پێشەسەر، تەواوی لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەو بابەتەیان پشتڕاستکردوەتەوە کە پێکهاتەی سەری مرۆڤ لە چەند بەشێک پێکهاتوە، بەشی پێشەوە بەرپرسیارە لە جیاکردنەوەی زانیارییەکان و دەربڕینی هەر ناڕاستییەک نێو چاوی مرۆڤ سەرچاوەی درۆییە، واتە ئەو درۆیانەی مرۆڤ دەیانکات لە نێو چاو بەشی پێشەوەی کەللەسەرە، هەر بۆیە لە قیامەتدا (الجزاء من جنس العمل) سزا لە ڕەگەزی کارە". دەکرێت بپرسین ئەگەر وەحی نەبێت موحەمەد چۆن چواردە سەدە پێش ئێستا ئەم زانیارییەی زانی!؟

٤-خوای گەورە لە سوڕەتی العنکبوت دا دەفەرموێت ﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَوْلِيَآءَ كَمَثَلِ ٱلْعَنكَبُوتِ ٱتَّخَذَتْ بَيْتًا ۖ وَإِنَّ أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ لَبَيْتُ ٱلْعَنكَبُوتِ ۖ لَوْ

---

(١) بۆزانیاری زیاتر لە بارەی ئەم بابەتەوە بڕوانە الإعجاز البياني في صيغ الألفاظ للدكتور:محمد الأمين الخضري، يان مباحث في إعجاز القرآن للدكتو مصطفى مسلم، إعجاز القرآن لأبي بكر الباقلاني رحمه الله

(٢) نەخێر. . سوێند بەخوا ئەگەر کۆڵ نەدات و کۆتایی (بە دوژمنکاری نەهێنێت)، ئێمە پێشە سەری دەگرین (بۆ دۆزەخ کێشی دەکەین) ئەو پێشە سەرە درۆزنە تاوانکارە) العلق: ١٥ - ١٦

﴿كَانُوا۟ يَعۡلَمُونَ ﴿٤١﴾﴾ .[١] ئەم ئایەتە چەندین بابەتی سەرنج ڕاکێشی لە خۆ گرتوە کاتێک خوای گەورە دەفەرموێت ﴿كَمَثَلِ ٱلۡعَنكَبُوتِ﴾ وشەی ﴿ٱلۡعَنكَبُوتِ﴾ موزەکەرە بۆ نێرە، وەک ئاشکرایە لە زمانی عەرەبیدا موزەکەر زەمیری (تاء التأنیث) پێوە نالکێت، بە پێچەوانەی (مؤنث) وەک لە بنەما سەرەتاییەکانی زمانی عەرەبیدا ئاشکرایە هەرکاتێک مذکر (نێرێک) هات دەبێت فیعلەکەی دوای ئەو هاوشێوەی پێشوی بێت ئەگەر (مذکر) بوو (مذکر) ئەگەر (مؤنث) بوو (مؤنث)، بەڵام لێرەدا دەبینین (عنکبوت) نێرە، کەچی زەمیری مێینەی بۆ گێڕدراوەتەوە و گوتراوە ﴿ٱتَّخَذَتۡ﴾ تەواوی لێکۆڵینەوە نوێیەکان ئەوەیان پشتڕاستکردوەتەوە لە ناو جاڵجاڵۆکدا بوونیادنانی ماڵ و دروستکردنی، ئەرکی مێینەکانە، ئەوان بەم کارە هەڵدەستن، نێرینەکان هیچ پێوەندییەکیان بەم کارەوە نییە بۆیە لێرەدا قورئان کارەکەی داوەتە پاڵ مێینەکانی جاڵجاڵۆکە هەر لە درێژەی لێکۆڵینەوە زانستییەکان ئەوە خراوەتە ڕوو، دوای لەدایکبوونی بەچکە مێینەکان هەڵدەستن بە کوشتن و دەرکردنی نێرینەکان، دواتریش بەچکەکان و مێینەکان هەندێکیان هەندێکیان دەکوژن و یەکتری دەخۆن و هەندێک جاریش دایکیان ئەوان دەخوات، زۆر جاریش خۆی ماڵەکەی خۆی دەخوات بۆئەوەی ماڵێکی تازەی پێ دروست بکات. ماڵێکی شپرزی بێسەروبەر و پڕ لە ئاڵۆزی ﴿وَإِنَّ أَوۡهَنَ ٱلۡبُيُوتِ لَبَيۡتُ ٱلۡعَنكَبُوتِۖ﴾. بە هۆی لێکۆڵینەوە زانستییە نوێیەکانەوە تەواوی ئەم زانیارییانە لە بارەی ماڵی جاڵجاڵۆکەوە ئاشکرا بوە[٢].

---

[١] نمونەی ئەوانەی کە جگە لە خوای گەورە، کەسانێکی تر دەکەنە پشتیوانی خۆیان، وەك نمونەی جاڵجاڵۆکەیەك وایە کە ماڵێکی بۆ خۆی ساز کردبێت بە ڕاستی لاوازترینی هەموو ماڵەکان، ماڵی جاڵجاڵۆکەیە ئەگەر سەرنجیان بدایە و تێ بگەیشتنایە (چونکە ماڵی جاڵجاڵۆکە نە بناغە و نە دیواری هەیە، نە سەر و دەرگا و پەنجەرە، نە دەتوانێت بەرگەی با و باران و ڕووداوەکان بگرێت مێیەکەش نێرەکە لە ناو دەبات دوای جووت بوون، پاشان بێچوەکانیش دایکیان لە ناو دەبەن ا" العكبوت ٤١

[٢] بڕوانە:موسوعة الكحيل للإعجاز العلمي، بعنوان العنكبوت والملحد

قورئان بە شێوەیەکی زانستی، لاوازیماڵەکە نادادتە پاڵ تۆڕی جاڵجاڵۆکە بۆیە نەی فەرمووە (إن اوهن الخیوط) بەڵکوو فەرموویەتی ﴿أَوْهَنَ ٱلْبُيُوتِ﴾بەو پێیەی لاوازییەکەی تەنها لە پێکهاتەی تۆڕی جاڵجاڵۆکەکانەوە تیە بەڵکوو لە بنەڕەتی ماڵەکەوەیە کە لێوانلێوە لە ستەم و خیانەت و لاوازی، بۆیە دەبین خوای گەورە حاڵی هاوەڵپەیداکەران دەچوێنێت بە ماڵی پڕ لە ئاڵۆزی جاڵجاڵۆکە، لەگەڵ ئەوەی سوڕەتێکی نێو قورئان بە ناوی جاڵجاڵۆکە (ٱلْعَنكَبُوتِ) هاتوە، بەڵام قورئان تەنها لە ئایەتێکدا تیشک دەخاتە سەر جاڵجاڵۆکە و لە هیچ جێگەیەکی تردا ئاماژەی بە جاڵجاڵۆکە نەکردوە، تەنها لە چواندنی نەبێت بە هاوەڵپەیداکەران.

دەکرێت بپرسین بۆ چی سورەتێکی گەورە بە ناوی تاکە وشەیەکی نێو سورەتەوەکەوە هاتوە، دەبینین خوای گەورە لە سەرەتای سورەتەکەوە دەفەرموێت ﴿وَلَقَدْ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ فَلَيَعْلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَلَيَعْلَمَنَّ ٱلْكَـٰذِبِينَ﴾[1] " سەرەتای ئەم ئایەتە تیشک دەخاتە سەر (فتنە) تاقیکردنەوە وەک کەرەستەیەک بۆ لێک جیاکردنەوەی ڕاستگۆییان و درۆزنان، تاوەکوو ئەوەی موسوڵمان ئاگاداربن لەو ڕاستییەی کە ناکرێت تەنها بە زار بانگەشەی ئیمان بکەن و ئامادەساز نەبن بۆ تاقیکردنەوە، لە ڕووی هاوشێوەییەوە هاوشێوەیەکی بەرچاو هەیە لە نێوان تاقیکردنەوە و ماڵی جاڵجاڵۆکە، بەو پێیەی فیتنە وەک ماڵی جاڵجاڵۆکە چەندین پەتی لێک ئاڵێنراوی چڕ و پڕە، کە هیچیان لەوی تریان جیاناکرێتەوە، بەڵام دەبێت تاکی موسوڵمان ئەو ڕاستییە بزانێت کە دوای پەناگرتن و دەستگرتن بە بەرنامەی پەروەردگارە تەواوی فیتنە و تاقیکردنەوەکان تێدەپەڕن و بەهایەکیان نامێنێت. کەواتە لە کاتێکدا فیتنە وەک ماڵی جاڵجاڵۆکە ئاڵۆز و تێکەڵاوە لە هەمان کاتیشدا لاوازە، هەر بەم هۆیەوە سوڕەتەکە ناوبراوە بە سوڕەتی (العنکبوت). پرسیارێکی

---

[1] سوێند بەخوا بێگومان ئێمە ئەوانەی پێش ئەمانمان تاقیکردۆتەوە بە جۆرەها شێوە، تا خوای گەورە (لە جیهانی واقیعدا) ئەوانەی ڕاستیان کردووە دەرکەون، هەروەها درۆزنەکانیش دەبێت دەرکەون. "

لۆژیکییه گەر بپرسین موحەمەد ئەم وەردەکاری و زانیارییانەی لە کوێ دەستکەوت، گەر وەحی پەروەردگار نەبێت.

خـوای گەورە لە سـورەتی (النمـل) لە سـەر و بەنـدی چیرۆکـی سـولەیماندا دەفەرموێـت، ﴿حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ١٨﴾[1]

﴿قَالَتۡ نَمۡلَةٞ﴾ مێروولەیەک گوتی بۆچی بە (مؤنـث) مـێ هـاتوە؟ مێرولەیەکـی مێینە گوتی (قالت)؟ لە لێکۆڵینەوەی زانستی مێروناسی نوێدا باس لەوە دەکات کە مێینەکـانی مێـرولە بەرپرسـیارن لە پارێزگـاری و پاسـەوانی شـارە مێروەکـان، بە پێچەوانەوەی زۆرێک لە گیاندارانی ترەوە ئەم بابەتە کاری نێرینەکان نییە.

﴿قَالَتۡ نَمۡلَةٞ﴾ مێـروولەیەک گـوتی ئەم ئـایەتە تیشـک دەخـاتە سـەر قسـەکردنی مێروولە، زانستی مێرووناسـی نـوێ ئەو بـابەتەی پشتڕاسـتکردوەتەوە ئەو ڕاسـتییەی خستوەتە ڕوو کە مێروولەکان بە تەواوی قسەدەکەن.

﴿لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ﴾ خۆتـان کەنـار بگـرن و بچـنە کوناکـانەوە بـا سـولەیمان و سـەربازەکانی تێکتـان نەشـکێنن، دەبـوو گوتبـای بچـنە ژوور بـا سـولەیمان و سەربازەکانی پانتان نەکەنەوە، یان نەتان کوژن، کەچی گوتی بانەتان شکێنن، بەڵام زانسـتی مێرووناسـی نـوێ ئەو ڕاسـتییە پشتڕاسـتکاتەوە کە زیـاتر لە ٧٠٪ـی پێکهـاتەی جەسـتەی مێـروولە لە مـادەی (سـیلیکۆن) کە پێکهـاتەی سـەرەکی دروستکردنی شوشەیە پێـک دێنێـت، هەر بەو هـۆیەوە فەرموویەتی ﴿لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ﴾ " نەتـان شـکێنێت نەی گوتـوە بـا پانتـان نەکـاتەوە، ئەم یەکـانگیرییە زانسـتییە واتە بەکارهێنـانی کـرداری شـکاند لەگەڵ پێکهـاتەی شوشـە، مەحـاڵە ئەم زانسـتە وردە قسەی خودی موحەمەد بێت[2]

---

[1] هەتا گەیشتە دۆڵی مێروولە، مێروولە مێچکەیەک (هاواری کرد و) وتی: ئەهای مێروولەینە، بچنە ماڵ و کون و کەلەبەرەکانتانەوە نەوەکو سولەیمان و سەربازانی بتان شکێنن لە کاتێکدا هەستتان پێ ناکەن. النمل:١٨

[2] بڕوانە المعجزة والإعجاز في سورة النمل لعبد الحميد محمود طهماز.

٦- له قورئاندا وشەی (سراط) چلوپێنج جار دووبارە بوەتەوە، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و هەڵوێستەکردنە، ئەم وشەیە تەنها بە (مفرد) تاکی هاتوە، هیچ کات بە کۆ (جمع) نەهاتوە. وشەی (حق) لە ١٨٠ جێگەی قورئاندا هاتوە لە هەموو جێگەکاندا بە (مفرد) تاک هاتوە و هیچ کات بە جمع کۆ نەهاتوە. وشەی (الدين) لە حەفتا شوێندا بە تاک هاتوە، هیچ کات بە (جمع) کۆ نەهاتوە، بە هەمان شێوە وشەی (نور) هەمیشە بە (مفرد) تاک هاتوەو هیچ کات بە (کۆ) نەهاتوە.

وەک ئەوەی پەروەردگار لە ڕووی ئیعجازی (الفاظ) وە ئەو ڕاستییەمان پێ بڵێت کە ڕێگەی پەروەردگار و ئاینی پەروەردگار تەنها یەکە، تەنها یەک ڕێگە و یەک ڕووناکی و یەک حەق و یەک ئاینی حەق هەیە و هیچ کات نابنە دوو، ناکرێت زیاتر لە ڕێگەیەک هەبێت بۆ گەیشتن بە خوای پەروەردگار﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ ﴾[1] بەڵام (ظلمات) تاریکی لەبەر ئەوەی ڕێگاکانی تاریکی زۆرن و هەمەچەشنن هەمیشە بە کۆ هاتوە و بە تاک نەهاتوە.[2]

٧-یەکێکی تر لە ئیعجازەکانی قورئان ئەوەیە هەندێک جار تاک (مفرد) دەخرێتە شوێنی کۆ (جمع)ـە واتە شوێنەکە شوێنی کۆیە، کەچی لە بریی کۆ تاک بە کار هاتوە، بە پێچەوانەشەوە هەندێک جار شوێنەکە شوێنی کۆیە، بەڵام بە هۆکارێک تاک یان دووان (مثنى) بە کار هاتووە. لەم بارەیەوە چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو.

نموونەی بە کار هێنانی (مفرد) تاک لە بری کۆ (جمع)

لە هەندێک جێگەی قورئاندا پێش چاومان دەکەوێت لە جێگەی بەکارهێنانی (جمع) وشەیەکی (مفرد) بە کار هاتوە، هەڵبەت ئەمە شوێنی تێبینی کردنە، بەو

---

[1] آل عمران: ١٩

[2] بۆزانیاری زیاتر لەم بارەیەوە بڕوانە کتێبی:الإعجاز البياني في صيغ الألفاظ للدكتور محمد الأمين الخضري. :البرهان في علوم القرآن للإمام الزركشي.:التعبير القرآني للدكتور فاضل صالح السامرائي.

پێیەی لە زمانی عەرەبیدا دەبێت (مبتدأ، خبر) و سیفەت و مەوسوف لە ڕووی (تاک - کۆ)و (نێر —مێ)یە وە وەک یەک وابن. لە نموونەی ئەو جێگەیانەی کە دەبوو کۆ بە کار هاتبا، بەڵام تاک بە کار هاتووە لەوانە ﴿ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَٰجِنَا وَذُرِّيَّٰتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَٱجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴾[1] لێرەدا ڕاناوی کۆ (جمع) بە کار هاتووە، وشەی (متقین) کۆیە، دەبوو فەرمووبای (أئمة) بە (کۆ) بەڵام بە (تاک) فەرموویەتی (إماما). زەمەخشەری و ئالوسی دەفەرموون: " لەبەر ئەوە بە تاک هاتوە بەو پێیەی دەبێت موسوڵمانان یەک وشەو و یەک بۆ چوون یەک پێشەوایان هەبێت، هەر بۆیە خوای گەورەش بە یەک ئیمام و پێشەوا گێڕاویەتەوە، بۆیە فەرموویەتی ﴿إِمَامًا﴾ نەی فەرموو (الائمة)یەک ئیمام، یەک ڕێگا، یەک پێشەوا.

٨- هەر لە نموونەی ئەم بابەتە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت ﴿إِن تَتُوبَآ إِلَى ٱللَّهِ فَقَدْ صَغَتْ قُلُوبُكُمَا ۖ وَإِن تَظَٰهَرَا عَلَيْهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ مَوْلَىٰهُ وَجِبْرِيلُ وَصَٰلِحُ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ ۝ ﴾[2] لەم ئایەتەدا کاتێک خوای گەورە پشتیوانی خۆی بۆ پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت) دوویات دەکاتەوە، دەفەرموێت جوبرەئیل تەواوی فریشتەکان و پیاوباشان پشتگیر و پشتیوانی پێغەمبەرن، تەواوی ئەمانەوە پێکڕا دەبوو بە (جمع) هاتبان دەبوو وشەی (ظهراء) یان (ظهائر) بە کۆ هاتبا، بەڵام وەک دەبینین (ظهیر) تاک بە کار هاتوە، وەک دەفەرموێت ﴿بَعْدَ ذَٰلِكَ ظَهِيرٌ ﴾. بۆچی بەو شێوەیە هاتوە؟ هەڵبەت وەك زانایان ئاماژەیان پێکردوە، حیکمەتی هاتنی وشەی (ظهیر) بە تاک ئەوەیە وەک ئەوەی خوای گەورە بۆ پێغەمبەری ڕوون بکاتەوە کە

---

(1) ئەوانەش کە دەڵێن: پەروەردگارا لە هاوسەران و نەوەکانمان کەسانێکمان پێ ببەخشە کە ببنە مایەی ڕووناکی دیدەمان و شادمانی دڵمان و بمان کە بە پێشەنگ بۆ پارێزکاران و خواناسان. الفرقان:٧٤

(2)- ئەگەر هەردووکتان داوای تەوبە و پەشیمانی بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، ئەوە باشە، چونکە لەخشتە چوو بوو و ترازا بوو، خۆ ئەگەر پشتی یەکتر بگرن دژ بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ئەوە چاک بزانن کە خوا خۆی یاریدەدەرێتی و هەروەها جوبرەئیل و ئیمانداره چاکەکان. فریشتەکانیش لەوەودوا پشتیوانن بۆی" التحریم ٤

زاتی بەرزی و جوبرەئیل و تەواوی فریشتەکان و پیاوچاکان پێکڕا وەک یەک پشت و یەک دەست بەرگری لە پێغەمبەر دەکەن. بە دڵنیایی جگە لە قورئان ئەم قەشەنگی و لوتکەی پاراوی و ڕەوانبێژییە لە هیچ جێگەیەکی تر دەستناکەوێت.

٩-هەندێک جار شوێنەکە شوێنی بە کار هێنانی (مثنی) (دووان)ـە بەڵام بە تاکی هاتوە. وەک دەفەرموێت﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ وَأَنتُمۡ تَسۡمَعُونَ ﴾[1] لەم ئایەتەدا خودا و پێغەمبەر پێکەوە دەبنە دووان، بەڵام دواتر تاک بە کار دەهێنێت دەفەرموێت ﴿ وَلَا تَوَلَّوۡاْ عَنۡهُ ﴾ بە پێی بنەماکانی زمانی عەرەبی دەبوو لە بریی (عَنۡهُ) وشەی (عَنۡهُمَآ) بە کار هاتبا. خوای گەورە دەیەوێت لە پشتی ئەم ڕەوانبێژیەوە پێمان بڵێت بنەمای گوێڕایەڵی حەقیقی گوێڕایەڵی پێغەمبەریشە وەک گەیەنەری پەیامی حەقی پەروەردگار، گوێڕایەڵی کردنی واجبە، کە وایە گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر (درووودی خودای لێ ببێت) واتای گوێڕایەڵی پەروەردگارە گوێڕایەڵی پەروەردگار مەحاڵەو نایەتەدی بە بێ گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەر، بەو پێیەی گوێڕایەڵی یەکیان واتە گوێڕایەڵی ئەوی تریان ئیدی، زەمیرەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ یەکیان (تاک)، واتای ئەوەی گوێڕایەڵی هەرکامیان بێت ئەوی تریان لە خۆ دەگرێت.

هەر لە نموونەی ئەم بابەتە خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت﴿يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ لَكُمۡ لِيُرۡضُوكُمۡ وَٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَحَقُّ أَن يُرۡضُوهُ إِن كَانُواْ مُؤۡمِنِينَ ﴾[2] دیسان لێرەدا بە تاکی هاتوە، ئەم ئایەتەش دیسان دەیەوێت پێمان بڵێت جیاوازییەک نییە لە نێوان ڕازیکردنی خودا و پێغەمبەر، ڕازیکردنی هەریەکیان واتای ڕازیکردنی ئەوی تریانە کە وایە پێویست ناکات بە (مثنی) دوانی بێت. هەر بۆیە پەروەردگار لە جیاتی (عنهما) وشەی (عَنۡهُ) بە تاکیی بە کار هێناوە.

---

[1] " ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، فەرمانبەرداری خوا و پێغەمبەرەکەی بن و لە بەرنامەی ئەو پشت هەڵمەکەن. لەکاتێکدا ئێوە تێ دەگەن و دەبیسن. " الأنفال ٢٠

[2] دووڕووەکان، سوێندتان بە خوا بۆ دەخۆن تا بڕواتان پێ بکەن و ڕازی بن لێتان لەکاتێکدا کە حەق وایە خوا و پێغەمبەرەکەی ڕازی بکەن ئەگەر ئەوانە باوەڕدارن. . " التوبة:٦٢

هەر لەم چوارچێوەیەدا خوای گەورە لە جێگەیەکی تردا دەفەرموێت﴿ وَجَعَلْنَا ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةً ﴾" لێرەدا خوای گەورە عیسا و مەریەمی پاکیزەی دایکی دوو مرۆڤن، بە پێی بنەماکانی زمانی عەرەبی دەبوو خوای گەورە لە بریی (ءَايَةً) فەرمووبای (آیتین) وەک دەفەرموێت وەک ئەوەی لە چەندین شوێنی قورئاندا کاتێک باسی دوو ئایەت یاخود دوو نیشانەدەکات ﴿ ءَايَتَيْنِ ﴾وەک دەفەرموێت﴿ وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ ءَايَتَيْنِ ﴾ بەڵام لە ئایەتی . ﴿ وَجَعَلْنَا ٱبْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُۥٓ ءَايَةً وَءَاوَيْنَٰهُمَآ إِلَىٰ رَبْوَةٍ ذَاتِ قَرَارٍ وَمَعِينٍ ﴾[1]

بەتاک بەکاری هێناوە بەو پێیەی موعجیزەی مەریەم ئەوەیە کە بە بێ هاوسەر منداڵێکی بوو، موعجیزەی عیسا ئەوەیە کە بە بێ بوونی باوک لە دایک بوە، هەر دوو لایان تەواوکاری یەکتری موعجیزەی هەریەکیان واتای موعجیزەی ئەوی تریان تەواو کاری یەکترین، بەو پێیەی بوونی عیسا بە بێ باوک جگە لەوەی کە موعجیزەیە بۆ عیسا هاوکات موعجیزەیە بۆ مەریەمی دایکی کە بە بێ مێرد منداڵی بووە بۆیە بە تاک فەرموویەتی (ءَايَةً) نەی فەرمووە ﴿ ءَايَتَيْنِ ﴾

١٠-بە پێچەوانەوە هەندێک جار لە بریی ئەوەی (مفرد) بە کار بهێنێت (جمع) کۆی بە کار هێناوە. وەک خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَقَالُوا۟ لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ ۗ تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ ۗ قُلْ هَاتُوا۟ بُرْهَٰنَكُمْ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴾[2] "

لێرەدا دەبینین ئاواتەکەیان یەک دانەیە ئەویش بریتییە لە ﴿لَن يَدْخُلَ ٱلْجَنَّةَ إِلَّا مَن كَانَ هُودًا أَوْ نَصَٰرَىٰ ﴾ بەڵام خوای گەورە هیوا و ئاواتەکانیان بە کۆ ناو دەبات و

---

[1] هەروەها کوڕەکەی مەریەم و دایکیمان کردە بەڵگەو نیشانە (لەسەر توانایی خۆمان) و ئێمە هەردووکیانمان حەوانەوە لە شوێنێکی بڵندو خۆش و سازگار و ئاوداردا. المؤمنون: ٥٠

[2] . (جوولەکە و گاورەکان) دەڵێن: هەرگیز کەس ناچێتە بەهەشتەوە بێجگە لە جوولەکە یان گاور نەبێت یان، جا ئەوە ئاوات و خەیاڵی خۆیانە (تۆش ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم)، یان ئەی ئیماندار) پێیان بڵێ: ئەگەر ڕاستگۆن، بەڵگەتان لەسەر ئەم قسەیە بهێننە مەیدانەوە. البقرة ١١١

دەفەرموێت ﴿تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ﴾ بە کۆ هێناویەتی نەی فەرمووە (تلك أمنیتهم) بە (تاک) خوای گەورە تیشک دەخاتە سەر هیوا و ئاواتی جوولەکە و مەسیحییەکان کە خۆی لە شکستی موسوڵمانان و لاواز بوون و بێ توانایی دونیایی و ئازار و قوڕبەسەریی چوونە دۆزەخیان لە قیامەتدا خۆی دەبینێتەوە، بۆیە خوای گەورە فەرمووی ﴿تِلْكَ أَمَانِيُّهُمْ﴾ پاشان ڕوونتر وەڵامیان دەداتەوە و دەفەرموێت ﴿قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ﴾.

١١-هەندێک جار لە قورئاندا (مەد) دراوە بە وشەیەک کە پێچەوانەی قیرائەت و خوێندنەوەی (حەفص)ـە، وەک لە سوڕەتی (الفرقان) دا دوای ئەوەی قورئان تیشک دەخاتە سەر چەند تاوانێک کە بەندە ڕاسانەکانی خودا (عباد الرحمن) لێی دوورن دەفەرموێت ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانەن ﴿ يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا ﴾[1] چەند بەرانبەر سزای بە ئازار دەچێژن لە ڕۆژی دوایدا و لە ئاگردا دەمێننەوە بە سەر شۆڕی ﴿وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا﴾ وشەی (فِيهِ) (مەدی) وەرگرتووە بە پێچەوانەی خوێندنەوەی باوی حەفص، لەبەر ئەوەی ئەم مەدە پەیوەستە بە لایەنێکی واتاییەوە، واتا ئەو کەسانەی کە دەچنە دۆزەخەوە زۆر بە ناو دۆزەخدا ڕۆدەچن و زۆر زۆریش دەمێنەوە.

هەرلە نموونەی ئەم بابەتە ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ ۚ فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَىٰ نَفْسِهِ ۖ وَمَنْ أَوْفَىٰ بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴾ .[2] وشەی (عَلَيْهُ) کە لە خوێندنەوەی حەفصدا هەمیشە بە (کسر) هاتوە و

---

[1] . الفرقان: ٦٩

[2] " بێگومان ئەوانەی پەیمان دەدەنە تۆ ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) لەڕاستیدا تەنها پەیمان بەخوا دەدەن. . دەستی خوا لەسەر دەستیانەوەیە جا ئەوەی پەیمانەکە بشکێنێت و لێی پاشگەز ببێتەوە ئەوە لە سەر خۆی دەکەوێت و پەیمانی لەگەڵ خۆی شکاندووە ئەوەش کەپیمانەکە دەباتەسەر و پاشگەز نابێتەوە، لە سەر ئەو پەیمانەی بە خودای داوە ئەوە خوای باڵادەست لەئاییندەدا پاداشتی گەورەی پێ دەبەخشێت " الفتح ١٠

(مبني على الكسر) پەروەردگار کاتێک باسی پەیمانی موسوڵمانان دەکات بۆ پێغەمبەر دەفەرموێت﴿وَمَنْ أَوْفَىٰ بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهُ اللَّهَ فَسَيُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا﴾ دەبینی وشەی (عَلَيْهُ) لەم ئایەتەدا بە کەسر نەهاتوە بە ڕەفع هاتوە، لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە لە دەربڕین شێوە زمانی ئەهلی حیجازە کێشەیەکی تێدا نییە، بەڵام زیاد لەمە (علیه) بە ڕەفع واتاییەکی تر و نهێنییەکی تری لە خۆگرتوە، کە بریتییە لەوەی موسوڵمانان لە دۆخێکی سەخت و هەستیاردا بە توندی و بە ئەوپەڕی حەماسەتەوە توندترین بەیعەتیان دا بە پێغەمبەر، هەر بۆیە پەروەردگار توندترین حەرەکەی بۆ بە کار هێنان کە دەفەرموێت﴿عَلَيْهُ اللَّهَ﴾وەک ئاشکرایە لە زمانی عەرەبیدا (ضم) بۆ قورسییە، هەر لەبەر قورسیی بەیعەتەکە خوای گەورە بە﴿عَلَيْهُ اللَّهَ﴾گوزارشتی لێ کردوە[1].

دەپرسین ئایا دەکرێت ئەم قەشەنگی و ناسکی و موعجیزەو سەرسوڕهێنەرە گوتەو دەربڕینی مرۆڤەکان بێت، هەر لە ژێر کاریگەریی هێزی زمانی هەربۆیە زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بە ناچاری کاتێک دێنە سەر دابەشکاری زمانی عەرەبی تیشک دەخنە سەر ئەوەی کە زمانی عەرەبی بریتییە لە شیعر، پەخشان، قورئان، واتا پشتڕاستی دەکەنەوە کە زمانی قورئان نە شیعرە و نە پەخشانە بەڵکوو دونیاییەکی سەربەخۆی زمانەوانییە.

١٢-هەر لە چوارچێوەی جوانییەکانی قورئان لە ڕووی بە کار هێنانی وشەوە بابەتی پێشخستن و دواخستنەوە، ئەوەی لە زمانی عەرەبییدا بە (تقدیم و تأخیر) ناسراوە، بەو واتایەی هیچ وشە و پیتێکی قورئان نییە بۆ ئەوەی جوانتر بێت پاش و پێشی پێ بکەین، هەریەکێک لە وشە و پیتەکانی قورئان بە لوتکەی جوانییەوە لە شوێنی جێگەی گونجاوی خۆیاندان، بەو واتایەی ئەگەر تەواوی قورئان بگەڕێین نابینین پیتێک یان وشەیەک هەبێت لە جێگەی گونجاوی خۆیدا نەبیێت، یاخود

[1] بڕوانە روح البیان. آلوسي. سورة الفتح

بگوترێت گەر ئەم وشەیە یاخود ئەم پیتە لە شوێنی ئەو وشەیە یاخود ئەو پیتە بوایە باشتر بوو، پیت و وشەو ئایەتەکانی قورئان لە لوتکەی ئیستاتیکا و جوانیدان، لە هەڵبژاردنی وشەکان کاتێک دەفەرموێت﴿وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَآرِبُ أُخْرَىٰ﴾ یان ﴿لَا يَحْطِمَنَّكُمْ سُلَيْمَانُ وَجُنُودُهُ﴾ هەر وشەیەکی تر لە جێی ئەم وشانە بێت بە دڵنیایی نابنە جێگرەوەی واتا و جوانی و گشتگیریی ئەم وشانە. جوانی و ئیستاتیکای قورئان لە بابەتی ڕێکخستنی و شەکان و پاش و پێشیان لە لوتکەدایە کاتێک دەفەرموێت: ﴿يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ﴾[1]

لێرەدا زیندوو پێش مردوو خراوە بەو پێیەی زیندوو لە مردوو بەڕێزترە.

هەندێک جار وشەیەکی پێشخستوە بە سەر وشەیەکی تردا بەو پێیەی وشەی یەکەم هۆکاری دەستبەر بوون و بە دیهاتنی وشەی دووەمە وەک دەفەرموێت﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ﴾[2]دەبینین لە م ئایەتە پیرۆزەدا تۆبە پێش پاک بوونەوە کەوتوە، واتە تەوبە دەبێتە مایەی پاکبوونەوە، پاکبوونەوەش دەرئەنجامی تۆبەو گەڕانەوەیە بۆ لای پەروەردگار.

یان هەندێک وشە لە قورئان کە پێش هەندێکی تریان دەکەوێت، بەو پێیەی وشەی یەکەمین واتای زۆرینە دەدات بەدەستەوە، بەو واتایەی یەکەکانی ئەو زۆرترە تاوەکوو وشەی دوای ئەو وەک دەفەرموێت ﴿هُوَ الَّذِي خَلَقَكُمْ فَمِنكُمْ كَافِرٌ وَمِنكُم مُّؤْمِنٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾[3]وشەی (کافر) پێش وشەی (مؤمن) کەوتوە، مؤمن لای خودا بەڕێزترە دەبوو وشەی مؤمن پێش کەوتبا بەڵام بە هۆی زۆرییەوە وشە (کافر) پێشکەوتوە.

---

[1] الروم: ١٩

[2] البقرة:٢٢٢

[3] ئەوزاتە ئەوەیە ئێوەی دروست کردووە، جا هەتانە بێ باوەڕو هەتانە باوەڕدا، خوایش بینایە بەهەموو ئەو کاروکردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن. التغابن: ١ - ٢

هەندێک جاری تر بابەتی پێشخستن و دوا خستن پێوەندی بەو سیاق و دۆخەوە هەیە کەوشەکەی تێدا هاتوە، کاتێک باس لە هاوەڵانی ئەشکەوت ومانەوەیان بۆ ماوەیەکی زۆ لەو ئەشکەوتە دەکات دەفەرموێت ﴿لَوِ اطَّلَعْتَ عَلَيْهِمْ لَوَلَّيْتَ مِنْهُمْ فِرَارًا وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا﴾[1]

بۆچی هەڵهاتنی پێشی ترس خستوە، لە کاتێکدا وەک ڕوونە سەرەتا ترس دروست دەبێت پاشان ڕاکردن ڕوودەدات، واتە مرۆڤ دەترسێت پاشان هەوڵی ڕاکردن دەدات، نەوەک بە پێچەوانەوە، حەقیقەتی پێشخستنی ڕاکردن لێرەدا لەوەدایە ئەو گەنجانە لە ترسی خەڵکی و ستەمکاران هەڵاتن و لەو ئەشکەوتە نیشتەجێ بوون هەر بەوهۆیەوە پەروەردگار ئەو مەبەستەی پێدان و پاراستنی، هەر کەس ئەوانی دیتبا دەبوو سەرەتا هەڵاتبا، دواتریش ترسێکی زۆر گیانی دادەگرت بە شێوەیەک نەیدەتوانی جارێکی تر بچێتەوە بەلایاندا ﴿وَلَمُلِئْتَ مِنْهُمْ رُعْبًا﴾[2]

ئەم بابەتانە و هاوشێوەکانیان ئاڵقەیەکە لە زنجیرەی ئەو هەزاران نهێنییەی لە قورئاندا هەیە، کە بوونەتە دروستکردنی ئاسمانێکی فراوان لە قەشەنگی و جوانی، خەڵکانێک لەم ڕەوانبێژی و پاراوی و ئیستاتیکایە تێ دەگەن کە شارەزایی بەرچاویان لە زمانی عەرەبی و زانستەکانی زمانی لە نەحو و صەرف و بەلاغە و عەروز، زانستی دەنگەکان و ئەدەبی عەرەبی هەیە.

لە کۆتاییدا تێ دەگەین ئەم وردەکارییە کاری پەروەردگارە و کاری موحەمەد نییە کاری پەروەردگاری دروستکەری زەوی ئاسمانەکانە، (سەهلی کوڕی عەبدوڵڵای توستەری جوانی فەرمووە: (وکما أنه ليس لله نهاية فكذلك لانهاية لفهم كلامه"

---

[1] ئەگەر تۆ (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، ئەی ئیماندار) سەرێکت بکێشایە بۆ سەر دیمەنیان، ئەوە بە پەلە هەڵدەهاتیت و ترسێکی زۆر لە دیمەنیان دەچووە دڵتەوە. الكهف:١٨

(٢) بۆزانیاری زیاتر بڕوانە. :دلائل الإعجاز وة أسرار البلاغة للإمام عبد القاهر الجرجاني. البرهان في علوم القرآني الزركشي. معترك الأقران في إعجاز القرآن للسيوطي. بلاغة التقديم والتأخير في القرآن الكريم :علي أبوالقاسم عوض. لمسات بيانية للدكتور فاضل السامرائي

هەر وەک چۆن پەروەردگار کۆتاییەکی نییە، بە هەمان شێوە تێگەیشتن لە کەلامی پەروەردگار کۆتایی نییە " کە وایە وەک قورئان داوا لە تەواوی مرۆڤەکان دەکات ﴿أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴾[1] ئیدی پێگەی بەرزی قورئانە بە سەر تەواوی جیهان و وتەی تەواوی مرۆڤەکان، ئەو قورئانەی پەروەردگارە کە بەدرێژای ١٤٠٠ ساڵە تەحەدا دەکات و لێوانلێوە لە موعجیزە، وەک ئیبن عەبباس قورئان دەکات بەچوار بەشەوە دەفەرموێت، بەشێکیان نهێنی گەلێکن کە ئەستەمە هەتا رۆژی قیامەت هیچ کەسی پەی پێبەرێت.

(١) محمد: ٢٤

تۆمەتەكان لە بارەی قورئانەوە

یەكەم: موحەمەد دانەری قورئانە

یەكێک لەو تۆمەتانەی بەدرێژای مێژوو ئاراستە قورئان و خودی پێغەمبەر دەكرێت، بابەتی پاڵدانی قورئانە بۆ لای موحەمەد، هەر لە سەردەمی قوڕەیشییەكانەوە تاوەكوو قۆناغەكانی دواتر، زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناسان و بێباوەڕان و تانەدەران ئەم تۆمەتەیان خستووەتە ڕوو، دواتر بە شێوەیەكی لۆژیكی بەرپەرچی هەریەكێک لە و گومانانە دەدەینەوە مولحیدان گومانی ئەوە دەخەنە ڕوو كە قورئان دروستكراوی دەستی موحەمەد خۆیەتی، مولحیدەكان بەو پێیەی باوەڕیان بە خودایەكی دروستكەری ئەم گەردوونە نییە، جوولەكە و مەسیحیەكانیش وەک كەرەستەیەكی دژایەتیكردنی پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت) ئەم تۆمەتەی دەخەنەپاڵ، مولحیدەكان و جوولەكە و مەسیحییەكان هەریەكیان بەئاراستەیەكی دیاریكراو بەكەرەستەی جیاواز دژایەتی قورئان دەكەن و تانە و گومانەكانیان لەم بارەیەوە دەخەنە ڕوو.

جارێک باس لەوە دەكەن موحەمەد بەزیرەكیی خۆی ئەم كتێبەی نووسیوە! جارێكی تر باس لەوە دەكەن موحەمەد بە سوودوەرگرتن لە ساحیر و ئەستێرەناسەكانی پێش خۆی ئەم قورئانەی نوسیوە. هەندێكی تریشیان باس لەوە دەكەن ئەوەی موحەمەد هێناویەتی ڕۆشنبرییەكی نوێ بوە سەرچاوەكەی ڕەوانبێژی و زمانپاراوی موحەمەد بوە، دواتر كۆمەڵێک خەڵكی سادەو ساویلكە و كەم عەقڵ باوەڕیان پێ هێناوە، هەڵبەت ئەم تۆمەتانە و هاوشێوەكانی تۆمەتگەلی نوێ نین، بەڵكوو هەمان تۆمەتی موشریكەكانی سەردەمی پێغەمبەر خۆیەتی وەک قورئان بەڕوونی باسی لێوەدەكات ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ إِفْكٌ ٱفْتَرَىٰهُ وَأَعَانَهُۥ عَلَيْهِ قَوْمٌ ءَاخَرُونَ﴾ [1] قورئان لێرەدا دوو تۆمەتی ئەوان دەخاتە ڕوو، یەكەمیان دروستكردنی لە لایەن

---

[1] ئەوانەی بێ باوەڕ بوون وتویانە: ئەم قورئانە درۆیەک نەبێت كە (محمد صلی الله علیه وسلم) خۆی هەڵیبەستووە، شتێكی تر نییە، كەسانی تریش یارمەتیانداوە الفرقان: ٤

موحەمەد خۆیەوە، دوەمیان پشتبەستنی بەهاوکاری ئەوانی دی. جارێکی تر تۆمەتباری دەکەن بەشێتی و درۆکرد بەناوی خوداوە وەک قورئان دەگێڕێتەوە﴿ أَفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَم بِهِۦ جِنَّةٌۢ ﴾[1]

هەر لەم چوارچێوەیەدا زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناسان بەشوێن پێهەڵگرتنی بێباوەڕانی پێشوو ئەم تۆمەتەیان دووبارە کردوەتەوە، ڕۆژهەڵاتناس و ئەدیبی بەریتانی (جۆرج وێلز) لە کتێبی (معالم تاريخ الإنسانية) دا دەڵێت (موحەمەد خۆی ئەم قورئانەی هەڵبەستووە) یولیوس فلهاوزن دەڵێت: (قورئان لە لایەن موحەمەدەوە هاتوە.)[2] لێکۆڵەری فەڕەنسی (گۆستاف لۆبون) دەڵێت " موحەمەد خۆی قورئانی نوسیوە"[3] دواتریش بەدرێژای مێژوو زۆرێکی زۆر لە بێباوەڕان و ڕۆژهەڵاتناسان و نەیاران چەندین ڕەخنەی جۆراوجۆریان گرتوە، بەڵام ئەوەی خاڵی هاوبەشی هەموویانە باس لەوە دەکەن گوایە ئەو قورئانەی موحەمەد هێناویەتی دوور ونزیک پێوەندی بە ئاسمانەوە نییە، موحەمەد خۆی هێناویەتی، هەوڵ دەدەین بە کورتی لە چەند خاڵێکدا وەڵامی ئەم تۆمەتە بدەینەوە.

یەکەم: خوای گەورە لە قورئاندا بەرپەرچی ئەم بۆچوونەی داوەتەوە بەرگرییەکی توند لە قورئان دەکات و دەفەرموێت﴿ وَمَا كَانَ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ أَن يُفْتَرَىٰ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ ٱلْكِتَٰبِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾[4] خوای گەورە لەم ئایەتەدا بەڕوونی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەم قورئانە لە لایەن پەروەردگارەوە هاتوە، هیچ مرۆڤێک ناتوانێت بە ناوی پەروەردگارە وەک کەلامی

---

[1] ئایا درۆ بەناوی خواوە هەڵدەبەستی، یا شێت بووە؟! سبأ: ٨

[2] بڕوانە کتێبەکەی خۆی: (تاريخ الدولة العربية)

[3] بڕوانە حضارة العرب. غوستاف لوبون وەرگێڕانی عادل زعيتر لا ١١١

[4] وەنەبێت ئەم قورئانە لەلایەن کەسێکەوە داڕێژرا بێت و هەڵبەسترا بێت جگە لەخوا، بەڵکوو ڕاستی و ڕەوانی کتێبە ئاسمانییەکانی پێش خۆشی دوویات دەکاتەوە، هەروەها ڕوونکەرەوەی بیر و باوەڕ و ئەرکەکانە، بەڕاستی هیچ گومان لەوەدا نیە کە ئەم قورئانەلەلایەن پەروەردگاری هەموو جیهانەوە ڕەوانەکراوە. یونس: ٣٧

پەروەردگار هەڵببەستێت، موحەمەدیش وەک هەموو ئەوانی تر مرۆڤ بوە، دەکرێت بپرسین ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەن خودی موحەمەدەوە بوە، چۆن بەرپەرچی خۆی دەداتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ناکرێت ئەم کتێبە لە لایەن مرۆڤەکانەوە دروست بکرێت؟! لە چوارچێوەی بەرپەرچدانەوەی نەیاران و هەوڵدان بۆ خستنە رووی دەقەکانی قورئان وەک بەڵگەو کەرەستەی بەرگری بۆیە کەرەستەی دی بە کار دەهێنین و خۆمان بەدوور دەگرین لەم جۆرە هەوڵانە.

دوەم: پشتڕاستکردنەوەی قورئان لە لایەن موحەمەدەوە پشتڕاستکردنەوەیەکی دانپێدانانە، نەوەک بانگەشەیی، بەو واتایەی موحەمەد دانی بەوەدا ناوە کە ئەم قورئانە لە لایەن پەروەردگارەوەیە، نەوەک بانگەشەی کردبێت کە لە لایەن خۆیەتی، هەربۆ روونکردنەوەی ئەم بابەتە، کەسێک بچێتە لای دادوەرێک ئەوەی بۆ روون بکاتەوە کەسێک هاتوە و پەیامێکی هێناوە خەڵکانێکی زۆر شوێنی کەوتن و پشتگیری لێدەکەن و بوونەتە پەیڕەوکار و لایەنگری ئەو، بەڵام ئەو کەسە دەڵێت کە ئەو خاوەنی ئەو پەیامە نییە، خاوەندارییەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردگار، ئایا ئەم بابەتە پێی دەگوترێت (الإدعاء) یان (الإقرار) بەدڵنیایی پێی دەگوترێت (الاقرار) پشتڕاستکردنەوە، لە یاسادا (الإقرار) ڕاستەوخۆ قەبوڵە و پێویستی بە بەڵگە نییە، بەڵام (دعوی) پێویستی بە بەڵگەیە، موحەمەد بە ئاشکرا دانی بەوە دانا و کە ئەم قورئانە کەلامی ئەو نییە خاوەندارێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردگار، لۆژیکی نییە کەسێک خۆی بەدوور بخاتەوە لە بەنرخترین بابەت و بەهێزترین خاڵی بەرەنگار بوونەوەی خۆی کە خەڵکی دەیان دایە پاڵ ئەو، کەچی ئەو نکۆڵی لێ بکات و بڵێت هی من نییە.

سێیەم: لە چەندین شوێنی قورئاندا بەرپەرچی موحەمەد دراوەتەوە، لە هەندێک شوێندا سەرکۆنەکراوە، و ڕەخنەی لێ گیراوە، لە هەندێک شوێنی تردا گوتاری قورئانی پێچەوانەی سروشت و ئارەزووی موحەمەد فەرمان و ڕێگریکردن

دەردەکات، لەوانە کاتێک دوو ڕووەکان لە جەنگی تەبوکدا داوای ڕووخسەتیان لە پێغەمبەر کرد کە نەیەن بۆ جەنگ ئەویش ڕوخسەتی دان، بەڵام دواتر بە هۆی ئەم کارەیەوە دووچاری ڕەخنەی خودایی هات ﴿عَفَا ٱللَّهُ عَنكَ لِمَ أَذِنتَ لَهُمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكَ ٱلَّذِينَ صَدَقُوا۟ وَتَعْلَمَ ٱلْكَـٰذِبِينَ﴾[1]

هەندێک جار قورئان پێچەوانەی سروشتی مرۆڤیی موحەمەد فەرمانی پێ کردوە، واتە فەرمانی شتێکی کردوە کە موحەمەد بەسروشتی مرۆڤبوونی خۆی نەی ویستوە و ئارەزووی نەکردوە، لەوانە فەرمانی خواستنەوەی خێزانی زەید، وەک دەفەرموێت﴿وَإِذْ تَقُولُ لِلَّذِىٓ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَأَنْعَمْتَ عَلَيْهِ أَمْسِكْ عَلَيْكَ زَوْجَكَ وَٱتَّقِ ٱللَّهَ وَتُخْفِى فِى نَفْسِكَ مَا ٱللَّهُ مُبْدِيهِ وَتَخْشَى ٱلنَّاسَ وَٱللَّهُ أَحَقُّ أَن تَخْشَىٰهُ ۖ فَلَمَّا قَضَىٰ زَيْدٌ مِّنْهَا وَطَرًا زَوَّجْنَـٰكَهَا﴾[2] لێرەدا وەک زانایانان دەفەرموون گەر بڕیار بێت پێغەمبەر (دروودی خودای لێ ببێت) شتێک بشارێتەوە ئەوا بەدڵنیایی ئەم ئایەتەی دەشاردەوە، بەو پێیەی ئەوەی لە دڵیدایە لە لایەن خوای گەورەوە ئاشکرا دەکرێت، پێغەمبەر لە ناخەوە تەواو نیگەران بوو بەوەی خێزانی زەید بخوازێت کە خۆی بەخێوی کردوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لە نێو عەرەبەکاندا کارێکی لەم شێوەیە نەنگییەکی گەورە بوو، بەڵام بە پێچەوانەی سروشتی موحەمەد و باوی کۆمەڵگەی عەرەبیی، خوای گەورە فەرمانی پێ دەکات.

هەندێک جار بووە پێغەمبەر (دروودی خودای لێ ببێت) بە هۆی خێزانەکانییەوە شتێک حەرام دەکات لە سەر خۆی بەڵام خوای گەورە بەرپەرچی دەداتەوە، و

---

[1] التوبة: ٤٣

[2] تۆ ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) کاتێ بەو کەسەی کە (زید) ەو خوا نیعمەتی ئیمانی پێبەخشیوە، تۆش نیعمەتی ئازادی و پەروەردەت لە نزیکی خۆتەوە پێداوە دەڵێت: هاوسەری خۆت بهێڵەرەوە لای خۆت کە (زەینەب)ە، لە خوا بترسەو (تەڵاقی مەدە)، وە شتێک لە دڵ و دەروونی خۆتدا دەشاریتەوە کە خوا دەیەوێت ئاشکرای بکات، لە خەڵکی دەترسیت، (لەبەر ئەوە) کاتێ کە زەید خواستی و بوو بە هاوسەری (پاشان ڕێک نەکەوتن و جیابوونەوەو تەڵاق کەوتە نێوانیان)، ئێمە (زەینەب)مان لە تۆ مارەکرد الأحزاب: ٣٧

ڕەخنەی لێ دەگرێت و سەرکۆنەی دەکات وەک دەفەرمویت ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ لِمَ تُحَرِّمُ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكَۖ تَبۡتَغِي مَرۡضَاتَ أَزۡوَٰجِكَۚ ﴾[1] یان لە ڕووداوی گفتوگۆی لەگەڵ عەبدوڵلای کوڕی ئوم مەکتوم، خوای گەورە ڕەخنەی لێ دەگرێت و دەفەرمویت ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ١ أَن جَآءَهُ ٱلۡأَعۡمَىٰ ﴾[2] یاخود ڕەخنەگرتی لە پێغەمبەر بە هۆی داوای لێخۆشبوون کردنی بۆ هاوبەشی پەیداکەران ﴿ مَا كَانَ لِلنَّبِيِّ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن يَسۡتَغۡفِرُواْ لِلۡمُشۡرِكِينَ ﴾[3] تەواوی ئەم ئایەتانە و چەندین ئایەتی تر ڕەخنەن لە موحەمەد، لۆژیکی نییە موحەمەد قورئانێک لە لایەن خۆیەوە بێنێت دواتر لە ناو دێڕەکانیدا ڕەخنە و سەرکۆنەی خۆی بکات. هەر لەم چوارچێوەیەدا بەشێک لە ڕۆژهەڵاتناسە خاوەن ویژدانەکان ئەم بابەتەیان پشتڕاستکردوەتەوە، دکتۆر (لاینتر) لەم بارەیەوە دەڵێت: لە کاتێکدا سەیری قورئان دەکەم دەبینم وەحییەکی توند بە ڕەخنەی توند دادەبەزێتە سەر موحەمەد، دڵنیا دەبمەوە لەوەی کە ئەم قورئانە لە لایەن موحەمەدەوە نییە، ئەگەر هی خۆی بایە، بۆچی ڕەخنە لە خۆی دەگرێت و بەرپەرچی خۆی دەداتەوە. "

ڕەخنەکانی خودا لە موحەمەد واتای ئەوەی خودا قەبوڵی نییە بچوکترین هەڵە لە لایەن موحەمەدەوە دەربچێت، موحەمەد جگە لە گەیەنەرێک زیاتر شتێکی تر نییە، لە هەر جێگەیەک پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت) خەریک بووبێت لا بدات، ڕاستەوخۆ پەروەردگار ڕاستی کردوەتەوە.[4]

چوارەم: گریمان ئەم قورئانە، گوتەی موحەمەد خۆیەتی و بەناڕەوا داویەتییە پاڵ پەروەردگار، دەپرسین بۆچی موحەمەد تەواوی گوتەکانی تری نەداوەتە پاڵ خودا، موحەمەد جگە لە قورئان چەندین گوتەی تری هەیە بۆچی ئەوانەی

---

[1] التحريم: ١

[2] عبس: ١ - ٢

[3] التوبة: ١١٣

(٤) بڕوانە کتێبەکەی دین الاسلام. لاینتر، ترجمة عبد الوهاب سليم لا٣٢

نەداوەتە پاڵ خودا، بۆچی بۆ گوتەکانی تریش نەی گوتوە ئەمانەش گوتەی پەروەردگارن؟ یان دەکرێت بپرسین بۆچی لە یەک ناچن؟ ئەوان دەڵێن قورئان گوتەی موحەمەدە، هەموولایەک کۆدەنگین لە سەر ئەوەی کە فەرمووده گوتەی موحەمەد خۆیەتی، بۆچی قورئان و فەرمووده لە یەکتری ناچن، فەرمووده گوتەی پێغەمبەر خۆیەتی، هیچ کات فەرمووده لە هیچ ڕوویەکەوە هاوشێوەی قورئان نییە، نە لە پاراوی و نە لە ڕەوانبێژی و نە لە ڕاکێشانی هەستی گوێگردا، نە لە پەیمانی پاراستنی.

پێنجەم: لە هەندێک دۆخدا موحەمەد پێویستیەکی زۆری بە قورئان هەبووە وەک کەرەستەیەک لە پێناو بەرپەرچدانەوەی نەیارانی، بەڵام لەو کات و ساتانەی کە ئەو پێویستی بوە قورئان دانەبەزیوە، گەر لە لایەن خۆیەوە بوایە بەدڵنیاییی لە دۆخێکی ئاوادا بەکاری دەهێنا، لە ڕووداوی تۆمەتبارکردنی دایکمان عائیشە کە بە ڕووداوی (الإفك) ناسراوە، لە دۆخێکی وادا پێغەمبەر (درودی خودای لێ بێت) زۆر پێویستی بەوە بوو ئایەتێک دابەزێت شەرەفی بپارێزت و ڕاستی ئەم بابەتە ڕوون بکاتەوە، بەڵام ماوەیەکی زۆر هیچ ئایەتێکی قورئان دانەبەزی، لەو ماوەیەدا موحەمەد هیچی نەگوت بە ناوی خوداوە، گەر گوتەی خۆی بوایە بەدڵنیاییی لەو ماوەیەدا سودی لێ وەردەگرت، وەک بەڵگەی دەم کوتکەر دەیخەستە بەردەم تۆمەتبارکەران، لۆژیکی نییە ئەم قورئانە لە لایەن موحەمەدەوە بێت، بەڵام لە کاتێکدا کە تۆمەت بۆ هاوسەرەکەی هەڵدەبەسترێت سودی لێ وەرنەگرێت، چاوەڕێ بێت تا ئەو کاتەی پەروەردگار لە سەرەتاکانی سوڕەتی (النور)دا بەرگری لە شەرەفی بکات. هەر لەم بارەیەوە ڕووداوی گۆڕینی قیبلە یەکێکی ترە لەو بابەتانەی کە جێگەی هەڵوێستەکردنە، وەک لە فەرموودەی (بەڕائی کوڕی عازیب)داهاتوە، پێغەمبەر لە سەرەتاوە پێی خۆش بوو لە نوێژەکانیدا لە جیاتیی (مسجد الاقصی) ڕوو بکاتە کەعبە، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر لە چاوەڕوانی پاشان خودا قیبلەی نوێژی گۆڕی بۆ کەعبە، گەر قورئان لە لایەن موحەمەد خۆی بوایە، دەبوو دەمو

دەست قیبلەی گۆڕیبا بۆ کەعبە، بەڵام موحەمەد بە هیچ شێوەیەک مافی قسەکردنی نییە لە بارەی بابەتێکەوە کە پەروەردگار خۆی نەی فەرمووبێت، بڕیاری پەروەردگارە کاتێک دەفەرموێت ﴿ وَلَوْ تَقَوَّلَ عَلَيْنَا بَعْضَ الْأَقَاوِيلِ ۝ لَأَخَذْنَا مِنْهُ بِالْيَمِينِ ۝ ثُمَّ لَقَطَعْنَا مِنْهُ الْوَتِينَ ۝ فَمَا مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ عَنْهُ حَاجِزِينَ ﴾ ئەم ئایەتە گەورەترین هەڕەشەیەن لە لایەن پەروەردگارەوە لەو قورئانەی کە نەیاران باس لەوە دەکەن گوایە کاری موحەمەد خۆیەت.

شەشەم: هەندێک جار پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت) چاوەڕێی کردوە تاوەکوو ئایەتێک بە تەواوی ڕوون بوەتەوە، وەک ئەو ئایەتەی سوڕەتی (البقرة) ﴿ وَإِن تُبْدُوا مَا فِي أَنفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُم بِهِ اللَّهُ ﴾[1] ئەم ئایەتە ئەوە دەخاتە ڕوو ئەوەی ئاشکرا و ئەوەی بەدڵتاندا دێت لێپرسینەوەتان لێ دەکرێت، بڕیارێکی لەم شێوەیە لای پێغەمبەر و هاوەڵان تەواو گران بوو، لێ پرسینەوە لە بابەتەکانی ناو دڵ تەواو دژوارە، هیچ کەس لێی دەرباز نابێت، هاوەڵان هاتن بۆ لای پێغەمبەر و نیگەرانی خۆیان لەم بارەیەوە نیشان دا، پێغەمبەریش (دروودی خودای لێ بێت) فەرمووی بڵێن (سمعنا و أطعنا) ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەن خودی موحەمەدەوە بوایە، ئەو ماوە زۆرە چاوەڕێی نەدەکرد و ڕاستەوخۆ ئایەتی دواتری دەخستە ڕوو ﴿ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ﴾[2] دواتریش خوای گەورە ئایەتەکانی تری ناردە خوارەوە ئەم ئایەتەی نەسخ کردەوە و بابەتەکەی لە سەر ئاسان کردن.

حەوتەم: قورئان لە چەندین شوێندا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە موحەمەد خوێنەواری نەبوو و نەیزانییوە بنوسێت و بخوێنێتەوە ﴿ مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا

---

[1] البقرة: ٢٨٤

[2] البقرة: ٢٨٦

ٱلْإِيمَٰنُ ﴾[1]﴿ هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّۦنَ رَسُولًا ﴾[2] مرۆڤێــک کە توانـــای خوێنـــدنەوە و نوسـینی نەبێـت ئیتـر چـۆن دەتوانێـت شـاکارێکی گەورەی بەپێـزی وەک قورئـان پێشکەش بکات.

هەشـتەم: گریمـان قورئـان پێوەنـدی بە ئاسـمانەوە نیـیە و لە لایەن خـودی موحەممەد خۆیەوە داڕێژراوە. لۆژیکی نییە ماوەی چواردە سەدەیەک هیچ کەس نەی توانیبێت کتێبێکی وەک ئەوەی موحەممەد بنوسێت، ئایا بلیمەتی و زیرەکی موحەممەد لە توانایی و بلیمەتیی هەموو خەڵکی زیاتر بوە و زیاترە؟

نۆیەم: ئەو قورئـانەی کە ئێـوە دەیـدەنە پـاڵ مـوحەمەد هەواڵـدانی بەچەنـدین بابەتی داهاتووی تێدایە کە دواتر هەمـوو ئەو بابەتـانە بەڕاسـتی و دروسـتی و بـێ کەمو کورتی هاتوونەتە دی، هەموو مرۆڤێکی ژیر دەزانێت کە هەواڵدان بە باتەکانی داهاتوو هاتنە جێیان بەتەواوەتی لە توانای مرۆڤدا نییە، کاتێک ئایەتی ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴾[3] ئەم ئایەتە هەواڵدانە بەوەی کە هەتا کۆتایی دونیـا ئەم قورئانە وەک خۆی و بە پارێزراوی دەمێنێتەوە، ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەن خـودی موحەمەدەوە بێت چۆن دەتوانێت ئەم تەحەدا گەورەیە بکات!؟

---

[1] الشورى: ٥٢

[2] الجمعة: ٢

[3] الحجر: ٩

دەیەم: هەواڵدان بە بابەتەکانی پەنهانی پێشوو

خوای گەورە لە سەروبەندی خستنەڕووی چیرۆکی نوحدا دەفەرموێت ﴿تِلْكَ مِنْ أَنبَآءِ ٱلْغَيْبِ نُوحِيهَآ إِلَيْكَ ۖ مَا كُنتَ تَعْلَمُهَآ أَنتَ وَلَا قَوْمُكَ مِن قَبْلِ هَٰذَا ۖ﴾[1] هەواڵـــــدان بە چیرۆکـی مەریەم و موسـا و صـاڵح و تەواوی ڕووداوەکـانی تـر، ئەوەی دەگوترێـت موحەمەد ئەم زانیاریانەی لە جوولەکە و مەسـیحییەکانەوە وەرگرتـوە، مـوحەمەد لە پێشتردا جوولەکە و مەسیحی نەبوە، هەنـدێک جـار ئەو زانیارییـانەی خسـتنونیەتە ڕوو زانیـای زۆر ورد بـوون بە دیـاریکراوی ژمـارەی سـاڵەکانی دیـاریکردوە لەوانە باسـکرد لە نـۆ سـاڵ و سێ سـەد سـاڵ، حەوت سـاڵ لە سـەروبەندی باسـکردنی چیرۆکە قورئانییەکان.

یازدەم: یەکدەنگ نەبوونی نەیاران و ڕەخنەگران لە بارەی موحەممەدەوە

ئەوەی جێگەی هەڵوێستەکردنە نەیارانی موحەمەد (دروودی خودای لێ بێت) بەدرێژای مێـژوو تـاوەکوو ئێستایشـی لەگەڵ بێـت خـاوەنی گوتـارێکی یەکگرتـووی دژایەتیکاری دژی موحەمەد نین، نەیان توانیووە تۆمەتێکی یەکلاییکەرەوە ئاڕاستەی مـوحەمەد بـکەن، چەنـدین تـۆمەتی جۆراوجۆریـان لەم بـارەیەوە خسـتووەتە ڕوو بەشێکیان باس لەوە دەکەن کە مـوحەمەد بەزیرەکـی خـۆی ئەم قورئـانەی هێنـاوە، بەشێکی تریان دەڵێن ساحیرە، هەندێکی تریـان دەڵـێن شـاعیرە، پرسـیارەکەی ئـێمە ئەوەیە کە قورئان لە لایەن موحەمەدەوە هاتووە چۆن هێناویەتی؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە تا ئێستایشی لەگەڵ بێت نەیاران و ڕەخنەگران بێ توانان لە وەڵامیدانەوەی.

---

[1] ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) ئەو باسـانەی بۆمان کردیت لە هەواڵـە نادیارەکانـە کـە بـۆت دەنێـرین، نەتۆ دەتزانی و نە هۆز و نەتەوەکەشت پێش ئەم باسـەی ئێمە، جا خۆگر و بـە ئـارام ببـە، چونکـە بەڕاسـتی پاشـەڕۆژ بۆ خواناس و پارێزکارانە هود: ٤٩

دووەم: موحەمەد ئەم کتێبەی لە خەڵکی ترەوە وەرگرتوە

جارێکی تر تۆمەتی ئەوە دەدەنە پاڵ موحەمەد کە گوایە بەسود وەرگرتن لە تەورات و ئینجیل و کتێبە ئاسمانییەکانی تر قورئانی نوسیوە، وەک ڕۆژهەڵاتناسی جوولەکە (جولد تسهیر) دەڵێت " ئەوەی موحەمەد هێناویەتی هەڵبژاردەی ئایینەکانی پێش خۆیەتی" [1] هەر لەم چوارچێوەیەدا، (کۆنت هنری) لە کتێبی (الإسلام سوانح و خواطر) [2] دەڵێت موحەمەد خوێنەواری هەبوە و لە تەورات و ئینجیلەوە زانیارییەکانی وەرگرتوە، ڕۆژهەڵاتناسان و ڕەخنە گران و لێکۆڵیارانی جوولەکە و مەسیحی و بێباوەڕان بۆ سەلماندنی ئەم بۆ چوونە چەندین کتێبیان نووسیوە. سەرەتا خوای گەورە وەڵامی ئەم جۆرە تۆمەتانەی داوەتەوە وەک دەفەرموێت ﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّهُمْ يَقُولُونَ إِنَّمَا يُعَلِّمُهُ بَشَرٌ ﴾ [3] یان ﴿ وَمَا كُنتَ تَتْلُوا مِن قَبْلِهِ مِن كِتَابٍ وَلَا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ ﴾ [4] زیاد لەوەی قورئان بەرگرییەکی توند دەکات لەم لایەنەوە، بەڵام چەند بەڵگەیەکی عەقڵی لە پێناو هەڵوەشاندنی ئەم گومانە دەخەینەڕوو.

- تەورات و ئینجیل لە سەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خودای لێ بێت) وەرنەگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی، بەو پێیەی بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا لە سەردەمی عەبباسییەکاندا تەورات و ئینجیل وەرگێڕدرانە سەر زمانی عەرەبی وەک ئەوەی زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناسان ئاماژەی پێ دەکەن، لۆژیکی نییە موحەمەد قورئانی لە تەورات ئینجیل وەرگرتبێت لە کاتێکدا تەورات و ئیجیبل بەزمانی عەرەبی

---

[1] بڕوانە (کتاب القرآن الکریم في مواجهة المادیین الملحدین)لا ٩٣

[2] بڕوانە (رد افتراءات المبشرین علی آیات القرآن الکریم) لا ٢٦٣

[3] سوێند بە خوا ئێمە بەڕاستی دەزانین بێ باوەڕان دەڵێن: ئەم قورئانە تەنها کەسێك فێری دەکات النحل: ١٠٣

[4] تۆ ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پێش ناردنی ئەم قورئانە هیچ کتێبێکت نەدەخوێندەوە، بە دەستی خۆیشت هیچ شتێکت نەنووسیووە، (چونکە نەخوێندەوار بوویت)العنکبوت: ٤٨

بوونیان نەبوە، مەگەر بۆ پینەکردنی ئەم بۆ چوونە درۆیەکی تر بخەنەڕوو بەوەی گوایە موحەممەد فێری ئەم زمانە بیانیانە بوە دواتر توانیویەتی تەورات و ئینجیل بخوێنێتەوە، ئەمەیش بانگەشەیەکی تەواو نالۆژیکییە.

- زۆرێک لە ئایەتەکانی قورئان بە هۆی هۆکارێکەوە دابەزیوون، بەو واتایەی ڕووداوێک ڕوویداوە دواتر ڕاستەوخۆ لە هەمان کات و ساتدا ئایەتێکی قورئان دابەزیوە، ئەگەر بڕیار بێت موحەممەد ئەو ئایەتانەی لە تەورات و ئینجیلەوە وەرگرتبێت ئەوا دەبوو ماوەیەک بگەڕایە پاشان ئەوەی هەبوو بیخستایەتە ڕوو. بەڵام پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت) ڕاستەوخۆ لە هەمان کاتدا ئایەتی بۆ دابەزیوە.

- دەکرێت بپرسین کاتێک موحەممەد تەحەدا دەکات هاوێنەی ئەم قورئانە بێنن، بیری لەوە نەکردوەتەوە کە خەڵکی بگەڕێنەوە سەر ئەو سەرچاوانەی کە قورئانی لێوە وەرگرتوە و تەواوی بابەتەکان ئاشکرابن و ئیتر هەمووشت کۆتا بێت، کاتێک موحەممەد قورئانی لە جوولەکەی مەدینە و نەصرانییەکانی شامەوە وەرگرتوە، ئیتر بۆچی هیچ یەکێک لەوان نەیان گوت موحەممەد ئەم قورئانەی لە ئێمەوە وەرگرتوە؟ تۆمەتی ئەوە دەخەنە ڕوو گوایە بەشێک لە ڕێسا و یاساکانی نێو قورئان هاوشێوەی شەریعەتی نێو تەورات و ئینجیلە. لە ڕاستیدا باوەڕمان وایە بەشێک لە حەقیقەت لە نێو تەورات و ئینجیلدا ماوە، ئاساییە بەشێک لە شەریعەتەکانی نێو قورئان هاوشێوەی شەریعەت و ڕێسا و یاساکانی نێو تەورات و ئینجیل بێت، هاوکات موحەممەد نەهاتوە بۆ لەناوبردنی تەواوی ئایینەکان، بەڵکوو هاتوە بۆ تەواوکردنیان وەک خۆی دەفەرموێت (جئت لأتمم مكارم الأخلاق) هاوکات تەواوی موسوڵمانان کۆڕان لە سەر ئەوەی کە عەقیدە و بیروباوەڕی تەواوی ئایینەکانی پەروەردگار هاوبەشن یەک شتە، ئەوەی هەیە جیاوازییە لە بابەتەکانی نێو شەریعەتدا، بوونی هەندێک بابەتی پەیوەست بە شەریعەت هاوشێوە لە نێوان قورئان و کتێبە ئاسمانەییەکانی تر واتای ئەوە نییە قورئان لەوانەوە وەری گرتوە.

-زیاد لەو چیرۆکە قورئانییانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە تەورات و ئینجیلدا بوونیان هەیە، بەڵام هەندێک چیرۆکی قورئانی هەن بە هیچ شێوەیەک لە تەورات و ئینجیلدا نەهاتوون وەک چیرۆکی پێغەمبەرانی ساڵح و هود و پێغەمبەر شوعەیب (سەلامی خودایان لێ بێت) لە تەورات و ئینجیلدا بوونیان نییە.

-لۆژیکی نییە پێمان وابێت موحەمەد قورئانی لە تەورات و ئینجیلەوە وەرگرتوە لە کاتێکدا زۆربەی بابەتەکانی ناو قورئان لە تەشریع و چیرۆکدا پێچەوانەی تەورات و ئینجیلن.

-گەر بڕیار بێت بڵێین موحەمەد (دروودی خودای لێ بێت) قورئانی لە مەسیحییەکانەوە وەرگرتوە، لە نموونەی (وەرەقەی کوڕی نەوفل)، دواتر کاتێک ئەوانی تەکفیر کرد بۆچی ئەوان هیچ هەڵوێستکیان نەبوو، بۆ نموونە خوای گەورە لە قورئاندا بەدەق مەسیحییەکان کافر دەکات وەک دەفەرموێت﴿ لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ ﴾[1] بۆچی هیچ یەکێک لەوانەی موحەمەد ئایینی لێ وەرگرتبوون، بەر پەرچیان نەدایەوە و هیچ هەڵوێستێکیان نەبوو؟

- دیسان دەکرێت بپرسین گەر بڕیار بێت موحەمەد قورئانی لە تەورات و ئینجیلەوە وەرگرتبێت ئیتر کە وایە بۆچی ئیمانی پێ ناهێنن؟! گەر بڕیار بێت موحەمەد قورئانی لە تەورات و ئینجیلەوە وەرگرتبێت کە وایە هەر تانەدانێک لە قورئان واتای تانە دانە لە خودی تەورات و ئینجیل.

-زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناسە بە ویژدانەکان دوای لێکۆڵینەوەیان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی ئەوەی لە بارەی قورئانەوە دەگوترێت، گوایە لە تەورات و ئینجیلەوە وەرگیراوە، جگە لە تانەیەک زیاتر شتێکی تر نییە. لەوانە ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی دکتۆر لایتنیر دەڵێت (هێندەی شارەزایی و ئاگاییم بە سەر تەورات و ئینجیلدا

---

[1] سوێند بێت بێگومان ئەوانە بێ باوەڕ بوون کە وتیان: بەڕاستی خوا، هەر مەسیحی کوڕی مەریەمە، المائدة: ١٧

هەبێت پێم وایە ئەوەی موحەمەد هێناویەتی و خەڵکی فێرکردوە دوور و نزیک هیچ پێوەندییەکی بە تەورات و ئینجیلەوە نییە، بەڵکوو بێگومان وەحییەکە لە لایەن خوداوە بۆی هاتوە)

هەر لەم چوارچێوەیەدا ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی (هێنری دی کاستری) (١٩٢٧ز. م) دەڵێت، (کاتێک لە قورئان ورد دەبیتەوە تێ دەگەیت موحەمەد ئەم قورئانەی لە تەورات و ئینجیلەوە وەر نەگرتوە، بەڵکوو کتێبێکی پیرۆزە لە لایەن خوداوە بۆی هاتوە) [١]

(بە شیر ئەحمەد شاد) دەڵێت: قورئان تاکە کتێبە کە هەزارەها خەڵکی لە بەریان کردبێت بە پێچەوانەی کتێبەکانی ترەوە، زیاد لەمە لە قورئاندا هیچ هەڵەو و لێکدژییەک نییە بە پێچەوانەی کتێبەکانی ترەوە [٢].

---

[١] الوحي القرآني في المنظور الإستشراق ونقده د محمودماضى. لا ١٤٩

[٢] رجال ونساء أسلموا، دكتور عرفات كامل العيشي لا ١٩

سێیەم: قورئان زیاد و کەمی هەیە

یەکێکی دی لەو گومانانەی لە لایەن مولحیدەکانەوە دەخرێتە ڕوو، گوایە ئەم قورئانەی ئێستا لە بەردەستی موسوڵماناندایە ئەو قورئانە نییە کە لە ڕابردوودا هەبوە، لە قۆناغەکانی دواتردا دەستکاری کراوە و لێی کەم و زیاد کراوە، نووسەرانی (دائرة المعارف الإسلامية الإستشراقية)[1] تیشکدەخەنەسەر ئەوەی گوایە " ئەو وەحییەی دابەزیوە بۆ موحەمەد ئەو قورئانە نییە کە ئێستا ئێمە دەی خوێنینەوە، بەڵکوو جارێکی تر نووسراوەتەوە و کۆپی کراوە تاوەکوو ئەو شێوازەی لێ دەرچوە کە ئێستا لە بەر دەستماندایە"

هەندێک جار بە ئاڕاستەیەکی تر گومانی ئەوە دەخەنە ڕوو گوایە دوو سوڕەتی قورئان بەناوەکانی (النورين، الولاية)[2] لە قورئاندا هەبوون و لابراون، لەم بارەیەوە ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی دکتۆر (تیۆدۆر نولدکە)[3]

---

[1] دائیرەتول مەعاریفی ئیسلامی، ناوی تەواوی بە ئینگلیزی (Encyclopedia of Islam)) بریتییە لە مەوسوعەیەکی ئەکادیمی بە بەشداریی چەندین ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ نووسراوە لەوانە (لویس ماسینیون، کارل بروکلمان. . . . . بریتییە لە لێکۆڵینەوەی شارستانیەتی ئیسلامی لە تەواوی بوارەکانی (ئاینی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و سیاسی و جوگرافی) وەرگێڕراوە بۆ چەندین زمانی جیهانی لەوانە (فەڕەنسی، ئینگلیزی، ئەڵمانی، تورکی، ئۆردۆ) دواتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی (عەرەبی) ئەم مەوسوعەیە وەك دەردەکەوێت بریتییە لە ناساندنی ئاینی ئیسلام و شارستانیەتەکەی، بەڵام بە پێچەوانەوە بەو پێیەی زۆرێکی زۆر لە نووسەرەکانی بڕوایان بە ئیسلام نییە وەك ئاینێکی ئاسمانی، بگرە لەوەیش زیاتر تیایدا گومانەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە لە سەر کەسێتیی پێغەمبەر (د. خ) و وەحی. . . . چەندین موبەشیر و دوژمنی سەرسەختی ئیسلام لە جولەکەو مەسیحییەکان قەڵەمی خۆیان تێ خستووە و لە نووسەرانی ئەم مەوسوعەیەن، لە گەڵ بوونی چەندین خاڵی ناوازە تێیدا، بە گشتی ناکرێت هیچ موسڵمانێك ئەم مەوسوعەیە وەك سەر چاوەیەك بۆ لێکۆڵینەوە و دەست خستنی زانیاری لە سەر ئیسلام بە کاربهێنێت. ئەم هەوڵانەیان لە لایەن چەندین لێکۆڵەری موسڵمانەوە بە کتێب بەرپەرچ دراوەتەوە لەوانە: (دائرة المعارف الإسلامية – أضاليل وأكاذيب للدكتور ابراهيم عوض)دائرە بڕوانە پێشەکی هەمان سەرچاوەی ناوبراو.

(٢) بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ١٨

(٣) تیۆدۆر نولدکە (١٨٣٦-١٩٣٠) بە باوکی ڕۆژهەڵاتناسە ئەڵمانەکان دەناسرێت، لە هامبۆرگ لە دایک بووە و شارەزایەکی بەرچاوی هەبووە لە زمانەکانی عەرەبی و عیبری و سریانی ساڵی ١٨٦٥ و لە تەمەنی ٢٠

Theodor Nöldeke باس لەوە دەکات " ئەو سورەتانەی کە بە پیتی ئەبجەدی دەست پێ دەکەن هیچیان قورئان نیین، بەڵکوو ئاماژەن بۆ ناوی موسحەفێک"[1] هەر لەم چوارچێوەیەدا (نەسر حامید ئەبوزەید)[2] باس لەوە دەکات کە قورئان پارێزراو نەبووە لە زیادکردن و کەمکردنەوە و لابردن[3] دواتریش هەریەک لە دکتۆر (تەها حوسەیین[4] و جولد تیسهر ...[5]، ڕەحمانۆف) و چەندین ڕۆژهەڵاتناس و مولحیدی تر هەمان ئەو گومانانەیان خستووەتەڕوو.[6] هەڵبەت سەرچاوەی سەرەکی ئەم بۆچوونە لای هەریەک لەم ڕۆژهەڵاتناس و ڕەخنەگرانە، دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی (شیعەی دوازدە ئیمامی)[7] هەروەک لە زۆرێک لە سەرچاوە ڕەخنەییەکاندا بە ڕوونی دەبینرێت، لێرەدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە گومانانە چەند خاڵێک دەخەینەڕوو.

ساڵیدا دکتۆرای لە مێژووی قورئان بەدەست هێناوەوە لە چەندین زانکۆی بەناوبانگ کاری مامۆستایەتی کردووە لە نووسراوەکانی (تاريخ القران) لە دووتوێی سێ بەرگدا. بڕوانە لاستشراق في السيرة النبوية 61ص (١٩٩٧). عبد الله محمد الأمين النعيم. المعهد العالمي للفكر الإسلامي: فيرجينيا.

(١) بڕوانە کتێبەکەی بە ناوی (تاريخ القران) کە بریتییە لە تێزی دکتۆراکەی.

(٢) نووسەر و لێکۆڵەری میسریی (نەسر حامید ئەبوزەید) ساڵی ١٩٤٣ لە دایک بووە و دەرچووی زانکۆی قاهیرەیە لە نووسراوەکانی الاتجاه العقلي في التفسير دراسة في قضيه المجاز في القرآن عند المعتزلة (نقد الخطاب الديني) ساڵی ٢٠١٠ کۆچی دوایکردووە (

(٣) بڕوانە (قصة أبو زيد وانحسار العلمانية في جامعة القاهرة لعبد الصبور شاهين لا٢٠٢

(٤) تەهاحوسێن ساڵی (١٨٩٨ز) لە صەعیدی میسر لە دایك بوە. خوێندنی لە ئەزهەر ودواتریش لە زانکۆی (المصر القديمه) تەواو کردوە پلەی دکتۆرای بەدەست هێناوە لە سەرتێزی (ذكرى أبي العلاء) چووەتە پاریس و لەوێ لە زانکۆی سۆربۆن لە ساڵی (١٩١٨ز) لە سەرتێزی (فلسفة ابن خلدون)بڕوانامەی دکتۆرای پێ بەخشرا دوای گەڕانەوەی بۆمیسر کراوەتە وەزیری مەعاریف لە نووسراوەکانی في الأدب الجاهلي، في الشعر الجاهلي، حديث الأربعاء، قادة الفكر، على هامش السيرة) الاعلام: خيرالدين الزركلي بەرگی ٣ لاپەڕە٢٣١

(٥) بڕوانە العقيدة والشريعة في الإسلام جولد تيسهر

(٦) بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم گومانانەوە بڕوانە: (مناقشات وردود)ي محمد فريد وجدي

(٧) بەنموونە بڕوانە کتێبی هل يمكن الاعتقاد بالقرآن للسفير الروسي م. رحمانوف

یەکەم: تەواوی موسوڵمانان کۆدەنگن لە سەر ئەوەی" ئەو قورئانەی ئێستا لە بەر دەستمان دایەوە دەی بینین و دەی خوێنینەوە، هەمان ئەو قورئانەیە کە دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت) بێ گۆڕان و زیادە و کەمێک.

" ئیمامی قورتوبی لە تەفسیرەکەیدا تیشک دەخاتە سەر ئەو ئایەتەکە دەفەرموێت ﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴾ [1] دەڵێت (جارێک لە کۆڕی مەئمونی خەلیفەی عەبباسی کابرایەکی جوولەکە قسەی دەکرد، گوتەکانی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، خاوەنی توانایەکی هێجگار سەیر بوو، لە قسەکردن و پاراوی و ڕەوانبێژی، کاتێک قسەکانی تەواوکرد و خەڵکی کۆڕی مەئمونیان جێهێشت، مەئمون بانگی کرد و پێی گوت: تۆ کە خاوەنی ئەم ئەخلاقە جوان و پاراو و ڕەوانبێژیەیت بۆ موسوڵمان نابیت؟ گەر موسوڵمان بیت لە خۆمت نزیک دەخەمەوە و دەسەڵاتێکی باشت پێ دەدەم، مەئموون زۆری لەگەڵ گوت بەڵام کابرای جوولەکە هەر ملی نەدا، ساڵێک دواتر بە ئامادەبوونی مەئمون کۆڕێک گیرا، کابرای کۆنە جوولەکە وەک جاری پێشوو لەوپەڕی لوتکەی پاراوی و ڕەوانبێژیدا دەستی کرد بە قسەکردن، بەڵام ئەمجارە لە بارەی پێگە و گەورەی ئیسلام و زانستە ئیسلامییەکانەوە دەدوا، دواتر مەئمون بانگی کردو لێی پرسی تۆ هەر ئەو کەسە نەبوویت ساڵی ڕابردوو پێشنیاری موسوڵمان بوونم بۆ کردیت.

-بەڵێ ئەوم

- چی وای لێ کردیت موسوڵمان بیت!؟

- ئەوەی ڕاستی بێت دوای ئەوەی تۆ ئیسلامت بۆ پێشنیار کردم، بیرم کردەوە لەوەی ڕوونتر لە هەر سێ ئایینی ئیسلام و یەهودیەت و نەسرانیەت ورد ببمەوە، لە پاڵ ئەوەی زمانپاراوییەکی باشم هەیە، هاوکات جواننووسم و خاوەنی خەتێکی

---

(١) بەڕاستی هەر ئێمە قورئانمان دابەزاندووەو بێگومان هەر ئێمەش پارێزگاری دەکەین الحجر: ٩

قەشـەنگم، سـەرەتا دەسـتم کـرد بە نووسـینەوەی تەورات و سـێ نوسـخە تەوراتـم نووسییەوە، ئەوەندەی پێم کرا گۆڕانکاری و زیـادم کەم و پـاش و پێشم تێدا کـرد، دواتر ئەو سێ نوسخەیەم فرۆشتەوە بە جوولەکەکان، بە خۆشحاڵییەوە قەبوڵیان کرد و لێیان کڕیم، دواتـریش بە هەمـان شـێوە چەنـد نوسـخەیەکی ئینجلـیم نوسـییەوە، ئەوەنـدی پـێم کـرا زیـاد و کەم و پـاش و پێشـم تێـدا کـرد نەسـرانییەکان بە خۆشحاڵیەوە لە کڵێسـا لێیـان کـڕیم، دواتـر هـاتمە سـەر قورئـان و دەسـتم کـرد بە نووسینەوەی بە جوانترین شێوە چەند وشەیەکی کەمم لێ لابـردوو چەنـد وشـەیەکم بۆ زیاد کرد، دواتر کە چوومە بازاڕی (وەڕاقین) هەر لە سەرەتاوە چەند هەڵەیەکی بچوکیان بینـی، دایـانەوە بە سـەرمدا و لێیـان قەبـووڵ نەکـردم، دواتـریش لە هـیچ جێگەیەکی تردا ئەم ئەم نوسخانەی قورئان کە بە جوانترین شێوە نوسیوبمەوە هیچ ڕەواج و کڕیارێکی نەبـوو، ئیتـر بە تەواوی تێگەییشـتم لەوەی ئەم قورئـانە دەبێـت پارێزراو بێت لە لایەن خوداوە، ئەو پرسیارەم لادروست بوو بـۆچی شـوێنکەوتووانی ئایینەکـانی تـر بەم بابەتەیـان نەزانـی، لە کاتێکـدا موسـوڵمانێکی سـادەی بـازاڕی (وەڕاقـین) نەوەک زانـایەک، بە هەوڵەکەی منـی زانـی و نوسـخەکەی لـێ ڕەت کـردمەوە، هەر لەبەر ئەوە موسـوڵمان بـووم[1] "هەڵـبەت مێـژووی ئەم ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە هەزار ساڵێ پـێش ئێسـتا، بەو واتـایەی هەر لەو کـاتەوە لە هەزار ساڵ پێش ئێستاوە موسوڵمانان کۆدەنگن بوون لە سەر پارێزراوی قورئـان وەک ئەوەی ئێستا لە بەر دەستماندایە.

دووەم: هەر کەس باوەڕی هەبێت بەوەی ئەم قورئـانە لە لایەن پەروەردگـارەوە هـاتوە دەبێـت بـاوەڕ بەو هەواڵ و ڕاسـتییەی پەیمـانی پەروەردگـار بکـات کاتێـک پەیمانی داوە بە پاراستنی ئەم قورئـانە، کە دەفەرموێـت﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ﴾[2]

---

[1] بڕوانە تەفسیری قورتوبی، ڕاڤەی سورەتی (الحجر) ئایەتی ٩

(٢) الحجر: ٩

سێیەم: ئەوەی دەگوترێت لە بارەی گۆڕانکاری لە قورئاندا تەنها بانگەشەیە و هیچی تر، دەپرسین بۆچی نوسخەیەک لەو قورئانە لە بەر دەستدا نییە؟ بۆچی لە هیچ شوێنێک دەستمان ناکەوێت؟ تەنانەت لای شیعەو هیچ یەکێک لە ڕێبازەکانی تر پێش چاو ناکەوێت، تەنانەت ڕێبازی گشتی شیعەی ئیمامی دژی ئەم بابەتەن، ئەوەی لێرەو لەوێ پێیان وایە گوایە چەند وشەیەک لە قورئان لادراوە لە نموونەی (یا ایها الرسول بلغ ما انزل الیك من ربك من ولایة علي فان لم تفعل فما بلغت رسالتك) تەنانەت خۆشیان لە ڕوویان نەهاتوە بابەتیک لە شێوەیە بخەنەڕوو، لە هیچ جێگەو ناوچەیەکی وڵاتانی ئیسلامی و نا ئیسلامی قورئانێک نابینین وشەیەک یاخود تەنانەت پیتێکی لێ زیاد و کەم بێت.

چوارەم: گەر بە شێوەیەکی لۆژیکی ورد ببینەوە دەبیین ئەو ئایاتانەی ئێستا لە بەر دەستدان هەمان ئەو ئایەتانەن لە تەفسیرە کۆنەکاندا هەن، بەشێک لەو تەفسیر و ڕاڤانەی قورئان کە لەبەر دەستمانن مێژوەکەیان بۆ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە. ئەمە جگە لەوەی ڕاڤەی قورئانمان لە هاوەڵان و تابعینەوە پێ گەییشتوە، بەڵام هیچ جیاوازییەک نابینین هەمان ئەو ئایەتانەی لەو سەردەمەدا ڕاڤەکراون هەمان ئەو ئایەتانەن کە ئێستا لە بەر دەستماندا و ڕاڤەیان دەکەین.

پێنجەم: گەر قورئان لێی زیاد کراوە دەپرسین بۆچی موسوڵمانان لە سەر ئەم زیاد کراوانە حوکمیان نە خستوەتە ڕوو، بابەتی فیقهیان لێوە وەرنەگرتوە و حوکمیان لێ دەرنەهێناوە. بەو پێیەی موسوڵمانان هەندێک جار لە بەر جیاوازییەکی کەمی خوێندنەوەی قورئان بۆ چوونی فیقهی جیاوازیان لێ دەرهێناوە، دەپرسین بۆچی لە سەر ئەو ئایەتانەی کەم کراون یاخود زیاد کراون بۆچوون یاخود جیاوازییەکی عەقائیدی یاخود فیقهی لە سەر دروست نەبوە، نەبیسستراوە بە درێژایی مێژوو یەکێک لە ڕێبازە ئیسلامییەکان جیاوازی و ناکۆکیان هەبووبێت لە سەر لەفز و پێکهاتەی قورئانی، ئەوەی هەیە ناکۆکیانە لە سەر مانا ڕاڤەو دیلالەتی ئایەتەکانی قورئان.

شەشەم: گەر وایە بۆچی ئەو هەزاران زانایانەی بەدرێژاییی مێژوو لە بارەی پێکهاتەی قورئان و دابەشکاری بەش و حیزب و ڕێکخستنی ییت و نێوانی ئایەت و سورەتەکان و جیاکاری نێوان مەککی و مەدەنی تەجوید و خوێندنەوە و ئیعجاز و ڕەوانبێژی و وێنەی مەسحەف چەندین زانستی تری پەیوەست بە قورئانەوە نووسیویانە، ژیرییان لە کوێ بوە، بۆ پێیان نەزانیوە، چۆن نەیان زانیوە قورئان گۆڕانی بە هردا هاتووە، بێگومان تەواوی ئەو زانایانەیە دڵنیا بوون لەوەی قورئان لە ئێستا و ڕابرد و داهاتوو هیچ کات پیت و وشەیەکی لێ کەموزیاد ناکرێت.

حەوتەم: تەنها موسوڵمانان نین کۆدەنگییان هەیە لە سەر حەقیقەتی پارێزراوی قورئان، بەڵکوو ئەم بابەتە گەواهی بەشێک لە لێکۆڵەر و ڕۆژهەڵاتناسە بەویژدانەکانە، یەکێک لە لێکۆڵیارانی فەڕەنسی بە ناوی (ماری لوبان) دەڵێت " قورئان تاکە کتێبە بەو مێژوە دوور و درێژوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بە دروستی و بێ کەموزیاد مابێتەوە. "[1]

زانا و گەورە لێکۆڵەر (لیۆ ئاری مویر) پسپۆڕی لێکۆڵینەوەی شوێنەواری ئیسلامیدا، دەڵێت: "ئەو قورئانەی کە عوسمان کۆیکردوەتەوە، هەمان ئەو قورئانەیە کە ئێستا لە بەردەمی تەواوی موسوڵماندایە بە جیاوازیی تەواوی قوتابخانە و ڕێبازەکانیانەوە، لەگەڵ ئەوەی جیاوازی و ناکۆکی گەورە و هەستیار لە نێوانیاندا هەیە، بەڵام تەواویان کۆدەنگن لە سەر پارێزراوی قورئان "

ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی (ریجی بلاشیر)[2] " لە کتێبی (تاریخ الأدب العربي) دەڵێت " لە دوای خودا فەزڵ و سوپاست بۆ عوسمانە کە نەیهێشت جیاوازی و دووبەرەکی دروست بێت لە نێو خەڵکی سەبارەت بە قورئان وەک لە کتێبە ئاسمانییە پێشوەکاندا دروست بوە. " ئەمانە و دەیان و بگرە هەزاران بەڵگەی تر

(١) بڕوانە (المدخل الى القران الكريم)دكتور محمد دراز لا ٤٠

(٢) بڕوانە (موسوعة المستشرقين)لا ١٢٧

ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ئەو قورئانەی ئێستا لە بەر دەستماندایە هەمان ئەو قورئانەیە کە چواردە سەدە پێشتر بۆ سەر موحەمەد (دروودی خودای لێ ببێت) دابەزیوە.[1]

[1] بۆ زیاتر شارەزا بوون لە وەلامدانەوەی ئەم جۆرە گومانانە بڕوانە (لطائف المنان وروائع البیان)، (مناقشات وردود)ي محمد فريد وجدي. (من افتراءات المستشرقين)دكتور عبد النعم فؤاد (تنزيه القرآن الكريم عن دعاوى المبطلين)دكتور منقذ بن محمود السقار. دعاوى الطاعنين في القرآن الكريم) دكتور عبد المحسن المطيري

چوارەم: نەسخ و گومانەکانی پەیوەست بە نەسخەوە

بابەتی (نەسخی قورئان) یە کێکی تره لەو گومانانەی ئاڕاستەی قورئان دەکرێت، نەیاران دەیانەوێت بوونی نەسخ لە قورئاندا بکەنە بەڵگە لە سەر بوونی گۆڕانکاری و دەستکاری و کەموزیاد لە قورئاندا، گەر قورئان بە ڕاستی پارێزراو بێت بۆچی دەبێت نەسخی تێدا بێت، بە شێکی تر لە نەیارانی قورئان پێیان وایە خستنە ڕووی بابەتی نەسخ پلانێکە موسوڵمانان بۆ پینەکردن و دەربازبوون لە کەموکورتی و دژەوانەکانی ناو قورئان دەیخەنە ڕوو، کاتێک دەبینن، ئایەتێک لەگەڵ ئایەتێکی تر پێچەوانەیە، ڕاستەوخۆ دەڵێن ئایەتی پێشوو نەسخکراوەتەوە. لە کتێبی (اراء المستشرقیین حول القران الکریم) چەندین بۆ چوونی ڕۆژهەڵاتناسان لە بارەی نەسخەوە خراوەتە ڕوو. لە وەڵامی ئەم گومانەدا چەند تێبینییەک دەخەینە ڕوو.

یەکەم: نەسخی قورئان بە هیچ شێوەیەک لە ئایەتەکانی پەیوەست بە بیروباوەڕ و هەواڵی ڕابردوو، هەواڵی داهاتوودا ڕووی نەداوە، بەو واتایەی مەحاڵە ئایەتێکی قورئانی پەیوەست بە یەکێک لە بابەتەکانی عەقیدە نەسخ بووبێتەوە، یاخود ئایەتێکی پەیوەست بە هەواڵ و ڕووداوەکانی ڕابردوو و پەنهانی داهاتوو نەسخ بووبێتەوە.

دووەم: نەسخ تایبەتە بە قۆناغی سەردەمی پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت)، واتە تەنها لەماوەی ژیانی ئەودا ڕووی داوە، دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر ئیتر وەحی پچڕاوە و شتێک نەماوە بە ناوی نەسخەوە، بەو پێیەی نەسخ لە ڕێگەی وەحییەوە ئەنجام دەدرێت تاوەکوو ئەوەی باس لەوە نەکرێت گوایە موسوڵمانەکان ئەم بابەتە وەک کەرەستەیەکی شێواند و هەڵخلەتاندن لە پێناو پەردە پۆشکردنی کەموکورتییەکای قورئاندا بە کار دەهێنن.

سێیەم: نەسخ تایبەت نییە بە قورئان، بەڵکوو لە شەریعەتەکانی پێشوو، تەورات و ئینجیلیدا ڕووی داوە، لە تەورات لە (سیفر لاوین- ئیسحاحی١٩)

حوکمی دروستی کۆکردنەوەی دوو خوشک لە یەک کاتدا بۆ پیاوێک نەسخ کراوەتەوە. لە (سیفری تەکوین- ئیسحاحی ٩) هەندێک ئاژەڵ کە پێشتر حەڵاڵ بوون حوکمەکانیان نەسخ کراوەتەوە و دواتر حەرامکراون. لە ئینجیلدا (سیفری (تثنیة)- ئیسحاحی ٢٤) نەسخی ئەوە کراوە کە ئافرەت تەڵاق بدرێت مەگەر بەوەی زینا و داوێنپیسی ئەنجام دابێت.

ئەمانە و دەیان بەڵگەی تر ئەو ڕاستییەمان دەخەنە پێش چاو کە نەسخ لە نێو کتێبە ئاسمانییەکانی پێشوودا هەبوە، دەکرێت ئەو پرسیارە ئاراستەی ڕۆژهەڵاتناسە مەسیحی و یەهودییەکانیش بکەین، بۆچی بابەتی نەسخ دەوروژێنن و وەک تۆمەتێک دەیدەنە پاڵ قورئان، لە کاتێکدا ئەم بابەتە لە نێو کتێبە پیرۆزەکانی ئەوانیشدا بوونی هەیە؟ بگرە ڕێژەو قەبارەی نەسخەکان لای ئەوان زۆر زیاتر لەوەی لە قورئاندا هەیە.

چوارەم: نەسخ لە قورئاندا ڕێژەیەکی کەمە، تەواوی ئەو ئایەتانەی کە باس لە نەسخ بوونەوەی دەکرێت لە ٢٥ بۆ ٣٠ ئایەت زیاتر نییە، هەڵبەت ئەمەیش لە سەر جیاوازییەکی زۆر کە زۆرێک لە زانایان لەم ڕێژەیە کەمتریان گوتوە.

پێنجەم: بوونی نەسخ لە قورئاندا بەشێکە لە سۆز و میهرەبانیی فراوانی خوای گەورە بەرانبەر بەندەکانی، لەوانە لە پلەبەندی بابەتی دەعوە و بانگەواز، هەر وەک لە پلەبەندی قەدەغەکردنی مەیدا دیارە، لە سەرەتای دەرکەوتنی ئیسلام وەک ئایین قورس بوو پێکەوە زۆر شت بە یەکجار لە سەر موسوڵمانان قەدەغە بکرێت، ئەرکێکی زۆریان بە سەردا بدرێت، پلەبەندی لە سەپاندی حوکمەکان و قەدەغەکردنی حەرامکراوەکان، پێویستییەکی مرۆیی گەورەی ئەو قۆناغەبوو، بۆ نموونە لە بابەتێکی پەیوەست بە قەدەغەکردنی مەیی خوای گەورە چەند قۆناغێکی خستوەتە ڕوو.

قۆناغی یەکەم: قۆناغی سەرەتایی، لەم قۆناغەدا پەروەردگار تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە مەیی (ڕۆزییەکی باش نییە)وەک دەفەرموێت ﴿ وَمِن ثَمَرَٰتِ ٱلنَّخِيلِ وَٱلۡأَعۡنَٰبِ تَتَّخِذُونَ مِنۡهُ سَكَرٗا وَرِزۡقًا حَسَنًاۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴾[1] پیتی (و) لێرەدا موغایەرەیە واتە ڕۆزییەکی چاک کە پێچەوانەی مەییە بە دڵنیایی مەیی ڕۆزییەکی باش نییە.

قۆناغی دوەم: تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە زیانێکی زۆری هەیە و لەو بارەیەوە دەفەرموێت﴿ يَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡخَمۡرِ وَٱلۡمَيۡسِرِۖ قُلۡ فِيهِمَآ إِثۡمٞ كَبِيرٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ ﴾[2]

قۆناغی سێیەم: قۆناغێکی تر دەست پێ دەکات کە قورئان تیشک دەخاتە سەر ڕێگریکردن لە خواردنەوەی لە کاتی نوێژدا وەک دەفەرموێت﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَقۡرَبُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمۡ سُكَٰرَىٰ ﴾[3]

قۆناغی چوارەم: دوای خستنە ڕووی قۆناغەکانی تر و ئامادەسازکردنی موسوڵمانان لە ڕووی دەروونی و بیروباوەڕ، لە کۆتاییدا بە یەکجاری بڕیاری قەدەغەکردنی دەدرێت﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِنَّمَا ٱلۡخَمۡرُ وَٱلۡمَيۡسِرُ وَٱلۡأَنصَابُ وَٱلۡأَزۡلَٰمُ رِجۡسٞ مِّنۡ عَمَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَٱجۡتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾[4] نەسخ وانەیەکی تەواو تەندروستە لە پلەبەندی خستنە ڕووی دەعوەو بانگەوازی پەروەردگار.

شەشەم: خودی نەسخ ڕەحمەت و میهرەبانییە هەندێک جار حوکمەکان بە هۆی نەسخەوە ئاسانکردنیان بە سەر دا دێت بۆ نموونە کاتێک خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَإِن تُبۡدُواْ مَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ أَوۡ تُخۡفُوهُ يُحَاسِبۡكُم بِهِ ٱللَّهُۖ ﴾[5] لێرەدا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی هەر چی لە دڵی مرۆڤدا هەیە لە پەنهان و ئاشکرا، بە

(١) النحل: ٦٧

(٢) البقرة: ٢١٩

(٣) النساء: ٤٣

(٤) المائدة: ٩٠

(٥) البقرة: ٢٨٤

دڵنیایی خوای گەورە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات، واتە خوای گەورە لێپرسینەوە لە بابەتە شاراوەکانی ناو دڵ و وەسوەسەکانی شەیتانیش دەکات، بەڵام دواتر خوای گەورە وەک میهرەبانییەک بەرانبەر بە بەندەکانی ئەو حوکمەی نەسخ کردەوە و فەرمووی﴿ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا ٱكْتَسَبَتْ ۗ ﴾[1] بەو واتایەی ئەوەی بە دڵی مرۆڤدا دێت دوورە لە توانا و دەسەڵاتی ئەو، ئەوە خوای گەورە لێپێچینەوە لە گەڵ ئەو دۆخە ناکات کە بە دڵی مرۆڤدا دێن و دەچن بەم هەنگاوە خوای گەورە گرانییەکی زۆری لە سەر موسوڵمانان هەڵگرت. ئەگەر نەسخ لە ئاسانەوە بۆ قورس بێت، ئەوە لە پێناوی بەخشینی زیاتری پاداشتە، لەوانە ڕۆژ و لە سەرەتاوە بابەتێکی ویستەکی بوو، واتە موسوڵمانان سەرپشک بوون، بۆ یان هەبوو بەڕۆژوو بن و بۆ یان هەبوو بەڕۆژوو نەبن، بەڵام دواتر خوای پەروەردگار ئەم حوکمەی لە سەر تەواوی موسوڵمانان جێگیر کرد و کردییە یەکێک لە ڕوکنەکانی ئیسلام. سوکبوونی حوکم لە ڕێی نەسخەوە لە میهرەبانی پەروەردگارەوەیەوە، قورسبوونی بە هۆی زیاد بوونی ئەجر و پاداشتەوەیە.[2]

---

[1] البقرة: ٢٨٦

(٢) بۆ زیاتر شارەزابوون لە بەر پەرچدانەوەی تۆمەتەکانی پەیوەست بە نەسخەوە بڕوانە ئەم سەرچاوانە کتێبی: (فضيحة المبشرين) عبد الله كنون الحسني. (دعاوى الطاعنين في القرآن الكريم) دكتور عبد المحسن المطيري. (آراء المستشرقين حول القرآن الكريم وتفسيره) للدكتور عمر بن إبراهيم رضوان. القرآن الكريم من المنظور الإستشراقي للدكتور محمد أبو ليلة

پێنجەم: تۆمەتی بەکارهێنانی وشەی نەشیاو و ناڕێک لە قورئاندا

مولحیدان و نەیارانی قورئان ڕەخنە دەگرن گوایە قورئان چەندین جوێن و قسەی ناشرین و ناڕێکی لە نێو دێڕەکانیدا هەڵگرتووە و ئاڕاستەی بێباوەڕان و نەیارانی دەکات، ڕەخنە دەگرن گوایە ناگونجێت ئەم گوتانە گوتە و دەربڕینی پەروەردگار بن لە نموونەی چواندنی خەڵکی بە سەگ وەک ﴿ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلْكَلْبِ ﴾[1] و گوێدرێژ ﴿ كَمَثَلِ ٱلْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا ﴾[2] بەرەنگار بوونەوەی ئەبوولەهەب بە ئایەتی ﴿ تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ﴾[3]

گومانی ئەوە دەخەنە ڕوو چۆن دەکرێت خودایەک خاوەنی ئەم دەربڕینانە بێت، لە لایەکی ترەوە خەڵکی ڕێنمویی بکات بۆ بنەمای ئەخلاقیی ڕەسەن. ڕاستییەکەی ئەم گومانە بە تەنها گومانی مولحیدەکان نییە، بەڵکوو پێش ئەوانیش گومان و ڕەخنەی جوولەکە و نەسرانییەکانە، ئەوان لە کاتێکدا ئەم ڕەخنەیە دەگرن کە لە کتێبە پیرۆزەکانی خۆیاندا چەندین جوێنی ئاشکرا و تانەوتەشەری تێدایە. لەوانە لە تەورات سیفری (یوشعی کوڕی سیراخ) لە ئیسحاحی ٢٠ لاپەرە ٥-٨ وشەی (أحمق و جاهل) بە کار هاتووە.

لە سیفری (الأمثال) ئیسحاحی ١٠ دونیایەک جوێن و چواندنی بە ئاژەڵان تێدایە.

ئینجیلی (مەتتا) ئیسحاحی ١٥ ئافرەتی چواندوە بە سەگ.

ئینجیلی (لۆقا) ئیسحاحی ٧ دەڵێت (یا أولاد الأفاعي) ئەمە جگە لەوەی چەندین دەستەواژەی وەک (الحمار، ابن الزانية، الأحمق، لئيم، فرج) بە کار هاتوە. دەپرسین زۆر زیاتر لە کتێبەکانی خۆتاندا پێش چاو دێت ئەگەر ناوی دەنێن جوێن و شکاندنەوە و تانەدا ئەوا چەند بەرانبەری قورئان زیاتری تێدایە، لۆژیکی نییە ئەم

---

(١) الأعراف: ١٧٦

(٢) الجمعة: ٥

(٣) المسد: ١

خاڵە بکەیتە تۆمەت و بیخەیتە ملی قورئانەوە، بەڵام کتێبی پیرۆزی خۆتان لێوانلێو بێت لەم بابەتانە. لە وەڵامی ڕەخنەی مولحیدان و ڕەخنەگران سەبارەت بەم بابەتە چەند خاڵێک دەخەینەڕوو.

یەکەم: هیچ کات بە تایبەتی لە قورئاندا ناوی کەسێک نەبراوە لەوەی بگوترێت وەک سەگ و گوێدرێژ وایە یان دەستەو کۆمەڵێکی تایبەت ڕاستەوخۆ نەگوتراوە وەک سەگ و گوێدرێژ وان.

دووەم: ئەوەی لە قورئاندا بەر چاو دەکەوێت چوواندنی دۆخێکە بە دۆخێکی تر، جیاوازییەکی زۆر هەیە لەوەی کە بگوترێن جوەکان وەک گوێدرێژ وان لەوی بگوترێت (ئەوانەی زانستیان پێیە و کاری پێ ناکەن وەک ئەو گوێدرێژە وان کە کتێبی هەڵگرتبێت، تەواوی وێکچوواندنەکانی قورئان وێکچواندنی حاڵن بە حاڵ، حاڵی ئەو کەسانە وەک حاڵی ئەو گوێدرێژە وایە نەوەک وێکچواندنی خود بە خود (تشبیه الذات بالذات)بێت، واتە بگوترێت کەسێکی دیاریکراو وەک گوێدرێژ یان وەک سەگ وایە تاوەکوو ئەوی تۆمەتی تەشهیر و ناوزڕاندن بدرێتە پاڵ قورئان.

سێیەم: بوونی ئەم جۆرە وشەو دەستەواژانە لە ناو قورئان بەڵگەیە لە سەر ئەوەی قورئان لە لایەن خوداوە دابەزیوە، ئەوەی ئێوە دەڵێن قورئان دوور و نزیک پێوەندی بە خوداوە نییە و شتێک نییە ناوی خودا بێت، ئەم قورئان دروستکراوی خودی موحەمەدە! دەپرسین، موحەمەد چۆن ئەم قسانە ئاڕاستەی هۆزەکەی خۆی دەکات! کە ئێوە پێتان وایە جوێن و شکاندنەوەیە، موحەمەد چۆن ئاڕاستەی گەلەکەی خۆ دەکات لە کاتێکدا قوڕەیش ناسراو بوون بەوەی خۆیان هەڵدەنا و هەمیشە شانازییان بە هۆز و کەسایەتی و پلەوپایەی خۆیانەوە دەکرد، گەر قورئان دروستکراوی دەستی موحەمەد بێت وەک ئەوەی ئێوە دەڵێن، چۆن بە مامی (ئەبولەهەبی کوڕی عەبدولموتەلیب) دەڵێت ﴿ تَبَّتْ يَدَآ أَبِى لَهَبٍ وَتَبَّ ﴾[1] چۆن

---

[1] المسد: ١

موحەمەد قسە بە مامی خۆی دەڵێت، لە کاتێکد موحەمەد خۆی دەڵێت مام وەکوو باوک وایە ئەو کتێبەی تەحەدای جیهانی پێ دەکات تێیدا قسە بەمام و خزمەکانی دەڵێت؟

ئایەتی ﴿ عُتُلِّۭ بَعۡدَ ذَٰلِكَ زَنِيمٍ ۝﴾[1] کە سەرزەنشتی وەلیدی کوڕی موغیرەیە، ئەویش بە هەمان شێوە لە پشتا دەبێتەوە خزم و نزیکی پێغەمبەر (درودی خودای لێ بێت)، دەکرێت موحەمەدی دانەری قورئان وەک ئێوە دەڵێن لە پێش چاوی تەواوی دونیا قسە بە خزمەکانی خۆی بڵێت؟! ئایینێکی تازە کە نەیارانی بە وردییەوە بە دوای هەڵەیەکیدا دەگەڕان، ئەگەر موحەمەد خاوەنی ئەم قورئانە بوایە، دەبوو لە پێناوی موجامله و پاراستنی ژیان و مانەوەی خۆی ئەم جۆرە قسانەی نەگوتبا، بەڵام قورئانە و وەحییە، موحەمەد تەنها گەیاندنی لە سەر شانە.

چوارەم: تەواوی کەرەستەکانی وێکچواندن (تشبیه) کە لە قورئاندا هەیە کاتییە و هەمیشەیی نییە، واتە گەر ئاشنای حەق بوون و هاتن بەرەو پیری ڕاستییەوە ئیتر ئەو بابەتە کۆتایی دێت و دەکەونەوە ژێر ڕەحمەتی پەروەردگارەوە وەک خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ۝ ﴾[2] وەک ڕوونە لەم ئایەتەدا دوای ئەوەی لە گومڕایی و بێباوەڕێ دەربازیان بوو ئیتر وێکچوونەکەیان لە سەر هەڵدەگیرێت.

پێنجەم: زۆرێک لەو وشانەی لە قورئاندا هاتوە وەڵامی سادەتر و کەمترن لەو و شانەی ئەوان بە کاریان هێناوە کاتێک ئەبولەهەب بە پێغەمبەری گوت (تبا لك ألهذا جمعتنا سائر اليوم) خوای گەورە لە وەڵامیدا فەرموی ﴿ تَبَّتۡ يَدَآ أَبِي لَهَبٖ وَتَبَّ ۝ ﴾[3] وەک وەڵامێک بۆ ئەبوولەهەب. دواتر گوتیان موحەمەد وەجاخ کوێرە خوای

---

[1] القلم: ١٣
[2] البقرة: ٦٢
[3] المسد: ١

گەورە لە سەری هات دەنگ و فەرمووی﴿ إِنَّ شَانِئَكَ هُوَ ٱلْأَبْتَرُ ﴾[1] هەڵبەت هەموو ئەمانە لە پێناوی بەرگریکردنن لە کەسایەتی موحەمەدی گەیەنەری پەیامەکە. کەواتە بۆچی ڕەخنە لە موحەمەد دەگیرێت کە بەرگری لە خۆی کردوە، بەڵام ڕەخنە لە نەیارانی ناگیرێت کە قسەی ناشرینیان پێ گوتوە.

شەشەم: زۆرێک لەوەی نەیاران دەیڵێن گوایە جوێنە، لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێت دوعا نەوەک جوێن، لە ڕاستیدا جوێن نییە و نزاکردنە وەک ئایەتی ﴿بَل لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفْرِهِمْ ﴾ ﴿ قُتِلَ ٱلْإِنسَٰنُ مَآ أَكْفَرَهُۥ ﴾ ئەم ئایەتانە و هاوشێوەکانیان نزان جوێن نین.

حەوتەم: زۆرێکی زۆر لە ئایەتەکانی قورئان هانی موسوڵمانان دەدەن بەوەی زمانیان پارێزراو بێت خۆش گوفتاربن و ڕێزی ئایینەکانی تر بگرن﴿ وَلَا تَسُبُّوا۟ ٱلَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَسُبُّوا۟ ٱللَّهَ عَدْوًۢا بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴾[2] ڕێگری لە موسوڵمانان دەکات بەوەی کە ناوونابۆرە لە خەڵکی بنێنن وەک دەفەرموێت ﴿ وَلَا تَنَابَزُوا۟ بِٱلْأَلْقَٰبِ ۖ بِئْسَ ٱلِٱسْمُ ٱلْفُسُوقُ بَعْدَ ٱلْإِيمَٰنِ ﴾[3] زیاد لە هەموو ئەمانە قورئان تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە مرۆڤەکان مرۆڤەکان بە بێ جیاوازیی ئایین و ڕەنگ و ڕەگەزیان بە شێوەیەکی گشتی شایستەی ڕێزگرتنن وەک دەفەرموێت ﴿ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِىٓ ءَادَمَ ﴾[4] دوای هەموو ئەمانە ئیتر پاڵدانی تۆمەتی جوێن بۆ لای قورئان بابەتێکی تەواو ناڕەوایە.

---

[1] الكوثر: ٣

[2] الأنعام: ١٠٨

[3] الحجرات: ١١

[4] الإسراء: ٧٠

هەشتەم: قورئـان لێوانلێـوە لە بەکارهێنـانی کینـانەیە لە بریـی وشـەی نـاجوان قورئان لـوتکەی ئیستاتیکـای دەربـڕینە لـــەوانە ﴿ وَقَدْ أَفْضَىٰ بَعْضُكُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ ﴾[1] ﴿ فَمَا ٱسْتَمْتَعْتُم بِهِۦ مِنْهُنَّ ﴾[2] وشـــەی ﴿ فَمَا ٱسْتَمْتَعْتُم ﴾کینـــــانیەی پێوەنـــــدی جوتبوونی نێوان ژن و پیـاوە، بـەڵام خوای گـــەورە لـــە لـوتکەی جوانیـدا دەری بـــڕیوە، یـان ﴿ وَٱهْجُرُوهُنَّ فِى ٱلْمَضَاجِعِ ﴾[3] ﴿ أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلْغَآئِطِ ﴾[4] وشەی﴿ ٱلْغَآئِطِ ﴾ ئەم وشەیە کینـایەیە لە جـێگەی دەسـت بە ئـاو گەیانـدن زیـاد لەمانە تەواوی ئەو ئایەتانەی کە دەگوترێت گوایە جوێن و تانەیان تێدایە لە چـوار بۆ پێنج ئایەت تێپەڕ ناکات و هەریەکیـان پـڕە لە ئیعجـاز، نەیـاران بە هـۆی بـێ ئاگاییان لە زمانی عەرەبی وادەزانن ئەو بابەتانە جووێن و شکاندنەوەی ئەوانی تری تێدایە.

---

(1) النساء: ٢١

(2) النساء: ٢٤

(3) النساء: ٣٤

(4) المائدة: ٦

گومانی لێکدژیی نێوان قورئان و واقیع

مولحیدان و هاوبیرانیان بەو پێیەی کە ناتوانن بەرگری لە بۆچوونەکانی خۆیان بکەن وەک هەوڵێک لە پێناو شاردنەوەی بۆچوونە شکستخواردوەکانی خۆیان، هێرشی دژەوانە دەکەنە سەر قورئان و هەوڵ دەدەن بە هەر شێوەیەک بێت گومان و دوو دڵی لە ناو موسوڵمانان و خەڵکی سادەی بێ ئاگا بڵاو بکەنەوە، وەك ناپلیۆن دەڵێت هێرش بردن باشترین بەرگریکردنە، هەڵبەت فۆکسی ئەوان هەمیشە لە سەر خەڵکانی سادە و تازە ڕێنمای دراو، لەوانە وروژاندنی چەندین بابەتی جۆراوجۆر لە یەك کاتدا، بێ ئەوەی چاوەڕوانی، وەڵام بن، هەڵبەت ئەم جۆرە لە خستنە ڕووی گومانەکان دەرفەت بۆ وەڵامدانەوە ناهێڵێتەوە، ئەمەیش پێچەوانەی بنەما لۆژیکییەکانی گفتوگۆکردنەوە،

هەندێك جار ڕوودەدات لە سەروبەندی خستنە ڕووی پرسیارەکان لەو بابەتە گشتییانەی کە خاڵی ناکۆکی نێوان موسوڵمانان مولحیدانە کە خۆی لە بابەتی پێغەمبەرایەتی موحەمەد و حەقیقەتی قورئان و بوونی پەروەردگار خۆی دەبینێتەوە و ئەم بابەتانە خاڵی سەرەکی ناکۆکی ئێمەن لەگەڵ بێباوەڕان و مولحیدان، لە دۆخێکی وادا کاتێك بابای مولحید ناتوانایە لە خستنە ڕووی هزر و باوەڕی خۆی، لە بنەما گشتییەکانی جەوهەریی ناکۆکی هەڵدێت و پەنا بۆ خستنە ڕووی چەند کێشەو ئاریشەکی لاوەکی دەبات، تاوەکو هزری بەرانبەر پەرت و بڵاو بکاتەوە.

لەوانە خستنە ڕووی ڕووداوە مێژووییەکان جەنگ و جیاوازیی نێوان موسوڵمانان لە قۆناغە جیاوەزاکان، هەژمارکردنی هەڵە و پەڵە و کەموکورتی دەسەڵاتدران و دەستە و تاقم گروپەکان و هەژمارکردنی تەواوی ئەم بابەتانە لە سەر ئیسلام وەکوو ئایین، بە کار هێنانی چەمکی مێژووی ئیسلامی و خستنە ڕووی لە پێناو ئامانجە تایبەتییەکان و بەلاڕێدابردنی گفتوگۆکان، بێ ئاگا لەوەی مێژووی ئیسلام وەک ئایین مێژوویەکی پاک و بێگەردە، بەڵام مێژووی موسوڵمانان وەک مرۆڤ هەڵەو کەموکورتی

زۆری تێدایە، تەقەکردن لە خودی ئیسلام لە پاڵ هەڵەو کەموکورتی موسوڵمان لە قۆناغێکی دیاریکراودا هەوڵێکی تەواو نەزۆکە، بەو پێیەی خاڵی گفتوگۆ و ناکۆکی ئێمە و مولحیدان، چەند بنەمایەکی جەوهەریی سەبارەت بە بوونی خودا حەقیقەتی پێغەمبەر و قورئان، و بابەتەکانی پەیوەست بە وەحییە. ئەوان هەمیشە لەم بابەتانە هەڵدێن چەند بابەتێکی جیاواز و دژ بە یەک دەخەنەڕوو، بە مەبەستی خۆ ڕزگار کردن لە وەڵامیدانەوە، دیاترین چەکی دەستی مولحیدان لە کۆن و نوێدا هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی لێکدژی نێوان ئیسلام و واقیع و ڕاستییە زانستییەکان مێژوو و جوگرافیان و هەربابەتێکی تر. لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی وەڵامی بەشێک لەو گومانانە بدەینەوە کە مولحیدان لەم بارەیەوە دەی خەنە ڕوو.

گومانی لێکدژیی نێوان قورئان و زانست

مولحیدان پێیان وایە لە نێوان قورئان و زانستی نوێدا لێکدژییەکی بەرچاو هەیە، بە گومانی ئەوەی پێشکەوتنە زانستییەکان ڕاستییەکانی قورئان هەڵدەوەشێنەوە، قورئان تەواو جیاوازە لەو پێشکەوتنە زانستایانەی مرۆڤایەتی پێی گەیشتوە، ئەمەیش واتای ئەوەی گوایە قورئان لە لایەن خوداوە بە موحەمەدا نێرراوە بنەمایەکی نییە و دوورە لە ڕاستییەوە، ئەو گومانە دەخەنە ڕوو گەر قورئان لە لایەن خوداوە هاتوە وەك ئێوە دەڵێن، چۆن دەبێت بابەتەکانی ناوی پێچەوانەی واقیع و بنەما زانستییە سەلمێنراوەکان بن؟

پێش ئەوەی تیشک بخەینە سەر وەڵامی ئەم بابەتە، پێویستە چەند تێبینییەك بخەینە ڕوو، دەکرێت بپرسین ئایا قورئان دژاوەنەیە لەگەڵ ئەو زانست و پێشکەوتنەی مرۆڤایەتی پێی گەیشتوە، هیچ دەقێکی قورئان پێش چاو دەکەوێت کە پێچەوانەی ڕاستییە زانستییە سەلمێنراوەکان بێت؟ بێگومان نەخێر، مەحاڵە بابەتێکی لەم شێوەیە لە قورئاندا بدۆزرێتەوە وەک زانای بەناوبانگی فەڕەنسی

(مـوریس بوکـای) دەڵێـت " زۆر بە وردی لێکـۆڵینەوەم لە تەواوی قورئـان کـردوە، تاوەکوو ئەوەی بـزانم جیـاوازییەک هەیە لە نێـوان قورئـان و زانسـتی نوێـدا، دوای ماوەیەکی زۆر لە لێکۆڵینەوە و بە دوادا چوون بۆم دەرکەوت کە هیچ بابەتێک نیـیە لە قورئاندا کە پێچەوانەی زانستی نوێ بێت" [1]

هەر لەم بارەیەوە ڕۆژهەڵاتناسی ئەمریکی (واشنجتون ئیرفنگ) دەڵێت " قورئان هەموو شتێکی تێدایە، تەواوی زانست و یاساکانی لە نێو خۆیدا هەڵگرتووە" [2] گەر بڕیاریش بێت لێکدژی هەبێت لە نێوانی قورئـان و زانسـتی سـەردەم هۆکـاری ئەم لێکدژییە ڕوکەشە چەند خاڵێکە

یەکەم: یەکێك لەو خاڵانەی کە بە ڕوکەش وادەرکەوێت قورئان لەگەڵ زانستی نوێدا لێکدژە ئەوەیە زۆرێك لە نەیاران لە واتای ئایەتەکان و حەقیقەتی ئایەتەکانی قورئـان تـێ نەگەییشـتوون، بە دڵنیـایی گەر بە دروسـتی لە دەقـی قورئـان واتـای ڕاستەقینەی دەقەکانی قورئان وەك خۆی تێگەییشتبان بانگەشەیەکی لەو شێوەیەیان نەدەکرد و ڕاستەقینەی قورئانیان بۆ دەسەلما.

دووەم: هەندێك جار ئەوان تێگەییشتتوون لە مانای ڕاستەقینەی ئایەتەکان، بەڵام ئەو زانسـتەی کە ئەوان پێیـان وایە پـێچەوانەی قورئـانە خـودی ئەو زانسـتە پێچەوانەی واقیعە، واتای ئەوەی بۆ چونێکی زانستی دەخەنە ڕوو دواتر بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە قورئان پێچەوانەی ئەم بۆ چوونەیە، کەچی لە هەمان کاتـدا ئەم بۆچوونە زانستییە دژەوانەیە لەگەڵ چەندین بۆچـوونی زانسـتی تـر، ڕوونتـر بڵێـین هەنـدێك جـار تیۆریـاییەکی زانسـتی سـەرلەبەری تیۆریـاییەکەم هەڵدەوشـێنەوە، مەبەستمانە تیشك بخەینە سەر ئەوەی تیۆریای زانستی و دیـدی زانایـانی زانسـتی

---

[1] بروانە: قالوا عن الإسلام لا ٤٧

[2] بروانە: حياة محمد لا ٧٢

سەردەم لە بوارە هەمەجۆرەکان یەك بۆ چونی کۆنکرێتی نییە، هەندێك جار لە سەر تاکە بابەتێکی زانستی زیاد لە بۆچونێك خراوەتە ڕوو، بۆ نموونە لە بابەتییکی وەک پرسی دروستبوونی مرۆڤ، زانایان و پسپۆڕان چەندین تیۆریایی جۆراوجۆریان سەبارە بەم پرسە خستوەتە ڕوو، کەوایە ناکرێت بابای بێباوەڕ لە ناو ئەم دەیان تیۆریا و بۆ چوونە زانستییانە یەکیان دەستنیشان بکات و، پاشان بانگەشەی دژەوانەی قورئان بکات لەگەڵ تیۆریا زانستییەکانی سەردەم، تەنانەت لە ڕوی لۆژیکییەوە ڕەتکراوەیە تیۆریای زانستییەکان گومانین، ناکرێت بکرێنە بەڵگە لە سەر بابەتە یەقیینەکانی قورئان.

بۆ هەنگاوێکی لەم شێوەیە پێویستە کەسی نەیار تیۆرییاییەکی زانستی یەقینی دوور لە گومان و دوو دڵی بخاتە ڕوو پاشان بە دروستی لە واتا و ڕاڤەی دەقەکانی قورئان گەیشتبێت، ئەو کات دەگونجێت بەڵگەکانی بخاتە ڕوو، دواتر گەر لێکدژییەك لەو لایەنەوە هەبوو، کاری زانایانی موسوڵمانە بە وەڵامی زانستی دروست ئەو گومان و دوو دڵیانە بڕەوێنەوە، مەحاڵە هیچ یەکێك لە دەقەکانی قورئان پێچەوانەی بنەمایەکی واقعی و زانستیی یەقینی بین تەواوی دۆزینەوە و بۆ چوون و تیۆریا زانستییەکان بەرهەمی ئاوەزی مرۆڤن، کە پەروەردگار خوڵقێنەر و دروستکەریەتی، کەوایە مەحاڵە ئاوەزی دروستکراوی پەروەردگار پێچەوانە بێت لەگەڵ دەقەکانی گوتەی پەروەردگار.

سێیەم: یەکێکی دی لەو ئاریشانەی دێتە ڕێ سەبارەت بە لێکدژی پێوەندی نێوان قورئان و زانستی سەردەم، نەیارا و گومانکاران ئەو دەق و چەمك و زاراوانەی قورئان بە شێوەیەك ڕاڤەدەکەن، کە چەندین سەدە یەکێك لە ڕاڤەکارانی قورئان لە لایەنێکەوە (وجە)ـێکەوە ڕاڤەی پێ کردوە، ڕوونتر بڵێین یەکێک لە ڕاڤەکارانی قورئان بۆچوونێکی لاواز و گریمانەیی بوونی مانایەکی تری خستوەتە ڕوو، خۆ ناکرێت ئەو گریمانەییە لاوازەی یەکێك لە ڕاڤەکارانی قورئان لە چەندین سەدە

پێش ئێستە بکرێتە بنەمایەك بە هۆیەوە بانگەشەی ئەوە بکرێت گوایە قورئان پێچەوانەی تیۆریا و دۆزینەوە زانستییەکانە. گەر بڕیار بێت لێکدژییەك بوونی هەبێت، دەبێت تەواوی ئەو دەقە قورئانییە بخرێتە ڕوو کۆی گشتی ئەو دەقە لێکدژ بێت لەگەڵ بنەمایەکی زانستی یەقینی کەهیچ گومان و دوو دڵییەك هەڵنەگرێت. ئەو یارییەی کە مولحیدان دەیانەوێت بیکەن یارییەکی دۆڕاوە.

ئەوەی گرینگە ئەو ڕاڤەیەی کە دەبێت بۆ دەقێکی دیاریکراو پشتی پێ بەسترێت پێویستە ڕاڤەیەکی زانستی بێت و تەواوی ڕاڤەکاران قسەی دروستیان لە بارەوە کردبێت و کۆدەنگی یاخود نیمچە کۆدەنگی ڕاڤەکاران هەبێت لە سەر واتای دەقی ئایەتەکە، دوای ئەمە ئەوجا دەکرێت گومانکاران و مولحیدان وەك لێکدژییەك بەرانبەر زانستەکانی سەردەم بیخەنە ڕوو. هەڵەیەکی گەورەیە لە قۆناغەکانی ڕابردوو زانایەك یاخود ڕاڤەکارێکی قورئان ڕوونکردنەوەیەکی دابێت یان بۆچوونێکی دەربڕی بێت دواتر ئەم بۆچوونە تاکییە، وەك دەقێکی قورئانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، قورئان پارێزراوە دوورە لە هەر هەڵە و کەموکورتییەک، بەڵام دەق و بۆچوونی زانایان کۆششی مرۆیین پارێزراو نین ئەگەر و گریمانەی هەڵەیان تێدایە. گەر بڕیار بێت هەڵەیەك هەبێت هەڵەی بۆچوونی زانایان و ڕاڤەکارانە دوور و نزیك پێوەندی بە دەقی قورئانەوە نییە بە تایبەتی لەو بابەتانەی کە زیاتر لەواتایەك هەڵدەگرن.[1]

ئەوەک لە بابەتی کەلامی پەروەردگار بەو پێیەی چەمک و دەقە قورئانییەکان هەندێک جار بە پێی فراوانی زمانی عەرەبیی زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرن، گەر بڕوانین دەبینین وشەکانی قورئان دەیان و بگرە سەدان واتا هەڵدەگرن، لۆژیکی نییە بەو شێوەی ئەوان دەیانەوێت یەکێک لەم مانایانە بخەنە ڕوو دواتر گومانی ئەوە

---

[1] بۆزانیاریی زیاتر لە بارەی هۆکارەکانی جیاوازی و ڕاجیایی نێوان ڕاڤەکارانی قورئان بڕوانە (مقدمة في أصول التفسير) و (رفع الملام عن الأئمة الأعلام) هەر دوویان بەرهەمی شێخو لئیسلام ئیبن تەیمییەن التفسير والمفسرون، محمد حسين الذهبي بەرگی ٢، اختلاف السلف في التفسير بين التنظير والتطبيق للشيخ محمد صالح سليمان

بخەنەڕوو گوایە قورئان وەک بابەتێکی گرینگ، لێکدژە لەگەڵ هەندێک لێکـۆڵینەوەی زانستی. لێرەدا نموونەیەک لەو بابەتانە دەخەینەڕوو کە وەک لێکـدژییەک لە نێـوان قورئان و زانستدا دەیخەنەڕوو دەڵێن: قورئان ئاماژەی کردوە بەوەی کە خۆر لە نـاو بیرێک لە دەریاوە ئاوا دەبێت وەک لە سوڕەتی کەهف و لە سەروبەندی گێڕانەوەی چیرۆی (ذي القرنين) دا هاتوە﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغۡرِبَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَغۡرُبُ فِي عَيۡنٍ حَمِئَةٖ ﴾[1]
﴾[1]

بەلێکدانەوەی خۆیان دەڵێن گوایە قورئان دەڵێت (ذي القرنين) ڕۆیشت تاوەکوو گەییشتە خۆرئاوا بوون، دەیبینـی کە خـۆر ئـاوا بـوە لە دەریـا و بیرێکـی گەرمـدا. هەڵبەت زانستێکی ڕوونە لای هەموو خەڵکی کە خۆر لە ناو بیرێکـی دەریـاوە ئـاوا نابێت، بەم گوتەیە بێت کە وایە قورئان بە پێچەوانەی زانستی مرۆڤەکـان تیشـکی خسـتووتە سـەر ئەم بـابەتە، ئەم بـابەتە دژەوانەیە لەگەڵ ڕاسـتییە زانسـتییە سەلمێنراوەکان. [2]، هەڵبەت هۆکاری ئەم تۆمەتە تێ نەگەییشتنە لە خودی ئـایەتە قورئـانییەکە، ئەگەر بە جـوانی لە ئـایەتەکە ورد ببیـنەوە دەبینـین خـوای گەورە دەفەرموێـت﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ مَغۡرِبَ ٱلشَّمۡسِ وَجَدَهَا تَغۡرُبُ ﴾ واتە گەییشـتە ئەو شـوێنە بینـی خۆر لەو وێوە ئاوا دەبێت، وشەی﴿ وَجَدَهَا ﴾ واتە ئەو وای بینـی خـۆ خـوای گەورە نەی فەرمـودە﴿ تَغۡرُبُ فِي عَيۡنٍ حَمِئَةٖ ﴾ بەڵکـوو دەفەرموێـت ﴿ وَجَدَهَا ﴾ ئەو وای بینـی، کەواتە ئەوەی لەم ئایەتەدا هاتوە، هەواڵی پەروەردگار نییە بـۆ ئەم بـابەتە، بەڵکـوو باسکردنە لە گومان بینی (ذي القرنين) بە پێچەوانەوە خوای گەورە لە زۆر شوێنی تری قورئاندا هەواڵی ئەوەی پێ داوین خۆر لە کوێوە ئاوا دەبێت لە کوێوە هەڵدێت هاوکات هەواڵی ئەوەیشی پێ داوین ﴿ كُلّٞ فِي فَلَكٖ يَسۡبَحُونَ ﴾[3] تەواوی خـۆر و مانـگ

[1] الكهف: ٨٦

[2] بروانە: الفن القصصي لا٣٤

[3] الأنبياء: ٣٣

هەسارەکان لە بۆشایی گەردووندا دەسوڕێنەوە، ئیتر چۆن خوای گەورە هەواڵدەدا بە بابەتێک پێچەوانەی تری ئایەتەکان. بەڵکوو ئەوەی لەو ئایەتەدا هاتوە باس لەوە دەکات کاتێک (ذي القرنين) چوە ناوچەی خۆرئاوا بوون وەک ئیبن کەسیر دەڵێت (خۆری بینی لە وێنای خۆی و چاوی خۆیدا ئاوای بینی. پاشان دەڵێت (وهذا شأن كل من أنتهى إلى ساحله يراها أنها تغرب فيه) " هەر کەسێک بڕواتە کەنار دەریاوە وای دێتە پێش چاو وەک ئەوەی خۆر لە دەریاوە ئاوا دەبێت "[1]

هەرمرۆڤێک کاتی خۆرئاوابوو لە کەنار دەریا بوەستێت و لە نێوان ئەو خۆردا جگە لە دەریا هیچی تر نەبێت، دابەزینی خۆر بە ئاستێکە، وا دێتە پێش چاو وەک ئەوەی لە نێو دەریاکەدا ئاوابێت، بە هەمان شێوەیە لێرەدا قورئان باس لەو وێنایەدەکات کە (ذي القرنين) بە چاوی خۆی بینیویەتی، نەوەک ئەوە خوای گەورە هەواڵ بدات بەوەی کە خۆر بەم شێوەیە ئاوا دەبێت، بە هەمان شێوە زۆرجار وادێتە پێش چاو کە خۆر لە پشتی شاخەکانەوە ئاوا دەبێت، یاخود هەندێک جار وادەزانیین مانگ لە سەر لوتکەی شاخەکانە. ئەم بابەتە لە لێکۆڵینەوەکاندا بە (خداع البصر)" فێڵی چاو" ناسراوە. بەو پێیەی چاو تەواوی شتەکانی دەوروبەری وەک خۆی نابینێت، ئەوەی زانستێکی بەدیهییە، تەواوی موسوڵمانان بە خوێندەوار و نەخوێندەوارییانەوە بە درێژایی هەزار ساڵ و تائێستەش ئەو ڕاستییە دەزانن کە خۆر لە دەریاوە ئاوا نابێت، هاوکات دەشزانن خۆر لە زەوی گەورە ترە وەک ئیمامی قورتوبیی لە قەفالەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی (وهي أعظم من أن تدخل في عين من عيون الأرض) " خۆر زۆر لەوە گەورەترە لە ناو بیرێک لە بیرەکانی زەویدا جێگەی بێتەوە " پاشان دەفەرموێت (بل هي أكبر من الأرض أضعافا مضعفا)[2]

---

[1] بڕوانە: تفسیر ابن الكثير بەرگی ٣ لا١٠٣

[2] بڕوانە تفسیر قرطبي (جامع لأحكام القرآن) بەرگی ١١ لاپەرە ٥٠

" بەڵكوو خۆر چەند بەرانبەر لە زەوی گەورەترە " ئەمە تێڕوانینی موسوڵمانان بوە بۆ ئاوابوون و قەبارەی خۆر پێش هەزار ساڵ ئیتر پاڵدانی بابەتێک لەو شێوەیە بۆ لای قورئان جگە لە تێ نەگەیشتن و دژایەتی کوێرانە واتایەکی تری نییە. پاشان لەم ئایەتەدا موعجیزەیەکی تێدا کە تیشک دەخاتە سەر سەرچاوە گەرمەکان کە لە کیشوەری ئەمەریکا بوونیان هەیە، ئەو کات هیچ کەس نەیندەزانی هەندێک ناوچە سەرچاوەی ئاوی گەرمە، دوای دۆزینەوەی ئەمەریکا ئەوجا ئەم ڕاستییە ئاشکرا بوو، لە ڕاستیدا ئەوەی ئەوان لێی تێ نەگەیشتووین بە دژەوانەی لێی حاڵێ بوون، موعجیزەیەکیی گەورەیە لە سەر حەقیقەتی قورئان و پێغەمبەراتی موحەمەد (دروودی خودای لێ بێت).

دژەوانەیی قورئان لەگەڵ شەریعەتی موحەمەد خۆیدا.

یەکێکی تر لەو گومانانەی کە مولیحدان و بێباوەڕان ئاڕاستەی قورئانی دەکەن گوایە قورئان دژەوانەیە لەگەڵ شەرعی موحەمەد دا (دروودی خودای لێ بێت) بە شێوەیەکی گشتی باشترین بەڵگە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هزر وبیروباوەڕێک ئەوەیە ئەو بیروباوەڕە خۆی وەڵامی خۆی بداتەوە، بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە شەرعی موحەمەد چەندین بابەتی لە خۆگرتوە کە تەواو پێچەوانەی قورئانە، گوایە ئەمانە بەڵگەی نەویستن لە بارەی ئەوەی قورئان پێچەوانەی بەشێك لە ڕێنماییەکانی خودی موحەمەدە، بە گومانی ئەوەی بیسەلمێنن ئەوەی کە قورئان دوور و نزیک پێوەندی بە خوداوە نییە. لێرەدا هەوڵ دەدەین یەکێک لەو گومانانە بخەینەڕوو دواتر بە شێوەیەکی زانستی ورد بەرپەرچی بدەینەوە.

سیحرکردن له پێغەمبەر (درودی خودای لێ بێت)

نەیاران له چوارچێوەی خستنه ڕووی گومانەکانیان پرسیاری له بارەی سیحر و کاریگەری سیحر له پێغەمبەر دەوروژێنن و لەو چوارچێوەیەدا پرسیارەکەیان دەخەنەڕوو، ئایا موحەمەد سیحری لێ کراوە یاخود نا؟

هەڵبەت بابەتی سیحرکردن له پێغەمبەر به ڕوونی له سەرچاوەکانی فەرموودەدا هاتوە، دەپرسن که وایه بۆچی دژی ڕەخنەی نەیارانی موحەمەد هەڵوێست وەردەگرن له کاتێکدا دەیان گوت﴿إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَّسْحُورًا ﴾وەک خۆتان پشت ڕاستی دەکەونەوە، موحەمەد سیحری لێ کراوە، ئیتر که وایه نەیاران زیاتریان نەگوتوە لەوەی ئێوەی موسوڵمان له بارەی موحەمەدەوە دەیڵێن. له وەڵامی ئەم گومانەدا چەند خاڵێک وەکوو وەڵامدانەوەی ئەم بابەته دەخەینەڕوو:

١- لەگەڵ ئەوەی موحەمەد (درودی خودای لێ بێت) دووچاری سیحر هات بەڵام کاریگەری سیحرەکە له سەر خودی پێغەمبەر تەنها له بابەته دونیاییەکاندا بوو، واته دوور و نزیک ئەو سیحره کارێگەری نەبوە له سەر پەیامی ئیسلام و بابەتەکانی پەیوەست به گەیاندنی پەیامەکە وەک له فەرموودەی عائیشە دا هاتوە (سحر النبی حتی إنه لیخیل الیه أنه یفعل الشیئ وما فعله)[1] " سیحر کرا له پێغەمبەر، تاوەکوو ئەوەی وای لێ هات وای خەیاڵ دەکرد که فلانه کاری کردوە، بەڵام له ڕاستیدا نەی کردبوو" یان له گێڕانەوەیەکی تردا (أنه یأتی أهله ولایأتی) خودی کاریگەری سیحرەکه تەنها کاروباری تایبەتی خۆی بوو، دەنا ئەوەی پێوەندی به خودی وەحی و ئایینەوە هەیه پەروەردگار پەیمانی پاراستنی داوە، له

---

[1] له بارەی سیحرکردن و بابەتەکانی پەیوەست به سیحرەوە بڕوانه البخاري ١٠ / ١٩١ و ١٩٧ في الطب، باب السحر. وباب هل یستخرج السحر، وباب السحر، وفي الجهاد، باب هل یعفی عن الذمي إذا سحر، وفي الأدب، باب قول الله تعالی: {إن الله یأمر بالعدل والإحسان}. ومسلم رقم (٢١٨٩) في السلام، باب السحر، ورواه أحمد. والنسائي. وابن سعد، والحاکم، والبیهقي في " دلائل النبوة " وغیرهم.

دیدگایەکی هەستیار و پڕ لە دڵنیاییەوە لە بارەی پێغەمبەرەوە دەفەرموێت﴿وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ۝ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ﴾. نەبوەو نەبیستراوە پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت) لەو کاتەی سیحر لێ کرا قسەی لە سەر بابەتێک کردبێت و دواتر پێچەوانەی ئەم بابەتە شتێکی تری گوتبێت. تەواوی موسوڵمانان کۆدەنگن لە سەر ئەوەی کە پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت) بە هیچ شێوەیەک لە کاروباری ئایین و هەوڵەکانی لە گەیاندنی ئایین دووچاری هیچ هەڵەیەک نەبوە، گەر بابەتێکی تری پێچەوانەی ئەمە ڕویدا بێت، ئەوە تەنها پێوەندی هەبوە بە کاروباری دونیایەوە. وەک عائیشە دۆخەکە دەستیشان دەکات بەوەی وای دەزانی چووتە لای خێزان و ماڵەکەی بەڵام نەچوو بوو، یان وایدەزانی کارێکی کردوە بەڵام نەی کردبوو.

٢- خودی ئەو سیحرە و دەرهاویشتەکانی موعجیزەیەکی ترە لە موعجیزەکانی پێغەمبەر، ئەوانەی سیحریان لێ کرد، ویستیان تاقی بکەنەوە گەر موحەمەد لە لایەن خوداوە هاتبێت، ئەوا دەبێت خوداکەی ئاگاداری بکاتەوە، خوشکی (لەبیدی کوڕی ئەعصەم) لەو بارەیەوە دەڵێت: " إن يكن نبيا فسيخبر، وإلا فسيذهله هذا السحر حتى يذهب عقله "[1] ئەگەر پێغەمبەر بێت هەواڵی پێ دەدەرێت، ئەگەر نا ئەم سیحرە بە شێوەیەک تێکی دەدا تاوەکوو ئەوەی عەقڵی لێ دەسەنێتەوە " وەک دیارە خودی سیحرکردنە هەوڵێکی نەیاران بوو بۆ ئاگادار بوون لە ڕاستی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی موحەمەد، بێگومان خوای گەورە پاراستی

٣- کاریگەریی سیحرەکە لە سنورێکی دیاریکراودا بوە، هەندێک کاریگەری بچوکی سنورداری هەبوە، لەوانە وای خەیاڵ کردوە کە کارێکی کردوە، بەڵام نەی کردوە ئەمە دۆخێکی ئاساییە دەکرێت مرۆڤ بە بێ کاریگەری سیحر هەندێک جار

---

[1] بڕوانە: أنيس الساري في تخريج وتحقيق الأحاديث التي ذكرها الحافظ ابن حجر العسقلاني في فتح الباري أبو حذيفة، نبيل بن منصور بن يعقوب بن سلطان البصارة الكويتي ج٦ ص ٤٣٨٥ ١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٥

دووچاری دۆخێکی لەم شێوەیە بێت، کە وایە گەورەکردنی قەبارەی کاریگەری ئەم سیحرە ئامانجێکی جگە لە تانەدان لە پشتەوە نییە.

٤- خودی سیحرەکە ماوەیەکی دیاریکراو بوە، دواتر خوای گەورە ئاگاداری کردوەتەوەو لە سیحرەکە و سیحرەکە هەڵوەشێنراوەتەوە نەماوە، بەڵام ئەوەی لە قورئاندا هاتوە ﴿إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا رَجُلًا مَّسْحُورًا﴾ وشەی (مسحور) لێرەدا بە واتای مجنون و بێ عەقڵ هاتوە، (اسم مفعول)ـە واتە پێوەی بوە بۆیە قورئانیش ڕەتی کردوەتەوە.

٥- هەندێک جار پێویستە پێغەمبەر دووچاری ئەو حاڵەتانە ببێت، کە بە شێوەیەکی ئاسایی هەر مرۆڤێکی دی دووچاری دێت، تاوەکوو ئەوەی مرۆڤبوونی پێغەمبەر بۆ هەموو لایەک پشت ڕاست بێتەوە، لە پێناو ئەوەی بە دروستی تێ بگەین کە موحەمەد (درودی خودای لێ ببێت) ساحیر نییە، چونکە ساحیر سیحری لێ ناکرێت.

٦- ئەم جۆرە لە خەیاڵکردنەی پێغەمبەر (درودی خودای لێ ببێت) هەر وەک ئەو خەیاڵە وایە کە خوای گەورە لە بارەی موساوە دەفەرموێت ﴿ قَالَ بَلْ أَلْقُوا فَإِذَا حِبَالُهُمْ وَعِصِيُّهُمْ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ مِن سِحْرِهِمْ أَنَّهَا تَسْعَىٰ ﴾[1] لە کاتێکدا ساحیرانی فیرعەون دار و پەتەکانیان دەهاویشت موسا وای خەیاڵ دەکرد کە ئەمانە مارن، کە ڕاستییەکەی بە هیچ شێوەیەک مار نەبوون، کەواتە موسا کەوتە ژێر کاریگەریی ئەو ساحیرانەوەی زیاد لەمە ترس تەواوی گیانی داگرت وەک دەفەرموێت﴿ فَأَوْجَسَ فِي نَفْسِهِ خِيفَةً مُّوسَىٰ ﴾ ئەم ترسە لە ئەنجامی کاریگەری سیحرەکەوەیە، لە مێژوودا هیچ کەس لە جوولەکە و مەسیحییەکان و موسوڵمانان نەیانگوتوە، موسا بە هۆی کاریگەری ئەم سیحرەوە لە پێغەمبەرایەتی کەوتوو، ئیتر بۆ دەبێت موحەمەد تۆمەتبار بکرێت بەم بابەتە.

---

[1] موسا وتی: نەخێر: ئێوە لە پێشدا دەست پێ بکەن. جا هەر دەستیان پێکرد پەت و گوریس و دار و چێوەکانیان وا دەهێنرایە بەرچاوی بەهۆی جادوویانەوە، بێگومان وەک مار بەخێرایی دەڕوات. طه ٦٦

پاشان گومانیی ئەوە دەخەنەڕوو، دەڵێن تەنانەت ئەگەر کاریگەری سیحرەکە لە کاروباری دونیاییدا بێت، پرسیار دەخاتە سەر پێغەمبەرایەتی موحەمەد، بەو پێیەی سیحر لە شەیتانەوەیە، لە قورئانیشدا ئەوە پشتڕاست کراوەتەوە شەیتان کاریگەری و دەسەڵاتی نییە بە سەر بەندە چاک و ڕاسانەکاندا، وەک دەفەرموێت﴿ إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلَّا مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ ﴾ وەک ئێوە دەڵێن موحەمەد پێشەوا و سەرکردەی تەواوی ڕاسانەکانی جیهانە و بەڕێزترین و گەورەترین دروستکراوی پەروەردگارە، چۆن دەکرێت شەیتان دەسەڵاتی بە سەر بەندە چاکەکاندا نەبێت، کەچی کاریگەری لە سەر پێشەوای بەندە چاکەکان دروست بکات!؟

لە وەڵامی ئەم گومانەدا دەڵێین شەیتان هەرکات کارێکی خراپی بەیەکێک لە بەندەکانی خوای گەورە کرد واتای ئەوە نییە، ئیتر دەسەڵات و ئیرادەی خۆی بە سەر ئەو مرۆڤەدا زاڵ کردبێت و خستبێتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، گەر وا بێت ئیتر ناسناوی بەندەی چاک و ڕاسان بۆ هیچ کەس نەدەمایەوە، ڕوونتر بڵێین بەندەی چاک و ڕاسان ئەوە نییە کە هیچ کات دووچاری فێڵ و لادانەکانی شەیتان نایەت، تەنانەت هەندێک جار پێغەمبەرانیش (سەلامی خودایان لێ ببێت) دووچاری هەندێک پلانەکانی شەیتان بوون، بە هۆی کاریگەریی شەیتانەوە ئادەم لە بەهەشت دەرکرا، کاتێکی موسا مشتێکی دا لە کابرا و کوشتی دواتر گوتی ﴿ هَذَا مِنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ عَدُوٌّ مُضِلٌّ مُبِينٌ ﴾ [1] یوشعی کوڕی نون کاتێک لەگەڵ موسا ماسییەکەی بیر چوو گوتی﴿وَمَا أَنْسَانِيهُ إِلَّا الشَّيْطَانُ أَنْ أَذْكُرَهُ وَاتَّخَذَ سَبِيلَهُ فِي الْبَحْرِ عَجَبًا ﴾[2] هەریەک لە ئادەم و موسا و یوشع لە خۆشەویستانی پەروەردگارن مەقامی پێغەمبەرایەتیان پێ بەخشراوە،

---

[1] ئەم کارە شەیتان پێی کردم (من نەمدەویست بیکوژم) بە ڕاستی شەیتان دوژمنێکی گومڕا و ئاشکرایە. القصص ١٥

[2] من بیرم چوو باسی ماسیەکەت بۆ بکەم، کەسیش لە بیری نەبردمەوە شەیتان نەبێت، کە بۆتی باس بکەم، لەڕاستیدا ئەو ماسیە (زیندوو بۆوەو) بە شێوەیەکی زۆر سەیر خۆی کرد بە ناو دەریادا. الکهف ٦٣

جگە لەمانیش ژمارەیەک لە پێغەمبەرانی تر لە کاتێکی دیاریکراو دا کەوتوونەتە نێو پلانێکی شەیتانەوە، پێکهاتەی لاوازیی مرۆڤە (کل بني آدم خطاء) هەڵبەت دروستبوونی دۆخێکی لەم شێوەیە و کاریگەری لە سەر مەقامی پێغەمبەران و گەیاندنی پەیامی خودایی دروست ناکات، بەو پێیەی پێغەمبەران (سەلامی خودایان لێ بێت) پارێزراو (معصوم)ن لە گەیاندنی پەیامی خودایی، بە پێی بەڵگە عەقلی و نەقلییەکان، مەحاڵە پێغەمبەر لە گەیاندنی کاروباری ئاییندا هیچ کات بکەونە هەڵەوە. هەر لە چوارچێوەی بابەتی سیحر و کاریگەری ئەم سیحرە لە سەر پێغەمبەر وەک ئاشکرایە، سیحر سێ جۆرە، یاخود بەسێ کەرەستەی جیاواز سیحر ئەنجام دەدەرێت.

یەکەم: لە ڕێی پێکهاتەی دەرمانییەوە.

دوەم: بە سوودوەرگرتن لە توانایی جنۆکە و شەیتانەکان.

سێیەم: سیحر بێ بنەمایە واتە تەنها خەیاڵەوە ڕوونتر بڵێین شێوازێک لە هونەری و فێڵی دەستییە و پێوەندیی بە بنەماگشتییەکان و کەرەستەکانی سیحرکردنەوە نییە.

ئەو سیحرەی کە پێغەمبەر (درودی خودای لێ بێت) دووچاری هات لە جۆری نەخۆشی بوە، واتە کاریگەری سیحرەکە لە سەر جەستەی بوو، دوور و نزیک هیچ کاریگەرییەکی لە سەر ڕۆح و عەقڵ و هزری دروست نەکردوە، وەک لە فەرموودەدا هاتوە (أما أنا فقد شفاني الله) " من خوای گەورە شیفای داوم " یان وەک لە فەرموودەی عەبدوڵلای کوڕی عەبباسدا هاتوە (مرض النبي و أخذ عن النساء و الطعام و الشراب)واتە نەخۆشی بوە نەک واتای ئەوە جنۆکە و شەیتانەکان کاریگەری لە سەر پێغەمبەر درووست بکەن.

لە لایەکی ترەوە دەکرێت لە ئەهلی کیتاب و بە تایبەتی تر جوولەکەکان بپرسین گەر پێتان وایە ئەو سیحرەی جوولەکەکان لە موحەمەدیان کرد ببێتە مایەی بەتاڵ بوونەوەی پەیام و پێغەمبەرایەتی موحەمەد (درودی خودای لێ

ببێــت)، کەوایە پەیــام و پێغەمبەرایەتــی پێغەمــبەر ســولەیمانیش دەکەوێــتە ژێــر پرسیارەوەوە، وەک ئەوەی لە تەورات (سیفر الملوك یەکەم)ــدا هــاتوە کە ســولەیمان کوفری کردوە، بتی پەرستوە، [1]، بەڵام پرسیار و گومانتــان لە ســەر پێغەمبەرایەتــی سولەیمان بۆ دروست نەبوو، کەچی بە هۆی ســیحرێکی کــاتیی شــێوە نەخۆشــی لە سەر موحەمەد پێغەمبەر، تۆمەتی سیحر و شێتی دەدەنە پاڵی، بەڵام سولەیمان وەک لە کتێبی پیرۆزی خۆتان هاتوە کوفری کردوو بتی پەرست، کەچی گرفتێک بۆ پەیام و پێغەمبەریەتییەکەی دروست نەبوو.

وەک لە بنەمــا گشــتییەکانی ســیحردا ڕوونە کەســی ســاحیر کە کــاریگەرییەک دروست دەکات شاراوەیە و ئاشکرا ناکرێت، ئاگادرا کــردنەوەی پێغەمــبەر (دروودی خودای لێ ببێت) لەوەی (لەبیدی کوڕی ئەعصەم) سیحری لێ کردوە بەڵگەیە لە سەر پاراستنی پێغەمبەر لە لایەن پەروەردگارەوە، زیــاد لەمە ئاشــکراکردنی شــوێن و جێگەی سیحرەکە، بەڵگەیە لە سەر پێغەمبەراتــی مــوحەمەد، ئەگەر وەحــی نەبێــت موحەمەد چۆن ئەو کەسەی بۆ ئاشکرا بوو کە سیحری لــێ کــردوە!؟ خــوای گەورە بە وەحــی لە بــکەر و جــێگەی ســیحرەکە ئاگــاداری کــردەوە، ئاگــادار کــردنەوەی پێغەمبەر لە سیحرەکە و جێگەو چارەسەری سیحرەکە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لە سەر ڕاستی پەیام و بانگەوازی پێغەمبەر (دروودی خودای لێ ببێت)

خستنەڕووی ئەم گومانانە لە لایەن جوولەکە و مەسیحییەکانەوە لە کاتێکــدایە کە لە سەرچاوەکانی ئەواندا بە ڕوونی باسی دەرکەوتنی موحەمەد وەک پێغەمبەر و پەیامەکەی کراوە، وەک لە ئینجیلی بەرنابادا هاتووە (لەمەو دوا نێرراوێــک لە لایەن خوداوە دێت و بۆ هەموو خەڵکیش دەبێت) [2] بێگومان موحەمەد تاکە پێغەمبەر بوو کە بۆ تەواوی خەڵکــی هــات. زیــاد لەمە بە ڕوونــی نــاوی هــاتووە، وەک ئینجیلــی بەرنابا ئاماژەی پێ دەکات (هەرکاتێک موحەمەدی نێرراوی خودا هات) [3]

---

[1] ئەمە تۆمەتی جوولەکەکانە دەنا پێغەمبەر سولەیمان دوورە لەو بوهتانانە بڕوانە چیرۆکــی ســولەیمان ئــایەتی ١٥-٤٤

(٢) بڕوانە ئینجیلی برنابا ٨٢: ١٦، ١٨

[3] بڕوانە ئینجیلی برنابا ١١٢: ٨ - ١٦

قورئان و چیرۆکە مێژووییەکان

یەکێکی تر لەو گومانەی ئاڕاستەی قورئان دەکرێت گوایە چیرۆکەکانی نێو قورئان پێچەوانەی ڕووداوە مێژووییەکانن، باس لەوە دەکەن گوایە چیرۆکەکانی قورئان یان دووبارە کردنەوەی چیرۆکی کتێبە پیرۆزەکانی پێشوون، یاخود دوورن لە ڕاستییەوە تەنها وێنایەکن بۆ گەیاندنی کۆمەڵێک ئامانج و مەبەست ولە ڕاستیدا ڕوویان نەداوە. ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی و لێکۆڵیاری جوولەکە دکتۆر (هۆرۆ ڤێتز) بە یەکێک لەو لێکۆڵیارانە دادەنرێت کە زۆرترین قسەو باسی لەم بارەیەوە کردوە، لە کتێبی (مباحث قرانية) دا ئەم گومانەی ورژوانـدوە زۆری لە بارەوە گوتوە. گەورە ڕۆژهەڵاتناس (کارول بروکلمان) [1] لە کتێبی (تاريخ الأدب العربي) هەمان ئەم گومانەی خستوەتە ڕوو، دواتریش بە دوای ئەماندا ژمارەیەکی تر لە لێکۆڵەرەوان ئەم گومانەیان خستوەتە ڕوو قسەو باسی زیاتریان لە بارەوە کردوە، لەوانە (محمد بن خلف الله) لە کتێبەکەیدا (الفن القصصي في القران الكريم) تیشک دەخاتە سەرئەوەی کە چیرۆکە قورئانییەکان چیرۆکی ڕەمزین و لە ڕاستیدا ڕوویان نەداوە و بوونێکی ڕاستەقینەیان نییە، دواتریش (طه حسين) [2] کەسانێکی تر و هەمان

---

[1] کارل کارل بروکلمان: یەکێك لە دیارترین و بەناوبانگترین، ڕۆژهەڵاتناسان، ساڵی (١٨٦٨ز)لەدایك بووە، ساڵای (١٩٥٩ز. م) هەوڵێکی زۆری داوە لە بواری لێکۆڵینەوە ئیسلامییەکاندا، خاوەنی چەندین بەرهەمە لەو بوارەدا، لە بەرهەمەکانی (العلاقة بين كتاب الكامل في التاريخ لأبن الأثير و كتاب اخبار الرسل والملوك للطبري) کە بریتییە لە تێزی دکتۆراکەی (١٨٩٠ ز مختصر السير والأخبار، رسالة الأستاذ، تاريخ الاداب العربية) هەروەها (تاريخ الشعوب الإسلامية کە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی گشتی لە مێژووی گەلانی ئیسلامی، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (الأعلام خير الدين الزركلي، الطبعة السادسة، دار العلم للملايين ١٩٨٤، (موسوعة المستشرقين، د. عبد الرحمن البدوي الطبعة الأولى دار العلم للملايين ١٩٨٤

[2] ساڵی (١٨٩٨ز) لە صەعیدی میسر لە دایك بوە. خوێندنی لە ئەزهەر ودواتریش لە زانکۆی (المصر القديمة) تەواو کردوە پلەی دکتۆرای بە دەست هێناوە لە سەر تێزی (ذكرى أبي العلاء) پاشان ڕووی کردە پاریس و لەوێ لە زانکۆی سۆربۆن لە ساڵی (١٩١٨ز) لە سەر تێزی (فلسفة ابن خلدون) بڕوانامەی دکتۆرای پێ بەخشرا دوای گەڕانەوەی بۆمیسر کراوەتە وەزیری مەعاریف لە نووسراوەکانی (في الأدب الجاهلي، في

گومانیان خستوەتە سەر چیرۆکەکانی نێو قورئان و باس لەوە دەکەن کە قورئان خاوەنی توانایەکی چیرۆکی تەواو سەرنج ڕاکێشە، قورئان لە ڕێی چیرۆکە ڕەمزییەکانیەوە ئامانجەکانی خۆی دەپێکێت و دەیکاتە کەرەستەیەک بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی هەر لەم چوارچێوەیەدا پێ بە پێی بێباوەڕانی سەردەمی پێغەمبەر (محمدخلف الله) دەڵێت " ئێمە گرفتێکمان نییە کە بڵێین قورئان ئەفسانەیە"[1] پاشان دەڵێت " مەبەست لە چیرۆکەکانی قورئان پەند و ئامۆژگارییە، نەوەک ئەوەی قورئان بابەتی مێژووی بخاتە ڕوو، هەر لەبەر ئەوە لە پێناو پاراستنی مێژوو ڕووداوە مێژوویيەکان پێویستیە دەقەکانی قورئان وەلانێین ".[2]

لە وەڵامی ئەم گومانانە چەند خاڵێکی گرینگ دەخەینەڕوو.

یەکەم: تەواوی ئەو چیرۆکانەی لە قورئاندان چیرۆکی ڕاستەقینەن، دوورن لە چیرۆکی خەیاڵیّ و ڕەمزییەوە، وەک خوای پەروەردگار بەرپەرچی ئەم بۆچوونەدداتەوە و دەفەرموێت﴿ مَا كَانَ حَدِيثًا يُفْتَرَىٰ وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ كُلِّ شَىْءٍ ﴾[3] لە جێگەیەکی تردا حەقیقەتی ئەم چیرۆکە قورئانیانە پشت ڕاستدەکاتەوە وەک دەفەرمویت یان﴿إِنَّ هَٰذَا لَهُوَ ٱلْقَصَصُ ٱلْحَقُّ ﴾[4]

دووەم: ئەم چیرۆکانەی دەگوترێت گوایە چیرۆکی خەیاڵی و ڕەمزیین، بە جیاوازییەکی زۆر یاخود کەم لە تەورات و ئینجیلدا هاتوون؟ ئایا بە هەمان شێوە

الشعر الجاهلي، حديث الأربعاء، قادة الفكر). لە کۆتاییی تەمەنیدا لە زۆرێک لە بۆچوونەکانی پەشیمان بووەتەوە بە تایبەتی لە کتێبی (على هامش السيرة) سۆزدارانە لە بارەی ئیسلامەوە دەدوێت بڕوانە الأعلام خير الدين الزركلي بەرگی ٣لاپەڕە٢٣١

[1] بڕوانە الفن القصصي لا ٢٠٩

[2] هەمان سەرچاوەی لا ٧٤ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (دعاوى الطاعنين) لا٢٤٧

[3] وەنەبێت ئەم قورئانە قسەو باسێك بێت هەڵبەسترابێت، بەڵکوو بە ڕاست دانەری ئەوەیە کە لە پێش خۆیەوە هاتووە (تەورات و ئینجیل) و ڕوونکەرەوە و جیاکردنەوەی هەموو شتێکی پێویستە لەئاییندا، ڕێنمویی و ڕەحمەتیشە بۆ کەسانێك باوەڕ دەهێنن. یوسف ١١١

[4] ال عمران: ٦٢

ئەم چیرۆکـانەی نێـو تەورات و ئینجیـل چیرۆکـی خەیـاڵی و ڕەمـزیین؟ ئەمە لە لایەک لە لایەکـی تـروە زۆربەی هەرە زۆری ئەو سـوڕەتانەی چیرۆکەکانیـان لە خۆگرتوە سوڕەتی مەککین، بەریەککەوتنی پێغەمبەر (درروودی خودای لێ ببێت) لە و قۆناغەدا لەگەڵ جوولەکە و مەسیحییەکان نەبوو، تەنها لەگەڵ بێباوەڕانی مەککە و بوە، تاوەکوو ئەوەی بگوترێت موحەمەد هەوڵی داوە لە ڕێی خستنە ڕووی ئەم چیرۆکـانەوە، سـۆز و لایەنگـری شـوێنکەوتووانی ئەهلـی کیتـاب بـۆ لای خـۆی ڕابکێشێت تاوەکوو ئەوەی باوەڕی پێ بهێنن.

سێیەم: زانایانی ئیسلام و ڕاڤەکارانی قورئان لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانیـان لەم چیـرۆکە قورئانییـانە دەیـان و بگـرە بە سـەدان ڕێنمـای و حـوکمی فیقهـی و عەقائیدییان دەرهێناوە، مەحاڵە بە درێژایی مێژوو بە سەدان بگرە هەزاران زانـا لە چەندین قۆناغی مێژوویی جیاوازدا لەو بوارەدا کاریان کردوە، ئیتر نالۆژیکییە باس لە ڕەمزیەت ناڕاستی ڕووداوی چیرۆکە قورئانییەکان بکرێت.

چـوارەم: ئەوەی دەگوترێـت گـوایە چیـرۆکە قورئانییەکـان لەگەڵ ڕووداوە مێژووییەکان یەکناگرنەوە، مەبەست لێی ئەوەیە ئەم چیرۆکانە لە سەرچاوەکانی تردا ئاماژەیان پێ نەکراوەوە بۆمـان نەگێـڕدراوەتەوە، مەرج نیـیە هەر چیرۆکێـک یـاخود بابەتێکی مێژوویی کە پێشـتر نەمـان بیسـتبێت واتـای ئەوە بێـت کە ڕووی نەداوە، (عـدم العلـم لـيس علمـا بالعـدم) بە دیـوێکی تـردا مێـژوو و ڕووداوەکـانی مێـژوو کایەیەکی فراوانە، ئەوەی لە دوو توێی کتێب و سەرچاوەکاندایە، تەنها بەشـێکە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی ڕابردوو، نەک تۆماری تەواوی ڕووداوەکانی ڕابردوو.

پێنجەم: گەر هۆکارەکە ئەوە بێت کە گوایە لێکـدژی هەیە لە نێـوان قورئـان و ڕووداوە مێژووییەکـان، لە بەرانـبەردا زۆرێـک لە گێـڕانەوە مێژووییەکـان یەکـانگیرن لەگەڵ ڕووداو و تۆمارە مێژوویی قورئانییەکـان. دەکرێـت بپرسـین ڕوو و ئاڕاسـتەی ناکۆکی نێوان چیرۆکە مێژوویەکـانی نێـو قورئـان و سـەرچاوە مێژووییەکـان لە کـام خاڵدایە؟ هەڵبەت نەیاران بە ئاڕاستەی هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئەم بـابەتە چەنـد بەڵگەیەک لەم بارەیەوە دەخەنە ڕوو، لەوانە

أ تیشک دەخەنە سەر ئەوەی لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی زۆری زەمەنی لە نێوان هارون و موسا، بەڵام قورئان مەریەم بە خوشکی هارون ناو دەبات و دەڵێت ﴿ يَٰٓأُخۡتَ هَٰرُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ ٱمۡرَأَ سَوۡءٖ وَمَا كَانَتۡ أُمُّكِ بَغِيّٗا ﴾دەکرێت ئەم گومانە بۆ هەندێک مایەی سەرسامی و لانی کەم شوێنی هەڵوێستەکردن بێت، بەڵام سەرچاوەی ئەم گومانە تێنەگەییشتنە لە خودی ئایاتەکە بەو پێیەی مەبەست لە هارون لێرەدا هارونی برای موسا نییە. وەک ئەوەی زانایان لەم بارەیەوە سێ بۆچوونیان خستووەتە ڕوو.

یەکەم: بەشێک لە زانایان لە چوارچێوەی ڕاڤەی ئەم ئایەتە تیشک دەخە سەر ئەوەی کە مەریم برایەکی باش و خواناسی هەبوە بە ناوی (هارون).

دوەم: بەشێکی تر لە ڕاڤەکارانی قورئان باس لەوە دەکەن، کە (هارون) مرۆڤێکی خراپ و قێزەون و تاوانکار بوە، ئەوانیش بەمەبەستی شکاندن مەریەمیان داوەتە پاڵ ئەو (هارون) ناوەو و پێیان گوتوە، ﴿يَٰٓأُخۡتَ هَٰرُونَ﴾ . . "ئەی خوشکی هارون"

سێیەم: پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت) بە دەقی فەرمووده وەڵامی ئەم بابەتەی داوەتەوە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی وا باو بوو ڕەچەڵەکی خەڵکی دەدرایە پاڵ پێغەمبەران و ڕاسانی پێشینان وەک دەفەرموێت (إنهم كانوا يسمون بأنبيائهم، والصالحين قبلهم) [1] وەک ئەوەی لە قورئاندا هەندێک جار وشەی (أخ، أخت) بۆ ڕەچەڵەک و نەوە بە کار دێت، مەبەست پێی براو خوشکی ڕاستەقینە نییە، هەر لە سەر ئەم بنەمایە قورئان کاتێک باس لە پێغەمبەر (هود) دەکات بە برای عاد ناوی دەبات وەک دەفەرموێت ﴿ وَٱذۡكُرۡ أَخَا عَادٍ ﴾ لە کاتێکدا هود برای عاد نەبوە بەڵکوو لە نەوەی عاد بوە، لە ناو عەرەبیشدا هاتوە (يا أخا العرب، يا اخا الهمدان). بە

[1] مسلم رقم (٢١٣٥) في الآداب، باب النهي عن التكني بأبي القاسم، وبيان ما يستحب من الأسماء.

هەمان شێوە لە زمانی کوریشدا نموونەی ئەم بابەتە هەیە وەک دەگوترێت (کوڕی شارەکە، کوڕی شاخ، کوڕی عەشیرەت)

بە هەمان شێوە ئەم بەکارهێنانە لە ناو تەورات و ئینجیلدا هاتوە، وەک لە ئینجیلی لۆقا (ئیساحی پێنج)، تەورات سیفری (العدد) ئیسحاحی ١٨ لاپەڕە ٥-٢٥ دەبینین ئەوانیش وشەی (اخ _ اخت)یان بە کار هێناوە مەبەستیان نەوە و نەوەی نەوە و ڕەچەڵەک بوە، نەوەک برا و خوشکی حەقیقی، هەر لە سەر ئە بنەمایە زۆرێک لە زانایان و ڕاڤەکارانی قورئان پێیان وایە، مەبەست لە هارون لەو ئایەتی پێشتر هارونی برای موسایە بەو پێیەی مەریەم لە نەوەی هارون بوە. دەنا بە بابەتێکی سروشتییە و موسوڵمان و نا موسوڵمان ئەوەیان لاڕوونە کە لە ڕووی مێژووییەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان هارونی برای موسا و سەردەمی مەریەمی کچی عیمراندا هەیە. هەر وەک قورئان خۆیشی بە دەقی ئاشکرا، ئەم بابەتەی ڕوونکردووتەوە تیشکی خستوەتە سەر ماوەی زەمەنی جیاوازیی نێوان سەردەمی موسا و عیسا وەک دەفەرمووێ ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَى ٱلْكِتَٰبَ وَقَفَّيْنَا مِنۢ بَعْدِهِۦ بِٱلرُّسُلِ وَءَاتَيْنَا عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ ٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَيَّدْنَٰهُ بِرُوحِ ٱلْقُدُسِ ﴾

هەر پەیوەست بەم بابەتە (جۆرجل سێل) کە یەکەمین کەس بوە قورئانی وەرگێڕاوە بۆ زمانی ئینگلیزی، کاتێک وەرگێڕانی ئەم ئایەتەی خستوەتە ڕوو، لە پەراوێزێکدا تیشک دەخاتە سەر ئەم بابەتەو دەڵێت " ئەو گومانەی کە مەسیحییەکان دەیورووژێنن دەربارەی ئەم ئایەتە، زۆر نەباجێ و بێ ئەرزشە، بەو پێیەی هیچ موسوڵمانێک نەی گوتوە هارون و مەریەم خوشک و برای یەکدین، تاوەکوو ئەوەی ڕەخنەیان لێ بگیرێت"

قسەکردنی عیسای مەسیح بە مەلۆتکەیی

یەکێکی تر لە گومان و ڕەخنەی نەیەران چیرۆکی قسەکردنی عیسی مەسیحە لە ناو لانک، پێیان وایە بابەتی ئاماژەکردنی مەریم بۆ عیسا و وەڵامدانەوەی عیسا و قسەکردنی لە ناو لانک دوورە لە ڕاستییەوە بەو پێیەی لە هیچ کتێب و سەرچاوەیەکی تردا نەخراوەتە ڕوو، نا لۆژیکییە ڕووداوێکی گەورە و جێی سەرنجی وەک قسەکردنی منداڵ لە ناو بێشکەدا تەنها لە قورئاندا تۆمار کرابێت و سەرچاوە مێژووییەکانی تر هەواڵێکیان لەم بارەیەوە نەبێت. لە چەند خاڵێکدا وەڵامی دروست لەم بارەیەوە دەخەینەڕوو.

- ئەم ئایەتە لە بەرانبەر مەسیحییەکانی سەردەمی پێغەمبەر خراوەتە ڕوو، نکۆڵیان لێ نەکردوە، ئەوان ئەوەیان دەزانی قسەکردنی عیسا لە نێو مەلۆتکە لە بنەڕەتدا بۆ بەرگرییکردن بوو لە پاکداوێنی مەریەم، پاشان چەسپاندی پەیامداریی خۆی، هەڵبەت ئەوانەی لەوێ بوون و ئەو ڕووداوەیان بینی، کۆمەڵێک جوولەکە بوون، مەحاڵە جوولەکە موعجیزەی عیسا لە نێو خەڵکیدا بڵاو بکاتەوە و تۆماری بکات، لە کاتێکدا ئەوان نەیاری سەرختی مەسیحیەت و خودی عیسا بوون هەوڵی کوشتینان دەدا، مەحاڵە بەم شێوەیە موعجیزەی عیسا تۆمار بکەن.

- هەموو لایەک کۆدەنگن لە سەر ئەوەی مەریەم کچ بوە و شوی نەکردوە و کچی یەکێک لە بەناوبانگترین کاهینەکانی ئەو سەردەمە بوو، لەو سەردەمەدا وابابوو، گەر کچی کاهین زینای کردبا سزای مەرگیان بە سەردا دەدا، هەر وەک لە (سیفر الاخبار ئیسحاحی ۹) هاتوە، (گەرهاتوو کچی کاهین زینای کرد دەبێت بسوتێنرێت) هۆکار چی بوو کە مەریەم نەسوتێنرا؟ دیارە بەڵگەیەکی گەورە لە بەر دەستدا بوو تاوەکوو ئەوەی ببێتەمایەی بەرائەتی مەریەم، بە دڵنیاییی موعجیزەی هاتنە گۆی عیسا ئەو بەڵگەییە بوو کە بوە مایەی پاراستننی مەریەم لە سزای سوتاندنی باوی نێو هۆزەکەی.

-ئەوەی دەگوترێت لە هیچ کتێب و سەرچاوەیەکی تردا نەگێڕراوەتەوە، لە ئینجیلی (بەرنابا ئیسحاحی ٧) ئەم چیرۆکەی تێدا تۆمارکراوە، هەڵبەت گەڕان بۆ ئەم بابەتە لە ناو تەوراتدا بابەتێکی تەواو نالۆژیکییە، بەو پێیەی لە ڕووی زەمەنییەوە، تەورات پێش ئەم ڕووداوە دابەزییوە، ئەگەر تەوراتی ڕاستەقینە هەواڵی دابێت بەوەی ڕووداوێکی لەم چەشنە لە ڕابردوودا ڕوو دەدات، بە دڵنیایی گۆڕانکارییان تێدا کردوە ڕاستییەکەیان لەم بارەیەوە شاردووەتەوە. نا لۆژیکییە هەوڵبدەن لە سەرچاوە یەهودییەکان بابەتێکی لەم شێوەیە بخرێتە ڕوو، یەهودییەکان چۆن بابەتێکی لەم شێوەیە پشتڕاست دەکەنەوە، لە حاڵێکدا ئەوان دوژمنی سەرسەختی مەسیح و مەسیحیەتن، گێڕانەوەی بابەتێکی لەم شێوەیە و لە سەر چاوەکانی ئەواندا واتای دانپێدانان بە پێغەمبەرایەتیی مەسیح و پەیامەکەی، ئەمەیش واتای جاڕدانی مەرگی ئایینی جوولەکە.

گومانی لێکدژی لە نێوان ئایەتەکانی قورئاندا[1]

گومانی لێکدژی نێوان ئایەتەکانی قورئان مێژوویەکی کۆنی هەیە، زەندیقە سەرەتاییەکان چەندین گومانی پەیوەست بەم بابەتەیان خستووەتە ڕوو، وەک درێژەپێدان بە هەنگاوی پێشینەکانیان مولحیدان و گومانکارانی سەردەم کار دەکەن لە سەر زەقکردنەوەی ئەم گومانانە، ئەویش لە پێناو دروستکردنی گومان و دوودڵی لە نێو موسوڵمانان، گومانکاران بە شێوەیەکی ڕووکەشانە بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری سادە و کەوتوونەتە نێو ئەم بابەتەوە، لە دیارترین هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم جۆرە گومانانە

یەکەم: هەندێک جار هۆکاری ئەو لێکدژییەی کە نەیاران بانگەشەی بۆ دەکەن ئەوەیە کە ئەو دوو ئایەتە هەریەکیان باس لە دوو بابەتی جیاواز دەکەن و پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان پێکەوە نییە، بەڵام نەیاران دەیانەوێت ئەوە بخەنە ڕوو کە هەر دووکیان باس لە یەک بابەتی دیاریکراو دەکەن، بۆ نموونە کاتێک خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ ﴾[2] ﴿ فَوَرَبِّكَ لَنَسْأَلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ ﴾[3] قورئان دوو ئایەتەدا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە لە ڕۆژی قیامەتدا پرسیار لە بێباوەڕان و ستەمکاران دەکرێت لە بارەی کار و کردەوەکانیان، بەڵام دواتر لە جێگەیەکی تردا باس لەوە دەکات کە پرسیاریان لێ ناکرێت، وەک دەفەرموێت ﴿ فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُسْأَلُ عَن ذَنۢبِهِۦٓ إِنسٌ وَلَا جَآنٌّ ﴾[4] نەیاران تیشک دەخەنە سەر ئەوەی دوو ئایەتی یەکەم

---

(1) بۆ زانیاری زیاتر و وردەکارییەکانی پەیوەست بەم بابەتەوە بڕوانە. تأويل مشكل القرآن، ابن قتيبة. فوائد في مشك القرآن ي العز بن عبد السلام.. وضح البرهان في مشكلات القرآن ي نيسابوري. تفسير آيات أشكلت ابن تيمية. بان فتح الرحمن بكشف مايتلبس في القرآن زكريا الأنصاري. دفع إيهام الاضطراب محمد الشنقيط. دفاع عن القرآن ضد منتقديه، عبدالرحمن البدوي)

(2) ئادەی بیانوەستێنن، بێگومان ئەوان پرسیار لێ کراون. الصافات:٢٤

(3) سوێند بە پەروەردگارت پرسیار لە هەموویان دەکەین بەگشتی. الحجر:٩٢

(4) ئەو ڕۆژە هەموو شت ڕوون و ئاشکرایە، پرسیار لەگوناهانی ئادەمیزاد و پەریەکان ناکرێت. الرحمن: ٣٩

لەگەڵ ئایەتی دواتر دژاوەنەی یەکترین، لەو دوو ئایەتەی سەرەتا باس لەوە دەکات کە پرسیاریان لێ دەکرێت بەڵام ئایەتی سێیەم باس لەوە دەکات کە پرسیاریان لێ ناکرێت ئەمەیش دژەوانەیەکی ڕوون و ئاشکرای نێو قورئانە.

لە وەڵامی ئەم گومانەدا دەڵێین ئەم دوو ئایەتە کە بە تێگەییشتنی ئەوان دژەوانەی یەکترین لە ڕاستیدا باس لە دوو بابەتی جیاواز دەکەن، کە هەر یەکیان بۆ خۆی بە شێوەیەکی سەربەخۆ پێوەندی بە بابەتەکەی ترەوە نییە. پرسیارێک بۆ عوزر هێنانەوەو وەڵامدانەوەو ڕوونکردنەوە بێت ئەوا ئەو پرسیارەیان لێ ناکرێت، بەڵام ئەو پرسیارەی بۆ سەرزەنشتکردن و سزادان و بیرهێنانەوەی خراپەو تاوانەوکانیان بێت، ئەوا بەدڵنیایی ئاڕاستەیان دەکرێت، هاوکات ڕۆژی قیامەت شوێنی زۆر و کاتی زۆر جیاوازیی تێدایە، هەرکات و سات و جێگەیەکی خۆی قسەوباس و هەڵوێستیکی تایبەتی بوونی هەیە، بێباوەڕان بە درۆ و ناڕەوا و بە ئەوپەری چاو قایمییەوە لە پێناو بەدرۆخستنەوەی بانگەوازی پێغەمبەران نەک لە سەر ئاستی تاک بەڵکوو پێکەوە دەڵێن ئێمە هاوبەشمان بۆ پەروەردگار بڕیار نەداوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەمە بانگەشەیکی بێ بنەمایە و هیچی تر، چونکە ئەوان هاوبەشیان بۆ پەروەردگار بڕیار دابوو، بەڵام خوای گەورە وەک کەرەستەیەک بۆ دژایەتیکردن و وەڵامدانەوەیان و بێدەنگ کردنیان ئەندامەکانی جەستەی خۆیان دەکاتە گەواهیدەر لە سەریان و لە سەر ڕاستی تەواوی ئەو کارانەیی کە لە دونیادا ئەنجامیان داوە، دوای ئەوە هەموو شت ڕوون دەبێتەوە بێباوەڕان بێ قسە دەمێننەوە، پاشان سەرزەنشتی ئەندامەکانی جەستەی خۆیان دەکەن و وەک قورئان بۆمان دەگێڕێتەوە ﴿ وَقَالُوا۟ لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدتُّمْ عَلَيْنَا ۖ قَالُوٓا۟ أَنطَقَنَا ٱللَّهُ ٱلَّذِىٓ أَنطَقَ كُلَّ شَىْءٍ ۚ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ﴾ (١)

---

(١) ئەوسا بەغەمبارییەوە بەپێستی خۆیان دەڵێن: بۆچی شایەتیتان لە سەر داین خۆ زەرەرتانە؟ لە وەڵامدا دەڵێن، ئەو خوایە ئێمەی هێناوەتە گوفتار کە دەتوانێت هەموو شتێک بهێنێتە قسە و گفتوگۆ، هەر ئەو زاتەشە کە یەکەمجار بەدیهێناون و هەر بۆ لای ئەویش دەبرێنەوە (بێگومان کارێکی ئاسانە بۆ خوا چونکە نادەمیزاد جۆرەها ئامێری هێناوەتە قسە، دەم و زمان و لێویشیان نییە!). فصلت ٢١

پاش ئەوەی ئیتر بەتەواوی ڕاستییەکیان ڕوون بوونەوە و دەرکەوت کە بێباوەڕان درۆیان کرد لە شاردنەوەی کارەکانی دونیایان و گەواهیدانی ئەندامەکانی جەستەیان لە سەریان پاشان دەفەرموێت ﴿ وَلَا يَكْتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثًا ﴾[1] ئیتر بێباوەڕان ناتوانن درۆ درۆ بکەن لە ئاستی پەروەردگار ئەو دەرفەتەشی کە پێشتر پێی دابوون لە پێناوی ئەوە بوو هەتا تەواوی قسەو ناڕاستییەکانیان بخەنەڕوو، ئەوەندەی پێیان دەکرێت بەرگری لە خۆیان بکەن، پاشان خوای پەروەردگار بە بەڵگەی یەکلاییکەرەوە دەم کوتیان دەکاتەوە ئەندامانی جەستەی خۆیان دەکاتە گەواهیدەر لە سەریان، پاشان هەواڵی ئەوە دەدات کە ئیتر بێباوەڕان ناتوانن هیچ شتێک لە پەروەردگار بشارنەوە، ﴿ قَالُوا۟ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴾[2] بەم ئایەتەدا شیرکەکەیان شاردوەتەوە بە ئەویەری چاو قایمییەوە دەڵێن ئێمە هاوبەشمان بڕیار نەداوە هەڵەیەکی زەقە ئەم ئایەتە بکرێتە دژەوانە لەگەڵ ئایەتی ﴿ وَلَا يَكْتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثًا ﴾ هیچ شتێک لە خوای گەورە ناشارنەوە، نەیاران بەم شێوەیە لێی حاڵیّ بوون، هەر لەم ڕوانگەیەوە پێیان وایە ئەم دووئایەتە دژەوانەی یەکدین، بێ ئاگا لەوەی ئەم دوو ئایەتە هەر دووکیان باسکردنە لە دوو حاڵەت و دوو شوێنی جیاواز، شوێنی یەکەم سوڕەتی ئەنعام باس لەوە دەکات کە ئەو بێباوەڕانە بە گەمژەیی خۆیان وایان دەزانی دەتوانن ڕاستییەکان بشارنەوە بۆیە بەچاو قایمی گوتیان ﴿ قَالُوا۟ وَٱللَّهِ رَبِّنَا مَا كُنَّا مُشْرِكِينَ ﴾ بەڵام دوای ئەوەی خوای گەورە ئەندامەکانی جەستەیان دەکاتە گەواهیدەر لە سەریان و قسەبڕیان دەکات و بە دەست بەتاڵی دەمێنەوە، ئیتر دەفەرموێت ﴿ وَلَا يَكْتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثًا ﴾ ئیتر بابەتێک نییە ناوی لێکدژی بێت، بەڵکوو بابەتی قۆناغبەندییە، قۆناغی یەکەم بانگەشەی ئەوان کە شیرکیان ئەنجام نەداوە. قۆناغی دوەم: گەواهی دانی ئەندامەکانی جەستەیان. قۆناغی سێیەم: بێدەنگ بوونیان ناتوانییان لە بارەی

---

[1] ناتوانن هیچ گوفتارێکی پەنهانیان لە خوا بشارنەوە. النساء:٤٢

[2] وتیان: سوێند بەخوای پەروەردگارمان ئێمە هەرگیز موشریک و هاوەڵگەر نەبووین!!. الأنعام ٢٣

شاردنەوەی ڕاستییەکان لەمەقامی پەروەردگار، هەر هەوڵێک بۆ نیشاندانی لێکدژی لە نێوان ئەم دوو ئایەتە جگە لە نەزۆکی ئەنجامێکی تری نییە.

دووەم: یەکێکی تر لەو کەرەستانەی کە نەیاران لە پێناو دۆزینەوەی لێکدژی ئایەتەکانی قورئان بە کاری دەهێنن، ئەوەیە کە هەندێک جار لە قورئاندا بابەتێک لە دوو شێوەی جیاواز لە دوو کاتی جیاوازدا بە دوو جۆر باسکراوە، ئیتر بە هۆی تێنەگەشتنی نەیارانەوە باس لەوە دەکەن گوایە ئەمە لێکدژییە لە نێوان ئایەتەکانی قورئان، بۆ نموونە کاتێک خوای پەروەردگار لە سەروبەندی گێڕانەوەی چیرۆکی و موسا و بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ ساحیرانی فیرعەون دەفەرموێت ﴿ فَأَلْقَىٰ عَصَاهُ فَإِذَا هِيَ ثُعْبَانٌ مُّبِينٌ ﴾ [1] دەبینین خوای گەورە لێرەدا باس لەو مارە دەکات بەوەی کە مارێکی گەورە و ئاشکرا بوو، کەچی لە جێگەیەکی تردا لە سورەتی (القصص) دەفەرموێت ﴿ وَأَنْ أَلْقِ عَصَاكَ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهْتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنٌّ ﴾ [2]

لێرەدا قورئان وێنای مارەکە بەوە دەکات کە زۆر بە خێرایی دەجوڵایەوە وەک تولە مارێکی قەبارە بچوک، مولحیدان دەیانەوێت ئەو گومانە بخەنەڕوو کە لێکدژی لە نێوان قورئاندا هەیە بەو پێیەی ئایەتی یەکەم وەسفی مارەکە دەکات بە گەورە و زەبەلاح بەڵام ئایەتی دواتر وسفی دەکات بە ﴿ كَأَنَّهَا جَآنٌّ ﴾

هیچ جۆرە لێکدژییەک لێرەدا بوونی نییە بەو پێیەی ئەم دوو ئایەتە دوو وەسفی جیاوازن واتە هەر دووکیان وەسف نین بۆ تاکە شتێک لە یەک کاتدا خوای گەورە لە ئایەتی یەکەمدا باس لەوە دەکات کاتێ موسا دارەکەی فڕێدا، بوە مارێکی گەورە، پاشان لە ئایەتی دوەمدا باس لە جوڵەی مارەکە دەکات، نەوەک قەبارەکەی وەک دەفەرموێت﴿تَهْتَزُّ﴾ دەجوڵایەوە دەبزوو﴿ كَأَنَّهَا ﴾ هەر وەک ئەوەی﴿ جَآنٌّ ﴾تولە مار بێت، واتە لە جووڵەیدا لە تورە مار دەچوو، کەواتە ئایەتی دوەم باس لە قەبارەی

[1] ئینجا موسا دارعەساکەی فڕێ دابو دەستبەجێ بوو بەمارێکی گەورە و ئاشکرا. الأعراف ١٠٧

[2] عەساکەت فڕێ بدە، جاکاتێک فڕێیدا بینی، وەکو تولەمار بەخێرایی دەجووڵا. النمل: ١٠

گەورە و بچوک نییە، بەڵکوو باس لە بزاوتن و جوڵەکەیەتی، کەواتە مارێکی گەورە بوو کە لە خێرایی و جوڵە و بزاوتیدا وەک تولەمار وابوو کە ئەو کات زیاتر مەترسیدار دەبێت، هەر بۆیە بوە مایەی ترس و بیم لە دڵی موسادا، لە زمانی کوردیشدا ئەم حاڵە هەیە دەگوترێت (قەڵەوێکی لەشسوکە) مەبەست لێی جوڵەی جەستەی وەک جوڵەیی کەسێک لەشسوکە.

سێیەم: هەندێک جار لە قورئاندا کردارێک لە ڕوویەکەوە بۆ لای بەرانبەر پاڵدارەوە، لە هەمان کاتدا پاڵدانی کارەکەی بۆ لای لێ سەنراوەتەوە، بۆ نموونە قورئانی پیرۆز باسی سەرەتاکانی دەستپێکردنی جەنگی بەدر دەکات کاتێک کە پێغەمبەر مشتێک خۆڵی هەڵگرت و فڕێی دا بە ڕووی بێباوەڕان، مشتە خۆڵەکە چوە چاوی هەموویانەوە. خوای گەورە لە سوڕەتی (الأنفال) بە ڕوونی ئەم چیرۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت ﴿وَمَا رَمَيْتَ إِذْ رَمَيْتَ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ رَمَىٰ﴾[1] نەیاران ئەو گومانانە دەخەنە ڕوو، دەپرسن ئایە مشتە خۆڵەکە موحەمەد فڕێیداوە؟ بەڵی قورئان دەفەرموێت موحەمەد فڕێیداوە، دواتر دەڵێت موحەمەد فڕێیی نەداوە و خودا فڕێی داوە ! لۆژیکی نییە جارێک کردارەکە دەدرێتە پاڵ موحەمەد، جارێکی تر کردارەکەی دوور دەخرێتەوە لە موحەمەد و دەدرێتە پاڵ خودا! ئێستا کامیان فڕێیان داوە، خودا فڕێیداوە یان موحەمەد؟

لە وەڵامیدا دەڵێین تێگەییشتن لەم ئایەتە تەواو ئاسانەوە و هیچ لێکدژییەکی تێدا نییە، بابەتەکە بەم شێوەیە یە (بنەڕەتی ئەنجامدانی کارەکە لە هەڵگرتن و تەقاندنی مشتە خۆڵەکە کاری موحەمەدە و ئەو ئەنجامی داوە، دروستکردنی کاریگەرییەکە و گەیاندنی بۆ نێو چاوی یەک بە یەکی بێباوەڕان ئازار پێگەیاندنیان کاری پەروەردگارە، هەر لە ڕووی عەقڵییەوە مشتەخۆڵێک لە دوورەوە بهاوێژرێت

---

[1] تۆش ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) کاتێک مشتێک خۆڵت ڕوو بەکافران فڕێدا ئەو کارە تەنها تۆ نەتکرد، بەڵکوو خوا فڕێی دا و (خۆڵی کردە چاوی کافرانەوە). الأنفال ١٧

ناتوانێت بگاتە نێو چاوی نزیکەی هەزار کەس، ئەگەر خوای پەروەردگار ئەنجامی نەدات کەواتە لێرەدا باسەکە لەوە نییە خوای گەورە هاویشتویەتی یان موحەمەد.

کەواتە بکەر (فاعل) لێرەدا موحەمەدە کە کارەکەی خۆی لە هاویشتنی مشتە خۆڵەکەدا دەبینێتەوە، بەڵام گەیاندنی بە چاوی هەزار کەس و دروستکردنی کاریگەرییە ڕاستەقینەکە کاری پەروەردگارە. نموونەی ئەم بابەتە لە قورئاندا زۆرە هەر وەک خوای گەورە لە جێگەیەی تردا دەفەرموێت ﴿ وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ ﴾لەم ئایەتەدا نکۆڵیکردن (نفی) و دان پێدانان (الاثبات) وەک یەک نین، واتە ڕاستە ئێوە خەڵکی دەبینن لەبەر نارەحەتی و سەختی ڕۆژی قیامەت وەک سەرخۆش وان، ئەمە پشت ڕاستکردنەوەیە لە سەر ئەو بنەمایەی ئێمە بەچاوی خۆمان دەی بینین، بەڵام سەرخۆشی بەو واتایە نییە کە ئەمانە مەییان خواردبێتەوە بە هۆیەوە سەر خۆش بووبن.

چوارەم: هەندێک جار لێکدژی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت بە پێی سروشتی زمانی عەرەبی وشەکانی نێو قورئان زیاتر لە مانایەک هەڵدەگرن، لەبەر ئەوە نەیاران ئەو واتایە دەخەنە ڕوو کە خۆیان مەبەستیان لێیەتی. تاوەکوو بیکەن بەگژ ئایەتێکی تردا، بۆ نموونە خوای گەورە کاتێک باس لە دۆخی خراپی بێباوەڕان دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا لەو بارەیەوە دەفەرموێت ﴿ فَبَصَرُكَ ٱلْيَوْمَ حَدِيدٌ ﴾ وشەی (البصر) لە زمانی عەرەبیدا بە چەندین واتای جیاواز دێت، لەوانە (چاو، شارەزایی، بەرچاو ڕوونی) و چەندین واتای تر لێرەدا وشەی (البصر) بە واتای چاو نایەت بەڵکوو بە واتای بەرچاوڕوونی دێت، وەک لە سیاقی پێشەوەی ئایەتەکە بۆمان دەردەکەوێت کە دەفەرموێت ﴿ لَّقَدْ كُنتَ فِى غَفْلَةٍ مِّنْ هَٰذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَآءَكَ ﴾ تۆ پێشتر بێ ئاگابوویت لە دۆخی ڕۆژی قیامەت پەردەمان لە سەر ڕاستییەکان لادا تاوەکوو هەمووشتت بۆ ئاشکرا بێت، پاشان دەفەرموێت﴿فَبَصَرُكَ ٱلْيَوْمَ حَدِيدٌ ﴾ وشەی (البصر) لێرەدا بە واتای ئاشکرا بوون دێت، نەوەک بە واتای ئەو ئەندامەی کە

پێی دەگوترێت چاو، بەو پێیەی ڕاڤەکردنی چاو لەم ئایەتەدا بە چاوی سەر دەبێتە مایەی دروستبوونی لێکدژی لەگەڵ ئەو ئایەتەی سوڕەتی (الشورى) کە خوای پەروەردگار دەفەرموێت ﴿ خَٰشِعِينَ مِنَ ٱلذُّلِّ يَنظُرُونَ مِن طَرۡفٍ خَفِيّٖ ﴾ ئەم ئایەتە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کاتێک پەروەردگار سزای بێباوەڕان دەدات، بەزەلیلی و سەر شۆڕی دەکەونە سەر چۆک، لە ژێر چاوەوە بەچاوە دزە سەیر دەکەن، لە ئایەتی یەکەمدا دەڵێت بە چاوێکی تیژەوە لێیی دەڕوانن لە ئایەتی دوەمدا دەڵێت بە چاوەدزە سەیر دەکەن، کەواتە ئەم دووئایەتە لێکدژن، هەڵبەت ئەمە تێگەییشتنی مولحیدەکانە، بەڵام ئێمە دەڵێین وشەی (البصر) لە ئایەتی یەکەمدا بە واتای چاو نییە بەڵکوو بە واتای لادانی پەردە و ئاشکرابوونی ڕاستییەکان، هەڵبەت ئەمەیش بابەتێکی شاراوەنیە لە زمانی عەرەبیدا وەک دەگوترێت (فلان بصير بهذا الأمر) فڵانەکەس شارەزایە لەو بوارەدا لە ئایەتی یەکەمدا باس لە چاوی سەر نییە، کەواتە ئەوەی ئەوان دەیخەنە ڕوو پێوەندی بە تێگەییشتنی لاواز و کورتهێنانی تێگەییشتنی ئەوانەوە هەیە.

پێنجەم: هەندێک جار بە هۆی بێ ئاگایی مولحیدان لە وردەکارییەکانی قورئان و بابەتەکانی پەیوەست بە قورئان و جیاوازیی نێوان ئایەتەکان لە بابەتەکانی پەیوەست بە عام وخاص و موحەکەم و موتەشابیە و ناسیخ و مەنسوخ جیاوازیی هۆکاری دابەزین، وپێش و پاشی حوکمەکان، واگومان دەبەن کە ئایەتەکانی قورئان لێکدژیان لە نێواندا هەیە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت کۆ بکرێنەوە، بەڵام بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی تەفسیر تێدەگەین لەوەی لە پێوەندی نێوانی ئەم ئایەتانە بابەتێک نییە بە ناوی لێکدژی بەو پێیەی بوونی هەر لێکدژییەک لە نێوان ئایەتەکانی قورئان واتای نەمانی پێوەندی ئەم قورئانە بە خوداوە، چونکە مەحاڵە وتەی پەروەردگار لێکدژی تێدا بێت وەک لە بنەماکانی زانستی جەدەل و مونازەردا هاتوە (تناقض المذهب برهان بطلانه) بە دڵنیایی تەواوی بوونەوەرانی جیهان ناتوانن لێکدژییەک لە قورئاندا بدۆزنەوە، کەواتە ئیتر دەبێت ڕادەستی بەرنامەی

پەروەردگـار بـن، مەحـاڵە مرۆڤێکـی نەخوێنـدەواری وەک مـوحەمەد بە لـوتکەی ڕەوانبێژییەوە بە شێوەیەکی زانستی لە چوارچێوەی ٧٧ هەزار وشەی بەپێز باس لە تەواوی زانستەکانی پەیوەست بە پزیشکی و فەلەک و جیۆلۆجی مێژوو و جوگرافیاو پەنهان و مێرووناسی.. . بکات، چۆن دەبێت لێکدژییەکی تێدا نەبێت، کەوایە ئەم پەیامەی پەروەردگار دوور و نزیـک پێوەنـدی بە مـوحەمەدەوە نیـیە، وەحـی خـوای پەروەردگارە. لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێک لە نموونەی ئەو ئایەتانە بخەیـنەڕوو کە مولحیدان و هاوبیرانیان پێیان وایە دژایەتی لە نێوانیاندا هەیە.

گومانەکانی پەیوەست بە دروستکردنی زەوی و ئاسمانەکانەوە

گومان لە دروستکردنی لە پێشینەییی زەوی و ئاسمانەکان

مولحیدان و گومانکاران، گومانی ئەوە دەخەنە ڕوو و دەڵێن قورئان بە چەندنین شێوەی جیاواز و دژبەیەک باس لە دروستکردنی زەوی و ئاسمانەکان و لە سەرەتاوە دەڵێت ﴿ قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُ أَندَادًا ذَٰلِكَ رَبُّ الْعَالَمِينَ ۝ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ ﴾[1]

لە جێگەیەکی تردا دەفەرموێت ﴿ هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ اسْتَوَىٰ إِلَى السَّمَاءِ فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴾[2]لەم دووئایەتەدا قورئان تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە خوای گەورە لە سەرەتاوە زەوی دروست کردوە، دوای ئەوە دەستی کردوە بە دروستکردنی ئاسمانەکان، بەڵام لە جێگەیەکی تردا بە پێچەوانەوە خوای گەورە باس لەوە دەکات کە قۆناغی دوای ئاسمانەکان، زەوی دەحو کراوە، وەک دەفەرموێت . ﴿ وَالْأَرْضَ بَعْدَ ذَٰلِكَ دَحَاهَا ﴾[3]

واتای ئەوەی سەرەتا خوای گەورە ئاسمانەکانی دروست کردوە، پاشان زەوی خوڵقاندوە، ئەمەیش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو دوو ئایەتەی سەرەتا وەک لێکدژییەک وایە لە نێوانیاندا، جارێک تیشکدەخاتە سەر ئەوەی زەوی لە سەرەتادا دروست کراوە جارێکی تر تیشکدەخاتە سەر ئەوەی ئاسمانەکان لە سەرەتا دروست کراون؟!

---

[1] پێیان بڵێ: باشە ئاخر ئێوە باوەڕتان بەو زاتە نیە کە زەوی لە دوو ڕۆژدا دروست کردووە؟، چەند هاوەڵێکیشی بۆ بڕیار دەدەن؟! ئەو بەدیهێنەر و دروستکارە پەروەردگاری هەر هەموو جیهانیان و بوونەوەرە. . لەسەر ڕووکاری زەوی کێوەکانی دامەزراندوە، بەرەکەتی زۆری تێدا دابین کردووە، هەموو ڕزق و ڕۆزییەکانی تیادا بڕیارداوە هەمووی لە ماوەی چوار ڕۆژدا بە دوو ڕۆژەکەی پێشووشەوە، تا نیاز و داخوازییەکانی ئادەمیزاد جێبەجێ بکات. فصلت ٩-١٠

[2] هەر ئەوزاتە هەموو شتێکی لە زەویدا بۆ ئێوە دروست کردووە، پاشان ویستی ئاسمان دروست بکات، بۆیە بە حەوت چین بەدی هێنا و ڕێکی خستن، هەر خۆیشی بە هەموو شتێك زانا و ئاگادارە. البقرة ٢٩

[3] دواتر زەویشی بەشێوەیەکی هێلکەیی بە دی هێناوە. النازعات:٣٠

لە ڕاستیدا بە هیچ شێوەیەک بابەتێک بە ناوی لێکدژیی بوونی نییە، ئەوەی، کە بە ڕووکەش لای ئێوە وەک لێکدژیی دەردەکەوێت پێوەندی بە تێگەشتنی ناتەندروستی بێباوەڕان و مولحیدانەوە هەیە، هیچ گومان نییە لەوە کە خوای پەروەردگار لە سەرەتادا زەویی دروست کردوە وەک بنەما، پاشان ئاسمانەکانی دروست کردوە لە قۆناغی سێیەمەدا دەستیکردوە بە ڕازاندنەوەی زەوی و دروستکردنی ئاو و ڕووبار و شاخ و وردەکارییەکانی ناوی، وەک دەفەرموێت ﴿وَٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ ذَٰلِكَ دَحَىٰهَآ﴾ دوای دروستکردنی ئاسمانەکان دەستمان کردوە بە ڕازاندنەوەی زەوی چونکە خوای گەورە لە دوای هەمان ئەو ئایەتەی دەفەرموێت (دحاها) ڕوونتر لەو بارەیەوە دواوە و ڕاڤەی کردوە وەک دەفەرموێت ﴿ أَخۡرَجَ مِنۡهَا مَآءَهَا وَمَرۡعَىٰهَا ۝ وَٱلۡجِبَالَ أَرۡسَىٰهَا ۝ ﴾[1] هەر وەک ئەو کەسەی بیەوێت خانوویەک دروست بکات لە سەرەتاوە بناغەکەی دروست دەکات، پاشان سەقفەکەی و دواتر دەست دەکات بە ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی نێو خانوەکە، بە هەمان شێوە خوای گەورە (ولە المثل الأعلى) لە زنجیرەی یەک لە دوای یەک ئەم ئایەتانە زۆر بە ڕوونی تیشک دەخاتە سەر ئەوەی لە سەرەتاوە زەویی دروست کردوە، پاشان ئاسمانەکان و قۆناغی دواتر دەستیکردوە بە ڕازاندنەوە و نەخشاندنی زەوی، پاشان نەیاران دێن و گومانی ئەوە دەخە ڕوو کە گوایە خوای پەروەردگار دەفەرموێت ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَٰتٖۚ ﴾ دەڵێن ئەوە نییە خودا باس لەوە دەکات کە تەواوی زەوی دروست کردوە پاشان ئاسمانەکان ئیتر کە وایە دوای دروستکردنی ئاسمان قۆناغی سێیەم ڕازاندنەوەی زەوی بوونی نییە، سەرچاوەی ئەم بە ناو گوومانە ئەوەیە کە ئەوان بە دروستی لە وشەی (خلق) تێنەگەیشتوون، وشەی (خلق) لەم ئایاتەدا بە واتای (تقدیر)ە نەوەک بە واتای (صنع)و دروستکردنی فیعلی، ئەوانەشی باس لەوە دەکەن کە بەواتای خەلقی فیعلی دێت، مەبەستیان پێ دروستکردنی بناغەکانی زەوییە نەوەک تەواوی زەوی بەوردەکارییەکانییەوە

[1] ئاوی لێ دەرهێناوە و لەوەڕگای بۆ ماڵات فەراهەم هێناوە، کێوەکانیشی بە تۆکمەیی دامەزراندووە. النازعات:٣١-٣٢

گومانی ماوەی دروستکردنی زەوی و ئاسمانەکان

یەکێک لە و گومانانەی کە نەیاران و مولحیدان ئاڕاستەی قورئانی دەکەن تیشک دەخەنە سەر ئەوەی گوایە ماوەی دروستکردنی زەوی و ئاسمانەکان لە قورئاندا تەواو ناڕوونە، نەک هەر ناڕوونە، بگرە زیاد لەمە لێکدژییەکی بەرچاو لەم بارەیەوە لە نێوان ئایەتەکانی قورئاندا بەرچاو دەکەوێت، چەندین ئایەتی دژەوانە لەم بارەویەوە لە قورئاندا بەرچاو دەکەون.

یەکەم: لە چەندین ئایەتی قورئاندا تیشکخراوەتە سەر ئەوەی کە زەوی ئاسمانەکان لە ماوەی ٦ ڕۆژدا دروستکراوە، وەک قورئان لەم بارەیەوە دەڵێت ﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ﴾ . واتە ئەوەی ئەو ماوەیەی زەوی و ئاسمانی تێدا دروست کراوە شەش ڕۆژە.

دووەم: لە جێگەیەکی تردا قورئان باس لەوە دەکات کە زەوی و ئاسمانەکان بە ماوەی هەشت ڕۆژ دروست کراون وەک لە سورەتی (فصلت) لەم بارەیەوە دەفەرموێت، ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَرْضَ فِى يَوْمَيْنِ وَتَجْعَلُونَ لَهُۥٓ أَندَادًا ۚ ذَٰلِكَ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝ وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِىَ مِن فَوْقِهَا وَبَٰرَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ ﴾

نەیاران و مولحیدان باس لەوە دەکەن گوایە ئەم ئایەتە تیشکدەخاتە سەر ئەوەی کە خوای گەورە زەوی لەماوەی دوو ڕۆژدا دروست کردوە، پاشان ڕازاندنەوەو ڕێکخستن و ئامادەسازکردنی بە شێوەیەکی گونجاو ماوەی چوار ڕۆژی خایاندوە، تائێرە شەش ڕۆژ، پاشان دوو ڕۆژی تری بۆ زیاد دەکات و دەفەرموێت ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ ۝ فَقَضَىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَاتٍ فِى يَوْمَيْنِ ﴾[1]

---

[1] ئینجا ویستی ئاسمان ڕێک بخات و دروستی بکات لەکاتێکدا کە دوکەڵ بوو، جا بە ئاسمان و زەوی فەرموو: فەرمانبەردار و ملکەچ بن، بەخۆشی خۆتان یان بەزۆر بتانخەمە ژێر دەسەڵاتی خۆمەوە؟! هەردوولا

لەم ئایەتەدا باس لەوە دەکات کە ئاسمانەکانی دروست کرد لە ماوەی دوو ڕۆژی تردا، کۆی گشتی کردییە هەشت ڕۆژ، کە وایە ئەمە لێکدژە لەگەڵ ئایەتەکانی پێشتر کە باسیان لە دروستکردنی زەوی و ئاسمانەکان کرد لە ماوەی شەش ڕۆژدا.

لە وەڵامیدا دەڵێین بێگومان خوای گەورە بێ هیچ گومانێک زەوی و ئاسمانەکانی لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروست کردوە، وەک چەندین ئایەتی قورئان ئەم ڕاستییەیان پشتڕاستکردووتەوە، دواتریش تەواوی موسوڵمانان کۆدەنگن لەم بارەیەوە، ئەوەی ئەوان تێ دەگەن لەم ئایەتە کە گوایە بە هەشت ڕۆژ دروست کراوە هەڵەیە، بەڵکوو ڕاستی واتای ئەیەتەکانی سوڕەتی (فصلت) بەم شێوەیەیە

سەرەتا دەفەرموێت ﴿قُلْ أَئِنَّكُمْ لَتَكْفُرُونَ بِالَّذِي خَلَقَ الْأَرْضَ فِي يَوْمَيْنِ﴾ ئەمە واتای دروستکردنی زەوی لە ماوەی دوو ڕۆژدا، پاشان ئەوەی دەفەرموێت﴿وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا فِي أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِّلسَّائِلِينَ﴾ ڕێخکستنی زەوی بە چوار ڕۆژ بوە، ئەوان وادەزانن ئەم چوار ڕۆژە هیچ پێوەندی بەو دوو ڕۆژەی پێشەوە نییە واتای ئەوەی ئەم چوار ڕۆژە چوار ڕۆژی سەر بە خۆیەوە دوور و نزیک پێوەندی بە دوو ڕۆژی پێشوەوە نییە، ئەمە تێگەییشتنێکی تەواو هەڵەیە، واتە دابڕینی ئەم چوار ڕۆژە لە دوو ڕۆژی پێشوی تری گرفتی لای ئەوان دروست کردوە، ئەم چوار ڕۆژەی کە لە بەشی دوەمدا هاتوە تەواوکەری دووڕۆژی یەکەمە واتا بەدوو ڕۆژ بناغەی زەوی دروست کردوە دوای ﴿وَجَعَلَ فِيهَا رَوَاسِيَ مِن فَوْقِهَا وَبَارَكَ فِيهَا وَقَدَّرَ فِيهَا أَقْوَاتَهَا﴾ لە دوو ڕۆژی تردا ئەم دوو ڕۆژە و دوو ڕۆژی پێشوتر دەکاتە چوار، ئەم شێوە لە گوزارشتە لە ناو خەڵکیش دا باوەو بە کار هاتوە بۆ نموونە (ولله المثل الأعلى) کەسێک دەڵێت چووم بۆ هەولێر دوو ڕۆژم پێ

خێرا وتیان: ملکەچی تۆین و چۆن دەفەرمویت وا دەکەین، لە ماوەی دوو ڕۆژدا، ئاسمانی کردە حەوت چین.

: فصلت ١١-١٢

چوو، دواتر لەوێوە چووم بۆ دهۆک، بە چوار ڕۆژ لەم گەشتە تەواو بووم واتای ئەوەی لە دهۆکیش دوو ڕۆژم پێ چوە، نەوەک ئەوەی لە هەولێر دوو ڕۆژ و لە دهۆکیش چوار ڕۆژ، گەشتەکە بکاتە شەش ڕۆژ. واتە دەتەوێت بڵێیت بە کۆی گشتی گەشتەکەت تەنها چوار ڕۆژی پێ چوە. لێرەشدا خوای گەورە بناغەی زەوی بە دوو ڕۆژ دروست کردوە، پاشان بە دوو ڕۆژ ڕازاندوویەتیەوە، ئەمە کردییە چوار ڕۆژ ﴿أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَاءً لِلسَّائِلِينَ﴾ دواتریش بە دوو ڕۆژ زەوی و ئاسمانەکانی دروست کردوە ﴿فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ﴾ بەکۆی گشتی کردییە شەش ڕۆژ، ئیتر بابەتێک نییە بە ناوی پێچەوانەی و لێکدژی لە بابەتی ماوەی دروستکردنی زەوی و ئاسمانەکان، ئەمە مایەی کۆدەنگی و زانستی یەقینییە لای تەواوی موسوڵمانان، نەک هەر موسوڵمانانی خوێندەوار بگرە موسوڵمانانی سادەو دەشتەکیش ئەو ڕاستییە دەزانن کە خوای گەورە لە ماوەی شەش ڕۆژدا زەوی و ئاسمانەکانی دروست کردوە، باشە ئەگەر ئەم قورئانە لە لایەن خودی موحەمەدەوە بوایە، ئایە موحەمەد نەیدەزانی جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان شەش و هەشت، ئەی بۆ ئەو کات بێباوەڕانی مەککە بەم ڕاستییەیان نەزانی وەک ئەوەی ئێوە بانگەشەی دەکەن، یان بۆ هیچ یەکێک لە هاوەڵانی موحەمەد، موحەمەدی لەم جیاوازییە ئاگادار نەکردوە.

گومانی هاوبەشی بەهەشت بۆ موسوڵمان و مەسیحی و جوولەکە

یەکێکی تر لەو گومانەی کە نەیاران و بێباوەڕان دەی و ڕوژێـنن بـاس لەوە دەکەن کە لە چوارچێـوەی دەقەکـانی قورئانـدا بە ڕوونـی تیشـکخراوەتە سـەر ئەوەی کە خوای گەورە جوولەکە و مەسحییەکانیش لە پاڵ موسـوڵماناندا دەخـاتە بەهەشـتەوە وەک دەفەرموێــــت ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحًا فَلَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾[١] بــــاس لەوە دەکەن گوایە ئەم ئایەتە بە ڕوونـی بـاس لەوە دەکـات کە هەریەک لە جـوولەکە و مەسیحی و سابئە و و ئەوانەی ئیمانیان هێناوە بە خـودا پاداشـتی خۆیـان هەیە و دەچنە بەهەشتەوە، ئـەم ئـایەتە پێچەوانەیە لەگەڵ ئــەو ئایەتەی کە دەفەرموێت ﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْءَاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ﴾[٢]

ئەم ئـایەتە بـاس لەوە دەکـات هەر کەس جـگە لە ئیسـلام ئـاییینێکی تـر هەڵبژێریت لێی وەرناگیرێت و لە قیامەتیشدا خەسارۆمەندەو دەچێتە دۆزەخەوە، کە وایە جوولەکە و مەسییحەکان دەچنە دۆزەخەوە ئەم ئایەتە دژەوانەیە لەگەڵ ئایەتی پێش خۆی کە بە ڕوونی باسی لە چوونە بەهەشـتی شـوێنکەوتووانی ئەوانـی تـر و ئایینەکاتی تر دەکات.

لە وەڵامیـدا دەڵێـین: ئەوەی لە بـابەتە بنەڕەتییەکـانی ئیسـلامەو جـێگەی کـۆدەنگییە و هـیچ گومـان و دوو دڵییەکـی تێـدا نیـیە، لە دوای هـاتنی ئـاییینی

[١] بێگومان ئەوانەی باوەڕیان هێناوە (لە ئوممەتی محمد (صلى الله عليه وسلم). ئەوانەش کە بوونە جوولەکە (شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی موسان). گاورەکـانیش (کـە شـوێنکەوتەی ڕاسـتەقینەی عیسـان). (سـابئە)ش کـە شوێنکەوتەی ڕاستەقینەی داودن). ئەوانە هەر دەستەیەکیان باوەڕی دامـەزراوی هێنـا بێـت بـە خـوا و ڕۆژی دوایی و کار و کردەوەی چاکەی ئەنجام دابێت، جا ئەوانە پاداشتیان لای پەروەردگاریانە، نە ترس و بیمیـان دەبێت، نە غەم و پەژارەش ڕوویان تێ دەکات. البقرة: ٦٢

[٢] جا ئەوەی بێجگە لە ئایینی ئیسلام پەیڕەوی هەر ئاینێکی تر بکات لێی وەرناگیرێـت، لـە قیامەتیشـدا لـە خەسارەتمەندو زەرەرمەندانە. ال عمران ٨٥

ئیسلامەوە هەر کەس جگە لە ئیسلام ئایین و بیروباوەڕێکی تر هەڵبژێرێت و بیکاتە پەیڕەو پڕۆگرامی ژیانی ئەو لە ئەهلی دۆزەخە، بە هیچ شێوەیەک لێی قەبوڵناکرێت، بەڵام ئەوەی ڕوونە لە ئایەتەکان مەبەست لە جوولەکە و مەسیحییەکان جوولەکە و مەسیحییەکانی سەردەمانی پێغەمبەرانی عیسا و موسا موسوڵمان و ئەهلی بەهەشتن و برای ئێمەن، بەڵام بە هاتنی ئیسلام ئیتر تەواوی ئایینەکانی تر تەواو کۆتاییان هات، ئەوەی لەم ئایەتەدا مەبەستی پێی جوولەکەکانی سەردەمی و موسا و مەسیحییەکانی سەردەمی عیسایە، گەورەترین بەڵگەش لە سەر ئەم ڕاستییە سەرەتای ئایەتەکەیە کە دەفەرموێت﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾ ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە، ئەگەر جوولەکە و مەسیحییەکان ئیماندارن ئیتر بۆ خوای گەورە لێیان جیا دەکاتەوە و دەڵێت ﴿وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ﴾مەبەستی ئەم ئایەتە جوولەکە و مەسیحی و سابئەکانی سەردەمانی پێغەمبەرانی خۆیانەوە، نەوەک جوولەکە و مەسیحییەکانی سەردەمی پێغەمبەر و قۆناغی دواتر، پاشان جوولەکە و مەسیحییەکان ڕەخنەی ئەوە دەگرن دەڵێن بۆچی ئێمە بە بێباوەڕ و دۆزەخی هەژمار دەکەن لە کاتێکدا قورئان بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە ئێمە دەچینە بەهەشت وەک لە دەقی ئایەتەکە هاتوە، بە پێی تێگەیشتنی ئەوان، دەپرسین لە جوولەکەکان ئەگەر ئێوە باوەڕتان بەم ئایەتە هەیە ئیتر بۆچی مەسحییەکان کافر دەزانن و بە ئەهلی دۆزخ هەژماریان دەکەن؟ و مەسیحییەکانیش بۆ ئەوان بە پێچەوانەوە، خۆ هەریەکێک لە ئێوە ئایینێکی جیاوازتان هەیە!؟

گومانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواکان

نەیاران ڕەخنەگران و مولحیدان باس لەوە دەکەن قورئان لە بارەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە چەندین دەقی دژ بە یەکی تۆمارکردوە

یەکەم: جارێک قورئان تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە یەک ڕۆژهەڵات و یەک ڕۆژئاوا هەیە وە بە ڕوونی لە سورەتی (البقرة)دا ئەم بابەتە پشتڕاست دەکاتەوە ﴿ وَلِلَّهِ ٱلۡمَشۡرِقُ وَٱلۡمَغۡرِبُۚ ﴾

دووەم: لە جێگەیەکی تردا قورئان باس لەو دەکات کە دوو ڕۆژهەڵات و دوو ڕۆژئاوا هەیە، وەک لە سورەتی (الرحمن) دا هاتوە ﴿ رَبُّ ٱلۡمَشۡرِقَيۡنِ وَرَبُّ ٱلۡمَغۡرِبَيۡنِ ﴾

سێیەم: لە جێگەیەکی تردا قورئان بە کۆ باس لەوە دەکات کە چەند ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەک هەیە، وەک لە سورەتی (المعارج) دا بە ڕوونی باسی لێوە دەکات و دەفەرموێت ﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِرَبِّ ٱلۡمَشَٰرِقِ وَٱلۡمَغَٰرِبِ إِنَّا لَقَٰدِرُونَ ﴾

مولحیدان و ڕەخنەگران دەڵێن ئێستا تێمان بگەیەنن یەک ڕۆژهەڵات و یەک ڕۆژ ئاوا هەیە؟ یان دووان یا زیاتر، گەر یەک دانە هەیە بۆ دەڵێن دووان ئەگەر دووان هەیە بۆ دەبێتە سیان.

لە وەڵامیدا دەڵێین: بابەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەم ئایەتەدا بە هیچ شێوەیەک پێوەندی بە ژمارەوە نییە، واتە بە هیچ شێوەیەک باس باسی ئەوە نییە کە دوو ڕۆژ هەڵات و دوو ڕۆژئاوا یان زیاتر یان کەمتر هەیە، خوای گەورە لە قورئاندا فەرموویەتی خوای گەورە پەروەردگاری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، ئیتر جارێک بە تاک هێناویەت و جارێکی تر بە دووان و جارێکی تر بە کۆ، کەواتە ئەوەی دەگوترێت لێکدژی لە تێنەگەیشتنی مولحیدەکانەوە دروست بوە نەوەک بنەڕەتی ئایەتەکە، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆ چی خوای گەورە لە شوێنێکدا بە تاک هێناویەتی و لە جێگەیەکی تر بە دووان و لە جێگەیەکی تردا بە کۆ هێناویەتی، ڕاستییەکەی نەک هەر لێکدژی نییە بەڵکوو گەورەترین ئیعجاز لەم جیاوازییەدا هەیە.

قورئان کاتێک بە تاک (مفرد)ـی هێناویەتی روونە مەبەستی ئەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە یە کە خەڵکی دەیزانن و خۆری لێوە هەڵدێت و خۆری لێوە ئاوا دەبێت، لە دۆخی دوەمدا بۆ چی خوای گەورە بە دووان هێناویەتی: هەر کەس زانیارییەکی سەرەتایی هەبێت دەزانێت هەرکاتێک خۆر هەڵبێت ئەوەی بە رەو رووی خۆر دێت پێی دەگوترێت (مشرق) ڕۆژهەڵات، ئەوەی لە پشتی خۆرەوەیە پێی دەگوترێت (مغرب) کاتێک خۆرئاوا دەبێت بە هەمان شێوە پشت لە ئێمە هەڵدەکات ئەو ناوچەیەی ئێمەی پێی دەگوترێت (مغرب) بە ئیعتباری ئەو شوێنەی لێوەی ئاوا دەبێت پێی دەگوترێت مشرق، واتە لە هەموو بەرەبەیانێکدا کە ڕۆژهەڵاتن دروست دەبێت بە هەمان شێوە ڕۆژئاوابوونیش دروست بوە، چونکە تاوەکوو ڕۆژئاوا بوون دروست نەبێت، ڕۆژهەڵاتن دروست نابێت و بە پێچەوانەوە، لە بەیانیاندا کاتێک خۆر لای ئێمە هەڵدێت لای ئێمە ڕۆژهەڵاتە و لای ئەوان ڕۆژئاوایە لە ئێواران لای ئێمە ئاوا دەبێت و لای ئەوان هەڵدێت، بەیانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەک ئێوارەیش ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایەک کەوایە ئەمە دوو ڕۆژهەڵات و دوو ڕۆژئاوا بۆیە خوای پەروەردگا فەرموویەتی ﴿رَبُّ ٱلۡمَشۡرِقَيۡنِ وَرَبُّ ٱلۡمَغۡرِبَيۡنِ﴾

ئەمەیش گەورەترین ئیعجازە ئەگەر وەحی نەبێت موحەمەد ئەم هەواڵانە لە کوێ دەزانێت؟ پاشان کاتێک کە بە (جمع کۆ) فەرموویەتی﴿ فَلَآ أُقۡسِمُ بِرَبِّ ٱلۡمَشَٰرِقِ وَٱلۡمَغَٰرِبِ إِنَّا لَقَٰدِرُونَ ﴾ وەک ئاشکرایە خۆر و هەسارەکانی تر لە ئاسماندا دەسورێنەوە قورئانیش ئاماژەی بەم ڕاستییە کردوە. کاتێک خۆر بسورێتەوە ڕوو لە هەرجێگەو شتێک بکات پێی دەگوترێت خۆر هەڵاتن (شروق)، بێگومان خۆر لە کاتی هەڵهاتنیدا ڕوو لە زۆرشت دەکات بۆیە فەرموویەتی (رب المشارق) هەر شتێکیش تێپەڕێنێت پێی دەگوترێت خۆرئاوا (مغرب) بێگومان زۆر شت تێدەپەڕێنێت بۆیە فەرموویەتی (المغارب) بەم هۆکارە فەرموویەتی (رب المشارق والمغارب) ڕوونتر بڵێین هەر کەسێک خۆر دەبینێت و لێی ئاوا دەبێت بە ئاڕاستەی ئەو یەک ڕۆ ژهەڵات و یەک ڕۆژئاوا، ئاشکرایە خۆر کاتێک لای ئێمە ئاوا بوو لە شوێن و جێگەی ترەوە

هەڵدێت، بە پێچەوانەشەوە، بەم شێوەیە دوو ڕۆژهەڵات دوو ڕۆژئاوامان دەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی کۆی هەموو ئەو شوێن و جێگایانەی خۆریان لێ هەڵدێت و خۆریان لێ ئاوا دەبێت دەستەواژەی (المشارق والمغارب) بە دڵنیایی هەریەک لەم شێوازە دەربڕینانە بەڵگەیە لە سەر ئیعجاز و گەورەیی دەربڕینەکانی قورئانی پیرۆز.

گومانی دەربڕینی ئایەتەکان لە لایەن موحەمەدەوە

نەیاران و ڕەخنەگرانی قورئان باس لەوە دەکەن گوایە لە زۆر شوێنی قورئاندا چەندین دەستەواژە هاتوە، کە تێیاندا موحەمەد بە ناوی خۆیەوە قسەدەکات، گەر قورئان لە لایەن خوداوە هاتوە، بۆچی موحەمەد بە ناوی خۆیەوە قسەدەکات، چەندین ئایەت لە قورئانادا پێش چاو دەکەون کە نیشانمان دەدات پێوەندیی بە خوداوە نییە و موحەمەد بە ناوی خۆیەوە قسەدەکات، وەک ئایەتەکانی:

﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝ ﴾[1]﴿ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ فَالَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ قُلُوبُهُم مُّنكِرَةٌ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ۝ ﴾[2]﴿ اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ﴾[3]

موحەمەد لە ڕێی ئەم ئایەتانەوە وەسفی خودا دەکات، ئەگەر خودا خۆی وەسفی خۆی کردبا ئەوا سیغەی غائیبی بە کار دەهێنا لە وەڵامی ئەم گومانەدا دەڵێین

هەڵبەت هۆکاری ئەم ڕەخنەیە نە شارەزایی و بێ ئاگاییانە بە زمانی عەرەبی و پاراوی و ڕەوانبێژیی ئەو زمانە، لە ئیستاتیکا و قەشەنگییەکانی زمانی عەرەبی و لوتکەی ڕەوانبێژییەکەی ئەوەیە کە قسەکەر هەندێک جار بە سیغەی غائیب لە

---

[1] الفاتحة: ٥

[2] النحل: ٢٢

[3] البقرة:٢٥٥

خۆی بدوێت، نەوەک بە سیغەی قسەکەر (متكلم)، بۆ نموونە گەر فەرماندەیەک بە سەربازەکانی بڵێت (إني آمركم بكذا)" من فەرمانتان پێ دەکەم" واجوانترە یان بڵێت (يأمر القائد بكذا) فەرماندەکەتان فەرمانتان پێ دەکات"؟ ئیستاتیکا و جوانی لە گوتەی پەروەردگاردا ئەوەیە بڵێت ﴿ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَاحِدٌ ﴾ نەوەک بڵێت (أنا اله واحد) (أنا اله واحد) بفەرموێت ﴿ نَزَّلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ ﴾ [1] لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە جوانترە یان بڵێت (نزلت عليك الكتاب بالحق) قسەکردن لە سەر خود بە سیغەی غائب یەکێکە لە جوانی و ناسکییەکانی زمانی عەرەبی، بە پێچەوانەوە ئەم شێوازە یەکێکە لە ئیعجازەکانی قورئانی پیرۆز، نەوەک جێگەی ڕەخنەبێت.[2]

یەکێکی تر لە جوانییەکانی زمانی عەرەبی (الإلتفات)ە لادان لە کەرەستە باوەکانی زمان، زۆرجاران دەبێتە ئیستاتیکا و جوانکاریی قسەکردن بۆ نموونە کاتێک قسەدەکەیت لەگەڵ کەسی بەرانبەر (موتەکەلیم)، جوانیی لەوەدایە شێوازی ئاڕاستەکردن لە ئاڕاستەییەوە (خیتابیی)ـەوە بگۆڕێت بۆ نادیار (غائیب)، یان بە پێچەوانەوە قسەکردن لە سەر غائیب بە موخاتەب، یان قسەکردن لەگەڵ موخاتەب و گۆڕینی بۆ قسەکەر (متكلم)، هەموو ئەمانە پێی دەگوترێت (الالتفات) لە ناو عەرەبدا لوتکەی ئیستاتکیایی زمانە و زۆرجار بە کاریان هێناوە (والإلتفات وهو الإنتقال من ** بعض الأساليب الى بعض قمن)[3] هەر لەو چوارچێوەیەدا کاتێک خوای گەورە لە سورەتی (عبس) بە سیغەی غائیب دەدەوێت و دەفەرموێت ﴿ عَبَسَ وَتَوَلَّىٰٓ ۝ أَن جَآءَهُ ٱلْأَعْمَىٰ ﴾[4] بەڵام دوو ئایەت دواتر سیغەکە دەگۆڕێت و دەیکات بە

---

[1] آل عمران: ٣

[2] بۆزانیاری زیاتر لە بارەی پاراوی و ڕەوانبێژیی قورئانەوە بڕوانە (أساس البلاغة. الزمخشري. مفتاح العلوم لسكاكي. الإيضاح: خطيب القزويني.

[3] بڕوانە: جوهر المكنون، للأخضري

[4] عبس: ١ — ٢

سیغەی (موخاتەب) وەک دەفەرموێت ﴿ وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُۥ يَزَّكَّىٰ ﴾[1] یان لە جێگەیەکی تردا خوای گەورە بە سیغەی موخاتەب دەفەرموێت ﴿ قُلِ ٱللَّهُ أَسْرَعُ مَكْرًا ﴾[2] بەڵام کەمێک دواتر ڕیتمەکە دەگۆڕێت بۆ سیغەی موتەکەلیم و دەفەرموێت ﴿ إِنَّ رُسُلَنَا يَكْتُبُونَ مَا تَمْكُرُونَ ﴾ [3] هەموو ئەمانە پێیان دەگوترێت (الالتفات) و یەکێکن لە جوانییەکانی زمانی عەرەبی.[4]

لایەنێکی تری ئەم بابەتە بریتییە لەوەی کە بەشێکی بەرچاوی قورئان پێک هاتوە لە بابەتی تەوجیە و ئاڕاستەکردن خوای گەورە لە چەندین ئایەتی جۆراوجۆر خودی پێغەمبەر و موسوڵمانان فێر دەکات چی بڵێن و چۆن بڵێن، یاخود سەرکۆنەی ئوممەتانی پێشووتر دەکات بەوەی کە چییان گوتوە، ئێمە ئاڕاستە دەکات بەوەی کە بەو شێوەیە قسە نەکەین، یان فێری هەندێک زیکرمان دەکات و پێمان دەفەرموێت وابڵێن، بۆ نموونە لە سوڕەتی (الفاتحة) فێرمان دەکات بڵێین ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾[5] واتای ئەوە نییە خۆی بەو شێوەیە بفەرموێت، بەڵکوو فێرمان دەکات ئێمە وا بڵێین لە کاتی نوێژەکانمان بەم شێوەیە نزا بکەین.

---

[1] عبس:٣

[2] آل عمران: ٧٤

[3] یونس: ٢١

[4] بڕوانە أسلوب الالتفات في البلاغة القرآنية، حسن طبل. بلاغة فن الالتفات في القرآن الكريم.

[5] الفاتحة: ٥

گومانی سزادان پێش ئاگادارکردنەوە

یەکێکی تر لەو لێکدژیانەی کە دەیخەنەڕوو، گوایە قورئان باس لەوە دەکات کە خودا فەرمان بە خراپە ناکات، و هیچ کات خراپەی ناوێت وەک دەڵێت ﴿ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ ﴾[1] پاشان لە شوێنێکی تردی قورئان تیشک دەخاتە سەر ئەوەی هەتاوەکوو نێرراو نەنێرین بۆ میللەتان سزا و ئازاریان نادەین، ﴿ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴾[2] بە پێچەوانەی ئەم دوو ئایەتەوە لە جێگەیەکی تردا دەڵێت ﴿ وَإِذَآ أَرَدْنَآ أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا۟ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا ٱلْقَوْلُ فَدَمَّرْنَٰهَا تَدْمِيرًا ﴾[3] پێیان وایە ئەم ئایەتە لە دوو ڕووەوە پێچەوانەیە لەگەڵ دوو ئایەتەکەی پێشتر، لە ئایەتی یەکەمدا ﴿ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ ﴾ تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە خودا فەرمان بە خراپە ناکات، کەچی لێرەدا بە پێچەوانەوە باس لەوە دەکات کە فەرمان دەکات بە خراپە وەک دەڵێت ﴿أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا۟ فِيهَا ﴾ ڕووی دووەمی ئەم لێکدژییە لەگەڵ ئەوەیە لە ئایەتی سوڕەتی (الأسراء) دەڵێت ئێمە سزایان نادەین تاوەکوو پێغەمبەریان بۆ نەنێرین ﴿ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولًا ﴾ لە یەکەمیان دەڵێت سزایان نادەین تاوەکوو نێرراویان بۆ نەنێرین، بەڵام دواتر دەڵێت ئێمە بۆیە نێرراومان بۆ ناردوون بۆ ئەوەی فاسیق و یاخی بن و بە گوێی نێرراوەکە نەکەن تاوەکوو ئێمەیش سزایان بدەین، بە واتایەکی تر نێرراوەکانمان بۆ ئەوە ناردوە بۆ ئەوەی سزایان بدەین، ئەمە لێکدژییەکی ڕوونی ئەو ئایەتانەیە لەگەڵ یەکتری.

لە وەڵامی ئەم گومانەدا دەڵێین هەموو ئەوەی لەم بارەیەوە دەخرێتە ڕوو تەنها لە نەزانی و بێ ئاگاییەوەیە سەرچاوەی گرتوە، واتای ئایەتەکە بەم شێوەیەیە ﴿ وَإِذَآ أَرَدْنَآ أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً ﴾ واتە "کاتێک خوای پەروەردگار دەیەوێت و مەشیئەتی دەبێت لە سەر سزادانی هەر هۆز و گەلێک" ﴿أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا ﴾ ە کە فەرمانیان پێ بکات بە چاکە، بەڵام دوای ئەوەی فەرمانیان پێ کرا بە چاکە﴿فَفَسَقُوا۟ فِيهَا ﴾ بێ گوێییان

---

[1] الأعراف: ٢٨

[2] الإسراء:١٥

[3] الإسراء: ١٦

کـرد و له فەرمانەکـانی پەروەردگـار، یـاخی بـوون دوای ئەمـانە واتە دوای ئەوە نێرراوەیان بۆ نێردا و فەرمانیان پێ کرا بە چـاکە و ئەوان یـاخی بـوون، ئیتـر ئەو کاتە فەرمانی سزای پەروەردگاریان بە سەردا جێبەجـێ بـوو﴿فَحَقَّ عَلَيْهَا ٱلْقَوْلُ﴾ پاشـان دواتر بە تەواوی لە ناویان دەبات و تەفر توناپایـان دەکـات﴿فَدَمَّرْنَٰهَا تَدْمِيرًا ﴾هەڵەی تێگەیشتنی ئەوان لەوەوەیە کەخـوای گەورە دەفەرموێـت﴿أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا﴾ واتـای ئەوەی فەرمانیان پێ دەکەین بە چـاکە، نەوەک فەرمانیـان پـێ بکەیـن بە خـراپە، چـونکە خوای گەورە هیچ کات فەرمان ناکات بە خراپە و تاوان، وەک دەفەرموێـت ﴿ قُلْ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ ﴾ کەواتە خوای گەورە فەرمان دەکـات بە چـاکە نەوەک خـراپە، وەک ئەوەی ئێوە لێی تێگەیشـتوون، لە خـودی ئایەتەکەیشـدا لە ڕووکەشـدا باسـی فەرمان بە چاکەی تێدا نییە، ئەی چـۆن دەزانـین باسـی چـاکە دەکـات و فەرمـان دەکات بە چاکە، بە بەڵگەی ئەوەی خوای گەورە کاتێک دەفەرموێـت ﴿أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا﴾ فەرمانمان پێ کردوە دواتر ڕاستەوخۆ دەفەرموێت ﴿ فَفَسَقُواْ فِيهَا ﴾ واتە یاخی بوون و دەرچوون و لە فەرمانی پەروەردگار، وەک ڕوونە وشەی (فسق) بە واتـای (الخـروج عن الطاعة) دەرچوون لە فەرمانی پەروەردگار واتە دوای ئەوەی فەرمانمان پێ کردن بە چاکە و ئەوان ﴿فسقوا﴾ یاخیبوون لە گوێڕایەڵێ پەروەردگار چوونەدەرەوە کاتێـک ئەوان بێباوەڕ بوون و کافر بوونیان هەڵبژاردوە، ئیتر فەرمانی خوا جێبەجێ دەبێـت و شایسـتەی تـوڕەی پەروەردگـارن، ئەوان کـوفر و بێباوەڕیـان هەڵبـژارد، بـۆیە پەروەردگار سزای داون، چونکە هەتاوەکوو ئەوان کوفریـان هەڵنەبـژارد، پەروەردگـار باسی سزای نەکردوە، نەوەک ئەوەی خـودا ویسـتی سـزایان بـدات بۆیـە بێبـاوەڕی کردوون، وەک ئاشکرایە لە بنەڕەتە باوەکانی ئیسـلام بـابەتی ئـازادییە و زۆرداریـی تێدا نییە وەک قورئان بە ڕوونی تیشـک دەخـاتە سـەر ئە بـابەتەو دەفەرموێـت﴿ لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِ ﴾[1] کە وایە ئـایەتی سـێیەم بە هـیچ شـێوەک و لێکـدژی نیـیە لەگەڵ ئایەتی یەکەم.

[1] البقرة: ٢٥٦

گومانی پەیوەست بە دروستکردنی مرۆڤەوە

یەکێکی تر لەو لێکدژییانەی کە ئەوان دروستی دەکەن باس لەوە دەکەن لە قورئاندا چەندین بۆ چوونی لێکدژ و دژ بە یەک هەیە سەبارەت بە شێوازی دروستکردن و تیۆریای (خلق) و چەندین دەقی دژەوانە لەو بارەیەوە بەر چاو دەکەوێت.

یەکەم: ئاو

قورئانی پیرۆز لە چەندین جێگەدا باس لەوە دەکات کە مرۆڤ لە ئاو دروست کراوە وەک دەفەرموێت ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ مِنَ ٱلْمَآءِ بَشَرًا فَجَعَلَهُۥ نَسَبًا وَصِهْرًا ۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرًا ﴿٥٤﴾ ﴾[1] قورئان لەم ئایەتەدا جەخت دەکاتەوە لە سەر ئەوەی کە مرۆڤ لە ئاو دروست کراوە وەک بە ڕوونی لە واتای ئایەتەکەدا دەر دەکەوێت.

دووەم: سپێرم-مەنی

لە چەندین جێگەدا قورئان تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە مرۆڤ لە سپێرم مەنی دروست کراوە وەک لە سورەتی (یس) دا لەو بارەیەوە دەفەرموێت ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلْإِنسَٰنُ أَنَّا خَلَقْنَٰهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ ﴾[2]

سێیەم: قوڕ

لە شوێنێکی تردا قورئان تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە مرۆڤ لە قوڕ دروست کراوە وەک دەفەرموێت ﴿ ٱلَّذِىٓ أَحْسَنَ كُلَّ شَىْءٍ خَلَقَهُۥ ۖ وَبَدَأَ خَلْقَ ٱلْإِنسَٰنِ مِن طِينٍ ﴾[3]

---

[1] الفرقان: ٥٤

[2] یس: ٧٧

[3] السجدة: ٧

چوارەم: بە دەستی خودا

لە جێگەیەکی تردا باس لەوە دەکات کە خودا مرۆڤەکانی بە دەستی خۆی دروست کردوە وەک دەفەرموێت ﴿ قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ أَسۡتَكۡبَرۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡعَالِينَ ﴾[1]

ئایا ئەمانەهەمووی لێکدژی نین، ئەم هەموو تیۆرە جیاوا واتای چی؟ جارێک دەڵێت لە قوڕ، جارێکی تر مەنیی جارێکی تر ئاو جارێکی تر قوڕی تەڕکراو.. ئەم هەموو لێکدژییە واتای چییە؟

لە وەڵامی هەموو ئەمانەدا دەڵێین: ڕاستییەکەی هیچ لێکدژییەک لەم ڕوانگەیەوە لە بەر دەستدا نییە، تەواوی ئەم جیاوازاییە هاوڕایە لەگەڵ تەواوی تیۆریا زانستییەکان و بۆ چوون و بیروباوەڕی تەواوی موسوڵمانان.

یەکەم جار خوای گەورە مرۆڤی لە گڵ دروست کردوە لەگەڵ وەک دەفەرموێت: ﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنۡ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ إِذَآ أَنتُم بَشَرٞ تَنتَشِرُونَ ﴾[2] پاشان قۆناغی دوەم ئەم گڵە ئاوی بە سەردا کردوە، وەک دەفەرموێت ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ مِنَ ٱلۡمَآءِ بَشَرٗا فَجَعَلَهُۥ نَسَبٗا وَصِهۡرٗاۗ وَكَانَ رَبُّكَ قَدِيرٗا ﴾[3] گڵ ئەگەر ئاوی بکرێت بە سەردا دەبێتە قوڕ وەک دەفەرموێت ﴿ إِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي خَٰلِقُۢ بَشَرٗا مِّن طِينٖ ﴾[4] دوای ئەوەی گڵ ئاوی دەکرێت بە سەردا دەبێتە بە قوڕ پاش ماوەیەک ڕەنگی دەگۆڕێت و دەبێتە ڕەش ﴿ وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ مِّنۡ حَمَإٖ مَّسۡنُونٖ ﴾[5] پاشان ئەو قوڕە وشک بووەتەوە بووەتە قوڕێکی وشککراوە وەک دەفەرموێت ﴿ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِن صَلۡصَٰلٖ كَٱلۡفَخَّارِ ﴾[6]

---

[1] ص: ٧٥
[2] الروم: ٢٠
[3] الفرقان: ٥٤
[4] ص: ٧١
[5] الحجر: ٢٦
[6] الرحمن: ١٤

صلصال کالفخار بە قوڕێک دەگوترێت کە دوای تەڕی وشک بووبێتەوە پاشان خوای گەورە لەم قورە جەستەی ئادەمی دروست کرد و ڕۆحی کرد بە بەریدا ﴿ ثُمَّ سَوَّىٰهُ وَنَفَخَ فِيهِ مِن رُّوحِهِۦۖ وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَٱلۡأَفۡـِٔدَةَۚ قَلِيلٗا مَّا تَشۡكُرُونَ ﴾[1]

وە بە دەستی خۆشی دوستی کردوە وەک دەفەرموێت ﴿ قَالَ يَٰٓإِبۡلِيسُ مَا مَنَعَكَ أَن تَسۡجُدَ لِمَا خَلَقۡتُ بِيَدَيَّۖ أَسۡتَكۡبَرۡتَ أَمۡ كُنتَ مِنَ ٱلۡعَالِينَ ﴾[2]پاشان دواتر خوای گەورە حەوای دروست کرد و لە نێوان ئەم ئادەم و حەوادا بە هۆی جووتبونی نێوانیان مندالّ دروست بوو، دروستبوونی منداڵەکەیش بە هۆی سپێرمی هەر دووکیانەوەیە دواتریش ڕەگەزی ئادەم بە گشتی وەک دەفەرموێت﴿ أَوَلَمۡ يَرَ ٱلۡإِنسَٰنُ أَنَّا خَلَقۡنَٰهُ مِن نُّطۡفَةٖ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٞ مُّبِينٞ ﴾[3] ئەوەی مرۆڤەکان و ئادەم لە قەترەیەکەوە دروست بوون کەواتە ئەوەی هەیە قۆناغبەندییە دەنا هیچ لێکدژییەک لە نێوان هیچ یەکێک لەم ئایەتانەدا نییە خوای گەورە بە قۆناغبەندیی بابەتەکانی ڕوون کردوەتەوە، هەموو ئەم قۆناغبەندییە و دروستکردنی ئادەم بە دەستی خۆی و فەرمانکردن بە فریشتەکان بۆئەوەی کڕنووشی بۆ بەرن لە پێناو ڕێزگرتن لە بەنی ئادەم وەک دەفەرموێت﴿ وَلَقَدۡ كَرَّمۡنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلۡنَٰهُمۡ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ وَرَزَقۡنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلۡنَٰهُمۡ عَلَىٰ كَثِيرٖ مِّمَّنۡ خَلَقۡنَا تَفۡضِيلٗا ﴿٧٠﴾ ﴾[4]بەڵام مرۆڤەکان بە سەر سەختی و یاخی بوونی خۆیان تەواوی هەوڵەکان لە بیر دەکەن و دروستبوونی خۆیان لە بیر دەچێتەوە و دژایەتیی پەروەردگار دەکەن و نموونە گەلی بێسەروبەر دێنەوە وەکوو خوای گەورە دەفەرموێت ﴿ وَضَرَبَ لَنَا مَثَلٗا وَنَسِيَ خَلۡقَهُۥۖ قَالَ مَن يُحۡيِ ٱلۡعِظَٰمَ وَهِيَ رَمِيمٞ ﴾[5]

کەواتە ئەمە شێوازی دروستبوونی مرۆڤە لە ئیسلامدا، هیچ جیاوازی و لێکدژییەک نییە، بە پێچەوانەوە بیر و بۆچوونی مولحیدان چەندین جیاواز و لێکدژیی پێوە دەبینرێت، هۆکاری ڕەتکردنەوەی تیۆریایی خەلق.

---

(1) السجدة: ٩

(2) ص: ٧٥

(3) يس: ٧٧

(4) الإسراء: ٧٠

(5) يس: ٧٨

گومانی فرەژنی و نەبوونی دادپەروەری لە نێوانیان

یەکێـک لەو گومانـانەی کە قورئـانی پـێ تۆمەتبـار دەکرێـت بە تـایبەتی لە سەردەمی نوێندا بابەتی فرە ژنییەوە و هەوڵ دەدەن بە هەر شێوەیەک بێت گومان و دوو دڵی لە بارەی ئەم بابەتەوە بخەنەڕوو، هەندێک جار موسوڵمانی سادەو ساویلکە بە بێ ئاگایی ئەم جۆرە گومانـانە دووبـارە دەکەنەوە، بـۆ سـەلماندنی گومانەکەیـان چەندین تۆمەت و بابەتی ئاڵۆز دەخەنە ڕوو لەوانە: دەڵێن خودی قورئان بانگەشەی ئەوە دەکات و خەڵکی ئاگادار دەکـاتەوە لەوەی ئەگەر ترسـان داد پەروەر نەبـن لە نێوان ئافرەتان تەنها یەک ئافرەت بێنن ﴿ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً ﴾[1]

پاشان تیشک دەخەنەتە سەر ئەوەی کە چەنـدە سـوور بـن نـاتوانن دادپەروەری ئەنجـام بـدەن وەک دەفەرموێـت﴿ وَلَن تَسْتَطِيعُوا أَن تَعْدِلُوا بَيْنَ النِّسَاءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْ ﴾[2] ئایەتی یەکەم تیشـک دەخـاتە سـەر ئەوەی کە ئەگەر زیـاتر لە خێزانێکتـان هەبـوو دادپەروەری بکەن لە نێوانیان، بەڵام ئایەتی دووەم باس لەوە دەکات کە هیچ کـات ناتوانن دادپەروەری بکەن لە نێوانیان، دەپرسین لە کاتێکدا پیاوان ناتوانن دادپەروەر بن ئیتر بۆ چی دەبێت هاوسەرێک زیاتریان هەبێت؟

لە وەڵامیدا دەڵێین: ئەمە گومانی مولحیدەکان نییە بە تەنهـا، بەڵکـوو گومـانی زۆریک لە عەلمانی و هەندێک بە ناو موسوڵمانی ساویلکەیە، یـاخود ئەوانەی پێیـان دەگوترێـت ڕێکخراوەکـانی بەرگـری لە مافەکـانی ئافرەتـان، ڕاسـتییەکەی هـیچ لێکدژیەک لە نێوان ئەم دوو ئایەتەدا نیـیە، بەڵکـوو هەر دوو ئـایەتەکە لە جـێگەی خۆیاندان، بێ ئەوەی هیچیان دژی ئەوی تریان بێت، هەریەکیان سەربەخۆن و دوو ڕاڤەی جیاوازیان هەیە ئایەتی یەکەم ﴿ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً ﴾ ئەگەر نەتان توانی داد پەروەر بن هەریەک دانە بهێنن تائیرە گرفتێک نییە، بەڵام دواتر کە دەفەرموێت

---

[1] النساء: ٣

[2] النساء: ١٢٩

﴿ وَلَن تَسۡتَطِيعُوٓاْ أَن تَعۡدِلُواْ بَيۡنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوۡ حَرَصۡتُمۡۖ ﴾ هەڵەکە لەوێوە دروست بووە کە ئێوە پێتان وایە وشەی (العدل) لە ئایەتی دوەم مەبەستی پێی پێوەندی (العدل) لە ئایەتی یەکەمە، وشەی (العدل) لە ئایەتی یەکەم و دوەم دوو چەمکی جیاوازن، پێوەندییان بە یەکەوە نییە (العدل) لە ئایەتی یەکەم قسە لە سەر بابەتێک و (العدل) لە ئایەتی دوەم قسەیە لە سەر بابەتێکی تر. ئایەتی دوەم ﴿ وَلَن تَسۡتَطِيعُوٓاْ أَن تَعۡدِلُواْ بَيۡنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوۡ حَرَصۡتُمۡۖ ﴾ تیشک دەخاتە سەر ئەوەی هەرچەندە هەوڵبدەن ناتوانن لە دڵتاندا خێزانەکانتان یەکسان بن لاتان و وەک یەک خۆشتان بووێن، خوای پەروەردگار ئەمەیش دەزانێ و دەبوورێت، بەڵام بەو مەرجەی﴿ فَلَا تَمِيلُواْ كُلَّ ٱلۡمَيۡلِ فَتَذَرُوهَا كَٱلۡمُعَلَّقَةِۚ ﴾[1] واتای ئەوەی نەچن خوو بدەن بە یەکیان و ئەوی تریان والێبکەن کە وەک موعەلەقە وابێت نەئەوەیە تەڵاقی بدەن و نەئەوەیە ژنتان بێت و گرینگی پێ بدەن و سۆزی هەڵبگرن و ئەرکی هاوسەرایەتی لە بەرانبەردا جێبەجێ بکەن، ئایەتی یەکەم باسی دادپەروەری و جێبەجێکردنی دەکات و ئایەتی دوەم باسی دادپەروەری ناو دڵ دەکات و باس لەوە دەکات کە هەرگیز ناتوانن ژنەکانتان وەک یەکتری خۆش بووێت، بێگومان ئەمەیش ڕاستییە و تەنانەت مرۆڤەکان ناتوانن بە یەک شێوە منداڵەکانی خۆیان خۆش بووێت، پێغەمبەری پێشەوای مرۆڤیاتیش بە هەمان شێوە نەی توانیوە لە ڕووی ناخەوە خێزانەکانی بە یەک تایم خۆش بووێت وەک دەفەرمووێن (اللهم هذا قسمي فما أملك فلاتلمني فيما تملك ولا أملك)[2] خوای گەورەش خۆی دەزانێت پیاوان ناتوان هاوسەرەکانیان بە یەک ڕیتم خۆش بووێت بۆیە لەوە دەبوورێت، بەڵام ئەوەی سەرکۆنەکراوە و حەرام کراوە گرینگیدان بە یەکیان و پشتگوێخستنی ئەوی تریانە.

---

[1] النساء: ١٢٩

[2] أخرجه أبوداود (٢١٣٤)وكذا النسائي (١٥٧/٢)والترمذي (٢١٣/١)وكذا ابن ماجه والبيهقي. وابن أبي شيبة وغيرهم

گومانی دژەوانەیی قورئان لەگەڵ ڕێزمانی عەرەبی

لە چوارچێوەی ئەو ڕەخنە و تۆمەتانەی نەیاران و بێباوڕان ئاڕاستەی قورئانی دەکەن، باس لەوە دەکەن گوایە لە چەندین جێگەی قورئاندا چەندین ئایەت تۆمار کراوە کە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ بنەماکانی زمان و ڕێزمانی (النحو) عەرەبیی، هەڵبەت قسەکردن لە بابەتێکی لەم شێوەیە جگە لە نەزۆکی هیچی تر بە دوای خۆیدا ناهێنێت، بەو پێیەی قورئان لە سەردەمێکدا دابەزیی کە تەحەدای تەواوی عەرەبەکانی کرد، بە تایبەتی عەرەبە ڕەسەن و زمان پاراو ڕەوانبێژەکانی ئەو سەردەمە، نەبوە و نەبیستراوە ئەوان خاڵێکی لەو شێوەیەیان ورووژاندبێت، ورووژاندنی خاڵێکی لەو شێوەیە لەو قۆناغەدا پێویستر بوو لەوەی ئێستا بخرێتە ڕوو، بەو پێیەی ئەوان عەرەبی ڕەسەن و زمانپاراو و ڕەوانبێژ بوون، شارەزایی تەواوی وردەکاری و نهێنییەکانی زمانی عەرەب بوون، لەگەڵ ئەوەیشدا قورئان تەحەدایەکی ڕاستەوخۆی دەکردن ئەوان لە هەموو کەس زیاتر پێویستان بەوە بوو هەڵەیەکی لەم شێوەیە لە ناو قورئاندا بدۆزنەوە، بەڵام دەستەوسان بوون، تەواوی هەوڵەکانیان لەم بارەیەوە شکستی هێنا، دەکرێت بپرسین ئەو کەسانەی ئەم ڕەخنەیە لە قورئان دەگرن، هێندەی عەرەبەکانی ئەو سەردەمە شارەزایی زمانی عەرەبی بوون؟ بێگومان نەخێر، هاوکات هێندەی عەرەبەکانی ئەو سەردەمە لە پێویستی هەوڵدان بۆ پوچەڵکردنەوەی قورئان نەبوون.

لایەنگرانی ئەم تۆمەتە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانیان باس لەوە دەکەن، خودا لە قورئاندا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە قورئان بە زمانی عەرەبی ڕەوان (لسان عربي مبين) دابەزیوە، کە وایە بۆچی هەندێک جێگەی قورئان تەواو پێچەوانەی بنەماکانی زمانی عەرەبیین؟! پێش خستنە ڕووی بابەتەکە بە شێوەیەکی ورد دەپرسین لۆژیکی نییە کەڵەشاعیران و ڕەوانبێژانی وەک حەسانی کوڕی ثابت و خەنسا و کەعب و بوجەیر و نابیغە و کەعبی کوڕی زوهەیر و حوتەیئە و چەندانی

تر نەتوانن وشەیەک یاخود پیتێک بدۆزنەوە کە پێچەوانەی زمانی عەرەبی بێت، کەچی خەڵکانێکی تر لە سەدەی بیستەمدا بە بێ بوونی شارەزایی ئەوتۆ لە زمانی عەرەبی بانگەشەیەکی لەو شێوەیە دەکەن، ناکرێت گەورە لێکۆڵیار و پسپۆرەکانی دونیای زمان لە نموونەی سیبەوەیهی و ئیبن جنی و خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی، ثەعلەب، فەیروز ئابادی و جەوهەری، ئیبن فارس، زەجاج، دوای چەندین ساڵ لە لێکۆڵینەوە نەتوانن وشەیەک لە قورئان بدۆزنەوە کە پێچەوانەی بنەماکانی زمانی عەرەبیی بێت، دواتر خەڵکانێکی بێ ئاگا بە زمانی عەرەبی بابەتێکی لەو شێوەیە بخەنە ڕوو!

لەم چوارچێوەیە و بابەتەکانی پەیوەست بە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە لەگەڵ مولحیدی نەخوێندەوار هیچ قسەیەکمان نییە، گفتوگۆی ئێمە لەگەڵ ئەوانەیە کە پێیان دەگوترێت مولحیدی زانستی، بە دڵنیاییەوە ئەوانیش شارەزاییان نییە یاخود شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە زمانی عەرەبیدا نییە، هیچ ئاگاییەکیان نییە بە سەر کەرەستەکانی زمانی عەرەبی لە نموونەی زانستەکانی نەحو و صەرف و ئەدەبیات و ڕەوانبێژی عەرەبی، شارەزایی لە زمانی و عەرەبی و کەرەستەکانی زمان هەنگاوێکی یەکلاییکەرەوەیە لە پێناو تێگەیشتنی دروست لە جەوهەری ئیسلام. لێرەدا هەندێک لەو بە ناو هەڵانە دەخەینە ڕوو کە مولحیدان خستوویانەتە ڕوو پاشان بە شێوەیەکی زانستی دروست و بە پشتبەستن بە بنەماکانی زمانی عەرەبی وەڵامیان دەدەینەوە.

یەکەم: ڕەخنە لە ئایەتی ﴿ قَالُوٓاْ إِنۡ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ يُرِيدَانِ أَن يُخۡرِجَاكُم مِّنۡ أَرۡضِكُم بِسِحۡرِهِمَا وَيَذۡهَبَا بِطَرِيقَتِكُمُ ٱلۡمُثۡلَىٰ ﴾[1] دەگرن و باس لەوە دەکەن هەر کەس زانیارییەکی سەرەتایی هەبێت لە سەر زمانی عەرەبی زانیاریی ئەوەی هەیە (إن) هەمیشە دەبێت ناوەکە (إسم)ە کە لە دوای دێت مەنصوب بێت، بەڵام لەم

[1] طه: ٦٣

ئایەتەدا بە پێچەوانەوە ئیسمەکەی مەنصوب نەکردوە، هەڵبەت بە خوێندنەوەی ئەم ئایەتە بە قیرائەتی (حەفص) تـا ڕادەیەک گرفتێکـی لەو شـێوەی کە ئەوان باسـی دەکەن تێـدا نابینرێـت. بەوپێـیەی (إن) ئەگەر هـات و بە سـوکی (تخفیـف) خوێنرایەوە ئەوا لە کار (عمل) دەکەوێت، ئیتر واجب نابێت ناو (اسـم)کەی دوای خۆی مەنصوب بکات و خەبەر مەرفوع بکات، بەڵام لە قیرائەتی جمهـور نـافیع و حەمـزە و کیسـائی و.. . بە (إن) بە فەتـح خوێنـدوویانەتەوە و کەچـی (اسـم) ناوەکەی دوای خۆشی (منصوب) نەکردوە! کە ئەمەیش پێچەوانەی زمانی عەرەبییە چونکە لێرەدا (إن) بە فەتح هاتوە کە حەرفێکە لە حەرفەکانی موشەبیە بە فیعـل (هذان) ئیسمەکەیەتی دەبوو گوتبای (هذین) چونکە (هذان) کە موسـەنایە یەکێـک لە نیشانەی نەصبی مثنـی ئەوەیە کە بە (ی) بخـوێنرێتەوە کەواتە دەبـوو گوتبـای (إن هذین) کەچـی قورئـان لێـرەدا دەفەرموێـت (إن هـذان) ئەمەیـش پـێچەوانەیە لەگەڵ بنەماکانی زمانی عەرەبی. !

لە وەڵامیـدا دەڵێـین: تەواوی ئەو زانیارییـانەی کە ئێـوە باسـی لێـوەدەکەن سـەبارەت بە بـوونی هەڵەی زمـانەوانی شـتێکی نـوێی تێـدا نیـیە، ئەوەی هەیە لە زانایـانی موسـوڵمانی پسـپۆڕانی زمـانی عەرەبیتـان وەرگرتـوە، هیچـی دەرئەنجـامی توانایی و لێکۆڵینەوەی زانسـتی خۆتـان نیـیە، کەواتە بنەڕەتـی ئەوەی پێـی دەڵـێن ڕەخنە لەم بوارەدا، سەرچاوەکەی سەرچاوەیەکی ئیسـلامیی ڕەسـەنە، دوور و نزیـک پێوەندی بە لێکۆڵینەوەی بێباوەڕانەوە نییە، زیاد لەمە هەموو ئەوەی پێی دەگوترێـت هەڵە زانایانی ئیسلامی پێشتر خستوویانەتە ڕوو بە وەڵامی زانستی و پشتبەسـتن بە وردەکارییەکانی زمانی عەرەبیی چەندین ڕووی ئیعرابی جۆراوجۆریان خستوەتە ڕوو، هەر بەو هۆیەوە تۆمەتی خیانەتی زانستی دەدەینە پاڵ ئێـوەی مولحیـد بەو پێـیەی زانایانی موسوڵمانی پسپۆڕانی بواری زمان کاتێک قسەیان لەم بارەیەوە کردوە، دوای ئەوەی کە بابەتەکەیان خستوەتە ڕوو، پاشان بە شێوەیەکی زانستی بە پشتبەستن بە بنەماکـانی زانسـتی زمـان و زانسـتی ڕوانبێـژی وردەکـاریی گشـتی ئەم بابەتەیـان

خستوەتە ڕوو، کەچی ئێوە بە شێوەیەکی نابەرپرسانە و دوور لە لێکۆڵینەوەی بنەما زانستییەکان تەنها ڕووی یەک بابەتتان تۆمار کردوە، ئەوەی ترتان پشتگوێ خستوە.

لێرەدا پێویستە تیشک بخەینە سەر ئەوەی لە قورئاندا بۆچی وا هاتوە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێ کرد (إن) حرفێکی موشەبیە بە فیعلە و گەر بڵێین (هذان) ئیسمەکەیەتی دەبێت بڵێن (هذین) ئیتر لە قورئاندا بۆچی واهاتوە؟ چەندین وەڵامی زانستی وردی ئەم بابەتە لە سەرچاوەکاندا خراوەتە ڕوو، بەڵام ئێمە تەنها یەک وەڵام لەو بارەیەوە دەخەینەڕوو.

دەڵێین قورئان لێرەدا موخاتەبەی کۆی گشتی زمانی عەرەبی دەکات، واتە پەیام ئاراستەی تەواوی عەرەبەکان دەکات بە جیاوازیی شێوەزارییانەوە، عەرەبیش وەک هەر گەل و نەتەوەیەکی تر بە پێی دابەشبوونی جوگرافییان شێوە زارەکانیان جیاوازن لە سەردەمی نوێ و ئێستایشدا، بۆ نموونە ئەگەر بڵێیت چی دەوێت بە زمانی پاراوی عەرەبی دەگوترێت، (ماذاترید) کەچی لە عێراق دەگوترێت (شتریت) شێوەزاری سعودی دەڵێت (وش تبغی) بە میسری (عایز إیە) سودانی (ترید شنو) سوری (شوبدك)، هەموو ئەمانە واتای (ماذا ترید) چیت دەوێت، کەسێک بتوانێت بە تەواوی ئەم شێوەزارانە بدوێت، واتای ئەوەی شارەزای لە زمانی عەرەبی و تەواوی شێوەزارە جیاوازەکانی ئەو زمانەدا هەیە، کاتێک دەتەوێت قسە لەگەڵ خەڵکانێکی ناوچەیەکی جیاواز بکەین چاکتر و باشتر وایە بە شێوەزاری خۆیان لەگەڵیان بدوێین، هەرلەم چوارچێوەیەدا خوێندەوەی جیاوازیی قورئان وەک پێغەمبەر (درودی خودای لێ ببێت) ئاماژەی پێ دەکات لە سەر حەوت (وجە) "شێوە" نێرراوەتە خوارەوە، [1] لە پێناو ئەوەی تەواوی هۆزەکانی عەرەب بتوانن بە شێوە زاری جیاوازیی خۆیان بیخوێننەوە و لێی تێ بگەن و مامەڵەی لەگەڵ بکەن، کاتێک

---

[1] بڕوانە فەرموودەی ئیبن عەبباس کە لە پێغەمبەرەوە گێڕاویەتییەوە فەرموویەتی اقرأني جبریل علی حرف فراجعته فزادني فلم أزل أستزیده ویزیدني حتی انتهی علی سبعة أحرف ". رواه البخاري (٣٠٤٧) ومسلم (٨١٩)

قورئـان دەفەرموێـت ﴿ قَالُوٓاْ إِنۡ هَٰذَٰنِ لَسَٰحِرَٰنِ ﴾[1] ئەم جـۆرە لە دەربـڕینە قورئـانییە، یەکانگیرە لەگەڵ شێوەزاری چەندین هۆزی عەرەبی، لە نموونەی (بلحـارثی کـوڕی کەعب، خەثعم، زبید، کینانە، فەزارە، بەکری کوڕی وائیل، ناوچەیەک لە ڕەبیعە و، شێوەزاری هەمەدان،) تەواوی ئەم هۆزانە (مثنى) لە هەر سێ حـاڵەتەکەی ڕەفـع و نەصب و جەڕ بە (ألف) دەخوێننەوە وەک دەڵێن

إن أباها وأبا أباها قد بلغا في المجد غايتاها

نەیان گوتوە (قد بلغا في المجد غايتيها) دەڵێن (جاء الزيدان و رأيـت الزيـدان مررت بالزيدان) نـاڵێن (مـررت بالزيـدين، ورأيـت الزيـدين) لە هەر سـێ حـاڵەت (مثنى) بە یەك شێوە دەخوێننەوە، لێرەدا قورئان هاوشێوەی شێوەزاری ئەو هۆزانەیە کە باسمان کرد، ئیتر هیچ هەڵە و پێچەوانەییەک لەم بابەتەدا بوونی نییە.

دوەم: تۆمەتێکی تر دەخەنە ڕوو، گوایە لە سوڕەتی (النساء) وشـەی (والمقيمـين الصلاة) بە مەنصوبی هـاتووە وەک خـوای گەورە دەفەرموێـت ﴿ لَّٰكِنِ ٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ مِنۡهُمۡ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ يُؤۡمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَۚ وَٱلۡمُقِيمِينَ ٱلصَّلَوٰةَۚ ﴾[2]

ئەمە هەڵەیەکی زەقە، لە کاتێکدا (عطف)ە بۆ سەر پـێش خـۆی کە مرفوعـە لە زمانی عەرەبیشدا (عطف) بۆ سـەر مەرفـوع دەبێـت مرفـوع بێـت، هەر وەک چـۆن عەتف بۆ سەر (منصوب) دەبێت (منصوب) بێـت و (عطـف) بـۆ سـەر (مجـرور) دەبێت (مجرور) بێت، لێرەدا وشەی (المقيمن الصلوة) عەتفە بۆ سـەر پـێش خـۆی کەچی لێرەدا بە مەڕفوعی نەهاتوە، بە مەنصـوبی هـاتوە. لە کاتێکـدا (الراسـخون) مەڕفوعە (المؤمنون) مەڕفوعە کەچی دوای گوتویەیتی (والمقيمن الصلاة) (مقيمـين) عەتـفە بـۆ سـەر پـێش خـۆی دەبـوو گوتبـای (والمقيمـون)، بـۆچی لێـردا دەڵێـت (والمقيمن) کە وایە هەڵەیە و پێچەوانەی بنەماکانی زمانی عەرەبییە. !

[1] طه: ٦٣

[2] النساء: ١٦٢

لە وەڵامیدا دەڵێین: ئەم ووشەیە لێرە دا (عطف) نییە، بۆ سەر هیچ (معطوف)ێکی پێش خۆی، بەڵکوو ئەم ووشەیە (المقیمن) لێرەدا (مفعول بە منصوب)ە بە فیعلێکی لابراو (حەزفکراو) کە تەقدیرەکەی (وأمدح) واتە (و أمدح المقیمین الصلاة) ئەوانەی کە ئیقامەی نوێژ دەکەن خوای گەورە بە بەرز ڕادەگرێت و وەسفیان دەکات، خوای گەورە لەبەر گەورەیی نوێژ بەم شێوازە فەرموویەتی کە وایە (مقیمین الصلاة) سەربەخۆیەوە پێوەندیی نییە بە پێش خۆیەوە.

بابەتی بەپێزی قورئان و لوتکەیی توانایی و پاراوی و ڕەوانبێژی نەک هەر بۆ موسوڵمانان، بەڵکوو بووەتە مایەی جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانی لێکۆڵەرەوانی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەلاتناسان لەو چوارچێوەیەدا (دکتۆر جورج) دەڵێت: " پێویستە دان بنێین بەوەی کە قورئان جگە لەوەی کتێبێکی ئایینییە، لە هەمان کاتدا کتێبێکی عەرەبی پاراوە و هۆکارێکی گرینگە بۆ بەرەو پێش چوونی زمانی عەرەبی، بۆیە گەورە زانایانی زمانی عەرەبی موسوڵمانان و ناموسوڵمان هەمیشەوەک سەرچاوەیەکی سەرەکیی زمانی عەرەبی مامەڵەیان لەگەڵ قورئان کردوە. "[1]

(ئیتیان دینییە) دەڵێت "بە ڕاستی قورئان پەرجوویەکی دروست کردوە کە گەورەترین زانکۆی جیهانی ناتوانێت دروستی بکات، قورئان توانی بناغەکانی زمانی عەرەبی بە شێوەیەک جێگیر بکات کە هیچ کات لاوازی و گۆڕانکاری بە سەردا نەیەت، "[2] ڕۆژهەلاتناسی فەڕەنسی (لویس سیدیو) لە بارەی لوتکەی زمانەوانی قورئانەوە دەڵێت: " قورئان گونجاوە بۆ ئەوەی بکرێت بە ڕەمزێک بۆ شێوازی بنەماکانی زمانی عەرەبی و بە هۆی قورئانەوە زانستی زمان لە چوارچێوەی زانستەکاندا سەری هەڵدا، بەشێکی زۆری تر لە زانستەکانی بەیان و بەدیع و زانستەکانی تر پەیوەست بە زمان بە هۆی قورئانەوە بوو، قورئان توانی ببێتە پارێزەری زمانی عەرەبی" [3]

---

[1] بڕوانە: قصة الإنسان ٧٩_٨٠

[2] بڕوانە: أشعة خاصة بنور الإسلام لا ٣٥

[3] بڕوانە: تاريخ العرب العام لا ١١٧

دکتـۆر (فیلیـب حتـی) دەڵێـت: " شـێوازی قورئـان تەواو جیـاوازە لە هەر شـێوازێکی تـر، بەراورد ناکرێـت بە هـیچ شـێوازێکی تـر ئەمەیـش لە هەمـوو پەرجـوویەکی تـر گەورەتـرە، چـونکە قورئـان بە ڕاسـتی بـووەتە پـارێزەری زمـانی عەرەبی." [1]

لێکۆڵەری ئینگلیزی (لیدی ئیفلین کوبولدی) دەڵێت بە ڕاستی جوانی شێوازی قورئان بە هیچ شێوەیەک تەواو نابێت، قورئان خاوەنی ڕیتمێکی دانسقەیە و لە هیچ ڕیتمێکی تر ناچێ بەو پێیەی قورئان نە شیعرە نە پەخشانە." [2]

---

[1] بڕوانە: الإسلام منهج حياة. لا ٦٢

[2] بڕوانە: البحث عن الله لا ٤٥

قورئان هەندێکی وەڵام و ڕوونکەرەوەی هەندێکی تریەتی

لەگەڵ ئەوەی قورئـــان وەڵامــــدەرەوەی تەواوی پرســـیارە گەردوونییەکـــانە و چارەسـەری تەواوی کێشـە و ئاریشـەکانە، هاوکـات یەکێـک لە تایبەتمەنـدییەکانی قورئـان ئەوەیە بەشـێکی ئایەتەکـان، وەڵام و ڕوونـکەرەوەی بەشـەکەی تـرن، لەم چوارچێوەیەدا چەند نموونەیەک لەو بارەیەوە دەخەینە ڕوو.[1]

یەکەم: خوای گەورە لە سوڕەتی (البقرة) کاتێک باس لە چیرۆکی ئادەم دەکات دوای ئەنجامدانی هەڵەکەی چەند وشەیەکی گوت و داوای لێخۆشبوونی کـرد وەک دەفەرموێت ﴿ فَتَلَقَّىٰٓ ءَادَمُ مِن رَّبِّهِۦ كَلِمَٰتٍ ﴾[2] ئەو وشـانە چـی بـوون کە ئـادەم گـوتی؟ لێرەدا دیـار نیـیە، بەڵام خـوای گەورە لە سـوڕەتی (الأعـراف) ڕوونـی دەکـاتەوە و پێمان دەڵێت ئەو وشانە چی بوون کە ئادەم فەرمـووني وەک دەفەرمـوێـت ﴿ قَالَا رَبَّنَا ظَلَمْنَآ أَنفُسَنَا وَإِن لَّمْ تَغْفِرْ لَنَا وَتَرْحَمْنَا لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴾[3]

دووەم: خـوای گەورە لە سـوڕەتی (النمـل) دا دەفەرموێـت﴿وَصَدَّهَا مَا كَانَت تَّعْبُدُ مِن دُونِ ٱللَّهِ ۖ إِنَّهَا كَانَتْ مِن قَوْمٍ كَٰفِرِينَ ﴾[4] باســی گەلێــک دەکــات کە جــگە لە خــودا شــتی پڕوپوچیان دەپەرست، گەورەکەیان کە ئافرەتێک بـوو لە هـۆزی بێبـاوەڕان بـوو، ئەو هۆزە بێباوەڕە کێ بوون؟ لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت:

﴿ فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍۭ بِنَبَإٍ يَقِينٍ ﴿٢٢﴾ إِنِّى وَجَدتُّ ٱمْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَىْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ ﴾[5]

ئەو قەومەی کە بە نـاڕوونی هـاتبوو ڕوونـی دەکـاتەوە و دەفەرموێـت ئەوان لە هۆزی (سبأ) بوون.

---

[1] بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ڕاڤەی قورئان بە قورئان بڕوانە، أضواء البیان

[2] البقرة: ٣٧

[3] الأعراف: ٢٣

[4] النمل: ٤٣

[5] النمل: ٢٢

سێیەم: خوای گەورە لە سورەتی (الفاتحة) دەفەرموێت ﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴾[1] مەبەستی لە (العالمين) کێیە، لە سورەتی (الشعراء) دا ڕوونی دەکاتەوە و دەفەرموێت ﴿قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ۝ قَالَ رَبُّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَآ﴾[2]

هەر لە سورەتی (الفاتحة)دا دەفەرموێت ﴿ مَـٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ﴾ (يوم الدين) چییە؟ خوای گەورە لە سورەتی (انفطار) ڕوونکردنەوەی تەواوی دەدات لە بارەی (يوم الدين) و دەفەرموێت ﴿وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا يَوْمُ ٱلدِّينِ ۝ ثُمَّ مَآ أَدْرَىٰكَ مَا يَوْمُ ٱلدِّينِ ۝ يَوْمَ لَا تَمْلِكُ نَفْسٌ لِّنَفْسٍ شَيْـًٔا ۖ وَٱلْأَمْرُ يَوْمَئِذٍ لِّلَّهِ ﴾[3]

چوارەم: خوای گەورە لە سورەتی (المائدة)دا دەفەرموێت ﴿ وَٱتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ٱبْنَىْ ءَادَمَ بِٱلْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِنْ أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ ٱلْـَٔاخَرِ ﴾[4] لێرەدا باس لە چیرۆکی دوو کوڕی ئادەم دەکات کە هەر یەکیان قوربانییەکیان پێشکەش کرد، لە یەکەمیان وەرگیرا و لەوی دیان وەرنەگیرا، بە ناڕوونی ئەم دوو کوڕەی ئادەم کێ بوون لە چ سەردەمێکدا بوون ورەدەکاریی ڕووداوەکە چییە؟ لە جێگەیەکی تردا لە سورەتی (المائدة) ڕوونی دەکاتەوە کە ئەو دوو کوڕە لە سەردەمی ئادەم بوون، وەک دەفەرموێت ﴿ فَبَعَثَ ٱللَّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِى ٱلْأَرْضِ لِيُرِيَهُۥ كَيْفَ يُوَٰرِى سَوْءَةَ أَخِيهِ ﴾[5]

پێنجەم: خوای گەورە لە سورەتی (النساء) دا دەفەرموێت ﴿وَحَرِّضِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَكُفَّ بَأْسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾[6] باس لە هاندانی موسوڵمانان دەکات لە لایەن پێغەمبەری خوداوە، بەڵام ڕوون نییە پێغەمبەر (دروودی خودای لێ بێت) هانی

---

[1] الفاتحة:٢
[2] الشعراء: ٢٣ - ٢٤
[3] الانفطار: ١٧ - ١٩
[4] المائدة:٢٧
[5] المائدة:٣١
[6] النساء: ٨

موسوڵمانان بدات لە سەر چی دواتر لە سورەتی (الأنفال) ڕوونی کردەوەتەوە، کاتێک دەفەرموێت ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ حَرِّضِ ٱلْمُؤْمِنِينَ عَلَى ٱلْقِتَالِ ﴾[١]

شەشەم: خوای گەورە لە سورەتی (النساء) دەفەرموێت ﴿ وَقُلْنَا لَهُمْ لَا تَعْدُوا۟ فِى ٱلسَّبْتِ ﴾[٢] باس لەوە دەکا کە ڕێنموونی بەنی ئیسرائیلیمان کرد کە لە ڕۆژی شەممەدا ڕاو نەکەن، بەڵام بەرچاومان ڕوون نییە ئایە پابەندی ڕێنماییەکەی پەروەردگار بوون، یاخود بە پێچەوانەوە، دواتر لە سورەتی (البقرة) تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەوان پابەندی ئەو ڕێنماییەی پەروەردگار نەبوون، وەک دەفەرموێت ﴿ وَلَقَدْ عَلِمْتُمُ ٱلَّذِينَ ٱعْتَدَوْا۟ مِنكُمْ فِى ٱلسَّبْتِ ﴾[٣]

حەوتەم: بە پێچەوانەی خاڵی شەشەمەوە خوای گەورە باسی هۆزێکی تر دەکات کە فەرمانیان پێی کراوە بەوەی باوەڕ بە خودا و پێغەمبەرەکەی بێنن وەک دەفەرموێت ﴿ قُولُوٓا۟ ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَمَآ أُنزِلَ إِلَيْنَا ﴾[٤] لە جێگەیەکی تردا خوای گەورە ڕوونی دەکاتەوە و تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەو هۆزە پابەندی ڕێنماییەکانی پەروەردگار بوون لەو بارەیەوە وەک لە سورەتی (البقرة) دا دەفەرموێت﴿ ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾[٥]

هەشتەم: خوای گەورە لە سورەتی (البقرة) دا دەفەرموێت﴿ وَلَا يَزَالُونَ يُقَٰتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَن دِينِكُمْ إِنِ ٱسْتَطَٰعُوا۟ ﴾[٦] خوای گەورە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە بێباوەڕان و دوژمنان دژایەتیتان دەکەن و جەنگتان لە دژ بەرپا دەکەن تا ئەوەی هەڵتان بگێڕنەوە لە ئایینەکەتان ئەگەر بتوانن، دەرئەنجامەکەی چی بوو ئایا

---

[١] الأنفال: ٦٥

[٢] النساء: ١٥٤

[٣] النساء: ١٥٤

[٤] البقرة: ١٣٦

[٥] البقرة: ٢٨٥

[٦] البقرة: ٢١٧

توانییان، یاخود نا، له سورەتی (المائدة)د تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە تەواوی هەولّی بێباوەڕان لەم بارەیەوە بێ هودەبوو وەک دەفەرموێت ﴿ ٱلْيَوْمَ يَئِسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ ﴾[1]

به شێوەیەکی گشتی ڕاڤەی قورئان بۆ قورئان دەکرێت به چوار بەشەوە.

یەکەم: ڕاڤەی ئایەتێک به دەقێکی ڕوون، واتە خوای گەورە ئایەتێک دەخاتە ڕوو پاشان له جێگەیەکی تردا به دەقێکی ڕوون، ئەم ئایەتە ڕوون دەکاتەوە، واتە زۆر به ڕوونی دیاری کە ئەم ئایەتەی دووەم ڕاڤەی ئایەتی پێشتوترە بۆ نموونە خوای گەورە لە سورەتی (المائدة) دا دەفەرموێت ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَوْفُوا۟ بِٱلْعُقُودِ ۚ أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ ٱلْأَنْعَٰمِ إِلَّا مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ﴾[2]

﴿ مَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ ﴾ ئەوەی بۆتان دەخوێنینەوە چییە و کامەیە؟ لە سورەتی (البقرة) دا تیشک دەخاتە سەری و ڕوونی دەکاتەوە و دەفەرموێت ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْمَيْتَةُ وَٱلدَّمُ وَلَحْمُ ٱلْخِنزِيرِ وَمَآ أُهِلَّ لِغَيْرِ ٱللَّهِ بِهِۦ وَٱلْمُنْخَنِقَةُ وَٱلْمَوْقُوذَةُ وَٱلْمُتَرَدِّيَةُ وَٱلنَّطِيحَةُ وَمَآ أَكَلَ ٱلسَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى ٱلنُّصُبِ ﴾[3]

دووەم: هەندێک ئایەت مەفهومەکەی شتێکە خوای گەورە لە جێگەیەکی تر دا به مەنتوقی ڕوونی دەکاتەوە، بۆ نموونە خوای گەورە لە سورەتی (البقرة)دا دەفەرموێت ﴿ذَٰلِكَ ٱلْكِتَٰبُ لَا رَيْبَ ۛ فِيهِ ۛ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ﴾[4] واتە ئەم قورئانە ڕێنموونییە بۆ ئەوانەی کە (متقین) تێگەییشتنی پێچەوانەیی، واتە ئەوانەی کە موتەقی نین، به مەنتوق لە سورەتی (فصلت) دا ئەم بابەتەی ڕوون کردوەتەوە کە دەفەرموێت ﴿ وَٱلَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ فِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرٌ وَهُوَ عَلَيْهِمْ عَمًى ﴾[5]

سێیەم: خوای گەورە مەنتوقێکی فەرمووە بەڵام به مەفهومی ئایەتێکی تر ڕوونی کردوەتەوە، بۆ نموونە خوای گەورە لە سورەتی (البقرة) دا دەفەرموێت ﴿ حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ

---

[1] المائدة:٣

[2] المائدة:٣

[3] المائدة:٣

[4] البقرة:٢

[5] فصلت:٤٤

ﭐلۡمَيۡتَةُ وَٱلدَّمُ ﴾[1] لێرەدا خوای گەورە تیشک دەخاتە سەر حەرامی خوێن بە شێوەیەکی گشتی، بە بێ خستنە ڕووی هیچ وردەکارییەک لە بارەی ئەو خوێنەوە، بەڵام دەبینین دواتر خوای گەورە لە سوڕەتی (الأنعام) دەفەرموێت ﴿ قُل لَّآ أَجِدُ فِي مَآ أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٖ يَطۡعَمُهُۥٓ إِلَّآ أَن يَكُونَ مَيۡتَةً أَوۡ دَمٗا مَّسۡفُوحًا ﴾[2] قورئان سروشتی ئەو خوێنە ڕوون دەکاتەوە کە لە ئایەتی پێشوودا باسی لێوە کردوە دەفەرموێت (دما مسفوحا) خوێنێکی ڕژاو و ڕۆشتوو بێت شل بێت بەڵام خوێنی مەیو وەک جگەر ئەوە حەرام نییە.

چوارەم: مەفهومی ئایەتێک دەبێتە ڕوونکەرەوە مەفهومی ئایەتێکی تر لەوانە ﴿ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ ﴾[3] خوای گەورە لەم ئایەتەدا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە دروستە حوری ئەهلی کیتاب هاوسەر گیریان لەگەڵ بکرێت بەڵام ئەگەر هاتوو حور نەبوو کۆیلە بوو دروستەیان نا خوای گەورە لە سوڕەتی النساء دا دەفەرموێت ﴿ وَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ مِنكُمۡ طَوۡلًا أَن يَنكِحَ ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ فَمِن مَّا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُم مِّن فَتَيَٰتِكُمُ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِۚ ﴾[4]

لە ئایەتی یەکەمدا تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە خواستنی کۆیلەی ناموسوڵمان ڕێگەپێدراو نییە سەرەتا فەرمووی ئافرەتی ئازادیی موسوڵمان و ئافرەتی ئازادیی جوولەکە و دیان دروستن کۆیلەی موسوڵمان دروستە و کۆیلەی ئەهلی کتێبی حەرامە.

---

[1] المائدة: ٣

[2] الأنعام:١٤٥

[3] المائدة:٥

[4] النساء: ٢٥

کۆتایی

دوای ڕێکوزەرێکی خێرا بە نێو پەڕەکانی ئەم کتێبەدا، تێ دەگەین لەوەی کە ئەم قورئانە موعجیزەیەکی گەورەی هەمەلایەنەی هەمەچەشنەیە، ماوەی چواردە سەدەیە، بووەتە مایەی جێی سەرنجی هەموان، هەر لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی پەیامی موحەمەد ڕاستەوخۆ بێباوەڕان وەک کاردانەوەیەک لە بەرانبەر لەنگبوونی بەرژەوەندییەکانیان کەوتنە دژایەتیکردنی قورئان و بۆ ئەم مەبەستە چەندین کەرەستەی جۆراوجۆریان بە کار هێنا و دواتر قورئان وەک جەوهەری ئیسلام لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا دووچاری زۆرترین هێرش و بەرپەرچدانەوە هات، هەر لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی یەکەمی کۆچی هەتا ئێستایشی لەگەڵ بێت، ئەم هێرشانە بەردەوام بوون، لە مێژووی ئەم هەوڵانە هیچ کامیان وەک هەوڵی خۆرهەڵاتناسان، مولحیدەکانی قۆناغی دواتر دەنگی نەبوە، دژایەتیکردنی قورئان و ئیسلام و بردە قۆناغێکی ترەوە، بە شێوەیەک لە نێوان ساڵانی (١٨٠٠ - ١٩٥٠) شەست هەزار کتێبیان بە زمانە جیاوازەکان لە بارەی ئیسلامەوە چاپ و بڵاو کردوەتەوە بە ڕێژەی یەک کتێب لە ڕۆژێکدا، تەنها لە ئەمەریکا ٥٠ ناوەندی پەیوەست بە ئیسلام و جیهانی ئیسلامەوە بوونیان هەیە، ڕۆژهەڵاتناسەکان لە ئێستا ٣٠٠ گۆڤاری پەیوەست بە ئیسلاممەوە دەردەکەن لە سەدەی ڕابردوودا سێ سەد کۆنگرەوە و کۆنفراسی جیهانی و هەرێمایەتییان لە بارەی ئیسلام و قورئانەوە ساز کردوە، لە پاڵ دژایەتیکردنی قورئان، ئیلحاد لە ئێستادا وەک ئاڕاستەیەکی هزریی بووەتە نەخۆشییەکی سەردەم . لە چوارچێوەی هەوڵەکانیان بۆ دژایەتیکردنی ئایینەکان بە گشتی، زۆرترین هێرشیان بۆ سەر قورئان ئەنجام داوە، هیوادارین توانیبێتمان لە چوارچێوەی پەڕەکانی نێو ئەم کتێبە پەیامێکی دروستمان بە گوێی هەموو لایەکدا دابێت کە ئیلحاد جگە لە سەرابێک شتێکی تر نییە و هەوڵێکی نەزۆک چیرۆکێکی کۆتایی هاتوە.

سەرچاوەكان

القرآن الكريم: مصحف العثمانية برواية حفص عن عاصم، الإصدار ١٠، مجمع الملك فهد لطباعة المصحف الشريف.

١- الجامع الصحيح، المعروف بصحيح مسلم، (مسلم بن الحجاج أبو الحسين القشيري النيسابوري، ت ٢٦١هـ) تحقيق محمد فؤاد عبد الباقي، دار أحياء التراث العربي، بيروت

٢- الجامع الصحيح المسند المختصر من أمور رسول الله وسننه وأيامه المعروف بصحيح البخاري (محمد بن إسماعيل أبو عبدالله البخاري الجعفي، ت ٢٥٦هـ) تحقيق: د. مصطفى ديب البغا، الطبعة الثالثة (١٤٠٧-١٩٨٧) دار ابن كثير، اليمامة، بيروت.

٣- روح المعاني في تفسير القرآن العظيم والسبع المثاني، الآلوسي: (أبو الفضل شهاب الدين السيد محمود الآلوسي البغدادي، ت١٢٧٠هـ) الطبعة الأولى، ١٩٧٨م، دار الفكر، بيروت.

٤- الأعلام قاموس تراجم لأشهر الرجال والنساء من العرب والمستعربين والمستشرقين، الزركلي: (خير الدين ت ١٩٧٦م) الطبعة السادسة عشر، ٢٠٠٥ دار العلم للملاين، بيروت، لبنان.

٥- عقيدة التوحيد في القرآن الكريم محمد أحمد محمد عبد القادر خليل ملكاوي الأولى ١٤٠٥هـ - ١٩٨٥م، مكتبة دار الزمان المدينة المنورة

٦- أساس البلاغة أبو القاسم محمود بن عمرو بن أحمد، الزمخشري جار الله (المتوفى: ٥٣٨هـ) محمد باسل عيون السود، الأولى، ١٤١٩ هـ - ١٩٩٨ م دار الكتب العلمية، بيروت — لبنان.

٧- دفع إيهام الإضطراب عن آيات الكتاب، محمد الأمين بن محمد المختار الجكني الشنقيطي، الطبعة الأولى ١٤٢٦ دار عالم الفوائد للنشر والتوزيع مكة المكرمة

٨- تفسير آيات أشكلت على كثير من العلماء، أحمد بن عبد الحليم بن عبد السلام بن تيمية الحراني أبو العباس تقي الدين، تحقيق عبد العزيز بن محمد الخليفة الطبعة الأولى ١٩٩٦، مكتبة الرشد للنشر والتوزيع المملكة العربية السعودية الرياض

٩- تأويل مشكل القرآن أبو محمد عبد الله بن مسلم بن قتيبة الدينوري (المتوفى: ٢٧٦هـ) تحقيق إبراهيم شمس الدين الطبعة الثانية ٢٠٠٧، دار الكتب العلمية، بيروت - لبنان

١٠- الإتقان في علوم القرآن عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (المتوفى: ٩١١هـ)، تحقيق محمد أبو الفضل إبراهيم، الطبعة الأولى 1394هـ/ ١٩٧٤ م الهيئة المصرية العامة للكتاب. القاهرة

١١-دعاوى الطاعنين في القرآن الكريم: د عبد المحسن المطيري الطبعة الأولى (١٤٢٧هـ - ٢٠٠٧م(. دار البشائر الإسلامية. بيروت لبنان

١٢- المدخل الى القران الكريم للدكتور محمددراز الطبعة الأولى ١٤٠٤ /دار القلم الكويت

١٣- مناقشات وردود: محمد فريد وجد، الطبعة الأولى ١٩٩٥ /الدار المصرية اللبنانية القاهرة

١٤- القرآن الكريم في مواجهة الماديين الملحدين: دأحمد عبد الحميد الشاعر / الطبعة: الثانية ١٩٨٢ دار القلم دار القلم للنشر والتوزيع الكويت

١٥- دلائل الإعجاز في علم المعاني أبو بكر عبد القاهر بن عبد الرحمن بن محمد الفارسي الأصل، الجرجاني الدار (المتوفى: ٤٧١هـ) تحقيق محمود محمد شاكر أبو فهر، الطبعة الثالثة ١٤١٣هـ - ١٩٩٢م، مطبعة المدني بالقاهرة - دار المدني بجدة

١٦- لمسات بيانية في نصوص من التنزيل، فاضل صالح السامرائي الطبعة الثانية ٢٠١٨ دار ابن كثير للطباعة والنشر بيروت لبنان
١٧-البرهان في علوم القرآن أبو عبد الله بدر الدين محمد بن عبد الله بن بهادر الزركشي (المتوفى: ٧٩٤هـ) تحقيق د. يوسف عبد الرحمن المرعشلي واخرون الطبعة الأولى (١٤١٠ هـ / ١٩٩٠م(.)دار المعرفة بيروت لبنان
١٨- الاستيعاب في معرفة الأصحاب أبو عمر يوسف بن عبد الله بن محمد بن عبد البر بن عاصم النمري القرطبي (المتوفى: ٤٦٣هـ) الشهور ب (ابن عبد البر) تحقيق علي محمد البجاوي، الأولى، ١٤١٢ هـ - ١٩٩٢ م دار الجيل، بيروت
١٩- الوجه الجميل في علم الخليل: لأبي سعيد شعبان بن محمد الآثار، تحقيق هلال ناجي الطبعة الأولى ١٩٩٨ عالم الكتب للطباعة والنشر والتوزيع بيروت لبنان
٢٠- فتح القدير الجامع بين فني الرواية والدراية من علم التفسي، محمد بن علي بن محمد الشوكاني، تحقيق يوسف الغوش، الطبعة الرابعة ٢٠٠٧ دار المعرفة بيروت لبنان
٢١- محمد في التوراة والأنجيل والقرآن إبراهيم خليل أحمد (من كبار علماء النصارى من الله عليه بالإسلام) الطبعة الأولى دار المنار القاهرة
٢٢- الإسلام يتحدى (مدخل علمي الى الايمان) ترجمته الى العربية د. ظفر الاسلام خان، مراجعة وتحقيق دكتور عبد الصبور شاهين. مكتبة الرسالة
٢٣-موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن والسنة: محمد راتب النابلسي، الطبعة الثانية ١٤٢٦ هـ - ٢٠٠٥ م. الناشر: دار المكتبي - سورية - دمشق
٢٤- الأغاني: أبي الفرج الأصفهاني، تحقيق: الدكتور إحسان عبّاس و اخرون، الطبعة: الثالثة - ١٤٢٩هـ/٢٠٠٨م. دار صادر بيروت لبنان.

٢٥- الإعجاز العلمي في السنة النبوية زغلول النجار، الطبعة السادسة ٢٠١٦ دار نهضة مصر.
٢٦- تفسير الطبري (جامع البيان عن تأويل آي القرآن) محمد بن جرير بن يزيد بن كثير بن غالب الآملي، أبو جعفر الطبري (المتوفى: ٣١٠هـ)، الدكتور عبد الله بن عبد المحسن التركي، الطبعة الأولى، ١٤٢٢ هـ - ٢٠٠١ لأولى، ١٤٢٢ هـ - ٢٠٠١ م م دار هجر للطباعة والنشر مصر
٢٧- هذه هي الإشتركية: جورج بورجان، بيار رامبير، ترجمة محمد عيتاني، دار صادر للطباعة والنشر بيروت ١٩٥٢
٢٨- العلم والفريضة: هنري بوانكاري د. حمادي بن جاء بالله، المنظمة العربية للترجمة

٢٩- تفسير القرآن العظيم: إسماعيل بن عمر عماد الدين بن كثير تحقيق، تحقيق الدكتور حكمت بن بشير بن ياسين الطبعة الاولى ١٤٣١ دار ابن الجوزي - السعودية

٣٠- البداية والنهاية: إسماعيل بن عمر عماد الدين بن كثير تحقيق جماعة من العلماء، الطبعة الأولى ٢٠٠٧، دار ابن كثير للطباعة والنشر والتوزيع بيروت دمشق
٣١- جامع لإحكام القرآن، المشهور بتفسير القرطبي، القرطبي: (أبوعبدالله شمس الدين المفسر، ت٦٧١) تحقيق: أحمد البردوني، إبراهيم أطفيش، الطبعة الثانية، ١٩٦٤، دار الكتب المصرية، القاهرة.
٣٢- تاريخ موجزللزمان لستيفين هوكين: مصطفى فهمي دار الثقافة الجديدة
البحث عن الله: إيفلين كوبولد، ترجمة محمد احمد خالد، الطبعة الاولى ٢٠٠٩ دار العربية للموسوعات بيروت لبنان
٣٣- رجال ونساء أسلموا: د عرفات كامل العشي المكتبة المصري الحديث

الموسوعة المصورة للاعجاز العلمي: عبد الدائم الكحيل بدون سنة ولا ممكان الطبع
٣٤- صلاح الأمة في علو الهمة: دسيد بن حسين العفاني، الطبعة الأولى ١٩٩٧ / مؤسسةالرسالة بيروت لبنان
٣٥- إعجاز القرآن: أبو بكر الباقلاني محمد بن الطيب (المتوفى: ٤٠٣هـ)، تحقيق السيد أحمد صقر، الطبعة الخامسة، ١٩٩٧م دار المعارف — القاهرة
٣٥- قالوا عن الإسلام: د عماد الدين الخليل، الطبعة الأولى ١٩٩٢ الندوة العالمية للشياب الاسلامي الرياض